# گوندی ئێمە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

مەحموود ماکاڵ

# گوندی ئێمە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

محەمەد بەهرەوەر



**بەناوی خودا**

وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەش دەکەم بە: ڕۆحی پاکی مامۆستا هێمن، هەروەها سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەم کە هەریەکەی بەشێوەیەک یارمەتییان داوم بەرێزان: کاک سلێمان عەبباسی، کاک سەلاح ئاشتی و کاک وسێن موهتەدی.

کتێب: گوندی ئێمە
نووسینی: مەحموود ماکاڵ
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد بەهرەوەر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٤٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٧٤)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## پێشەکی

بەقەڵەمی دوو وەرگێڕی فارسی ئەم کتێبە ئاغایان دوکتۆر ڕەزا ئەنزابی نژاد و عەلی ئەکبەر دیانەت

سی و سێ ساڵ لەمەوبەر مەیدانی ئەدەبیاتی تورکیا هەڵکەوتێکی مەزن و چاوەڕوان نەکراوی بەخۆیەوە بینی.

ڕۆژێک کتێبێکی بچووک لە پشت شووشەی کتێب فرۆشەکان سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا، ئەو کتێبە نووسراوەیەک بوو بەقەڵەمی تازەلاوێکی نەناسراو، ئەوەی ڕاست بێ نە بارستایی نامیلکەکە سەرنج ڕاکێش بوو نە کەم تەمەنی نووسەر جێی سەرسوڕمان. بەڵکو ئەوەی زەق و بەرچاوبوو هاوارێک بوو کە لە هەموو لاپەڕە و دێرێکی هەڵدەستا و وەک ئاگر بڵێسەی لێ دەبۆوە. ئەو گوندەی کە مەبەستی ماکاڵە و دەیخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە یەکێکە وەک هەزاران گوندی فەرامۆش کراوی ژێر تۆز و خۆڵی زەمان. کەنیشکی پاپەتی و شوانی دوورە ئاسۆی "چیملی" نموونەی بەملیۆن، ملیۆن دێهاتی لەبیرچووەوەن کە لەژێر قامچی نەداری و نەخوێندەواریدا کەوتوونە ئاویلکە و کەس نییە بگاتە هاواریان.

ئەو کتێبە تۆزێ نارەحەتی و بێ بەشی و هەژاری ڕامالّی و هاواری زوڵم و زۆر و چەوسانەوەی بەرزکردەوە. پەنجە وردیلەکانی نووسەری هەژدە ساڵە کە لە ڕوحێکی پاک و دووربین فەرمانیان وەردەگرت، بوون بەهۆی لابردنی ئەو دەستە قورسانەی کە وەک مۆتە قورساییان خستبووە سەر شانی خەڵکی زەحمەتکێش و برسی ئاوایی تا دەنگی ڕەخنە و ئازادیخوازیان لە گەرووداقەتیس کرێت و نەتوانن دەنگی هەژاری خۆیان بەرزبکەوە.

دەنگی نەرمی قەڵەمی ئەو لاوە کە لە دەروونێکی بەهەست و دڵسۆزانەوە سەرچاوە دەگرێ ئەو پەردە ئەستوور و قورس و خۆڵاوییەی دڕی کە چەندین سەدە لەمەوبەر بەسەر دێهاتییەکان کشابوو و لە بنی نەدەهاتنە دەر.



ئەگەر لامان وابێ لەگۆڕاچوون و پێ هەڵێنانەوە بۆ کارێکی دژوار و پڕمەترسی و ڕێگایەکی کەس پێدانەڕۆیشتوو کارێکی گرینگە و قارەمانیی دەوێ، ماکاڵ هەوەڵین کەس و دەستپێشکەری ئەو کارە دژوارەیە؛ لەو بارەدا تاقمێک لە زانایان پێیان وایە ماکاڵ لە باری وێژەیی و ئەدەبییەوە لە بەینی ئەدەبیاتی سوننەتی و فۆلکلۆری و «ڕۆمانتیک» دایە و بەدرێژەپێدەری ئەدەبیاتی گەشەدار و دڵسۆزی تورکی دەزانن کە نووسەری وەک «تالب ئاپ ئادین»، «فەقیر بایکورت»، «دوورسون ئاقچام» دوای ماکاڵ پێیان ناوەتە ئەو ڕێبازەوە، تەنانەت مامۆستای هێژا و نێوبەدەرەوە «یاشار کەمال»، ماکاڵ بەپێشڕەو دەزانێ و دەڵێ «من دوای ماکاڵ خۆم بەهەوەڵین دێهاتی چیرۆکنووس دەزانم».

ئەگەر ئەو بیروڕایە دروست بێ کە «نرخ و بناغە و بنچینەی هونەر پێوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ نووسەر و قارەمانەکانی هەیە» ساکاری و ڕاستی و پاکی و دروستی ماکاڵ و ڕەسەن بوونی کتێبەکەی حاشاهەڵنەگرە، چونکە ماکاڵ کوڕە دێهاتییەکە کە نێوچاوانی باوکی وەک زەوییەکی شێوکراو و تاوسووتە و لەگەڵ پیاوە پیرەکانی ئاوایی وەک یەک وان، هەروەها دەستی براکەی وەک دەستی خەڵکی دیکە بەداس و پاشبارە بلۆقی کردووە و خاراوە، پانییەی دایکیشی وەک گەلێکی تر شەقار شەقاربووە... بەکورتی ماکاڵ هەموو دەرد و کوێرەوەرییەکی لە نزیکەوە هەست پێ کردووە و قورسایی بارگرانییەکەی لەسەرشانی خۆی دیوە، پەیامی ماکاڵ لەو کتێبەدا ئەوەندەی لە پێ هەڵگوتن و دروشم دوورە سەد ئەوەندە لە ڕاستەقینە نزیکترن.

تاقمێک لەسەر ئەوباوەڕەن کە ئەوکتێبە نە چیرۆکە و نە داستان، بەڵکو ڕاپۆرت و بەسەرهاتێکە، دیارە نووسەرەکەشی پێ لەسەر ئەوە داناگرێ کە بەکتێبەکەی بڵێن داستان یان چیرۆک و بەسەرهات و دەڵێ:

«من پێم خۆشە نووسراوەکانم کە لەژێر سەردێری کۆکراوە و بیرەوەرییەکانی مامۆستایەکی قوتابخانەی ئاوایی بڵاوبۆتەوە پێیان بڵێم

چیرۆک و بەسەرهاتێک لە ژیانی ئاوایی، بەڵام هیوادارم نێوی «داستان و بەسەرهات» نەبێتە هۆی ئەوە کە ڕاستی و دروستی و ڕاستەقینەی نێوەڕۆکی نووسراوەکە تێدا بچێ، چونکە کۆکراوەکانی من بێ ئەملاولا هەمووی ڕاستن و درۆیان تێدا نییە...[١]» ماکاڵ دوای ئەو کتێبە، "ڕاستەقینە و خەیاڵ"، "بەرێوەبەرانی نیشتمان"، "ئاناتۆلییەک لەژێر زەوی"، "چیرۆکی پەرەگرتن"، "ئەوانەی دەچنە دێ"، "ماشێنی زوڵم" و "دەسەڵاتدارییەتی گەندەڵ"ی نووسیوە، ئەوانەی خاوەن بیروڕان پێیان وایە شاکاری ماکاڵ هەوەڵین شوێنەواریەتی. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە ناوبانگ و خۆشەویستی بوو بەبەشێک لە ناوی ماکاڵ و مەلی بەختەوەری و سەروەت و سامان لە سەری نیشت و ناوی دەرکرد، بەڵام ئەو کوڕە دێهاتی و زەحمەتکێش و چارەڕەش و بێ بەشە نە ئاشقی ناو و ناوبانگ بوو، نە کەوتە داوی پووڵ و پووڵ کۆکردنەوە، بەکورتی ویژدانی بەگیرفانی نەفرۆشت. سەرەڕای ئەوەی پێشوازییەکی گەرموگوڕ لە نووسەری کتێبەکە کرا و وەک بۆمب تەقی و دەنگی داوە، لەلایەن تاقمێکەوە دەنگی ڕەخنە بەرزبووەوە، بۆ وێنە ژمارەیەک لە نووسەران کاری «ماکاڵ»یان بەهێند نەگرت و خۆیان لێ بێدەنگ کرد، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو سیاسەتمەدارانەی کە ماکاڵ تەشتی خیانەتی لەسەر بانی بەرزی بێ ئابڕوویی و ملهوڕی و خۆبەزلزانی ڕا گلۆر کردبووەوە، ماکاڵیان ناخۆش دەویست و ڕقیان لێ هەڵگرت و لە دەرفەتێک دەگەڕان پێوەی دەن، بۆ بەرێوەبردنی ئەو کارە چەپەڵەی خۆیان بێ شەرمانە ناوی ئەو گوندەشیان گۆڕی کە دەنگی ڕەخنە و هاوار لەوێ بەرز ببۆوە، بەڵام حەکەمی مێژوو هەرگیزاوهەرگیز لە داوەری خۆیدا بەهەڵە ناچێ «کەف و چیلکە و چاڵ وەلادەکەوێ، بەڵام ئەوەی پاک و خاوێن و بێ غەل و غەش و بەکەڵکە لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە»[٢] بەڵێ زانایانی لاڕێ و ئەرک نەناس و

(١) گۆڤاری ڕووداوەکانی هونەری ساڵی١٩٨٢ ژمارە١٤.

(٢) قورئانی پیرۆز، سوورەی ڕەعد، ئایەی ١٧.



سیاسەتبازانی دوور لە خەڵک لە گێژاوی زەمانەدا ون بوون، بەڵام ماکاڵ بەهێنانەگۆڕ و نیشاندان و ناساندنی چۆنیەتی ژیان و بەرێچوونی گوندەکەی خۆی تاجی سەربەرزی لەسەر سەرە و ناوی کوێر نابێتەوە.

کتێبی «مەلاکانی دێ» لەو ماوەدا زیاتر لە دە جار لە وڵاتی خۆی جلوبەرگی نوێی لەبەر کردووە و هەمووجارێ لە «تیراژێکی» زیاتردا بڵاوبۆتەوە، لە دەرەوەی تورکیەشدا بەزۆربەی زمانەکانی زیندووی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرانسەوی، ئیتالیایی، ڕووسی، بولغاری، ڕۆمانی و عیبری... وەرگێڕدراوە.

ئاغای جەماڵزادە ئەو کتێبە لەگەڵ «کۆخی مامە تۆم» لەبەریەک ڕادەنێ و پێکەوە هەڵیان دەسەنگێنێ و دەڵێ:

هەر وەک «پیچراستو» پەردەی ڕەشی لەسەر ڕەشەکانی ئەمریکا هەڵگرت و ڕووی دزێوی سپییەکانی پێشان دا، ماکاڵیش چارەڕەشی و بەدبەختی دێ نشینەکانی ئاناتۆلی بەدنیا ناساند.

ماکاڵ دەیهەوێ لەگەڵ چەوسانەوە، هەژاری و نەزانی و چەوسێنەران بەربەرەکانی بکا، ماکاڵ هەژاری و نەخوێندەواری لە یەکتر جیا ناکاتەوە و پێی وایە پشت و ڕووی پوولێکن و هەرجارەی لایەکیان وەدەردەکەوێ، هەروەک حەزرەتی محەمەد سڵاوی خوای لەسەربێ فەرموویەتی: «فەقیری لە کفر زۆر نزیکە».

دوو وەرگێڕی فارسی ئەو کتێبە پێیان وایە نەیانتوانیوە بووکی بیروخەیاڵی ناسکی ماکاڵ وەک خۆی برازێننەوە و بەفارسی زمانانی خۆیانی بناسێنن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە خۆیان بە بەختەوەر دەزانن کە نووسەرێکی خەڵکی و خۆماڵی و چاکیان بەهاونیشتمانانی خۆیان ناساندووە، نووسەرێکی وا کە حورمەت و ڕێزی بۆ قەڵەم داناوە و ژیانی لە پێناوی بەختەوەری خەڵکی چەوساوەدا بەخت کردووە.

## وەرزی زستان

ناوی ئاناتۆلی، بەتایبەت بەشی ڕۆژهەلاتی، دەلێی هەژاری و چارەڕەشی بەبەژن و بالای براوە، بەلام ناوچەی ئێمەش کە ناوەندی ئاناتۆلییە لەم شوێنە نامێنێتەوە، بەلکو لە هەژاریدا لەوانیش دەولەمەندترن، کاتێک لێرە چاوم بەو خەلکە دەکەوێ کە لەگەل چارەڕەشی و نەداری دەست بەیەخەن و بیر لەوە دەکەمەوە کە وەزعی ئەوانیش لە هی ئێمە خراپترە، مووی لەشم وەک نەشتەر ڕاست دەبێتەوە.

ئەگەر ئادەمیزاد کاولاشێکی نەبێ تێیدا بحەسێتەوە و پر بە زگی تێر بخوا، یا جلوبەرگ و سووتەمەنی نەبێ کوا دەتوانێ خۆ لەبەر سەرمای زستان ڕابگرێ و بەسەلامەتی نەجاتی بێ؟

لێرە خەبەرێک لەو جۆرە شتانە نییە، جارێ باسی لیباس هەر نەکەم چاکە. بەهەژ نۆ دە سالان ڕەنگە بۆمان بلوێ دەستێک پێکەوەنێین، ئەویش پارچەی ئەوەندە تەنکە تەنانەت بەکەلکی هاوینێ نایە چ دەگا بەزستان! کۆت لەبەرکردن ڕەسم و باونییە، ئەوەی لەبەری دەکەین جلیتقەیەکە و پانتۆلێک؛ پیاوە پیرەکانیش بەپالتۆیەکی کۆنی سەربازی عەیبی خۆیان دادەپۆشن، لەژێر ئەو پالتۆ ڕەنگکراوەش پانتۆلێکی پینەکراوی کۆنی دوو سالەیان لەبەرکردووە، جاری واشە هەموو جلوبەرگەکەیان ژێرپانتۆل و کۆنەکراسێکی دڕاوە.

هیچ کەس گۆرەوی لەپێدا نییە، لە پێلاویش خەبەرێک نییە. پێلاوی پیاوان هاوینان کالەیە و زستانان ڕێگای دووریان چایخانەیە. خێشکەخێشکی سۆل ئاسوودەتر و بێ دەردەسەرترە، لە لایەکی دیکەشەوە چونکە کاروبارێک نییە بیکەن، تا زستان تەواودەبێ لە سەرمان هەلدەلەرزن. بەلام وادیارە ژنەکان لە پیاوەکان دەست و پەل قایم ترن و باشتر لەبەر سەرما خۆ ڕادەگرن، لیباسەکانیشیان ئەوەندە تەنکە سەرما ناگێڕێتەوە، پیاو سەری سوڕدەمێنێ کە بەو جلوبەرگە تەنکانەوە لە بەرامبەر ئەو سەرما و زستانە سەختەدا چلۆن دەوام دێنن؟ کاری ژنان زیاتر



پێڕاگەیشتن بەئاو و تفاقی مالاتە و ئاوهێنان لە کانی.

ئەوەی زۆر زەق و بەرچاو و سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە تاقمێک دادەنیشن و بۆ ئەو خەلکە وتاری عیلمی دەنووسن و ڕێنوێنییان دەکەن و دەلێن «بەین و پالی سەرانگۆێلک نەسووتێنن و بۆ کوودی زەوییەکان کەلکی لێ وەرگرن» ، نا ، بۆ کەس نییە لەو ئاغایانە بپرسێ:

– هۆی ئاغا! کابرای دێهاتی ئەو وەختە کەیفی سازە و داوەتی لە دلێدا دەگەڕێ کە تەپالەیەکی وەگیر دەکەوێ و ئاورگی پێ گەرم دەکا ، ئەگەر تەپالە نەسووتێنێ چ بکا؟ دەرد و بەلاکەی بسووتێنی یان بارگرانێکی کە لە ئەستۆیەتی و پشتی لەبەری چەماوەتەوە؟ هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە و بەدلتاندا هاتووە کە لە خۆتان بپرسن و بزانن ئەو خەلکە ڕەنگی چرپی و داریان چاوپێکەوتووە یان نا ؟

سەرەڕای ئەوەی تەپالەیان بۆ سووتاندن وەگیر ناکەوێ، تفاقی مالاتەکەشیان لە نیوەی زستاندا لێ دەبڕێ و خەلک بەتەواوی تووشی سەخلەتی و ناهومێدی دەبن و کەس ئاگای لە کەس نییە و هەرکەسە لە بیری خۆی دایە؛ زستانی ئەوسال لەو سالانەبوو.

چ زستانێک، یاخودا دوژمنیشت نەیبینێ، هەرچەندە لەبەرخۆمەوە دەمگوت «بەهار نزیکە و سەر و شومی نەحسی زستان چی بە بەرەوە نەماوە» بەلام ئەوە خەیالپلاو بوو، با و بۆران و شلێوە و بەفر و باران مەپرسە چی دەکرد، هەر ئەوڕۆ خۆزگە بەدوێنێ بوو، ڕۆژ بەڕۆژ ئاسۆ تاریکتر دەبوو.

گوندی ئێمەش وەک هەموو گوندێکی دیکەی ئەو مەلبەندە، نە کوورە و سۆبەی هەبوو نە تەنوور، لە کوچکاور و ئاورگ زیاتر هیچ شتێکی دیکەت بەرچاو ناکەوێ، تایبەتمەندی ئاورگ و کوچکاوریش ئەوەیە، ئەگەر لێی نزیک بییەوە دەسووتێی و دوورکەوییەوە سەرما دەتبا ، خەلکی ئاوا دەلێن:

«پێشەوەت وا گەرم دادێ وەک سێلی سەر ئاور برێشکەی پێ دەکرێ.

لە پشتەوەشت بایەک دێ خەرمانی پێ شەن دەکرێ».

سەرماوسۆڵێکە کەس سەر دەرناکا و ئەو ماڵەوماڵ ناکرێ، لە قەدیمەوە گوتوویانە «چلە کە هات پێمەڕە و پاچ و قولێنگ دەبنە دەستەچیلە». خوێن تاڵ دەبن و باویان نامێنێ.

چاووش ڕەمزی لە حاڵێکدا دەستەوئەژنۆ لە پەنا ئاورگەکە هەڵتروشکاوە و خۆ گەرم دەکاتەوە، بەدەم خەیاڵاتەوە جارناجارێک بەفوو ئاورگەکە دەگەشێنێتەوە و خۆڵەمێشەکەی بەبا دەکا. کچۆڵەیەکی خوێن شیرن و بەستەزمانی لەڕولاواز کە لە سەرمان کروشمەی کردووە کۆم بۆتەوە، هەروەها چاوی بەبەفر کەوتووە و فرمێسکی هەژاری بەچاواندا دێتە خوار، بەوێدا ڕادەبرێ و لە سەرمان ددانی، ددانی ناگرێ، چاوێک لە چاووش ڕەمزی دەکەم. دەست بۆ ئاورگەکە ڕادەدێرم و دەپرسم:

– خۆ ناڕازی نی؟

دەستی بەئاورەکە ڕادەدێرێ و دەڵێ:

– «قوربانی چاوەکانت بم بەخوای ئاورە لە پڵاو و گۆشت خۆشترە، زێڕ و زیوی کابرای دێهاتیش ئەوەیە، خۆزگە بمان بێ و بیسووتێنین...»

ڕاست دەکا خۆزگە وەگیریان کەوتبا و بیانسووتاندبا...

جاری وایە کا و تەپاڵە وێکڕا تەواو دەبن، زۆر ماڵ جەواڵی ئاردی دەتەکێنن و زمهەریان لە ماڵێدا نامێنێ، بەڵام مەڕوماڵاتی بەستەزمان داخوا چۆنن؟ باوەڕکە لەبەر بێ تفاقی جگە لە ئێسک و پێست هچیان پێوە نییە، کاتێک ئاوردوو تەواو دەبێ ئاورگ و کوچکاوریش لەوانەیە سەرما بیانبا، منداڵ کە ئاشقی کایەکانی سەردەمی منداڵین و سەرما و گەرما نازانن، لە سەرمان بەزۆیش لەبن لێفەشڕە نایەنەدەر و خۆ مەڵاس دەکەن.

قوتابخانەکەمان نزیکەی پەنجا شەست قوتابی هەبوو، جاری وابوو لە سەرمان هەڵدەلەرزین، بەڵام کۆڵمان نەدەدا و بەهەزار فێڵ و تەڵەکە خۆمان



گەرم دادێنا، بەهەر فێڵ و تەڵەکەیەک بوو خۆمان گەیاندە نیوەی زستان، بەڵام چلە چکۆڵە نێوچاوانی لێ تێک نایەن، تەنگی پێ هەڵچنین و بەرەگەی لێ گرتین. لەناو قوتابییەکاندا تەنیا چەند ماڵێکیان دوو سێ سەریان پاتاڵ هەبوو، جگە لەو دوو سێ ماڵە هیچ کەس ئاوردووی نەمابوو، لەوانیشم ڕانەدەدیت بڵێم بەنۆبە هەر ڕۆژەی یەکتان تەپاڵەیەک، دەوەیەکی بێنن، لەوانەبوو دایک و باوکیشیان ڕازی نەبێ، لە لایەکی دیکەشەوە مەترسی ئەوە هەبوو کە ئەوانیش دوای چەند ڕۆژێکی دیکە ئاڵای نەمانی کەلوپەل و هەژاری بەرزکەنەوە، لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە و دەمگوت ئەگەر لەلای منداڵەکان بڵێم: «چ بکەین و ڕوو لە کوێ کەین خۆ سبەینێ هەموومان لە سەرمان دەمرین» دەزانم کەسیان هیچ ناڵێ و ملیان بەلارەوە دەنێن و پێشنیارەکە دەبێتەوە هیچ، خۆ جگە لەوەش کارێکی دیکەیان لە دەست نایە، دڵنیاش بووم ئەگەر هەیانبا سەریان دانەدەخست و دەیانهێنا، وەختێکی کە هیچ شک نەبەن چ بێنن؟

لەگەڵ سەرماوسۆڵ چم بۆ نەکرا و دەستەوئەژنۆ دانیشتم، نازانم ئەگەر ئێوەبان چتان دەکرد؟

من تەنیا ئەوەم لە دەست دەهات بەهیوا و هومێدێکی هیچوپووچ و دوور لە ڕاستەقینە خۆم دڵگەرم و هیوادارکەم. ئەوەش شێوەیەک بوو لە ململانە و بەربەرەکانی لەگەڵ کەند و کۆسپی ژیان. ئەو وەختە یان دەمرم یان دەمێنم، ئەگەر مردم شەهیدم و ئەگەر مام دەبمە قارەمان، بەو قسانە بڕێکم غیرەت وەبەرخۆم نا و تا ڕادەیەک هاتمەوە سەرحاڵ و بووژامەوە.

کاتێک دڵم دەگیرا و ناڕەحەت دەبووم، سەری خۆم هەڵدەگرت و دەچوومە چایخانە دادەنیشتم، بەڵام لەوێش گەرم نەدەبوومەوە و هەموو پێکەوە لە سەرمان هەڵدەلەرزین، دوای ئەوەی لە سەرمان کەسیرە دەبووم و دەموچاوم شین هەڵدەگەڕا لە حەیبەتان مووم لێ دەبوو بەنەشتەر و ئەژنۆم دەنووشتانەوە و خۆم پێ لەسەرپێ ڕانەدەگیرا.

شەوانەش کە دەخەوتم وەک چاکی پەڕۆیان هەرچی هەمبوو لە خۆمەوە

دەپێچا، بەڵام ئەو شتانەی من لە بەرامبەر ئەو سەرما بێ دای و بابەدا وەک نەبێ وابوو، بەرۆژ هەر جۆرێک با پیاو بەپیاسە و کارکردن خۆی دەخافڵاند و برێک گەرم دادەهات، بەڵام هەر کە ڕۆژ ئاوا دەبوو لە ترسی شەو وەک مار پێچمان دەخوارد، بەڕاستی ناهەقمان نەبوو چونکە سەرما لە مێشکی ئینسانی کار دەکرد. نازانم ڕوو لەکوێ کەم، هەڵامەتیش لێم بۆتە براگەورە و دەستم لە یەخەی ناکاتەوە، هەردەڵێی کاتی لەدایک بوونیش هەڵامەتم بووە، یەک دوو جاریش بەتەواوی لە پێ پەڕیم و بەجێگاوبان کەوتم، بەڵام بەو حاڵەش ورەم بەرنەدا، ددانم لە چیرەوە دەبرد، شتم بۆ خۆم ساز دەکرد و دەمگوت: بەگۆشەنشینی ڕاهاتووم و باکم لە هیچ شتێک نییە و پەرۆش نیم، لە ڕاستیدا بەئاوری هیوا دەروونی خۆم گەرم دادێنا و ساردی لەشم لەبیردەچووەوە، دەبێ ئەوە بزانی کە هیواوئاوات دەرمانێکی کاریگەرە بۆ ئادەمیزاد، ئەگەر هیوا و ئەوین و ئاوات نەبان تەنانەت نەمدەتوانی ڕۆژێکیش لەبەر ئەو سەرماوسۆڵە خۆ ڕابگرم و بەسلامەتی خۆم بگەینمە بەهار.

تەواوی سووتەمەنی قوتابخانەکەمان لە دوو مانگی ئاخری ئەو زستانە سەخت و دڵتەزێنەدا نەدەگەیشتە بیست تەپاڵە، ئەوەشمان بەهەزار تڕومنەت و پاڕانەوە لە ماڵی ئاغا دێنا، ئەویش بۆ چێشت لێنان نەک سۆبە، بۆ ئاورکردنەوەش کتێب و دەفتەر نەمابوو نەیکەمە بن ئاورە، هەرچەند ڕۆژنامە بۆ ئەومەبەستە زۆر باشتر بوو بەڵام بەداخەوە درەنگم پێ زانی، خەڵکی دێهات لەبەر بێ شەمچەیی بەفوو ئاور دەگەشێننەوە و هەڵی دەکەن، ئێمەش کە لەوان زیاتر نەبووین شەمچەمان فوو بوو و ئاورمان پێ دەگەشاندەوە، ئەوە وەزعی ئاور هەڵکردنەکەمان بوو، ڕەنگە پێتان وابێ دوای ئەوەی بەم شێوە ئاورمان هەڵکرد کەس لە گەرمان حەجمینی نەبێ، نەبەخوای وانەبوو بەڵکو ژووری کلاسەکان لە دەرەوە ساردتر بوو، ئەو ڕۆژانەی کە قوتابخانەمان تەعتیل نەدەکرد و منداڵەکانمان لە کلاسەکان دەهێشتەوە دوای ئەوەی ئاورەکە دەکوژاوە، گەورە و چکۆڵەیی



نەدەما و هەرکەسە تێ دەکۆشا پێش ئەوی دیکە خۆی بگەیەنێتە حەوشە، چونکە دیوەکان ئەوەندە ساردبوون پیاو لە سەرمان قسەی بۆ نەدەکرا و دەتگوت ڕەق هەڵات، ئەوە کە بۆ دەرێ خۆمان دەکوتا لەبەر ئەوە بوو کە لەدەرێ بەهەڵات هەڵات و غارغاردێن خۆمان گەرم دادێنا.

بەهەزار چەرمەسەری و نارەحەتی خۆمان گەیاندە بەهار، دیارە ئەو خوایە کە زستانی داناوە، عەقڵیشی داوە بەئادەمیزاد کە بتوانێ ڕێگای بەربەرەکانی دەگەڵ سەرما و سەخڵەتی بدۆزێتەوە و نەهێڵێ سەرمای بێ، بەڵام ئەوکەسەی کە ڕێگاچارەی نییە دەبێ ددان بەجەرگیدا بگرێ و لێوەلەرزە و هەڵامەتی سەرمای زستان قەبووڵ کا، هەرکەسێکی کە بتوانێ گەمێی خۆی ڕزگارکا، دەگاتە لێواری دەریا و مەترسی نەمان وەپشت سەری دەدا، بەڵام ئەو کەسەی نەپەڕێتەوە، دەخنکێ و دەکەوێتە دەریای بێ بنەوە، هەرواش بوو. گەورەکان بەدانی زەرەروزیانێکی کەمتر توانیان لە چنگ زستان دەرباز بن، بەڵام لەبارەی منداڵەکاندا نازانم بڵێم چی؟ هەرهیچ نەڵێم چاکە لەو منداڵانەی کە تەمەنیان نەدەگەیشتە ساڵێک تاقێکیان دەرنەچوو، سەرما و نەخۆشی بەریان لێ گرتن و وەک پاڵەی چاک هەموویان دروونەوە، بەڵام ئەگەر لە دایک و باوکیان بپرسی دەڵێن «کاری خوایە و دەبوو هەر وابا».

گوندەکەی ئێمە کاربەدەستێکی بێهداشتی لێ بوو کە بەسەر سێزدە گوندی دیکەش ڕادەگەیی، خوا هەڵناگرێ پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، جاروبار دەهاتە لای من و سەری لێ دەدام، دوای دانیشتن و گەپ لێدانێکی زۆر، باسی زەرەروزیانی نەخۆشی هاتەگۆڕ، پێکەوە ڕاپۆرتێکمان بۆ بێهداری نووسی، ئەرکی وی ئەوەبوو کە ئەگەر نەخۆشێکی هەمەلایەنە گوندەکانی داگرت ئاگاداریان کا، ئێمەش بەئەرکی خۆمان زانی و هەواڵمان پێدان، ئەو ڕۆژەی کە ڕاپۆرتەکەی ئێمەیان گەیاندبووە ئیدارە دوکتۆری لێ نەبوو، خزمەتکارەکە گوتبووی:

«سبەینێ بێتەوە»، ئەوڕۆ دوکتۆر لێرە نین، نامەبەرەکە کاتێک ئەوە

دەبیسێ بەندی دڵی دەپسێ و دەستی شل دەبێتەوە، چونکە ناتوانێ شەوێ لەوێ بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی نە بەهیچ جێگایەک دەزانێ و نە خوێ پێ بەخێو دەکرێ، بەم هۆیە نامەکە دەدا بەخزمەتکارەکە و بەپەلە دەگەڕێتەوە، خۆ بەناشکوری نەبێ خەڵکی ئاوایی ئەوەندە پوولدار نین کە بتوانن لە شاران بمێننەوە، بەساڵ و مانگ هەڵدەکەوێ کابرای دێهاتی بۆی بلوێ و بچێتە شارەدێیەک یان ناوەندی شارۆچکە.

دوای سی و پێنج ڕۆژ نامەیەکی دیکەمان نووسی و بەڕێمان کرد، لەبەرئەوەی ڕاپۆرتەکەی ئێمەیان بەهێند نەگرتبوو وەڵامیان نەدابووەوە زۆر پەرۆش و ناڕەحەت بووین، بەشوێن نامەی دووەمدا وەڵام هاتەوە:

«لەبەر سەرما و بەفر و کرێوە و شڵێوە و باوبۆران و نەبوونی وەسیلەی هاموشۆ هیچ کەس ناتوانێ بێ و کارێکمان لە دەست نایە...»

ئەو بەشە ڕاست بوو، بەفر ئەوەندە باریبوو ماشێنی باریش دەرنەدەچوو، هەر لەو نامەیەدا ئەو ڕێنوێنییانەیان نووسیبوو:

«بەدایک و باوکەکان بڵێن منداڵەکانیان گەرم داپۆشن، جێگاوبانیان بۆ ڕاخەن و نەهێڵن وەدەرکەون و با لێیان دا، زووزوو دەسرۆکەی گەرم لەسەر زگ و سینگی منداڵەکان دانێن، شیر و خواردەمەنی گەرم و بەقەوەتیان بدەنێ، ئەوەش دوولاپەڕە دەستووراتی بۆ خەڵکی ئاوایی بخوێننەوە، هیواداریین بەبەکارهێنانی ئەو دەستووراتە و ڕێنوێنییەکانی ئێوە تاڕادەیەک پێشی ئەو هەموو مردنە بگیرێ...».

هاوکات لەگەڵ ئەو دەستووراتە دوولاپەڕەشیان سەبارەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی دەرمانەکان ناردبوو، کاربەدەستی بێهداری گوتی:

«بیدە بەمنداڵان بیخوێننەوە، دوای ئەوەی دام بەمنداڵەکان بۆ خۆشم بۆم شی کردنەوە».

«بۆ هەرلیترێک ئاو شەش گرەم پرمەنگەنات، هیپو سولفیت زغال...»
ئەو شتانە لە شاریدا زۆر گرینگ و بەنرخ بوون، بەڵام پەیداکردنی ئەو شتانە لەو کوێرەدێیە کاری حەزرەتی فیلە. کاربەدەستەکەی دۆستیشم



دەستووراتی پاک و خاوێنی بۆ خەڵک خوێندبووەوە و وەک من گاڵتەیان پێ کردبوو و قسەی ناحەزیان پێ گوتبوو، دیارە گەپ پێدانی وان لەبەر شتێکی دیکە بوو و لە وەڵامدا ئاوایان گوتبوو».

– ئاخر پیاوی چاک، بۆ چما دەوا و دوکتۆر دەتوانن دەگەڵ بەڵای ئاسمانی بەربەرەکانی بکەن؟ ئەو دنیا و ژیانە بەکەڵکی چی دێ، شەووڕۆژ کار و پیشەمان بۆتە دووزمانی و کاری ناحەز، چاکە بەردیشمان بەسەردا نابارێ، سەد خۆزگە بەو منداڵانەی کە بەرلەوەی گەورە بن و ئالوودە، دەمرن و دەچنە نێو ئامێزی فریشتەکانەوە.

دەگەڵ کاربەدەستی بێهداشت ڕیزی مردووەکانمان لە قاقەزی تایبەتی مردووان نووسی و ناردمان، گوندەکەی ئێمە سەد و سی ماڵ بوو، مردنی بەتێکڕایی لە مانگی ڕێبەنداندا زیاتر لە مانگی بەفرانبار و ڕەشەمە بوو، لەو مانگەدا زیاتر لە سی و چوار منداڵی دە مانگە و یازدە مانگە مردن، چواریان لەیەک ڕۆژ و یەک سەعاتدا مردبوون و لە پەنا یەکیان ناشتبوون.

گەورەترین گوندی ژێر چاوەدێری کاربەدەستی بێهداشت گوندەکەی ئێمە بوو، گوندی دە پازدە ماڵیش زۆرن. لە مانگی ڕێبەنداندا سەد و بیست منداڵی سێزدە ئاوایی بوون بەقوربانی و مردن.

## تەپاڵەی خۆشەویست!

نەکەن بەو شتە خۆشەویست و بەڕێزە بڵێن پیس و سەرسەری بەسەریدا بازدەن و تێپەڕن. چونکە مایە و هەوێنی ژیانی ئێمەیە و ئەومان نەبێ سەگ و شوانمان دێتەوە و هەمموومان لە سەرمان ڕەق هەڵدێین؛ جا لەو ترسانە بۆ ئاوردوو کۆکردنەوەی زستان لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک ڕاناوەستین. بۆ وێنە بەیانان کە گاڕان دەڕوا و ئێواران کە بەرەومال دەبێتەوە هیچ پاتاڵێک نییە کە دوو سێ کەنیشک و ژنی بەشوێنەوە نەبێ و لەسەر ڕیخ کۆکردنەوە بەگژ یەکدا نەچن و بەشەڕ نەیەن، بەم چەشنە ناهێڵن سلەڕیخێک بەفیڕۆ بچێ.

ژمارەیەک دەسکەوتی خۆیان لە کەللارە و تەنەکەی کۆن دەکەن، تاقمێکیش کە تەنانەت لە دەستیان نایە کەللارە و تەنەکە دروست کەن و هیچ دەفرێکیان نییە، ناچار لە ترسی سەرماوسۆڵی زستان ڕیخ و کشپەڵ لە داوێنی کراسەکەیان دەکەن، ئەوەی لەنێوان ئەو دوو تاقمەدا زەقە و بەرچاوە مل بەملە و تەماحێکی لە ڕادەبەدەرە. جاری وایە لەسەر ڕیخ کۆکردنەوە دەبێتە دەمەقاڵە و شەڕ و بەمستان بەریخەشلە سەروچاوی یەکتر سواغ دەدەن. دوای ئەوەی بەدەستی پڕ دەگەڕێنەوە، دەسکەوت و غەنیمەتی خویان زۆر بەپوختی دەشێلن، پاشان دەیکەن بەتەپاڵە و دیواری دادەدەن تا وشک دەبێتەوە، هاوینێش عەتر و گوڵاوی خەڵکی دێهاتی بۆنی ڕیخ و کەمرە و سەرانگوێلکە و پیاو لەبەر ئەو بۆنە ناخوشانە ناتوانێ بەکۆڵاندا بڕوا.

ڕۆژێکی چوومە ئاوداشتن و ئێوارێ کە گەڕامەوە لەگەڵ گاڕانێ گەیشتمەوە قەراغ ماڵان، باوەڕم پێ بکەن لەنێو تۆزوخولڵدا ون ببووم، بەهەر جۆرێک بوو بڕێک لە گاڕان دوورکەوتمەوە، چاوم بەدیمەنێکی زۆر سەیر و سەرنج ڕاکێش کەوت، تەماشام کرد منداڵە وردکە بەدەم ڕیخ کۆکردنەوە شەڕەجنێو دەکەن و نێوی دایک و باوکی یەکتر دێنن، دەستیان لە قوونی کەڵ و گامێش و مانگا نەدەکردەوە، هەر کە ماڵاتێک قەوەتی



دەداخۆی دەس بەجێ هەژ نۆ دە دەست لە بن قوونی بەرزدەبووەوە و وەک هەڵۆ دەیانقۆزتەوە، خێزانی وسێن قولی بەپرچی سپییەوە قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵماڵیبوو و کۆگایەکی گەورەی ڕیخ و تەرسەقول لەسەر شانی دانابوو دەبیردەوە ماڵێ، پێم خۆش بوو بیدوێنم، بڕێکم تەماشاکرد و گوتم:
– نەنە ئەوە چییە؟

نەنەی بێ چارە کە لە تۆزوخۆڵدا ون ببوو، بەڕەنگ نەیدەناسیم بەڵام دەنگی ناسیمەوە، چەقە و هەرای ڕیخ کۆکردنەوەی کە لە گوێدا دەزرینگاوە؛ ئەو قسەی منیش هێندەی دیکەی پەرت و تووڕە کرد، چونکە پێی وابوو سەری داوێمە سەر و گاڵتەی پێ دەکەم! بەقەڵسی گوتی:

–جەنگەی بانگی شێوانە، لێم گەڕێ با زارم نەکەمەوە، سەری خۆت بەردەوە و بڕۆ، شوکر ئەتۆ کەیفت سازە و تێری، ئەمنیش وازم لە شۆخی کردن نییە. دەڵێن تێر ئاگای لە برسی نییە! ڕاستە ئەگەر لەجێگای من بای و مست مست ڕیخت کۆکردباوە دەتزانی کوێم دێشێ و خوێت بەبرینێدا نەدەکردم و بەردت لەسەر دڵی دانەدەنام.

ئەو دیمەن و قسانە ئاوری لە دڵی من بەردا و قسەی من دڵی وی کردە ئاور.

## شەمچە

شەمچە لە دێهات زۆر کەمە و هێندەیان کار پێی نییە، چونکە پۆلووەتەپاڵە و کەمەرە و دەوەی نێو ئاورگ بەزامن تا بیست و چوار سەعات کاری شەمچە دەکا، بۆ وێنە جیرانیش بەدەستەواو بۆ ئاور پێ کردنەوە لێکتری وەردەگرن، ئەوشتە بۆتە باو و هەرماڵێکی ئاورەکەی کوژابایەوە پۆلوویەکی لەسەر تەپاڵەیەک دادەنا و دەیهێنا دەیخستە ئاورگەوە. پاشان هێندێکی چیلکەوچاڵ و پووشکەوپاڵ لەسەر دادەنا و بەفوولێکردن دەیگەشاندەوە و ئاوری ساز دەکرد. بەڵام جاری وایە شەمچە پێویستە و بەپۆلوو کار جێ بەجێ نابێ، بۆ وێنە شەوانە کە تاریکە و مەڕومالاّت دادەکرێنە هۆڵ و تەویلە و ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو دێتە پێش، وەک بێچوو دیتنی مەڕومالاّت، پەت توندبوون لەملی مالاّتی سەر ئاخوڕ و ئەو جۆرە شتانە. دیارە لە وەها کاتێکدا بەفوولێکردن و گەشاندنەوەی پۆلوو فتیلە هەڵناکرێ، شەمچە لە دێهات تەنیا بۆ ئەو جۆرە کارانە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، ئەگینا دەستەواوی پۆلوو دەستیان ماچ دەکا و کەس کاری بەشەمچە نابێ.

زستانی ئەوساڵ شەمچەی دەوڵەتی دەردێکی داینێ دەردی بێ دەرمان، باوەڕکە بۆ سیغار داگیرساندنێک شەمچەیەکت دەویست، ئەمن کە کارم بەسەردان لە مالاّت و تەویلە و ئاخوڕ و ئەوجۆرە شتانە نەبوو ناڕەحەتییەکی ئەوتۆم بۆ نەدەهاتە پێش بەڵام خەڵک زۆر جاران تووشی تەنگوچەڵەمە و گیروگرفت دەهاتن. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا شەمچە چووە پشتی شێران و بەگوللە وەگیر نەدەکەوت، دوو سێ جار ویستم پۆلووم لێ نەبڕێ و خۆڵەمێشم بەسەر داکردن بەڵام نەکرا، ناچار بۆ هەڵکردنی سۆبە خاکەنازێکی تەنەکەم دەدا بەمناڵێک و لە ماڵی جیرانەکان پۆلووی دێنا. پاش نوێژانیش ئەگەر سۆبەکە دەکوژاوە سەرلەنوێ بۆ چرا هەڵکردن بەشوێن پولوودا ماڵەوماڵ دەگەڕام، بەم چەشنە بەهەزار ناڕەحەتی کەمایەسی شەمچەم بەپۆلوو پڕ دەکردەوە.



## خواردن و خواردەمەنی

کاتێک باسی خواردن و خواردەمەنی دێتەگۆڕ نەکەن بیر لە خواردەمەنی جۆراوجۆر بکەنەوە. لێرە لە نانی تازە و گەرم کە تازە لە تەنوور کرابێتەوە هیچ خەبەرێک نییە و شوێنەواری دیار نییە. میوەش هەروا، بەقاڵ و میوەفرۆش هەرنێوی نییە.

ئەوەی بەدەست و مستی خۆت پەیدای نەکەی وەگیرت ناکەوێ. لە وەرزی پایزدا ئەگەر بتوانی و لەدەستت بێ شتێک پاشەکەوت بکەی و لە سووچێکی ماڵە کاولەکەتی دابنێی، بۆ زستان دەتوانی لەوە کەڵک وەرگری و خۆ بگەیەنییە بەهار.

ئەوەندەی ژیانمان بێ ئاڵوگۆڕ و یەکسانە، سەد ئەوەندە ڕۆژگارمان ناخۆشە و پڕە لە غەم و دەرد و هەژاری و چارەڕەشی و خۆزیا و بریا و داماوی، خواردەمەنیشمان لەوپەڕی سادەیی دایە، لە ژمارەی قامک تێ ناپەڕێ و هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی تێدا نییە.

برنج کە سەرەتایی ترین خواردەمەنییە، بۆ کەسێکی کە بۆی بلوێ و دەست بدا پێی دەڵێن وەک شا بەڕێ دەچێ، ئەگەر پێشتان وایە وانییە و باوەڕمان پێ ناکەن و سەبر و حەوسەلەتان هەیە دەرکی هەموو ماڵێک بۆ تاقیکردنەوە و درۆ و ڕاستی قسەی ئێمە ئاوەڵەیە و دوای دە ساڵیش ئەگەر شتێک بدۆزنەوە دەبێتە هۆی خۆشحاڵی خەڵک و سوپاستان لێ دەکەن، قەند و چا هەر وەگیر ناکەوێ و وەک تریاک وایە، دەڵێن دایکێک مناڵەکەی نەخۆش دەکەوێ و پەنا بۆ نوشتەنووسێک دەبا، کابرا دوای بڕێک ناز و نووز سەری لەبەر خۆی دەنێ و دەڵێ:

«نەخۆشییەکەی سەختە بەقەنداو نەبێ چاک نابێتەوە»

دایکی فەقیر و بەستەزمان کە لە عەرز و ئاسمان کلۆیەک قەند شک نابا بەسەری خۆیدا دەدا و دەڵێ سەلاّو قەت کەسم نەما؛ ڕۆڵەگیان جا ڕوو لەکوێ کەم؟ بەخەمباری کوڕەی بەکۆڵیدا دەدا و دەچێتەوە ماڵ، هەرچەند دەزانێ هیچیان نییە، بەڵام لەبەر ناچاری کەلێن و قوژبن نامێنێ

نەیگەڕێ، دوای ئەوەی ناهومێد دەبێ پەنا بۆ من دینێ، ئەمیش پێتان وانەبێ تەلیسێکم قەند و شەکر لەلای ژووروو داناوە و کارم پێی نییە، مشکلۆزمەو بم جگە لە نیو کیلۆ شەکر کە بەکۆپێن وەرم گرتبوو هیچم شک نەدەبرد، ئەویش دوو سێ مانگی لێ تێپەڕی بوو، کاتێک چووم تەماشام کرد چی وای تێدا نەمابوو، ناچار بۆ ئەوەی باوەڕم پێ بکا و بەناهومێدی نەگەڕێتەوە ڕاوەکەکەم بۆ هەڵتەکاند و دامە دەستی، ئەو فەقیرە لە خۆشیان شایی لە دڵیدا دەگەڕا و دەتگوت کەڵێکم داوەتی، پێم وایە تا ڕۆژی حەشر ئەوچاکەی منی لەبیر ناچێتەوە و فەرامۆشی ناکا، بەکورتی قەنداوەکە کاری خۆی کرد و منداڵەکەی پێ چاک بووەوە، ئێستاش کە چاوی بەمن دەکەوێ سەری لێ دەشێوێ. دوعا نامێنێ بۆم نەکا و دەڵێ: «ئەگەر نەمرم و خوا پشتیوان بێ لە خەجاڵەتی تۆ دێمە دەر و تۆڵەت بۆ دەکەمەوە». بەڵام ئەوە کە کارێکی لەدەست نایە تاوانی وی نییە، ڕووی نەبوونی ڕەش بێ.

ڕۆژێکی دەرسی ئەلفوبێم دەگوتەوە، دوای شیکردنەوەی دەرسەکە بەم ڕستەیە «باوکم هەنگوینی بۆ کڕیم» وێنەم هێناوە. لە پەنجا و شەش قوتابی تەنیا قوتابییەک هەنگوینی دیبوو، ئەویش لە گوندێگی دیکە نەک لەماڵە خۆیان، دوای ئەوەی بڕێک مات بوون لە ناکاو خستیانمە ژێر بارانی پرسیارەوە.

– ئاغا هەنگوین وەک ئەسپ دەچێ؟

– ئاغا وەک بەرخ دەچێ؟...

لە گوندی ئێمە نێوەڕاست مانگی بەهار بێستان و شیناوەرد دەکەن و مانگ و نیوێکیش هاوین بچێ بەرهەم کۆ دەکەنەوە. بەتەواوی فریای نۆبەرەکەی ناکەوین و تەماشای دەکەین تەواودەبێ؛ شێو و نەهاری خەڵکی ئاوایی هاوینان لە چەوەندەر و کوولەکە تێناپەڕێ، ساوار خواردەمەنییەکی گشتی زستانە کە دوای خەلە و خەرمان کۆکردنەوە بەهەرەوەز و دەستەوا کاری لەسەر دەکەن و دروستی دەکەن، بەڵام بەزەحمەت دەگاتە بەهار. ئاخر و ئۆخری زستان تەنانەت لەزۆربەی ماڵەکان نانیش وەگیر ناکەوێ و دەبێ



سێ مانگەی بەهار دەستەوئەژنۆ چاوەڕوانی بەرهەم و بەرکوتی دەغڵودان بن و دانیشن، کات و ساتی ژنان لە کاتی بێکاریدا چلۆن تێدەپەڕێ؟ پێتان وانەبێ خەریکی داوودەرمان و لێو سوورکردن و ئەو جۆرە شتانەن، بەڵکو وێڕای پیاوان دەچنە کێو و مەزرا و خەریکی ئیش و کار دەبن. لەو وەرزەدا لە هیچ ماڵێک بۆنی چێشت نایە و دیزە و تاوەیەک لەسەر ئاور نابینی، بەڵام لەبەرامبەردا دیزەی دەرد و پەژارە و ناڕەحەتییەکان لێوڕێژە و قوڵت قوڵت دەکوڵێ، فەقیری و نەداری و دەسکورتی و هەژاری و چارەڕەشی سێبەری خستۆتە سەریان و خۆری هیوا و هومێد خۆی لێ شاردوونەوە. لەو ماڵانەی کە باغیان هەیە و بڕووکەزەویەک، ڕەنگە بڕێک ساوار و لۆبیا و سێوک و شیلە وەگیر کەوێ، ئەویش بەو شەرتە کە لەبەر دەسکورتی و نەداری شێن خۆریان نەکردبێ، دیارە ئەوانەی کە لەو خێروبێرە بەشدارن ژمارەیان لە قامکی دەست تێناپەڕێ، باقی خەڵکەکە یان نانی ویشکی دەخۆن یان پیواز و ترشی، ئەویش بەو شەرتەی وەگیر کەوێ پێیان لە پلاو و گۆشت خۆشترە. تەنانەت ساواریش چۆتە پشتی شێران، وەگیر ناکەوێ و ناچار دەبێ ددان بەجەرگی خۆیاندا بگرن و پیش بخۆنەوە. نەنکە فاتم ژنێکی فەقیرە و دوو منداڵی بەستۆوە بووە، بەڕاستی بنەماڵەیەکی لێقەوماو و هەژارن و خەڵکی ئاوایی لەسەرخۆیانڕا بەزەیان بەوان دادێ، خواردەمەنی وان لە سەراسەری ساڵدا جگە لە پایزان کە کوولەکە و شووتییە و... وەگیر دەکەوێ، نانی ویشکی نەبێ هیچی دیکەیان چاو پێ ناکەوێ، تەواوی نێومالەکەشیان بریتییە لە جەواڵێک ئارد و حەسیرێک و دوو سێ ڕایەخی دڕاوی شڕ، ڕایەخی نەنکە فاتم و منداڵەکان لە هاوین و زستاندا هەر حەسیرە شڕەیە. لە بەر ئەوەی ماڵاتی شیری زۆر کەمە تەنیا هەژ نۆ ماڵێک ڕۆن لە ساوار دەکەن ئەویش بەشی ئەوەندە کە تامی بگۆڕێ، باقی خەڵکەکەی دیکە ئەو بڕووکە ڕۆنەشیان نییە، ناچار ساوارەکەیان لە ئاودا دەکوڵێنن و بەفەقیری خۆیانەوە سەردەنێننەوە، دەردی دڵ ئەوەندە زۆرە ئەگەر بمەوێ بینووسم حەفتا مەنی قاقەز دەوێ، کەوابوو زیاتر لەوە نابمە هۆی ناڕەحەتی و سەریەشیتان.

# سەودا و مامەڵە

دێهاتیی فەقیر و بێ چارە بۆ قرانێک دە ڕۆژ کاردەکا و زەحمەت دەکێشێ. بەوەش ڕاناوەستێ و ئەگەر بزانێ لە شوێنێکی دیکە کار هەیە و زیاتری دەدەنێ، دێ بەدێ دەڕوا و شەو و شەونخوونی لەسەر دەکێشێ تا بەڵکو بەرووسووری ماڵ و منداڵەکەی بەخێوکا و شەرمەندەی ئەم و ئەو نەبێ و داوا لە خەڵکی نەکا، بەڵام بێ خەبەر لەوەی کە دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە و هەر ماندووبوونی پێ دەمێنێ.

ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکە دەسکورت و نەدارە، جاری وایە بۆ خوردکردنەوەی دوو سەوەتە ترێ لە «نوشار»ەوە خۆ دەگەیەننە گوندەکەی ئێمە، بەپێچەوانە جاری واشە تاقمێک لە گوندی ئێمەڕا ئەو ڕێگا دوورودرێژە بەپێیان دەبڕن و جەواڵێک دانەوێڵە دەبەن بەترێ دەیگۆڕنەوە، کابرای دێهاتی جگە لەوەی کە شت بەشت بگۆڕێتەوە چی دیکەی لەدەست دێ؟ خۆ بەناشکوری نەبێ هێندە دەس ڕۆیو نین کە بتوانن سەودا و کارێکی بکەن، ئی واشمان هەن کە سەودای کەڵەشێر و مامر و هێلکە و ئەو جۆرە شتانە دەکەن و پاش هەژ نۆ دە ڕۆژ خولانەوە بەدێهاتی دەوروبەردا بەدوو سێ قران قازانج دەگەڕێنەوە، دیارە ئەوە وەک کارێکی بنەڕەتی نییە و بەهەڵکەوت هەڵدەکەوێ یەکێک ئەو کارە بکا، چونکە کابرای دێهاتی ئەگەر خۆی پێ بەرێ بچێ کڵاو هەڵداوێ و نایگرێتەوە.

دوو سێ کەسی گوندەکەی ئێمە کە برێکیان قازانج کردبوو زاریان شیرن ببوو، پاش هەڵسووڕانێکی زۆر بەملا و بەولادا دەسمایەکیان کۆ کردەوە و مامەڵەیەکی گەورەیان کرد.

وسێن ئاغا و مووسا تات نزیکەی سەد قەلەموونەیان کڕی.

– لە کوێ بیفروشین زیاتر قازانج دەکا؟

– کاکە دەڵێن لە ئانکاڕا زۆر گرانە و وە حەرزی ناکەوێ، با بیبەینە ئەوێندەرێ.



چونکە بیستبوویان کە لە ئانکاڕا هەموو شتێک گرانە، پێیان وابوو ئەگەر بۆیان بگاتە ئەوێ، تمەنی تمەنێکیان قازانج بۆ دەکا.

لەسەر ئەو بڕوا و خەیاڵپڵاوە شوانێکیان لە قازانجەکەی کردە شەریکی خۆیان. دوو سێ تێڕ و خورجێنیان گەنمەکابە بۆ قەلەموونەکان لە کەرێکی بارکرد و قەلیان وەپێش خۆیان دان، یەکیان وەپێش کەوت و دانی بۆ داویشتن، دوو کەسەکەی دیکەش لە دواوە بەکشەکش قەلیان وەپێش خۆیان دا و بەرەو ئانکاڕا وەڕێ کەوتن. بەڵام ئانکاڕا لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟ سەری خۆیان دادەخەن و دەڕۆن، شەووڕۆژ بێ وچان و پشوودان ڕێگا دەبڕن و دەڕۆن. دەچن بۆ کوێ؟ سەر لە کوێ دێننەدەر نازانم بەڵام سەرەنجام دوای پەنجا و پێنج ڕۆژ بەکۆڵێک زەرەر و زیان و لەدەستدانی دەسمایە و بزرکردنی کەرەکانیان ماندوو و مردوو و پەرۆش و ناڕەحەت و سەرشۆڕ گەڕانەوە ئاوایی، هەموو لێک لالووت بوون و هەریەکەی ئەوی تری تاوانبار دەکرد و گلەیی و پرتەوبۆڵەش لەوێ ڕاوەستێ.

– لەو ماوەدا قەلەموونەکانیان ئەوەندە کز ببوون لە پێ کەوتبوون و نەیاندەتوانی بەرێگادا بڕۆن. لە لایەکی دیکەشەوە دەست و چەقۆی کاکی شوانیش زۆر بەکار بوو. هەرچی بەجێ مابا سەری دەبڕی و زگی داخدار و پڕ لە ناسۆرمانی لێ داخنی. ئەوە قازانجەکەمان بوو، سەد بریا هەموومان خواردبا و لەسەر دڵمان نەبووبا گرێ.

شوانە قسەکەی دەبڕێ:

– بۆخۆت یەکت لەولای «کوچاسار» سەربڕی. هەشتیشیان لە نزیک «عومەر حاجی لی» دزران و بوون بەسەدەقەی سەری خۆمان، یەکیشیان کابرا بەزۆرەملی هەڵیگرت و گوتی:

– قەلەموونەیەکی مێم هەیە دەبێ ئێوەش نێرەیەکم بدەنێ.

– خۆ دەمەویست لە ئانکاڕا بچمە لای نوێنەرەکەمان و شکایەتی لێ بکەم، بەڵام لە خێری ئەو قەلەموونەش گوزەرام، با ئەوەش بڵێین هەر کە گوتم لێرە بە تا دەچم بەوەکیلەکەمان دەڵێم با تامی زاری خۆش کا یەک

بەخۆی هەڵبەزییەوە و تۆڵەی قەلەکەم لێ کردەوە.

شوانە زۆر لەوانی دیکە بەپەرۆشتر بوو. لەبەر خۆیەوە هەر دەیبۆڵاند و دەیگوت:

– حەیف، پەکوو ئەو هەموو زەحمەتە بەخۆرایی چوو و هەر ماندووبوونەکەمان پێ ماوە.

– کوڕی چاک خۆزگە ئێمەش هەر زەحمەتەکەمان بەخۆڕایی دەچوو، هەر بەجارێک ماڵوێران بووین و نیوەی دەسمایەکەشمان لە دەست بووەوە.

– ئەرێ کاری چاکم نەکرد، ئەو ماشێنەم لە نزیک ئانکاڕا بەکرێ گرت؟ خۆ ئەگەر ئەو کارەم نەکردبا ئەوەندە دراوەشمان بەدەستەوە نەدەما و سەگ و شوانمان دەهاتەوە.

– وەڵاهی دڵنیا نەبووم کە دەوامی ئەو ڕێگایە بێنێ.

– کاکەگیان پەنجا ڕۆژ پیادەڕەوی شۆخی پێ ناکرێ.

نۆیان هەر هەوەڵ ڕۆژ مردن، هەشتیشمان خوارد، یەکیش ئەو کابرایە بەزۆرەملی لێی داگیر کردین، ئەوەی مابۆوەش بەنرخی مردووبوونیان لەنێو ئاوێمان هاویشت و هاتینەوە.

– بەرهەم و دەسکەوتی پەنجا ڕۆژ بوو بەچی؟ هیچ. بەکورتی کاتێک هاتینە سەر حیساب، ئەو پەندەم هاتەوە بیر کە گوتوویانە: «نیوەی گورگ خواردی، نیوەی دز و چەتە بردی و خاوەنەکەشی لە حەیبەتان بێ هۆش بوو»

بەشوێن ئەو ڕووداوەدا لە گوندەکەی ئێمە قەلەموونە فرۆشتنی وسێن پیر و مووسا تات و شوانە بووە بنێشتە خۆشکەی سەر زار و زمانان و باس باسی ئەوان بوو.



## گیروگرفتی زەویوزار

ڕۆژێک ڕێم لە ماڵە کوێخا کەوت و تەماشام کرد هەموو بەپێوە ڕاوەستابوون و یەکێک خەریک بوو سوێندی دەخوارد، دوای ئەوە سوێندەکە خورا دانیشتین، هێندەی پێ نەچوو یەکی دیکە وەژوور کەوت، دیسانیش هەموو هەستان، منیش وێڕای وان هەستام ڕاوەستام، ئەویش سوێندەکەی خوارد و وەدەرکەوت، ماوەیەک پێ چوو یەکی دیکە هات، ئەوجاریش هەموو هەستانە حەوا و منیش دەگەڵیان ڕاوەستام. بۆم دەرکەوت کە مەسەلەیەک لە گۆڕێدایە و دەبێ هەموو خەڵکی ئاوایی سوێند بخۆن.

چاووش وەلی قورئانێکی بەدەستەوە گرتبوو و ڕیزەقسەیەکی لە هەوەڵ تا ئاخر دووپات دەکردەوە، لە سەرەتاوە پێم وابوو ئەو کەسانە سوێند دەدەن کە لێیان بەشکن و دەیانهەوێ قسەیان لێ دەرکێشن. بەڵام دوایە ڕوون بووەوە کە من بەهەڵە چوبووم، چونکە تەواوی خەڵکی ئاوایی سوێندیان دەخوارد. دوو پیاو دەچوون یەک یەک لە دەرگای ماڵەکانیان دەدا و خەڵکەکەیان بانگ دەکرد. هەرکەسێکی کە دەهاتە ژوور بەبێ ئەوەی شتێک بڵێ هەرچی چاووش وەلی گوتبای دووپاتی دەکردەوە و سوێندی دەخوارد و دەگەڕاوە. بەڵام چاووش بەرلەوەی کابرا سوێندبدا مەسەلەکەی بۆ دەگێڕاوە.

– براگیان گوێ ڕاگرە با پێت بڵێیم، ئەوە دوو ساڵی ڕەبەقە بازڕەسی دەوڵەتی دێنین، سەرەڕای خەرجی ڕێگا و پووڵ خەرج کردن و مەحکەمە و ئەملا و ئەولا، بەڕاستی وەگیان هاتووین و کێشەمان لەسەر زەوی «سوسوز» هەروا بێ ئاکام ماوەتەوە، ئێستاش جگەلەوە چارەمان نییە و تەمامان گرتووە کە ئاوایی بکەینە چەند بەش و بۆ هەربەشەی یەکێکی نەترس و لێهاتوومان دیاری کردووە کە دەبێ چەک و چۆڵی تاقمی ژێر دەسەڵاتی خۆی دابین بکا. ئەورۆ ڕۆژی هەینییە بەپێی ئەو گوزارش و ڕاپۆرتانەی کە بەدەستمان گەیشتووە «چیملی»یەکان بڕیاریان داوە ڕۆژی دووشەممە هێرش بێننە سەر زەوی «سوسوز» و دەستی بەسەردا بگرن،

ئێمەش دەبێ پێشدەستی بکەین و پارێزگاری لە زەوی خۆمان بکەین و دەست درێژییان کورت کەینەوە. دەبێ حیسابی «سوسوز» دەگەڵ حیسابی دیکە تێکەڵ نەکەین و هەموو ناکۆکییەک وەلانێین، ئەورۆ ڕۆژی ئەوەیە کە دەست لە دەستی یەک نێین و بەگەلەکۆمەگی و پشت گەرمی یەکتر پارێزگاری لە گیان و ماڵی خۆمان بکەین، ئەگینا زەوییەکانمان لە چەنگ دەردێنن، لەلایەکی دیکەشەوە «سوسوز» پێوەندی بەهەموومانەوە هەیە، ئامادەی؟

– ئێستا کە ئامادەی بلێ بەدین و ئیمانم سوێند دەخۆم کە ڕۆژی دووشەممە وێڕای خەڵکی ئاوایی بۆ دەست بەسەرداگرتنی زەوی «سوسوز» بەگیان و بەدڵ لەگەڵم و تێ دەکۆشم.

کابرا بەهەوا و فیزێکەوە گەرووی خاوێن دەکردەوە و دیگوت «وا دەکەم و وا بچێ و...» دەستی بەقورئان دادەدا و سوێندی دەخوارد. لەو بەینەدا کە یەکێک سوێندی دەخوارد و وەدەردەکەوت تا یەکی دیکە دەهاتە ژوور دادەنیشتین، بەڵام دووبارە هەڵدەستاین بەپێوە ڕادەوەستاین، سەرەڕای ئەوەی هەموو دەیانزانی چ خەبەرە و بۆچی سوێند دەخۆن، چاووش قسەکانی لە هەوەڵ تا ئاخر دووپات دەکردەوە. دووپاتکردنەوەی ئەو قسانەی چاووش بوو بەهۆی قەڵسی و نارەحەتی هەموولایەک. تاقمێک زۆر بەدڵگەرمی و پیاوانە سوێندیان دەخوارد و لەلایەن بەشداربووانی کۆڕەکەوە ئافەرینیان بەسەردا دەباری. ئەوەی کە بێ مەیلی و دوودڵی و ڕاڕایش خۆی پێشان دەدا، بڕێکیان پێ هەڵدەخوێند و بەپاڵەستۆ سوێندیان پێ دەخوارد.

هاوار لەدەست فەقیری و نەداری، ڕەنگە زۆر دیترابێ و بیسترابێ کە ئادەمیزاد بۆ قازانجی خۆی هەرچەند بچووکیش بێ بۆتە دوژمن لەگەڵ جیرانەکەی خۆی، هاوار لە دەست نەفامی و نەزانی و نەخوێندەواری، هاوار!



# چاڵ

ئەو دەسکرد و قوڵکەش وەک یەک و لە جێگایەک نین، ژمارەیەک چاڵەکانیان لە پشت ماڵەکانیان هەڵکەوتووە، بەڵام ئەوە بۆ هەمووکەس ناگونجێ و جێبەجێ نابێ، زۆربەی خەڵکی ئاوایی چاڵەکانیان لەبەر ماڵەکانی خۆیان و لەبەرچاویانە، ئەوەی کەپێی دەڵێن چاڵ لەڕاستیدا بریتییە لە قوڵکەیەک کە بالاپیاوێک قووڵە و هێندێک لە تەنوور فرەوانترە، خەڵک بۆ خۆیان بەو قوڵکەچاڵە دەڵێن «حەمبار». هاوینان کە کاتی دروێنە و دەسکەنە و خەلەوخەرمان و گێرە و جەنجەڕ و شەن و باڵەکە و قوونەکە و ئەو جۆرە کارانەیە خەڵک زۆر سەرگەرمی ئیش و کارن و خاووخێزان خەریکی کوێرەوەری و تێکۆشانن. پاش ئەوەی خەرمان شەن کرا و سووربوو بەم شێوە دابەشی دەکەن: لە پێش هەموو شتێکدا زمهەڕی زستانێ جیا دەکەنەوە، ئەوەی کە بۆ فرۆشیشە لەلایەکی ماڵێ هەڵی دەدەنەوە، بڕێکیش بۆ تۆوی بەهارێ لە چاڵێ دەکەن، ئەگەر تووشی تەنگدەستی و نەداریش هاتن پەنا دەبەن بۆ بنەتۆوی بەهار و بڕێکی لێ دەفرۆشن.

چاڵیش وەک هەموو شتێکی دیکە بەناوچە کەوتووە، لە هێندێک جێگا دیوارەکانی سواغ دەکەن بەڵام لە گوندی ئێمە ئەو تەشریفاتەش لە گۆڕێدا نییە، لە سەرەتاوە سەوەتێک کا لە بن چاڵەکە دەکەن، پاشان گەنم یان هەر دانەوێڵەیەکی دیکە بێ تێی دەکەن، تا پڕدەبێ.

کاتێک پڕبوو بەکا دایدەپۆشن، گڵی بەسەردا دەکەن و دەیشێلن تا ڕێکی حەرزی بێ، خۆ نەهاتی هەر یەک و دوو نییە، بەرهەمی ساڵێک زەحمەت پێوە کێشانەکەشیان پاش هێنانەدەر لە چاڵ دەگەڵ گڵ و خۆڵ تێکەڵ دەبێ و بەبێژینگ و کەو نەبێ خۆڵەکەی لێ جیا نابێتەوە.

زستانان هەر کە باران باری هەرکەسە لەبەر دەرگای خۆی شتێکی کۆن بەسەر خۆی دادەدا و بەپێمەڕەوە لەسەر چاڵەکەی ڕادەوەستێ و شوێنی ئاوەڕۆی باران لە چاڵەکە دوور دەکاتەوە و ناهێڵێ بزرێتەوە و ئاو بدزێ،

کاتێک باران دەبارێ خەڵک لە جیاتی ئەوەی خۆیان وەپەنا یەک دەن،یان بچنەوە ژوور لە حەیبەت چاڵەکانیان ناچار لەبەر باران ڕادەوەستن، چونکە ئەگەر چاڵەکەیان لێ تەڕبێ سەگ و شوانیان دێتەوە و ماڵوێران دەبن، جالە بەر ئەوەی تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە نەبن بەنۆبە هەرجارەی یەکێک دەبێتە قەرەوڵ، لەوکاتەدا بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە، چونکە بژێو و بەرێچوونەکەیان لە مەترسی دایە و دەڵێی لەسەر ئاورانن، بەهیچ شتێک گوڵ ناکەن و دڵیان ناکرێتەوە، سەرەڕای ئەو هەوڵ و تەقەلایە جاری وایە ئاوەڕۆی باران لە دوو سێ لاوە چاڵەکانیان دەورە دەدا و چاڵ پڕ دەبێ لە ئاو و ئاویان لێ هەڵدەقوڵێ.

جگە لە باران هێندێک جار چاڵەکانیان دەکەونە بەر مەترسی دیکەش، ئەویش ئەوەیە لاوەکانیان بۆ دانەوەی قەرز و قۆڵەی دوکاندار و قومار هێرش دەبەنە سەر چاڵەکان، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ ماڵێک بێ سەگ نییە، هەرزەکار کەمتر بەمراد دەگەن و پیلانەکانیان پووچەڵ دەبێتەوە.

ئەگەر سەگیش نەبێ خاوەن ماڵ هەمیشە بەخەبەرە و چاوێکی هەر لە گۆشەی حەوشەیە و هەموو هاموشۆیەک دەخاتە ژێر چاوەدێری.

ڕۆژێک باران باری، باران چ باران، گۆپاڵبارانێک وەرە سەیرێ. بێ تاقەت بووم و ویستم سەرێک لە چایخانە بدەم، تەماشام کرد خەڵک لەم بەرەوبەری ڕێگا و لەسەر چاڵەکانیان ڕاوەستابوون، کاتێک لێیان نزیک بوومەوە تێگەییم کە زۆر ماندوو و قەڵسن و هەرکەس خۆیان لێدا یان بەجنێو دایدەگرن یان وەبەر پەیاغ و کوتەکی دەدەن.

چاڵی ماڵە «سادق بەگ» تێک تەپی بوو و دەگەڵ گڵ و خۆڵ تێکەڵ ببوو، گەورە و چووک و ژن و مناڵ قۆڵیان هەڵماڵی و بەپێخواسی و لەبەر باران خەریکی گەنم کێشانەوە بوون، «سادق بەگ» جارناجارێک لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند و دەیگوت:

– جا چاو چلۆن تێک تەپیوە دەڵێی ماشێنی بەسەردا ڕۆیشتووە، خۆزگە ماڵەکەم تێک جمیبا، ئەودەم یەکجاری ئاسوودە دەبووین و لەکۆڵ ئەو چەرمەسەرەی ژیان دەبووینەوە.



بنەماڵەی «وسێن بەگ»یش وەزعیان لە ماڵە سادق بەگ زۆر خراپتر بوو، هەرچەند ئەوان چاڵەکەیان نەزابووەوە، بەڵام وسێن بەگ ئەوەندە قەڵس و تووڕەبوو پیاو نەیدەوێرا خۆی لێدا. پرسیم:

– کاک وسێن خۆ ئێوە زۆرتان زەرەر نەدیوە؟

بەدەست ئیشارەی بەباران کرد:

– خۆزگە ئەو بەرەکەتە، هەموو دەغڵ و دانەکەی دەفەوتاند و ئاسوودە دەبووین، تەماشاکە بزانە چی لێهاتووە، ڕسق و ڕۆزی مناڵەکانم هەموو بۆوە بەهیچ و ماڵوێران بووم. وسێن بەگ تەنیا بەبارانە قەڵس نەبوو، پرتە و بۆڵەی «دلی چوپور»ی جیرانی لە دین دەهری کردبوو، چاوی حەرزی نەدەدیت، چونکە هەردووک لاقی لێ دەکەوشێک کردبوو و دەیگوت:

– دەبێ چاڵەکەت لەبەر دەرگای ئێمە بگوێزییەوە.

وسێن بەگ دەیگوڕاند:

– خۆ تۆ چاڵەکەت لەو لایە نییە و سەر ڕێگامان لێ نەگرتووی!

ئەو قسانەی وسێن بەگ وەک بایەک بەپەناگوێیدا دەهات و دەڕۆیشت، ئەوەی بۆ خۆی دەیزانی هەر ئەوەبوو، دەیگوت:

– بەردەرکی خۆمە و خۆڵەمێشی لێ ڕۆ دەکەم، دەیکەمە سەرگوێلک، پەینی لێ هەڵدەخەم، بەتۆ چی بۆ چمە و چی لێ دەکەم.

– فەرموو لێی ڕۆکە بابزانم دەحەسێیەوە، حەزدەکەی وەک کەر تێیدا بگەوزێ.

## ئاش

تا پێنج ساڵ لەمەوبەر گوندەکەی ئێمە بێ ئاش بوو، باراشمان دەبردە گوندی «دمیرچی»، بۆ جەوالێک ئارد دە سەعات بەڕێوە دەبووین و دووسێ ڕۆژمان پێ دەچوو، کە دەگەیشتینێ بۆ نۆبەش دەبوایە چەند ڕۆژێک ڕاوەستابایین، چونکە ئاشێر زۆر بوون «چوپور ئاغا» لە گوندەکەی ئێمە ئاشی دانا و ئاشەکەی زۆر بەرمێن بوو، بەڵام بەکەڵکی ئێمە نەدەهات و دەردێکی لەسەر سووک نەدەکردین. چونکە بەئاوی سێلاو و کانی و سەرچاوان دەگەڕا و بەهاران کە ئاو زیادی دەکرد و دەهات ڕەسەر کەوێ، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر هەریەکەی لە گۆشە و سووچێک پێشیان دەگرت و دەیانبرد بۆ زەویوزاری خۆیان و ئاشەکە ئاوی پێ نەدەگەیشت. هاوینانیش پێویست بەوە نەبوو پێشی پێ بگرن چونکە تەڕایی لێ دەبڕا. زستانانیش سەهۆڵ کاری هەموو لایەکی هاسان دەکردەوە و وەک جگ دەیبەست. تەنیا پایزان کە ئاو زیاد دەبوو ئاشەکە کاری دەکرد، لەو وەرزەشدا ئاشێر ئەوەندە زۆرن پیاو تا نۆرەی دەگاتێیە ماندوو دەبێ و لە پێ دەکەوێ، چونکە بەسەد گوندی دەوروبەر دوو ئاشیان هەیە چاکە نۆرە وەبەریش دەکەوێ.

هەرکەس ئازابێ دەتوانێ لە پایزدا باراشی خۆی لێکا و زمەهەڕی زستان داخا و بەخاترجەمی پاڵ داتەوە، بەشی هەرەزۆری خەڵک لە نیوەی زستاندا زمەهەریان لێ دەبڕێ و ناچار پەنا دەبەن بۆ چاڵەکانیان. بەڵام ئەوەش کارێکی هاسان نییە و بەزمان خۆشە. چونکە چاڵ دەرهێنان و خاوێن کردنەوە و باڵەکە و هەڵخستن و ویشک کردنەوەکەی دنیایەکی کار و گیروگرفت هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە کەر پەیداکردن و بارلێنان و وەڕێخستنی تا دەگاتە ئاشی «دمیرچی» ڕۆژێکی تەواوی دەوێ. ئەوەش بۆ هەمووکەس دەست نادا و نالوێ، ناچار تاقمێک بەقەرز و قۆڵە لەم و لەو ئارد وەردەگرن و خۆ لە کۆڵ نارەحەتی ئاش و باراش و چاڵ دەکەنەوە.

خەڵکی دەوروبەر لەبەر ئەو نارەحەتییانە پایزان کاری خۆیان قایم دەگرن



و تا ئەو جێگایەی بۆیان دەست بدا زمەهەری زستان دادەخەن. ئەویش بەچ زەحمەت و دەردەسەرییەک، ڕێگای دووروودرێژ و چەند حەوتوو چاوەڕوانی نۆبە قەبووڵ دەکەن و بەهەچەچەی کەروجاڕەبە، یان هەر ئامرازێکی دیکە بەرەو دمیرچی ڕێگا دادەگرن. ئاردی ئاشی دمیرچی زۆر وردە، منیش جارێکی باراشەکەم بردە وێ لێم کرد، نانەکەی ئەوەندە جوانە پێخۆری ناوێ. دیارە ئاشی «دمیرچی»یش ئی خەڵکی ئاوایی نییە، بەڵکو کابرایەکی دەوڵەمەند هاتووە لە وێی داناوە و ئاغایەتی بەسەرەوە دەکا و بێ دەردی سەر بەرهەمێکی چاکی لێ دەخوا، لە هەموو شتێک ناخۆشتر بۆ ئەو ئاشانە ئەو کاتەیە کە بەرداشەکە کۆن دەبێ یان عەیبێکی لێ پەیدا دەبێ، هەرچەند چاککردنەوە و وەڕێخستنی بەئەستۆی خاوەن ئاشە، بەڵام خەڵک و خاوەن ئاش یەک لە یەکتر نارەحەت ترن، چونکە دەبێ بچن لە «نۆشار» بیکڕن بیهێننەوە، ڕاستی حەقیانە نارەحەت بن چونکە هێنانەوەی ئەو بەرداشە زلە لە «نۆشار» کاری دێوانە و دوو ڕۆژەڕێیە، ئەویش ئەگەر ئەسپ و داشقە وەگیر کەوێ، تێکچوونی ئاش لەو وەرزەدا نارەحەتی زۆر بەشوێنەوە، جارێکی ماڵە کوێخا لە نیوەڕاستی زستاندا ئاردیان لێ بڕا، سێ برا بەبیست و پێنج سەرخێزانەوە بێ ئارد مانەوە.

خۆ بیست و پێنج سەرخێزان بەقەرز و قۆڵە بەڕێ ناچن. گوتم: بۆ پایزێ وەک خەڵکی دیکە باراشی خۆتان نەدەبردە دمیرچی؟ گوتی: ئەو قسانە چن دەیانکەی؟ جا بزانە ئەوەشمان پێ ناکەی، ئەگەربێتو خەڵک ئەو خەبەرەیان پێ بگاتەوە کە ئێمە موحتاج بە«دمیرچی»ن دەمانکەنە پەند و پێمان پێدەکەنن.

## نان

ئامادەکردنی ئەو بەرەکەتە بەڵایەکی گەورە و دەردی سەرباری هەموو دەردانە، بەڕاستی پیاو تا دەیخوا توێخێکی لێ دەبێتەوە، چونکە هەرچی دەستی بۆ دەبەی نییە، هەرچەند ئەو مەسەلە لە زێدی من زۆر زەق و بەرچاوە، بەڵام لەوێ نانی سێڵ هەم گەورەن و هەمیش لەسەر تەندوور دەیکەن، لێرە کە تەندوور نییە بەسێڵ لەسەر ئاورگ نان دەکەن، سێڵەکانیشیان وەک ڕفێدەکانیان زۆر چکۆڵەن. ئەوە کە من باسی نانی دەکەم پێتان وانەبێ وەک نانی شار سپی و ناسک و گەڵا گەڵا و بێ خەڵووزە، بەڵکو وەک کولێرە ئەستوور و خەپلۆنە و نەبرژاوە و بۆخاوی لێ دێ، پیاوی دەوێ هەزمی کا. هەر دەڵێی چەرمی کالەیە لەبەریەک دەکشێتەوە، پیاو هەتا نانێکی دەخوا شەویلکەی شل دەبێ، دەڵێی قاقەزە لە نێو ئاودا خووساوە. نان کردن ئەوەندەی نارەحەتی هەیە هەر مەپرسە، ژنان کاتێک چاویان بەتەبەکی بەتاڵ دەکەوێ لە حەیبەتان نۆبەتێ دایاندەگرێ، من پێم وایە نان کردن، ژنان نیوەعومر دەکا. لە هێندێک ئاوایی جاری وایە حەوتوویەک لە سەرێک نان دەکەن و لە سووچێکی ماڵەکەیان هەڵی دەچنن و خۆیان ئاسوودە دەکەن.

پاشان ژەماوژەم برێکی ئاو دەکەن و دەیخۆن، ئەو نانە بەشی هەتا بەهار دەکا و ئیدی نانی تازە هەر سۆراغیشی پەیدا نابێ. بەڵام لێرە هەموو ڕۆژێ نان دەکەن. لەو بابەتەوە گوندەکەی ئێمە لە گوندەکانی دیکە پێشکەوتووترە! ژن شەوی دەمێنێ کە هەڵدەستن و دەست دەکەن بەهەویر شێلان. خەو لەخۆیان حەرام دەکەن. لە حاڵێکدا پیاوەکان خرپ دەخەون و ئاگایان لە هیچ نییە، ئەوان لە نان کردن دەبنەوە، ئەگەر برێکیش وەدرەنگی کەون دەبێ چاوەڕوانی جنێو و کوتەکی مێردەکانیان بن.

کاتێک نان پێوەدەدەن خوڕخوڕ ئاو بەچاویاندا دێتە خوار، جاری واشە ئاورگ دوکەڵ دەکا و چاویان هەڵنایە، جلوبەرگیان ئەوەندەی دوکەڵ گرتووە لە دوورەوە بۆنی دێ، ئەگەر لە من بپرسن ئەشکەنجەی جەحەندەم چلۆن



شتێکە؟ دەڵێم: وەک نان کردنی ئەو گوندە وایە. هەرچەند من بۆخۆم مەگیرانی بەنانی تازە دەکەم، بەڵام لەبەرئەوەی زەحمەتی لەسەر ماڵە «چاووش غەنییە» چاوم بەنانی تازە ناکەوێ. ئەوانیش لە ترسی دوکەڵی تەندوور ئاورگ هەر بەپازدە بیست ڕۆژ جارێک نان دەکەن، خودا هەڵناگرێ هەر ڕۆژێکی نان بکەن ئەمنیش بێ بەش ناکەن و پێنج شەش نان بەتازەیی دەخۆم. بەڵام دوای ئەوەی بەیات بۆوە وەک لینگەکەوشی کۆن چیڕ دەبێتەوە. ناچار سەعاتێک بەر لە ژەم ئاوی دەکەم و لە کەوڵێیەوە دەیپێچم تا نەرم دەبێتەوە، چونکە ئەگەر نەرم نەبێتەوە بەهیچ کەس ناخورێ، منیش لەبەر ناچاری نەبێ دمی لێ نادەم، بەڵام برسییەتی کە هێرشی هێنا چاو دەقووچێنم و ملی لێ دەنێم. هەموو جارێ نزیکەی سی چل نانم بۆ دەنێرن، جارێکیان پەنجا ڕۆژی خایاند و بۆم نەخورا، بۆ نۆبەنانی دوایی کە پێم ڕاگەیاندن، «چاووش غەنی» بەنیگەرانییەوە لێم وەڕوور کەوت.

– ئەگەر من لە جێگای تۆ بام ئەوەندەم خۆ ڕانەدەگرت و تێدا دەچووم. جا ئەوەش بوو بەژیان؟ ئەدی ئەتۆ بەچی دەژی؟

– جا بڵێم چی پێم ناخورێ، خۆ خۆم ناکوژم.

گوتی:

– چیڕبوونەوەی نانەکەت کردۆتە بیانو و بەهانە! هەموو تاوانی ئەو کتێبانەیە، سەد بریا زانیبام نێو ئەو کتێبانە چی تێدایە. ئێستا پێم بڵێ بزانم ئەو هەموو کتێبەت بۆ لەسەر یەک داناوە و جێگات بەخۆت تەنگ کردووە؟ بۆ مرۆیەک کتێبێک بەس نییە؟ ئەگەر ئەوەندەی خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبی، نیو ئەوەندە بەخواردنەوە بی لێت حاڵی دەبێ کە پێت دەخورێ...

گوتم:

– نەخێر مەسەلە کتێب و ئەو جۆرەشتانە نییە، من بۆ خۆشم دێهاتیم، بەڵام ئەو نانە لەگەڵ نانی دایکم جیاوازییان زۆرە، ئی ئەو زۆر جوان بوو.

گوتی:

– هێندەی بیر لێ مەکەوە، پێت وایە ڕیخۆڵەکانت پەکیان دەکەوێ و دەڕزن. بەقوربانت دەبم مەترسە هیچ نابێ کاری خودایە.

سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشتم کە بۆ دابین کردنی لەشساخی و سلامەتی دانانی نانەواخانەیەک زۆر پێویستە و کارێکی بنەڕەتییە.

لە حاڵێکدا سەرم دەبەرەخۆم نابوو و بیرم لەو مەسەلە دەکردەوە، چاووش غەنی وەڵامی ئەوەشی حازر کردبوو.

– ئەو نانەی کە لە شار دەکرێ لە سەعاتێک زیاتر لەنێو زگدا خۆ ڕاناگرێ و بەری دڵ ناگرێ. بەڵام نانی ئێرە زیاتر لە پێنج سەعات دەوام دێنێ و پیاو برسی نابێ.

ئەگەر وا نەبێ کوا نان لێرە بەرگە دەگرێ...؟



## گوێدرێژ لە جیاتی گاجووت

بەڕاستی لێرە پووڵ لەژێر بەرد و گڵ و بەزەبری چەنگ و نینۆک نەبێ وەگیر ناکەوێ. بەڵام گڵی ئەو دەورووبەرەش هەروا بەهاسانی نابێتە پووڵ و«سەبری ئەیییووب»ی دەوێ. زۆربەی زۆری خەڵکی فەقیر و دەسکورتن و کوتەزەوییەکیان بەدەستەوەیە. بەڵام ئەوەندەشیان بەهەزار ئەڵڵا و وەڵڵا بۆ ڕەحەمەل دێ. لەوەش زیاتر هیچ چارەیەکی دیکەیان نییە چونکە ژیانیان بەو برە زەویوزارە هەڵدەسووڕێ. دیارە زەوی چ زۆر بێ و چ کەم بەدەستی بەتاڵ ڕەحەمەل نایە و ئامرازی وەک نیر و ئاموور و گاجووتی پێویستە. نیر و ئاموور بەدەستەواش وەردەگیرێ، بەڵام خۆ بێ گاجووت هیچ ناکرێ. گاش بەهەموو کەس ناکڕدرێ. جووتی بەشەش سەد لیرەیە. کوا ئەوە لە قەوەی هەموو کەس دایە؟ پێم وایە بەسەدان گاشەبەردیش لە نێو زەوی هەڵوەژێردرێ شەش سەد لیرەی لێ وەدەست ناکەوێ. زۆربەی ئەو فەلایانەی کە گایان نییە بۆ کاروباری کشتوکاڵ لە گوێدرێژ کەڵک وەردەگرن. لەزۆر جیگایانیش لینگێک کەر و لینگێک گا باوە. کاتێک کەر و گایەکە لە ژێر نیردا چاولێکدەکەن لە هەموو کەس زیاتر خۆیان پێ سەیرە...

بۆ گێرەش هەر لەو کەر و گایە کەڵک وەردەگرن، جاری وایە گاشیان دەست ناکەوێ و بەهەر جۆرێک بێ دەبێ بەکەرەکە کاروباری خۆیان جێبەجێ کەن، ئەوە وەزع و حاڵی کابرای دێهاتییە، کەچی ئەو ویشکە سۆفیانەی کە دەستیان دەگاتەوە زاریان و زگیان بەنانی خەڵک زل کردووە و سەریان بەنوێژانەوە چووە و نوێژیان ناچێ نێوچاوانیان تێکدەنێن و لە ژێر لێوەوە ئێژن «هەی بێ دینانی ناپیاو».

خۆزگە کەسێ لەو سۆفیانەی پرسیبا! باشە ئەگەر گوێدرێژ دەجووتی نەکەن خۆیان بچنە بەر نیر؟! کوڕەکانی «حاجی ئەحمەد» خۆ لە گوێدرێژ زیاتر هیچی دیکەیان نییە. کەرێکی کلک بڕاویان هەیە، نزیک بەدوو ساڵە کڕیویانە و لە تەک گایەکی لەڕ و لاوازدا کاروباری کشتوکاڵیان پێ

کردووه. ده ساڵ کۆڵ نەدانی ئەم کەرە بۆتە هۆی سەرسوڕمانی خەڵک، ئێستا کوڕەکانی حاجی ئەحمەد جیابوونەوە. یەکیان شوانی دەکا و ئەوەی تر لە جیات کەرە کلک بڕاوەکە یەکی دیکەی کڕیوە و خەریکی کشتوکاڵە. بۆ خۆی پێی وایە بەدوو هۆ ئەوکارە دەکا: یەکەم فەقیری و نەبوونی تفاق و گیاوگژ، دووهەم ڕازیبوون بەو ژیانە و دەڵێ:

– ئەگەر ڕاستت دەوێ ژیان هەر ئەوەیە، پیاو دەبێ ڕازی بێ.



## خێروبێری تەراکتۆریشمان نەویست

ڕۆژانی خۆشی بەهار هەموو غەم و ناڕەحەتی و پەژارەیەک لەبیر ئادەمیزاد دەباتەوە، هەرچەند دوای شەش مانگی دیکە زستان بەخۆی و کۆڵێک گیروگرفت و کوێرەوەرییەوە بەر دەرکەمان لێ دەگرێ، بەڵام شادی و خۆشی بەهار شوێنی لەسەر ژیانی ئینسان ئەوەندە زۆرە، خۆشییەکانی ماوەیەکی زۆر لە دڵی ئادەمیزاددا دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی ئینسان بتوانێ خۆ لەبەر ناڕەحەتییەکانی زستان ڕاگرێ دەبێ لە سروشت و جوانییەکانی بەهار تێشوو هەڵگرێ.

بەڕاستی حەیفە پیاو لەو خۆرەتاوە کەڵک وەرنەگرێ و بەفیڕۆ بڕوا. لەگەڵ قوتابییەکانم وەدەر دەکەوین و مێرگوڵەیەک دەکەینە قوتابخانە. فەلاکانیش لە دەوروبەری ئێمە خەریکی جووت کردن و تۆوچاندن و جۆماڵ و کاروباری دیکەی کشتوکاڵن. هەرچەند زۆر ماندوو و برسی دەبن بەڵام لەبەرئەوەی دڵگەرمن بەکاروباری خۆیان بەدەم کارکردنەوە گۆرانی دەڵێن. «لە قوتابخانەی قەیسەریە بوومە ژاندارمە» منیش لەبەر خۆمەوە گۆرانییەکەی وان بەنارەنار دووپات دەکەمەوە...

منداڵەکانیش لە نێوەڕاستی دەرسەکەدا دەست دەکەن بەگۆرانی و فیکەفیک. ئەگەر زەوق و شادی و خۆشی نەبێ کەموکوڕی زستان، ماندوویی، فەقیری و هەژاری وەک مۆتە سواری ملی ئادەمیزاد دەبێ و فەرامۆش ناکرێ...

هیچ شک و گومان دەوەدا نییە کە تاووسا و خێر و بەرەکەتێکی گەورە و گرینگە و وتەی «ئیسترات»ی ڕۆماننووسی «ڕومانی» وەڕاست دەگەڕێ کە دەڵێ:

«بەشەرتێک پشتمان گەرم دابێ برسییەتی هیچ نییە، پیاو دەتوانێ ددان بەجەرگی خۆیدا بگرێ»

دەنگی دڵگری یاقوت قەدری نووسەری تورک هێشتا لە گوێمدا

دەزرینگێتەوە «چەندە چارەڕەش و بەدبەختن ئەوانەی ئەویندار تۆ نین –
ئەی وڵاتی خەمینی من»!

دڵم لیپاولیپ و پڕە لە هەست و سۆز. حەز دەکەم شیعرەکەی ئەو بڵێمەوە.

وەک فەرماندەیەک کە بەسەر لەشکرەکەی ڕادەگا و فەرمانیان پێ دەدا، دەستم بەرەوپێش ڕادەدێرم... بەڵام لە ترسی ئەوەی کەپێیان وانەبێ شێتم و لە کەللەی داوم سەر دادەخەم و هیچ ناڵێم.

قوتابخانەکەمان ئەوڕۆ بردۆتە سەر شینکەی قەراغ کانیاوێک، حەوت هەشت جوتیاریش لە نزیک ئێمەوە خەریکی کاری کشتوکاڵی خۆیانن. «عیسا پیرە» لەگەڵ ئێمە مەودای زۆر کەمە و بەلینگێک گوێدرێژ و لینگێک گا خەریکی شێو بڕینە. خێزانیشی دوابەدوای ئەو لە شێوەردەکە بەرد هەڵدەوێژێرێ و ڕێکوپێکی دەکا، پێ و پەلی ڕووتی زۆر سەرنج ڕاکێشە، دروومانی ئاوەڵکراسی کاڵەوەبووی لە دوورەوە دیارن. منداڵەکان دەڵێن:

–مام عیسا ئەو ژنە جحێڵە بەپێخواسی بەسەر دڕواندا دەباتە مەزرا، ئەو بەستەزمانە لەبەر ئێش و ژانی جێگا دڕوو هەتا ڕۆژ حەجمینی نییە، بەڵام ئێستا چاک بۆتەوە و ژێرپێی وا خاراوە پێویستی بەکالە و پێڵاویش نییە، بەپێخواسی ڕۆیشتن بەسەر دڕک و داڵدا ئەو قازانجەی بۆ ئەو هەبوو کە پووڵی پێڵاوکڕینەکەی لە گیرفانیدا بمێنێتەوە.

ئارەقەی ڕەش و شین بەسەر کوڵمە سوورەکانیدا دێتە خوار و لەبەر ئارەقە چاوی هەڵنایە، بەو حاڵەش بەپەتکێک ماڵووی لە خۆی بەستووە و زەوی ماڵوو دەکا، بێچارە لە شان و پیل بووە. گایەکە ماندووە، «عیسا» نیرەکەی لە مل دەکاتەوە و تەنیا بەگوێدرێژەکە جووت دەکا. لە منداڵەکان دەپرسم: گوێدرێژەکە ماندوو نەبووە؟ دەڵێن: «ئاغا ئەو گوێدرێژە دە گای دیکەش ماندوو دەکا، تەنانەت مام عیسا ئێمەی شک نەبردبایە و شەرمی لێ نەکردباین بۆ خۆی بەجێگای گایەکەی دەچووە بن نیر...» هەر بەو



تەمایە نیرەکەشی هەڵسەنگاند و دایناوە، لە گەڕانەوەدا چاوێکی لە ئێمە کرد و بزەیەکی تاڵی کەوتە سەر لێوان، دەتگوت پەشیمان بۆتەوە. خێزانی هێشتا ماڵووی دەکرد. مام عیسا توونیایەتی هێرشی بۆ هێنا و لە سەرچاوەکە نزیک بووەوە، پێکەوە دەستمان کرد بەجەفەنگ لێدان و گوتم:

– ئەوە کاری هەموو ڕۆژێکتە؟

– ئەدی چ بکەم مەحموود ئاغا؟ ئەرێ وەڵڵا ڕۆژ بوێرم نییە.

– ڕۆژێ چەند کووزان دەکێڵی؟

– ڕۆژ دەزانێ، ڕۆژی وایە دە، ڕۆژی وایە پازدە.

لەبەر خۆمەوە بیر دەکەمەوە و دەڵێم:

– پێم وانییە لە کیسەڵ توندتر بڕوا!

– خودای نەخواستە گایەکەت نەخۆشە؟

– هەر ئەوەندە دەتوانێ مەحموود ئاغا.

– ئەدی گوێدرێژەکەت چۆنە؟ لێی ڕازی؟

– خۆ بەسەری تۆ ئەگەر ئەوم نەبێ سەگ و شوانم دێتەوە، حەیوانێکی خۆڕاگر و بەهۆشە. بەهەموومان وەک ئەومان پێ ناکرێ و ماندوومان دەکا.

– یانی تۆش ماندوو دەکا؟

– بەڵێ جاری وایە منیش ماندوو دەکا.

– وسێن قوڵی چی؟

– ئەو مەنزووری نییە، بەخودای جاری وایە ئەوەندە ماندوو دەبم سەری خۆم بۆ ڕاناگیرێ، بەڵام وسێن قوڵی لە خەیاڵیشی نایە. سەری خۆی دادەخا و مل پێوەدەنێ. ماشەڵڵا زۆر بەهەرەکەتە و بەقەد ئێمە کار دەکا.

– خۆ تۆ وەک ویت پێ ناکرێ؟

– قەیدێ ناکا.

– باقەگیای چۆن هەڵدێنێ؟

- یارمەتی دەکەین.
- ئەدی کێ یارمەتی تۆ دەکا ؟
- خودا!

بەڕێوە منداڵەکان دەستیان پێکرد.

- مامۆستا خەڵکی «دمیرچی» یش هەر بەم شێوە کار دەکەن.
- لە «سنان» و «تۆپاڵ» یش هەر وایە.

لەبەر خۆمەوە دەڵێم: «دەترسم ئاواتی زەوی کێڵان بەتەراکتۆر بەرینە بن گڵ و چاومان پێی نەکەوێ. چش لەو خێروبێرە، ئەوەشمان نەویست، خودا بکا بتوانین ئادەمیزاد لە کۆڵ نیر و ئاموور کەینەوە و ئەگەر گاجووت لە جێگای دانێین هونەرێکی گەورە و گرینگمان کردووە!»



## ئاژەڵداری

بڵێی هەموو ناوچەی ئاناتۆلی هەر وا بێ؟ پێم وایە خاکی هیچ ناوچەیەک وەک ئەو ناوچەیە ویشک و بێ ئاو و بێ حاسڵ و بەرهەم نییە، هەرچەند زەوی و شیناوەرد و میوە و لەوەڕ و مێرگی خۆش بۆ ئێمە خەون و خەیاڵە و حاشاهەڵنەگرە، بەڵام بۆ هێندێک لە ناوچەکانی دیکە ئەو خەون و خەیاڵەی ئێمە زۆر شتێکی ئاساییە و بگرە سەد هێندەش زیاتر.

بەهار هات و زەویوزار دەبووژانەوە، بەڵام چڵێک گیا بۆ ددان ئاژنینەوەش وەگیر ناکەوێ.

ژیانی دێهاتی یانی پاتاڵ و مەڕ و ماڵات، ئێمەش کە لە خەڵک جیا نین هەرچەند کەمیش بێ چەند سەرێک پاتاڵ ڕادەگرین. هەرئێستا مەڕەکانمان برسین و خەریکن مندار بنەوە. سەرەڕای ئەوە کە پێم وایە زیانی ماڵی جەرگ بڕە و جێگای پڕ نابێتەوە، جەرگم بۆ ئەو مەڕ و ماڵاتە بەستەزمانە وەک سۆبە ئاوری گرتووە و گڕی لێ دەبێتەوە. ئەو ڕۆژانە دەرد و غەم و پەژارە و دڵتەنگی هەموو بنەماڵەکان وەک یەک وایە. چونکە لە گوندێکی سێ سەد و پەنجا ماڵیدا تەنیا هەزار و سێ سەد مەڕ گەیشتوونە بەهار و ئەویش بۆتە سێ مێگەل. کاتێک ئادەمیزاد چاوی بەو مەڕ و ماڵاتە بەستەزمانانە دەکەوێ کە لە برسان بستێک زمان دەردەکێشن دڵی دەبێتە خوێن. ناخۆشتر لەوەش بەرخ هەر تۆوی بڕاوە مەڕەکانیش بوونە دوو بەش و نیوەیان ماوە، ئەوانیش وانین کە بارێک لەسەر خەڵکەکە سووک کەن، چونکە تەڕاییان لە گوانیدا نییە و هەر ئێسک و پێستن. لە بەیانی ڕا تا ڕۆژئاوایە بەشوێن لەوەڕدا وێڵن. بەڵام جگە لەوەی لمبۆزیان لە کەرسەکی شێوەرداندا بریندار دەبێ هیچی دیکەیان وەبەر زاری ناکەوێ.

لە هەمووکەس دواکەوتووتر و هەژارتر شوانەکانن. بەڵام لەبەرئەوەی بەدەشت و سەحرا ڕاهاتوون ئەگەر بەسەردانیش بێنەوە ئاوایی دڵیان ناپشکوێ و ناحەسێنەوە. ئەو کاتە ئاسوودەن کە مێگەلەمەڕیان لەپێشە،

چونکە لە منداڵی ڕا جگە لەوە کارێکی دیکەیان نەکردووە و پێیان وایە جووت و گا و خەڵە و خەرمان ڕەنێو هێنان زۆر لە شوانی ناخۆشترە. زستانان لەبەر بێ تفاقی مەڕەکانیان دەبەنە داوێنی ئەو کێوانەی کە بای گەرم دەیگرێ. خەڵک بەنۆبە نان و پێخۆریان بۆ دەنێرن. بۆ تفاقیش هەرکەسە بەپێی توانای خۆی شتێک دەگەیەنێتە سەردانگە و بەم شێوە بەهەزار ئەڵڵا و وەڵڵا و حەول و تەقەلا پێش بەقڕانی مەڕ و ماڵاتەکەیان دەگرن.

بەڵام بەداخەوە تا دەگەنە بەهار نیوەی زیاتر لە بەین دەچێ، بەرخیش کە لە دایکی بەربۆوە هەرلەوێ دەمێنێتەوە و شیری دەدەنێ.

نیوەڕۆیان ئاوایی کەسی تێدا نامێنێ، منداڵ و ژن و کچ ڕێچکە دەبەستن و دەچن بۆ تەماشای زاوماک و مەڕدۆشین و پاشان دەگەڕێنەوە. هەرچەند ئاوایی وەک چۆڵ وایە و کەس بەدەرەوە نییە، ڕێگا پڕە لە خەڵک و وەک شارەمێروولە وایە ئەگەر کەسێک لە ڕێوە و کتوپڕ چاوی پێیان بکەوێ و نەزانێ بۆ کوێ دەچن یەک بەخۆی هەڵدەبەزێتەوە و خوودار دەبێ.

ڕۆژێک منیش لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ بووم و چووم بۆ تەماشاکردنی بێری و مەڕدۆشین و بەرخەل تێ بەردان.

تا گەیشتینە جێ زیاتر لە سەد جار پرسیم زۆرمان ماوە. هەموو جارێ دەیانگوت چەند شەقاو خوارترە. هەتا سیغارێکی دادەگیرسێنی دەگەینێ. ئەو سیغارە بوو بەپاکەتێک و نەگەیشتینێ و ئەو چەند شەقاوە ڕێگایە سەعات و نیوێکی خایاند. کاتێک گەیشتینە جێ هێشتا مەڕ نەهاتبووە سەربێر، لەو ماوەدا تەماشای هۆڵەکانم کرد. هەمووکەس هۆڵی بەجیای هەیە، دوای ئەوەی بەرخ تێ بەردرا و شیری خوارد هەڵیان داوێرن و لە هۆڵەکانیان دەکەنەوە و تا سبەینێ دەرگایان لەسەر گاڵە دەدەن، هەرچی منداریش بۆوە کەوڵی دەکەن وکەلاکەکەی تووڕدەدەنە شیو و دۆڵ و لاخڕان، دەوروبەر پڕن لە کەلاکە مەڕ و لەبەر تاوێ وەک دەهۆڵی هەڵماسیون، ڕۆژ



ڕۆژی قەل و داڵانە، قاژ و قووژێکە لەسەر کەلاکی وەرە سەیرێ، ئەو دنیایە چەندی خەرتەل و داڵ تێدایە؟

گوتم: محەمەد! ئەوانە بۆ دەمرن؟

گوتی:

– ئاغا ویستی خودایە، قەدەرە.

توونیەتی هێرشی بۆ هێناین، هەستاین ڕۆیشتین بۆ سەر چاڵاوێک، هەر بەنێو چاڵاو بوو یاخودا کەس نەیبینێ، خۆ لەبەر مێشوولە نە ئاوت چاو پێ دەکەوت نە چاڵاو، وەک تەون دەورەیان تەنی بوو، ئاوڕم داوە تەماشام کرد ژنێک بەمەڕدۆشێکی شیردۆشینەوە هاتە سەر چاڵاوەکە. دوو سێ کەس دۆخینەکانیان دەرکێشا، لێکتریان گرێ دان و بەمەڕدۆشان ئاویان هەڵێنجا. پێتان وایە ئاو بوو؟ یارەببی هەرچی موسڵمانە نەیبینێ و کافریش هەرواتر. لەبەر ناچاری خواردمەوە و گوتم: ئەگەر ئەوان مردن با ئەمنیش بمرم.

دوای ئەوەی ئاومان خواردەوە و گەڕاینەوە، تەماشام کرد سەرەتای ڕێچکەی مێگەلە و مەڕیش گەیشتێ. بەرخەکان بەچاوپێکەوتنی دایکیان دەستیان کرد بەکاڕ و کووڕ، لەو لاشەوە مەڕەکان وەک گۆرانیبێژی چاک وەڵامیان دانەوە و لەبەر یەکیان دەگێڕاوە، دیمەنێکی زۆر سرنج ڕاکێش بوو. لە پاشان شوانەکان بەرخەکانیان لە تێڕان دێنا دەر و دەیانداوە بەخاوەنەکانیان و دوو هێلکەیان مزگێنی وەردەگرت، نزیکەی بیست و پێنج بەرخیان پێ بوو، زۆرم پێ سەیر بوو گوتم ئەوە چلۆنیان دەناسنەوە؟

شوانە گوتی: «ئەفەندی» بۆ پێت وایە ئەو ڕیشانەمان لە ئاشی سپی کردووە؟

محەمەدیش بەلایەنگری لە شوانە گوتی: ئەو شوانانە تەواو سەرناسن. هەر ئەوەندە جارێک بڵێی بەرخەڕەش ئی ماڵە فلانە کەسە و بەرخە سپی ئی ماڵە فیسارە کەس، تازە لەبیریان ناچێتەوە.

هەموو لەبەر دەرگای هۆڵەکانیان چاوەڕوانی ئەوەن مەڕ بێتەوە و دەرگا

له بەرخەکان بکەنەوە و تێیان بەردەن. ڕادەوەستن تا مەڕ ئاودەدرێ پاشان دەرگا ئاوەڵە دەکەن و پێشیان بەرەڵڵا دەکەن. مەڕ ئاودانیش هێندە کارێکی سادە نییە، چونکە کۆڵ نییە پاراو کردنیان زۆر سەختە، لە جیاتی کۆڵ دارێکیان نێو کۆڵێوە و لە وێیان داناوە، وەک دەڵێن ئەو کۆڵەدارەش ئەوەندە قەدیمە دەگەڕێتەوە زەمانی حەزرەتی نووح. ناچار دەبێ بەسەتڵان ئاو هەڵێنجن و کۆڵەکە پڕکەن و بەم شێوە مەڕەکانیان ئاودەن. لە سەرەتاوە پێم وابوو ئەو هەموو مەڕە بەو کۆڵە ئاو نادرێ و تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبن، بەڵام دوو سێ دۆخینیان لێک گرێ دا و بە سێ سەتڵان و بەنۆبە لە ماوەی سێ سەعاتدا چوارسەد سەریان مەڕ ئاودا. لە پاشان نۆبەی بەرغەل تێ بەردان هات، دوای هاوێرکردن دەکۆزەکانیان کردنەوە و بۆخۆیان بەرەومال بوونەوە. کاتی خوداحافیزی یەکێک لە شوانەکان پرسی: خەبەری دێی؟ گوتم شتێکی تازە ڕووی نەداوە.

پرسیم:

– ئەتۆ خەبەرێکت هەیە؟

گوتی: «خەبەری چی لەو کێو و بەندەنە؟ ئەوە شەش مانگی ڕەبەقە لێرەم نە چاوم بەهیچ کەس کەوتووە نە هیچم بیستووە. نابینی لە چ حالێکدام؟

کاتێک سینگ و بەرۆکی کردەوە کراسەکەی وەک مێو لێک هاڵابوو، مووی سەرسینگی لەبەر چڵک دیار نەبوو. پرسیم «جلوبەرگەکانت ناشۆی؟»

گوتی: «بۆ خۆشت دەزانی دەڵێی چی؟ کام جلوبەرگ و لە کوێ بیشۆم؟»



## مووچە و مەزرا

لە هاویندا کە حاسڵ دەگا کاتی گێرە و کێشەیە، پیاو پێی وایە گەنم و جۆ سواری تێدا ون دەبێ و مەڵەغان و داسی تێ ناچێ، بەڵام بەداخەوە ئەو پێ وابوونەش خەون و خەیاڵە. چونکە ئەگەر خۆی بکوژێ هەر بستێک لە عەرز جوێ دەبێتەوە، گەنم و چێودانیش سێ بست. لەو کاتەدا ئێمەش وەک خەڵکی دیکە داسمان دەست دایە و خۆمان بۆ دروێنە ئامادەکرد. دیارە دروێنە هەر بەزار خۆشە و پیاو پێی وایە شتێکی ئاسایی و سادەیە، بەڕاستی کارێکی زۆر گران و ناخۆشە، ڕۆژی وایە پاڵە لەبەر ئێش و ژان پشتی وەک گۆچان دادێ و ڕاست نابێتەوە. جاری واشە ئەوەندە چۆک دادەدەین و بەدانیشتنەوە کار دەکەین لە چۆکمان بەرەوخوار دەمرێ و دەستمان هیچ ناگرێ. خوشکم و برا و باوکم شەوانەش هەر لە مووچە دەخەوتن ئەمنیش تاریک و ڕوونی بەیانی دوای دەموچاوشۆردن کۆتەکەم بەسەر شانم دادەدا و دروێنە لە کوێ با خۆم دەگەیاندێیە.

ڕەنگە گاڵتەم پێ بکەن و بڵێن بەو گەرمایە بۆ کۆتم لە خۆم دەکردە بار؟ جێگای خۆیەتی هەرچی پێم بڵێن بەڵام لەبەرئەوەی لەناکاو هەڵی دەکردە بایەکی سارد و ئەگەر پیاو خۆی دانەپێچابا سەرما لە ئێسکی کار دەکرد.

ئێواران کە دەگەڕامەوە، خۆم نەدەناسییەوە و بەتەواوی دەگۆڕام. لێوەکانم ویشک دەبوون و باری لێ دەکەوت، پشتم کووڕ دەبۆوە و لاقم هەڵ نەدەهاتەوە، دەستەکانیشم بەدەسکی داس و تیکان و دڕوو خوێنی لێ دەتکا و هیچی نەدەگرت، کراسەکەم بەلەشمەوە دەنووسا و مووی سەرم دەتگوت بەچەسپ لە نێوچاوانم قایم کراوە. کاتێک ئەو با ساردەی سەری شەوێ لێی دەدا وا تێک دەهاڵا شانەی تێ نەدەچوو.

ئێواران کە بەو سەر و وەزعەوە دەگەڕامەوە درۆ ناکەم شەرمم لە خۆم دەکرد. جێگای خۆیەتی کەبپرسن بۆ خەڵک لەچاو تۆ شا بوون؟ نەخێر ناوەڵڵا ئەوانیش لەمن خراپتر بوون. بەڵام لەبەرئەوەی وەک ئادەمیزاد نەبا وەک هەموو شتێک دەچووم نەمدەتوانی خەجاڵەت و شەرمەزار نەبم. لە

مالێیش دەبوو نیوسەعاتی تەواو دڕوو و نووسەنەکە لە گۆرەوی و بەرگەکانم بکەمەوە و لەپاشان ئاوێک بەسەروچاوم داکەم. خۆ بەناشکوری نەبێ لە مەزرا ئاو قاتییە و دەست ناکەوێ.

باوکم زۆر بەچاوی سووک تەماشای کارەکانی من دەکا، هەرچی دەکەم نازانم بۆ وایە و سەرم لێی دەرناچێ، ڕەنگە پێی وابێ بەو کارانە لە پێش چاوی خەڵک چکۆڵە دەبمەوە. باوکم دەحاڵێکدا بەخۆی و دوو منداڵی چووکتر لە من وچان نادا و ڕاناوەستێ دەڵێ:

– ئەتۆ کارت بەو کارانە نەبێ، خۆت ماندوو مەکە، ئێمە بۆخۆمان تەواوی دەکەین، ئەوپەڕەکەی دووڕۆژ زووتر یان درەنگتر.

ڕۆژێک لە گەڕانەوەدا تووشی ئەرباب بووم و گوتی:

– داوەرە «مەحموود ئەفەندی!» بیستوومە دەچیە دروێنە و یاریدەی باوکت دەدەی، هەر کەسە ئەرکی خۆی دیارە. ئەو کارە بۆتۆ عەیبە، ئەرباب بوون شتێکە و ڕعیت بوون شتێکی دیکە، ئەگەر تووشی باوکت بم پێی دەڵێم کارت پێ نەکا و نەتباتە مەزرا، لە دوێنێوە کە بیستوومە بوویە دروێنەوان و دەچیە مووچە باوکتم لەپێش چاو کەوتووە و قینم لێی هەستاوە. نازانم ئەو منداڵەی بۆ لەپێش چاوی دۆست و هاوتەمەنی خۆی سووک دەکا؟

بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی لەو قسانە دڵسۆزی لەبەر خاتری من نەبوو، بەڵکو تەشەر و لاتاوی لە قسەکانی دەباری و دەیویست بڵێ: «ئەرباب بوون هەروا سادە و ساکار نییە، ئەگەر سەد ساڵیش دەرس بخوێنی ناتوانی ببی بەئەرباب»

قسەکانی ئەوەندە ناخۆش بوون وەک دڕوو لە دڵم ڕاچوون. تەنانەت دوای تەواوکردنی قوتابخانەش شوێنی ئەو قسەناخۆشانە لە گوێمدا دەزرینگانەوە کە دەیگوت:

تێرت خوارد، دەرست خوێند؟ پێت وایە دەبیە ئوستاندار یان فەرماندار؟ سەرت بەریە ئاسمانیش وەک هەموو ئێمە جێگات هەر دێیە و دەبێ بەداخ و دەردانەوە بناڵی، لەو دەرس خوێندنەت خێر و خۆشێک نابینی.



## خەلە و خەرمان

دوای ئەوەی گەنم درواوە و کرا باقە و لە گیشە درا، دەیهێننەوە و لە جێگایەکی تەخت و ساف لەدەرەوەی ئاوایی کۆی دەکەنەوە. بەو جێگایە دەڵێن جێخوون و جێ خەرمان، لەبەرئەوەی جێ خەرمانەکانیان لێک نزیکە هەرکە سۆزەیەکی با هات دەبێتە تەپ و تۆزێک چاو چاو نابینێ.

جێگایەک بۆ جێ خەرمانەکانیان هەڵدەبژێرن کە با بیگرێ، لە قەدیمەوە وابوو دەبێ هەرواش بێ. ساڵی پێشوو لە گۆوارێکدا بەناوی «کشتوکاڵ» کە لەلایەن ئیدارەی کشتوکاڵەوە بۆ ڕێنوێنی دێ نشینەکان بڵاودەبۆوە نووسرابوو: «جێگای باگر بۆ جێ خەرمان نابێ چونکە مەترسی ئاورگرتن لەگۆڕێ دایە و ئادەمیزاد دەبێ بیری دوارۆژیش بکاتەوە» کاتێک ئەو مەسەلەم بۆ دێ نشینەکان خوێندەوە چاویان قوچاند و زاریان کردەوە.

– پیاو لە حەیفی ئەو جوچکە موهەندیسانە دڵی دەخێڵەوە دێ، لێمان بوونە تەماشاچی مەیدانی زۆرەبانی پاڵەوانان بەبێ ئەوەی بزانن چ لەبەرخۆیانەوە دەڵێن، دەی لە عەرزی دە و فلان و فیسار... دەستووردان زۆر هاسانە، پووریشم دەستووران بدا. ئەگەر ڕاست دەکەن بابێن بۆخۆیان کاری کشتوکاڵ بکەن.

بەو قسانە زۆر پێکەنین دوای ئەوەی دروێنە تەواوبوو هێنانەوەی گەنم لە مووچەوە بۆ سەر جێخوون دنیایەکی گیروگرفت و ناڕەحەتی هەیە و ئادەمیزاد لە حەیبەتان نۆبەتێ دایدەگرێ. بۆ وێنە حاڕەبە ئێواران کە وەڕێ دەکەون لەبەر ناڕێکوپێکی ڕێگاوبان وەک کیسەڵ ئارام و لەسەرەخۆ تاریک و ڕوونی بەیانی دەگەنە مووچە و بۆ نیوەڕۆیە دەگەڕێنەوە ئاوایی. لەبەرئەوەی هەموو ماڵێک کەڵ و حاڕەبەیان نییە و هەرماڵەی شتێکی کەسرە، بۆ وێنە ماڵێک حاڕەبەی هەیە و ماڵەکەی دیکە گا، پێکەوە دەبنە شەریک و کاروباری خۆیان جێبەجێ دەکەن، ژمارەیەکیش کە نە حاڕەبەیان هەیە و نە گا، بۆ دۆزینەوەی شەریک، ماڵ نامێنێ سەری پێدا نەکەن، بەو حاڵەش لەوانەیە کەس جوابیان نەداتەوە، کە ئەوە بۆخۆی بەڵایەکی گەورەیە.

جەنجەڕکردن مەسەلەیەکی زۆر گرینگ و بەرچاو نییە، چونکە بەشی زۆری لە کەر کەڵک وەردەگرن، هەر ئەوەندە بەسە کە بڕێک کا، یان چێودانیان بۆ لە توورەکەیەک بکەی و وەسەریان بخەی و بەرەو خەرمان وەڕێ کەوی.

مەسەلەی گرینگ و پڕ کوێرەوەری هێنانەوەی گەنمە بۆ سەر جێخوون. شوکر بۆ خودا کە ئەوساڵ بەرهەمی هیچ کەس لە مووچە نەماوە، تەنانەت ئەوانەی کەڵ و حارەبەشیان نەبوو بەیارمەتی دۆست و جیران حاسڵەکەیان هێناوە سەر جێخوونی خۆیان.

ئەوساڵ ئێمەش لەگەڵ «دوران»ی هاوسێمان بووین بەشەریک، من و «دوران» لە پۆلەکانی سەرەتایی هاودەرس بووین. دوای ئەوەی باوکی کۆچی دوایی کرد، تەواوی ئەرکی ژیان و بەڕێچوونی بنەماڵەی کەوتە ئەستۆ.

دوای نوێژی شێوان باوکم و «دوران»گایان دەحارەبەی کرد و بەرەو مووچە وەڕێ کەوتن. ئەمنیش بەیانی زوو لەگەڵ «عیسمەت»ی برام و مستەفای برای «دوران» کەرمان وەپێش خۆمان دا و ڕۆیشتین بۆ سەر جێخوون. دوای ئەوەی جەنجەڕ و گێرە تەواوبوو، ئینجا خەرمان شەن و سوورکرا، دەبێ شەوانەش لەسەر خەرمانێ بخەوین و ئاگامان لێ بێ. بەلینگێک کەری خۆمان و یەکی ماڵە «دوران» جەنجەڕم دابەست و دام بەمنداڵان. منداڵەکان دوای ماوەیەک ماندووبوون و دەستیان کرد بەپرتە و بۆڵە و دەیانویست نۆبەیان لەگەڵ بکەم، بەڵام لەبەر قەراغ تێکردنەوە و بەر تێ هاویشتن بۆم نەکرا، ئەو کەسانەی کە شەوانە لەسەر خەرمان دەخەون دەتوانن لە سەفەری ڕۆژدا بحەسێنەوە، کاتێک باوکم ماندوو دەبێ و لەبن سێبەری سەر خەرمانێک دەخەوێ نۆبە دەگاتە من و حارەبەی لێ دەخوڕم. لە ترسی ڕێی ناخۆش هەموو گیانم دادەگیرێ و مەرگی خۆم بەئاوات دەخوازم.

هەر بە مەودای دوو سێ شەقاو تووشی حارەبەیەک دەبووین کە وەگەڕاوە و باقە و کڵۆش بەوڵاتی وەربووە، بەچاوپێکەوتنی ئەو دیمەنانە ئادەمیزاد



دڵی بۆ خاوەنەکەی دەبووە کەباب کە لە پەنا حارەبە وەرگەڕاوەکەی کز داماوە و ئەژنۆی لە باوەش گرتووە، ڕێگا ئەوەندە نالێک و ناخۆشە ئەگەر پیاو لەسەرخۆ و وریا نەبێ نەک هەر حارەبەی بەبارەوە بەڵکو حارەبەی بەتاڵیشی لێ وەردەگەڕێ. هەڵبەز هەڵبەزی حارەبە جاڕزم دەکا و ناچار «دوران» وەخەبەر دێنم. لە گەڕانەوەدا دەبێ زۆر وریا بی، ئەگینا بە بیست گوریسیش حارەبەی بەستی لەو هەڵتەک هەڵتەکەدا لاسەنگ دەبێ و وەردەگەڕێ. پیاو تا حارەبەیەک گەنم دەگەیێنێتەوە سەر جێخوون نیوە عومر دەبێ و دەست و پەلی هەموو دەبێتە خوێن. دوای ئەوەی حارەبە وەرگەڕا ڕیسەکە دەبێتەوە خوری و دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەیەوە. بەڕاستی پیاو ئەوەندە جاڕز و ماندوو دەبێ مەرگی خۆی بەئاوات دەخوازێ و وەک منداڵی ساوا شیری دایکی بە کونەتفنکیدا دێتەوە دەر.

ڕۆژێک لەگەڵ «دوران» چووین لە «ئاق بایر» چێودان بێنینەوە، لە ڕێگایە تووشی حارەبەی «عەمی» بووین وەرگەڕابوو، نازانم خۆی ناوی چ بوو، بەڵام بەناوی عەمی بانگیان دەکرد. بەیارمەتی خەڵک حارەبەکەیان ڕاست کردبۆوە و گەنمەکەیان بۆ لە حارەبەکەی دابۆوە، ڕاست دەکەن دەڵێن بەرە هەر لەلای تەنکێوە دەدڕێ، ئەو بێ چارە سەرەڕای ئەوەی حارەبەکەی وەرگەڕابوو نیرەکەشی قەڵشیبوو و یەکێک لە گایەکانیش بریندار ببوو. سڵاوم کرد:

– سڵاو «عەمی»

– سڵاو ڕۆڵەم.

کوڕەکەی چاوی پڕ بوو لە ئاو، بەقوڵی کراسەکەی ئارەقەی دەموچاوی ویشک کردەوە و لەسەر حارەبەکە هەنیسکی دەدا و چڵمی هەڵدەلووشی.

پرسیم چ بووە «عەمی» ؟

–جا چ نەبووە بابم! دەتەوێ چ بێ؟ نابینی چمان لێ قەوماوە؟ بەسەری تۆ ئەوە کاری هەموو ڕۆژمانە، یاڕەببی خودا سێبەری ئەو ژیانەی دێهاتیمان لەسەر کەم کاتەوە. تەک بەژەهری مارمان بێ ئەو پارەنانەی کە بەو چەرمەسەریە پەیدای دەکەین، جا تۆ خودا ئەوەش بوو بە ژیان؟ چاوت

لەو گا بەستەزمانە کردووە چۆنی ئاو بەلالغاوەیدا دێتە خوار؟

هونەرەکەی لەوەدابوو کە نەدەگریا، لە لایەکی دیکەشەوە هەستی بەوە کردبوو کە من پێم سەیرە بۆچی ناگری. گوتی:

-«ئەو گایە وەک سێلاو لیکاوی بەلالغاواندا دێتەخوار، لە ترسی خەڵک ناوێرم بگریم دەڵێن شێت بووە».

دەتگوت «عەمی» بۆتە شاعیر و ئێمە بێ خەبەرین، نازانم زەوقی شاعیری لە کام شاعیر بۆ بەمیرات مابۆوە. سەرەڕای ئەوەی زۆر ناڕەحەت و پەرێشان بوو قسەکانی ئەوەندە ڕێکوپێک بوون هەر مەپرسە.

-«گای بەستەزمان پێ لەبەر پێ نانێ، نیرەکەشی قەڵشیوە! دەردت وەمن کەوێ، تاکەی ئەو هەموو دەرد و ئاخ و ئۆخە؟!»

ئەگەر شاعیران لێو بۆ شیعر دەکەنەوە لەبەر ئەوەیە کە سەرخۆشی مەی و عیشقن، بەڵام هەوێنی ئەو شاعیرانە غەم و پەژارە و دەرد و ناڕەحەتییە و بەجێگای شەرابی تاڵ، تاڵی ژیان لە گلێنەدا دەخۆنەوە و چارەڕەشی و بەدبەختی و گیروگرفتی ژیان هانیان دەدا و دەیانکاتە شاعیر.

«دوران» بەورتە ورتی شیعری «عەمی» و بەهاژو و هووژی با وەخەبەر هات، بەسەریدا گوڕاندم و گوتی:

- درەنگە زووبە لێخوڕە! بۆ وا توورەی دەڵێی قەتت «عەمی» نەدیوە! هەر پیاوەکەی جارانە...! وەڕێ دەکەوین...

نۆبەی ئێمە هات. من بەشەنەیەک باقەکانم دەدا بە«دوران» و ئەویش لە حارەبەی دەدا. دوای ئەوەی تەواو بووین و گوریسمان لێ توندکرد، حارەبەکەمان بەلاداهات. بۆ ئەوەی تلاسا نەبێ «دوران» لە لایەکەوە گوریسەکەی دەکێشا و منیش شەنەی بۆ دەکەمە کوڵەکە و ڕایدەگرم تا «دوران» بەبورغان گوریسەکە توندکاتەوە، بەهەر ناڕەحەتییەک بوو وەڕێ دەکەوین و دەڕۆین. بەڵام «عەمی» بێ چارە هەروا دەستەوئەژنۆ دانیشتووە و چاوی لە ڕێگای ئاوایی بڕیوە کە نیری بۆ بێنن.



## باوک

لەوماوەدا کە خەریکی گێرە و جەنجەڕ و خەرمان کۆکردنەوەین، دەتوانم بڵێم جگە لە چەوەندەر وکوولەکە هیچی دیکە ناخۆین.

کاتێک «بەهیجە» و دایکی «دوران» چاوەڕوانی گەڕانەوەی حارەبەن، تۆتەکە ناگرن و هەرکە لێیان وەدیارکەوتین خێرا نان و چێشتمان بۆ دێننە سەر جێخوون، بەڵام چ نان و چێشتێک دەگەڵ تۆز و خۆڵ بۆت لێک نابێتەوە.

زۆرم خۆ ماندوو کرد و شێر و ڕێویم بۆ هێنانەوە، ئێستاش کە ئێستایە نەمتوانی حاڵییان کەم کە شتێک بەسەر نان و چێشتەکە دادەن و سەری داپۆشن. هەروا بەسەر ئاوەڵەیی لە سووچێکی خەرمان دایدەنێن، حارەبە دەگاتێ و بەتاڵی دەکەین، گێرە و جەنجەڕ بەر دەدرێ و بۆ وچان و لەوەڕ دەیانبەنە سەر ئاو و پەرێز و جێ وێنجە و لە پاشان بۆ خۆمان لە بن سێبەری حارەبەکە دادەنیشین و دەست دەکەین بەنان خواردن. ڕەنگە ئەوەی بزانن کە جێ خەرمان جێگای جحێلایەتی نییە و خەرمان شەن کردن و بەرتێ هاویشتن و وەرگێڕانی بێ وچان درێژەی هەیە. سەر و چاومان لەبەر تەپ و تۆز دیار نییە، زار و لووتمان پڕە لە تۆز و خۆڵ. سەد بریا لەسەر ئەو حاڵەش ڕا نان و چێشتەکەمان بڕێک خاوێن بوایە.

بەڵام کوا داری بریا بۆ ئێمەی هەژار و زەحمەت کێش شین دەبێ و دێتە بەر؟ نان و چێشتەکەمان هەمیشە توێژێکی تۆز و خۆڵ لەسەرە، تەنانەت ئەگەر داشیپۆشن، دوای ئەوەی لەسەر کەوڵی نانمان دانا دەگەڵ کا و تۆز و خۆڵ بۆت لێک نابێتەوە. هەر کە باسی پاک و خاوێنی هاتە گۆڕ، باوکم سوور هەڵدەگەڕێ و قەڵس دەبێ و دەڵێ:

- کەسێکی نەیناسێ دەڵێ شازادەیە و لە «ئەستەمبوڵ» گەورە بووە. کوڕم ئەو قسانە لە تۆ ناوەشێتەوە، لە قەدەر بەرەی خۆت پێ ڕاکێشە، تۆ لە نێو ئەو تۆز و خۆڵەدا گووراوی.

«دوران» یش لەبەر خاتری دۆستایەتی و بڕوا پێ بوونیم لایەنگریم لێ

دەکا. ڕۆژێک لە دەوری کەولّی نان کۆ ببووینەوە و نانمان دەخوارد، تەماشام کرد ماستیان بەسەر کوولەکە داکردووە، بەلاّم ماستەکە لەبەر تۆز و خۆڵ دیار نەبوو و ڕەش هەڵگەڕابوو. بەباوکم گوت:

–هەموو شتێکمان دیبوو ماستی ڕەش نەبێ، ئەرێ ئەوە چۆنیان دروست کردووە؟

دەمزانی باوکم لە بیانوو دەگەڕێ و تووڕە دەبێ.

–کوڕم! ئێمەی دێهاتی هەموو ساڵێ حاڕەبەیەک تۆز و خۆڵ دەخۆین، ئەگەر وانەبێ کار و بارەکەمان هەروا لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە. بەقوربانی ئەو تۆز و خۆڵە بم، ئەتۆ هێشتا منداڵی، زۆرت ماوە مانای ئەو شتانە بزانی.



## دایک

مانگی ڕەمەزانە و دایکم بەبێ ئەوەی دەری بڕێ کە بەڕۆژووە بەدەم کارکردنەوە لەبەر خۆیەوە شیعری ئاینی دەخوێنێتەوە و ورتەی دێت. دەزانم کاتێک ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە هەم دڵی گەرم دادێ و هەم لەشی. منیش کە لەو حاڵەتەدا چاوم پێی دەکەوێ بەخۆم نییە دڵم دەڵێی ئاوری تێ بەربوو. زۆربەی دروێنەوان و پاڵەکان بەو گەرمایە بەڕۆژوو دەبوون.

بەهەر جۆرێک بوو هاوینمان بردەسەر، بەلاّم بەچ قیمەتێک؟ لاوێک لە توونیان مرد، منداڵیش لە حیساب نایە، لە حاڵێکدا دایک و بابەکان دەچوونە مووچە و دروێنەیان دەکرد، ئەجەلیش لەولاوە وەک مەڵەغان گێڕی چاک منداڵەکانی دەدایە بەر گەوز و بێ ڕۆژبوێر منداڵێکی یەک مانگە تا یەک ساڵە دەبووە قوربانی.

لە پازدەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا ژمارەی قوربانییەکان گەیشتە بیست و دوو. هێندێک جار کە شتم لە دایکم دەپرسی زۆر بەکورتی دەیگوت: «حەوسەلەی قسانم نییە لێم گەڕێ» بەلاّم بێ وچان شیعری ئاینی دەخوێندەوە و دوعای دەکرد.

زستانان کە خەڵک لەبەر بێکاری بەشیعر خوێندنەوە بەکووچە و کۆلاّناندا دێن و دەچن، ژنەکانیش هەرچەند لە سەرمان تەقەتەقی ددانیان دێ بەلێوەلەرزە لەبەر دەرگا ڕادەوەستن، گوێ دەدەنە شیعرەکانیان و لەبەری دەکەن...

دایکم دەڵێ گوێ دان بەو شیعرانە بەتایبەت لەبەرکردنیان زۆر خێرە. دەڵێم دایە ئەدی بۆچی ئەگەر پرسیارێکت لێ دەکەم خۆت دێنییە حاڵی جاوی بەلاّم بۆ شیعر خوێندنەوە وەک گوێزی ئازا وای؟ دەڵێ:

«کوڕم پاڕانەوە پیاو ماندوو ناکا بەڵکو هێز و تواناش دەدا بەئادەمیزاد، ئەگەر وا نەبێ پیاو لەبەر ئەو گەرمایە خۆی بۆ ڕاناگیرێ و لە برسان و لە توونیان دەمرێ.

کانی ڕێگای سەعاتێک لە ئاوایی دوورە. هەر ماڵەی دەبێ یەکێک بۆ ئاوهێنان تەرخان کا، ڕێگای کانی وەک شارە مێروولە وایە و هەرکەسە گۆزەیەکی لەسەر شانە و دەچێ بۆ ئاو، بەڕاستی هەتا دەچن و دێنەوە ئەوەندە ماندوو دەبن لە شان و پیل دەبن، لەسەر ئەو حاڵەش ڕا دایکم کە توونیەتی هێرشی بۆ دێنێ دوو سێ گۆزان هەڵدەگرێ و سەر و چاو و لاقی قەڵشیوی پێ دەشوا و خۆی فێنک دەکاتەوە. کاتێک ئاوی خواردنەوەمان لێ دەبڕێ دەمان نێرێ بۆ لای جیران مووچەکان.

پانیەی دایکم هەموو شەقار شەقار و قەڵشیوە و خوێنی لێ دەتکێ کەچی کاتێک جووتێکی پێڵاو بۆ دەکڕین دەڵێ:

«خەرجی زیادی بۆ دەکەن، سەد شتی لەوە واجب ترمان پێویستە کوا حەوسەڵەی لەپێ کردنی کەوشم هەیە».



## بەڵام من

ڕەنگە پێتان وابێ وەک تاقمێک نووسەر وەتاغی موتاڵا و نووسین و کتێبخانەم بەجیا بێ و دەوران دەوری هۆدەکەم بە سەندەڵی چندرابێ و سەرمێزەکەم پڕ بێ لە خواردەمەنی و چا و قاوە و سربوەم لە بن گوێ نەیە و خەیاڵم ئاسوودە بێ. نەخێر ئەوانە بەخەونیش نابیم، بەڵکو هۆدەی موتاڵا و نووسینم مووچە و مەزرایە و دەموچاوم لەبەر هەتاو هەموو سووتاوە و پێمەڕەم لە دەستی ناکەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە حاسڵ گەیوە، باوکم یەک تەنە و دەبێ یارمەتی بکەم.

فەرق و جیاوازیم لەگەڵ ئەوان ئەوەیە کاتێک دەچم بۆ مووچە بن هەنگڵێکم کتێب و دەفتەر پێیە. هەرئێستاکە ئەو شتانە دەنووسمەوە پیاو لە گەرمان خۆی بۆ ڕاناگیرێ و دڵی دەخێڵەوە دێ، بەڵام دەست لە کارەکەم هەڵناگرم، بەشوێن سێبەرێکدا دەگەڕێم کە برێک ڕاکشێم و فێنک بمەوە زۆر بەم لا و ئەولادا هەڵدەسووڕێم هیچ کوێم وەگیر ناکەوێ، سەرەنجام خۆ دەبن سێبەری گەڵای کورتی گەنمەشامی ڕادەکەم و خۆ بەعەرزەوە مەلاس دەکەم.

دەنگە نەرم و ناسکەکەی دایکم گوێم دەزرینگێنێتەوە و دەڵێ:

– ئەو ڕۆژە کە بەفر وەک کفنی سپی شاخ و کێو و دەشتی داگرتبوو پێت وانەبوو ئەو سەرما و سۆڵە گەرماشی بەشوێنەوە دەبێ؟

وەڵامی دەدەمەوە و دەڵێم:

– بیرکردنەوە دەیتوانی چ شوێن و سوودێکی هەبێ دایە؟

– لانی کەم سوودەکەی ئەوەندەبوو کە لە ماڵ وەدەرنەدەکەوتی.

نێو ئاوایی پەپووی لێ دەخوێنێ و کەسی تێدا نەماوە، هەرکەسەی وەدووی کارێک کەوتووە، خۆ ناکرێ من بەتەنیا لە نێو دێدا بخولێمەوە؟

جاری وایە ژنەکان لە گەرمان خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و هەڵدێن بۆ سەر جۆگە و دەم ئاوان و خۆیان فێنک دەکەنەوە، گەرماکە لە تاقەتی کەس دا نییە

چونکە تا چاو هەتەر دەکا شۆڕەکاتە. مێگەلەمەڕی برسی بەنێو کەرسەک و خڕەبەرداندا بۆ بێر بەرەو ئاوایی دەبنەوە، بەڵام تەڕاییبیان لە گوانیدا نییە.

ئێواریٚ بەرەوماڵ بووینەوە، سبەینێ دەچین بۆ دەسکەنەی ماش. چەند ڕۆژێکیش بەو کارەوە دەبین، چەرخ و خولی چارەنووس وەک هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەسووڕێ و لە عومرمان کەم دەبێتەوە.

ئاخ! سەد خۆزگە بمتوانیبا و ئەو دیمەنانەم هێنابا سەر قاقەز و بۆ ئێوەم گێڕابایەوە. بەڵام ئەوە کوا بۆ من دەست دەدا، ئەوە کاری کەسێکە کە زەوق و سەلیقەی هەبێ، هەروەها چاوی وردبین و هونەرمەندانەی دەوێ کە سێلاوی ئارەقەی سەروچاوی ئەو خەڵکە هەژار و چارەڕەش و بێ ئەنوایە بکا بەلافاو و زاڵم و چەوسێنەران لەگەڵ خۆی بەدەریا دادا تا بەم چەشنە شاکارێک بەدی بێنێ و بیڕازێنێتەوە.

ئەو سەردەمە کە «یاقوت قەدری» لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی «یابان»[1] گۆشەیەکی چووکی لە ژیانی بەژانی ئاواییەکان خستە بەرچاو، وەک ڕۆژی حەشر وڵات شێوا و گوتیان درۆیە بوختان هەڵدەبەستێ. ئەو کەسانەی کە هێشتا لە بارەی گوندەکاندا پێیان وایە دیمەنی ڕازاوەی شاعیرانە و شمشاڵی شوان هەموو شتێکە، وڵاتی خۆیان نەناسیوە! تەنیا کاتێک هەست بە ڕاستەقینە دەکەن کە لە نزیکەوە لەگەڵ دەرد و مەرگی خەڵک ئاشنا بن و ببنە برا، ئەگینا ئەوەی لە بارەی ئەوانەدا بیلێین جگە لە خۆهەڵکێشان و فڕوفیشاڵ هیچی دیکە نییە با لەلایەن وەکیل و نوێنەری وانیشەوە بێ، کەوابوو وا چاکە کە بەناوی نوێنەری دێ نشینەکان دەم لە لایەنگری لە مافی ئەوان نەدەن.

(١) وەحشی چۆلی.



## «کەزبان»ە شێت

ئاوایی لە دووبەش پێکهاتووە، بەشێک ڕەشایی و بەشێک ئامپا و جووتبەندە، ئەوانەی کە زەویان نییە هاوینان دەبنە سەپان و کرێکاری دەکەن. ئەوساڵ ژمارەیەک بۆ کرێکاری چوونە ئاواییەکانی دەوروبەر و تاقمێکیش هەر لە دێدا مانەوە.

«کەزبان»ە شێت کە مێردەکەیان بردبووە ئیجباری، بەسێ سەد کیلۆ گەنم کاری بۆ وەستا مووسا دەکرد. ژنی بێ چارە بەو هاوینە گەرمە و منداڵ بەکۆڵەوە مووچە بەمووچە دەگەڕا، تاقەت و خۆڕاگری ئەو دایک و منداڵە بوو بەهۆی سەرسوڕمانی هەموو لایەک. وەستا مووسا لەگەڵ ئێمە جیران مووچەیە. ئێمە خەریکی جۆدروونەوە بووین تەماشامان کرد ئەوانیش پەیدابوون بەڵام تا ڕۆژئاوا هۆشم هەر لەلای وان بوو.

کاتێک لە بن باقەجۆ چاوم بەمنداڵەکەی کەوت دەکورووزاوە و دەگریا لە حەیبەتان دەتگوت ئاورم تێ بەربوو.

«کەزبان» لەبەر کارکردن فریای منداڵەکەی نەدەکەوت، ئەگەر سەریشی لێ دابا بەپەلە دەگەڕاوە. «کەزبان» لەبەرئەوەی بەخزمایەتی دەگەیشتەوە ئێمە ئێوارێ لە گەڕانەوەدا سەرێکم لێ دان و حاڵ و هەواڵم پرسی.

گوتی:

«بڕیارمان لەگەڵ وەستا مووسا سێ سەد کیلۆیە. پووڵی سەد و پەنجا کیلۆم پێشەکی لێ وەرگرتووە و ناردوومە بۆ مێردەکەم بۆ خۆشم ئەو سەد و پەنجا کیلۆیەم لێ سەروزیادە. چارە چییە مەحموود ئەفەندی دەستەنگی و هەژاری ئەوانەشی بەدواوە».

## دانەوێڵە

تەویلەکەمان بەپشت هۆدەی دانیشتنەوەیە. کادینەکەشمان کەوتۆتە پشت تەویلە و هەرسێکیان بەسەر یەکەوەن. تەویلە و کادینەکەمان وەک غاری قەدیمی و تاریخی دەچن، هەتا ئەو چەند ساڵەی دوایی شتێکمان نەبوو بەنێوی وەتاغ و هەر لە تەویلە دادەنیشتین. دوای ئەوەی باوکم بڕێک بووژاوە ئەو وەتاغەی دروست کرد و وەتاغی دانیشتنی خۆمانی خستەوە سەر تەویلە. ئەو وەختە من لە «دانیشسەرا» بووم.

بڕێکمان لە شتومەک و پێخەف گوێزتەوە بۆ وەتاغی تازە و ئەوی دیکەشمان لە سووچێکی کادین دانا. پێویست نەبوو هەموویان بگوێزینەوە وەتاغێ. کادینەکە جگە لەو شتانە کەندوشی لێ بوو، کەندوەکانیان لە ڕیخ دروست کردبوون. بەڕاستی من پێم وابوو ئەو شتانەی لە کادینێشن زیادین و بەکەڵک نایەن، بەڵام ئەو شەوە کە مانگاکە ئەو بەڵایەی بەسەر ئێمە هێنا تێگەییم کە دایکم ئەو کەندوانەی پڕ کردووە لە دانەوێڵە.

هەرچەند دوای ڕووداوی ئەو شەوە دەفرەکانی دانەوێڵەمان گوێزتەوە وەتاغی خۆمان، بەڵام تازە کارمان کرابوو.

ڕاگرتنی ئەو شتانە بەساغ و سلامەتی لە کادین کارێکی سەخت و دژوارە، چونکە کادین هەروا دەشتەکی و بێ دەرگایە، جاری وایە دایکم تەگەری حاڕەبەی پێوە دەنێ، کاتێک تەگەرەکان وە حاڕەبەی دەخەینەوە تەختەیەک یا دارێکی پێوە هەڵدەپەسێرێ. گایەکان تاڕادەیەک بێ دەنگ و بێ دەردی سەرترن، بەڵام مانگاکان هەتا بڵێیی بەدفەڕ و بزۆزن و زۆرجار وا دەبێ پەتی ئەستۆیان دادەڕنن، خۆ لە کادین ڕۆ دەکەن و هەرچی وەبەر زاریان بێ دەیخۆن، ئەگەر هەرنەبێ کەندوەکانی دانەوێڵە لێک دەدەن و دەیانشکێنن.

یەکێک لەو شتانەی کە من پێوەی ماندووم و ناڕەحەتم دەکا ئەوەیە، جاری وایە بەخۆم دەڵێم: «ئەوانە ئەرکی تۆیە! ئەوە تۆی کە دەبێ بەو وەزع



و بارودۆخە ڕابگەی و سەر و سامانی پێ بدەی. بۆ بەدیهێنانی ڕێکوپێکی و پێشکەوتی ئاوایی دەبێ لە خۆت ڕا دەست پێ بکەی. ئەگەر ئەوەت لە دەست نەیە ئەدی ئەو دەرسەی خوێندووتە بەکەڵکی چ دێ؟» هەرچەند تا ئەو جێگایەی کە لە دەستم دێ و دەتوانم هەوڵ دەدەم و تێ دەکۆشم کە سەروسامانێک بەو بارودۆخە بدەم، بەڵام دیسانیش لەبەر خۆمەوە دەڵێم: «چ سوودێکی هەیە! بەر لەهەموو شتێک وەتاغێکی سەرداپۆشراو پێویستە. بۆ دروست کردنەکەشی دراو.

# بەڵام ڕووداوی ئەو شەوە

خەریکی شێوخواردن بووین و سەرمان بەردابۆوە، بەڵام لەناکاو دەنگێک لە تەویلە بەرزبۆوە و هەموومان ڕاپەڕین. دایکم فتیلەی دەست دایە و بەغاردان خۆی گەیاندە تەویلە، هێندەی پێ نەچوو دەنگی گریان و تووک و دوعای دایکیشم وڵاتی داگرت. یاڕەببی ئەستۆت شکێ و ڕاست نەبییەوە، بیژووی حەرامزادە، ماڵی کافری، ئەوساڵیش ماڵوێرانت کردین، ساوارەکەت هەموو لە پێشدا بەقوزەڵقۆرت کردبوو، بەوەش ڕانەوەستای و هاتییە زگ ئازووخە و دانەوێڵەکەشمان.

چ بکەم! قوڕی کوێ وەسەر کەم؟ خودایە لە دەست ئەو مانگا قۆڕە لێ دراوە ڕوو لە کوێ کەم، بەڕاستی وەگیانی هێناوم، بیکوژە و ئاسوودەم کە با لە دەستی ڕزگاریم بێ. کەوچکەکانمان فڕێ دا و هەستاین. کاتێک چووینە تەویلە تەماشامان کرد زگی مانگاکەمان وەک دەهۆڵی هەستاوە.

کەندووی ئازووخە و دانەوێڵەکەی شکاندبوو و لە گەڵ تۆز و خۆڵ لێکی دابوو. تا توانیبووی خواردبووی و ئەوی دیکەشی لەگەڵ پەین و پاڵی کادینەکە لێک دابوو، دایکم لەسەر ئەو عەرزە خاوێنە پان ببۆوە دانەوێڵەی لەنێو پەین و پاڵەکە کە هەڵدەبژارد، کاتێک باوکم چاوی بەو دیمەنە کەوت خۆی بۆ ڕانەگیرا. دارێکی دەست دایە و مانگای وەبەر پەیاغان دا.

هێشتا دوو مانگی مابوو بۆ خەلە و خەرمان هەڵگرتن، بەڵام ویشکە ساڵێکە کە هیچ کەس ڕووناکایی لە دڵدا نییە، جیرانەکانیش وەک ئێمە وان و هیچیان بەدەستەوە نییە کە پەنایان بۆ بەرین و بەقەرز شتیان لێ وەرگرین، خواردەمەنی هەموو ڕۆژەی ئێمە ساوار و نیسکە. شەوانە ساواری کولاو دەستمان ماچ دەکا، بەڕۆژیش مزراوکە.

دوای ئەوەی دایکم کەمێک هاتەوە سەرخۆ، هەستا بێژینگێکی هێنا. دەتگوت دەیهەوێ پەین و پاڵەکە دابێژێ و نیسکەکەی لێ جوێ کاتەوە. گوتم: دایە! لێی گەڕێ چی لێ هەڵناوەرێ. گوێی پێ نەدام و دەستی کرد بەدابێژتنی. بەڵام هەمووی پەین و پاڵ بوو.



– دەست هەڵگرە دایە! ئەگەر بڕیارە بمرین، خۆ لە برسان بمرین چاکترە.

ئەوەم گوت و چوومەوە ژوور. بەڵام قسەکانی من وەک با بەبن گوێیدا تێپەڕی، هەر بەئەژنۆی خۆی دا دەدا، تووک و دوعای دەکرد و دەیگوت:

بیژووی حەرامزادە، هەموو هیوا و ئارەزووەکەم بۆوە بەهیچ و ماڵوێران و چارەڕەش بووم، جا ئێستا ڕوو لە کوێ کەم، سبەینێ چ لێ نێم، چ شتێکیان لە پێش دانێم؟ ئای لەو ڕۆژە ڕەشەی تووشی بووم خودایە ساردتری نەکەی.

## شەریکەی هەرەوەزی

بەحەوت هەشت گوندان شەریکەیەکی هەرەوەزی کشتوکاڵیان هەیە، لە ڕاستیدا ئەوەش لەبەر چاوی ڕەشی خەڵک نییە، لەبەر قازانجی خۆیان و بۆ چەوساندنەوەی زیاتری خەڵک ئەو شەریکانەیان پێکهێناوە. بەداخەوە ئەورۆ کابرای دێهاتیان وا خستۆتە داوی خۆیان، ڕێگا و دەرەتانیان لێ بڕیوە و نەجاتی نابێ. بەو مانایە کابرای دێهاتی قەرزێکی کە لەو شیرکەتانە وەری دەگرێ بەجێگای ئەوەی بۆ پەرەپێدانی کاروباری کشتوکاڵی خەرجی کا و لە دەرد و مەرگی خۆی بدا، لە سەرەتاوە دەبێ وردە قەرز و قۆڵەکانی بداتەوە تا بەقەولی خۆی بڕێکی قەرز لەسەر سووک بێ، ئەگەر ڕێنوێنیشی بکەی دەڵێ: «تا ساڵێکی دیکە خودا گەورەیە» بەڵام تا چاو لەسەریەک دەنێی ساڵ تەواودەبێ و سەر لێ شێواو و دەستبەتاڵ دەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە لەبەرئەوەی قەرزەکەی بۆ نادرێتەوە سوودی دێتە سەر و ڕۆژ بەڕۆژ سەری زیاتر وەبن قەرزان دەکەوێ، لە ئاکامدا دەوڵەت قاقەزی لەسەر دەکا و سەرەتای چارەڕەشی و بەدبەختی لێرەوە دەست پێ دەکا. زیاتر لە نیوەی دێ نشینەکان تووشی ئەو ڕۆژە دەبن و دەڵەوت هەڵیان دەسووڕێنێ.

ئەگەر لەڕووی پەروەندەکانی شەریکەی هەرەوەزی بتەوێ وەزعی دێ نشینەکانی قەرزدار بزانی، کەس نییە لە ملیۆنێکی کەمتر پووڵ هەبێ! خەڵک بۆ ئەوەی پووڵیان زیاتر بەقەرز بدەنێ و بەر ئەو پەندە کەون کە دەڵێن «کەس بەزۆر دەوڵەمەند بوون چاوی نایەتە دەر» خۆ گەورە دەکەنەوە و دەڵێن ئەوەندە، ئەوەندەمان مەڕوماڵات و مانگا و گامێش و ئەسپ هەیە، زەویوزاریش هەرچەندی بەسەر زاریان دابێ، لەو پەروەندانەدا تەنانەت ئەوانەی کە کرێکاریشن خاوەنی مەڕوماڵات و پاتاڵ و زەویوزارن.

کاتێک کاربەدەستانی دەوڵەتی بۆ دەس بەسەرداگرتنی زەویوزاری ئەو ئەربابە گەورانە دێن و چاویان بەو خەڵکە ڕەشوڕووت و هەژارە دەکەوێ



لێیان حالێ دەبێ کە ئەو هەموو ملک و زەویوزارە فڕوفیشاڵە و سەریان سوڕ دەمێنێ.

یەکێک لەو شیرکەتانە لە گوندی ئێمەیە. هەرچەند هەموویان زۆری پێوە ماندوون و هاواریان دەگاتە ئاسمان، بەڵام لە کاتی قەرز وەرگرتندا پێکەوە کێ بەرکێیانە، چ بکەن چارەشیان نییە، ئەگەر وا نەکەن سەری خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و بەڕێ ناچن.

سەرەتایی ترین پێداویستییەکانی دێهاتییەکان جووت و گایە، بەڵام جووتێک گا بەشەش سەد «لیرەیە» دەبێ قەرزەکەی لە سێ نۆرەدا بداتەوە. هێشتا قیستی دووەمی نەداوەتەوە تەماشا دەکا گایەکەی بۆتە سەدەقەی سەری ئێوە. نە لەوەڕ هەیە و نە گیا، ئەو گایانەش لەبەرئەوەی بەئاووهەوای گەرم و وشکی ئەو ناوچەیە ڕانەهاتوون زۆر زوو لەناو دەچن. ئەگەر بۆت کرا گایەکی دیکە دەکڕی و قەرزەکەت دەبێتە دوو بەرابەر.

پارەکە باوکیشم جووتێکی گا بەشەش سەد «لیرە» لە چێودارێک کڕی. سێ سەد لیرەی لە شەریکە وەرگرت، دووسەد لیرەی قیستی هەوەڵی دا، سەد لیرەشی بۆ پێداویستییەکانی دیکەی ژیان دانا. هەوەڵی پایز شیرکەت پووڵی دەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ لە بیری قیستی دووەمی چێوداردا بین، زۆر سەیر وەتەنگ هاتووین، هیچ شتێک شک نابەین، سەرم بەردەدەمەوە بیر و خەیاڵ هەڵدەگرێ و دەڵێم:

– ڕوو لە کوێ کەین بابە؟

– نازانم کوڕم!

لەبەرئەوەی دەستمان وەهیچ کوێ ڕانەدەگەیی، سێ سەد لیرەمان بەسوود وەرگرت و قیستی شیرکەتمان پێ داوە ئەوجار دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بین کە پووڵی زیاتر قەرز بکەین، چونکە هەم دەبێ قەرزی چێودار بدەینەوە، هەم ئەو پووڵەی بەسوود وەرمان گرتووە! پێداویستییەکانی دیکەی ژیانیش لە لایەکی دیکە ڕاوەستێ!

بەکورتی کڵاوی ئیسامان لەسەر مووسا دەنا و بەچەرمەسەری خۆمان

بەخێو دەکرد. بەڵام وەبن قەرزان کەوتین و چوارسەد لیرە قەرزدارین.

سەیرتر لە هەمووشتێک ئەوەیە، ئەوانەی کە پووڵیان بەسوود وەگیر نەکەوتووە و دەوڵەتیش بەر دەرکی پێ گرتوون بەئێمە دەڵێن خۆزگە بەخۆیان.

- «توانیان بەزیرەکی و کڵاو لەسەر ئەم و ئەو نان پووڵ پەیدا بکەن و قیستەکانیان بدەنەوە، ئەگینا وەک ئێمە سەرگەردان دەمانەوە»

بە دڵ لەبەر خۆمەوە دەمگوت خۆزگە لە دەستم دەهات و هەمووتانم نەجات دەدا. لە لایەکی دیکەشەوە خەیاڵی ئەوەی کە ئەگەر ئەو گایانە نەخۆش کەون تووشی چ ڕۆژێکی ڕەش دەبین، دڵەخورپەی وێ خستووم و حەجمینی لێ هەڵگرتووم.

- بابە ئەگەر خودای نەخواستە تووشی ڕووداوێکی ئەوتۆ بین چ دەکەین؟

- «هیچ چارەمان نییە جگە لەوەی کە یەکی لایەکی نیرەکەی بخەینە سەر ملمان و «عیسمەتیش» دەبێ پاشبارە بگرێتە دەست. ئەگەر بڕیارە بمرین با ئەو دیمەنانەمان لێ بەیادگار بمێنێتەوە. مردن سەد بەرابەر لە گریان چاکترە.



## گەورەترین بەڵا

کا و تفاقی ئێمەش وەک زۆربەی خەڵکی ئاوایی لە نیوەی زستاندا تەواو دەبێ و بەهەزار بەدبەختی و نارەحەتی و سواڵ و سەدەقە خۆمان دەگەیەنینە بەهار، بەڵام خودا نەبێ کەس نازانێ، پاتاڵ ئەوەندە کز و لاواز دەبن خۆیان بۆ ڕاناگیرێ. هەرکە گوتیان ئەوڕۆ بەهارە دەبێ لە بیری تفاقی زستاندا بین. دوای ئەوەی قوتابخانە داخرا و گەڕامەوە گوندەکەی خۆمان ئەمنیش دەبێ لە جووت و جۆماڵ و گیاکۆکردنەوە یاریدەیەکیان بکەم، هەرچەند دەیانگوت گیاکۆکردنەوە ئەرکی هاسانترە، بەڵام من جووت و جۆماڵەکەم پێ چاکتر بوو، چونکە بۆ خورجێنێک گیا دەبا هەتا ئێوارێ بەشیو و دۆڵاندا بگەڕێی، جا ئەوەش عومرە؟

بەم چەشنە هەوەڵین مانگی هاوین تێپەڕی، بەڵام لاقم لە نێو کالەدا هەموو پیرەڵۆک ببوو و بلۆقی کردبوو، عەرز ئەوەندە ڕەق بوو بەهیچ جۆر گاسن دانەدەکەوت. لە لایەکی دیکەشەوە گای بێ چارە لە حەیبەتان لیکاوی بەلالغاوەدا دەهاتە خوار و لە برسان قووڕە قووڕی زگیان گوێی پیاوی کەڕ دەکرد و ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر دەبوون. هەرچەند لەتێکمان لە نانەڕەقەکەی خۆمان دەدانێ بەڵام ئەوە بۆ مالات جێی هیچ ناگرێ، چارە نییە جووتی دادەبەستم و ڕۆژی وایە پێنج تا بیست کووز دەکێڵم و بەدوو مانگان لەسەریەک پێنج یەکتارم کێڵا! کاتێک چاوم بەو گا بەستەزمانانە دەکەوێ ماندوویی خۆم لە بیر دەچێتەوە.

لەو کاتەوە کە دەستم بەو کارە کردووە بەتەواوی دەستم لە خۆم شۆردووە. تەنانەت لە دەستم نایە کە سەروچاویشم بشۆم جاری وایە بەئاوی سارد خۆم پشیلەشۆر دەکەم، سەرم پڕە لە تۆزوخۆڵ. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر پێوەی ماندووم موتالاکردن و شت نووسینە. چونکە بەبێ ئەو دووانە پێم وایە مردووم و لەسەر دنیایە نیم. بەڵام خۆشترین کاتم ئەو وەختەیە کە خەریکی موتالاکردنم.

ئەوە دروست شازدە ڕۆژە کتێبێکی چووکم لە گیرفانی دایە و لەگەڵ خۆمی دەگێڕم بەبێ ئەوەی دێڕێکم لێ خوێندبێتەوە. سەرەنجام ماندووبوون لە ئیشوکار و ناڕەحەتی ڕووحی، کۆڵیان پێ دام، ڕۆژێک کە لە مووچە دەگەڕامەوە هەستم بەبێ حاڵی خۆم کرد و هێندەی پێ نەچوو ئارەقەیەکی سارد تەواوی لەشمی داگرت، باوەڕکە لە ماوەی سەعاتێدا زیاتر لە دە جاران کراسەکەیان بۆ گۆڕیم. کاتێک ماڵە خۆمان چاویان بەو دیمەنە کەوت هەموو ناڕەحەتییەکیان لەبیر چۆوە و لە دەورەی من کۆبوونەوە.

پاش ماوەیەک دوو سێ پیرێژنیان هێنا و بڕێکیان داماڵیم. دەتگوت ئاورم تێ بەربوو، لە حەیبەتان وەک مار پێچم دەخوارد. دایک و باوکم لەسەر سەرم ڕاوەستابوون و دەگریان، جیرانەکانیش هەموو لەوێ بوون. ئێوارێ بەهەجۆرێک بوو دوو سێ کەوچکم دۆکلێو خوارد و بڕێک مات بووم و خەوم لێ کەوت. جیرانەکان تاک و تەرا بەرەو ماڵ بوونەوە. ماڵە خۆشمان تۆزقاڵێک ڕووناکاییان کەوتە دڵ، دوای ماوەیەک گوێم لە دەنگێک بوو و وەخەبەر هاتم کاتێک سەرم هەڵێنا تەماشام کرد ئەوە دایکم لە بن سەرم کروشمەی کردووە و دەڵێ: مەحموود! مەحموود! ڕۆڵەگیان هەستە: لە حاڵێکدا لەشم لە ئارەقەدا خووسابوو دایکم خەریک بوو لێفەکەم لێ کاتەوە. گوتم دایە گیان ئەوە چ دەکەی ڕاوەستە ئارەقەکەم وشک بێتەوە.

گوتی:

– کوڕم مانگاکەمان خەریکە دەمرێ.

هەرکە ئەوەم بیست وەک شێتانم لێهات و حەجمینم لێ هەڵگیرا، دایکیشم لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

–دەترسم باوکت وەخەبەر بێنم و لە حەیبەتان دەردی مفاجا بگرێ. بەئەژنۆی خۆی دادەدا و دەیگوت:

ڕوو لە کوێ کەم، قوڕی کوێ وەسەرم کەم. لە حاڵێکدا فرمێسکەکانی وەک باران دەبارینە سەر سەرینەکەم، دەیگوت:



دەنگێکم لە تەویلە گوێ لێ بوو، فتیلەم هەڵکرد و بەغاردان ڕۆیشتم، تەماشام کرد لەسەر پشت کەوتووە زۆر ناڕەحەتە، دەمرێ هێندەی نەماوە، هەستە، خودایەگیان چ بکەم، قوڕی کوێ وەسەرکەم...

بەڕاستی لە سەرووی هەموو بەڵایەک گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەیەک هەیە کە ئادەمیزاد بیری پێی ناگا. بۆ ماوەیەکی کورت هەموو بەڵا و ناڕەحەتییەکانی خۆم لەبیرچۆوە، ئەوە چ بەڵایەک بوو تووشی هاتین؟ هەموو ناڕەحەتی من ئەوەبوو کە دەرفەتی کتێب خوێندنەوەم نییە، لەبەر خۆمەوە دەمگوت خۆزگە مانگاکە چی لێ نەهاتبا و من موتاڵاکردنم نەدەویست. دنیام لەبەر چاوی تاریک بوو. سەرم لێ شێوابوو و نەمدەزانی دەبێ چ بکەم، وردە وردە نۆبەتێیەک دایگرتم و ددانم ددانی نەدەگرت، بەهەر جۆرێک بوو هەستام کۆنە باڵتۆ شڕۆڵەکەم بەسەر شانم داد و بەرەو تەویلە وەڕێ کەوتم. دایکم هات چوو لە بن پیلمەوە. بابم و منداڵەکان ئەوەندە نوستبوون حەوت پادشایان بەخەون دیبوو، مانگاکە لاقی درێژ کردبوو و یەک بەمەیدان کەوتبوو، گایەکە وەک زمان زانان لارەمل و کز لە پەنای ڕاوەستابوو، دەتگوت ئەوە خەریکە دەگری و فرمێسک هەڵدەوەرێنێ. هەرچەند هەمیشە دەمانبەستەوە بەڵام دایکم لەبەر نەخۆشی مانگاکە گایەکەشی نەدەبەستەوە، نووکەشەپێکم گەیاندە مانگاکە، جووڵەی نەدەکرد، دەتگوت دەستیان لە مێشکم ناوە، حەجمیم نەبوو، بەلادا دەهاتم و خۆم بۆ ڕانەدەگیرا، ئەوەندە بێ حاڵ بووم نەمدەزانی مانگاکە نەخۆشترە یان بۆخۆم.

سەرەنجام باوکی بێ چارەمان وەخەبەر هێنا. دایکم بابەگەورە و جیرانەکانی ئاگادار کردبوو و هەموو لەوێ بوون. تەویلە یەکی دیکەی نەدەبرد، دەتگوت ڕۆژی حەشرە، بەڵام هەموو لایەک پەرۆش بوون و ڕەنگیان بزڕکابوو. دوای ئەوەی ئارەقەکەم ویشک بۆوە، گوێم دەزرینگاوە، خۆم بۆ ڕانەدەگیرا و هەر بەلادا دەهاتم، ناچار چوونە بن پیلمەوە و بردیانم لە وەتاغی درێژیان کردم. قەت پێم وا نەبوو ئادەمیزاد نەتوانێ گیروگرفتی

خۆی چارە بکا، ئەوەندەم بیر لەو مەسەلە کردەوە سەرەگێژەم گرت، دەتگوت دەستیان لە مێشکم ناوە و دەری دێنن... لەشم ئەوەندە قورس بوو دەتگوت تەواوی ئەو کادینەیان لەسەر شانی من داناوە. لەبەرخۆمەوە دەمگوت: سەد خۆزگە دەمردم و ئەوڕۆژەم چاو پێ نەدەکەوت، هەروەها دەمگوت: چارە چییە؟ پیاو دەبێ لە بەرابەر گیروگرفتدا وەک کێو وا بێ و بەربەرەکانی بکا، بەکورتی بەو قسانە دڵخۆشی خۆم داوە. تەویلە پڕبوو لە خەڵک و لەبەر زاق و زووقی منداڵان کەس ئاگای لەکەس نەبوو، جیرانەکان هەریەکەی بەجۆرێک دڵخۆشی باوکمیان دەداوە:

–سەرت سلامەت بێ پیاو نابێ ئەوەندە بێ غیرەت بێ، ماڵی دنیا هیچ نییە، پیاو بۆخۆی سلامەت بێ هەموو شتێکە!

لە پاشان مانگاکەیان هێنادەر و لەبەر دەرگایان دانا. دەستیان خۆش بێ و ماڵیان لەگەڵ ئێوە ئاوەدان بێ! لەسەر دەرد و مەرگی خۆیانڕا بەجێیان نەهێشتین و هاوکاریان کردین. من لەنێو جێگاکەمدا هەر جینگڵم دەدا و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئەگەر ئەو گایە بمرێ مووچەکەمان دەبێتەوە بەیار و لەوەندەش دەبین، هەروەها گیشە و تەرمەک لەبەر پێی مەڕوماڵاتدا دەچێ و جەنجەریشمان بۆ ناکرێ، هەرچەند ئەو کارانە دەمێننەوە، بەڵام بەقسەی باوکم ژیان ڕاناوەستێ و درێژەی دەبێ، بەدەست لەسەر دەست دانان و پەکوو پەکوو هیچ دەردێک چارە ناکرێ... «ئەو خەیاڵانە ئارا و قارایان لێ هەڵگرتم، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو "کارەنگی" لە کتێبی "دەستووراتی ژیان" دا دەنووسێ:

«خەفەت خواردن و پەرۆش بوون هیچ دەردێک دەرمان ناکا بەڵکو ئادەمیزاد دەبێ ڕێگای ژیان و بەرێچوون بدۆزێتەوە» من ئەو کتێبەم نەخوێندۆتەوە بەڵام حەزم دەکرد زانیبام ئەگەر ئەو نووسەرە لە هەلومەرجی من دابا و لە جێگای من با جگە لە خەم خواردن و پەرۆش بوون و ئەژنۆ لە باوەش گرتن چ کارێکی دیکەی لە دەست دەهات...

دروستە کە: «دەبێ ئادەمیزاد بۆ ژیان کۆڵ نەدا و لەگەڵ هەموو کەند و



کۆسپێک دەست و پەنجە نەرم کا» بەڵام ئەگەر گیانت نەکەیتە قوربانی بێ گومان مانای ژیان نازانی. دایکم لە حاڵێکدا وەک جۆگەلە فرمێسکی بەچاواندا دەهاتە خوار هەموو منداڵەکانی وەخەبەر هێنا و ئەو هەواڵە ناخۆشەی بەوانیش ڕاگەیاند، بەبیستنی ئەو خەبەرە دەستیان کرد بەگریان و لەخۆدان و بەڕووت و قووتی خۆیان گەیاندە تەویلە.

کاتێک دایکم هاتە لام پرسیم:

– چۆنە؟

– چووزانم ڕۆڵەگیان دڵی لێ دەدا بەڵام خۆ لەسەر پێ ڕاناگرێ. خاڵت دەڵێ: «تاڵووی خواردووە، جێگای مەترسی نییە، بەهیوای خودا چاک دەبێتەوە»

بڕێک هاتمەوە سەرحاڵ. گازەرد ئی «عیسمەت» بوو ئەوی تریش هی «نوورییە»، پاتەڵەکانمان هەریەکەی بەناوی منداڵێکە. لە حاڵی «نوورییە» هۆڕەهۆڕ دەگریا، عیسمەت بەبێ ئەوەی نێوچاوانی گرژ کا لێفەشڕەی بەسەرخۆی دادا و ڕاکشا، جار نا جارێک لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «چاکە شوکر گایەکەی من نەخۆش نییە...»

دوای ئەوەی جیرانەکان ڕۆیشتنەوە و سەرمان بڕێک سووک بوو بڕێکمان سیر و ماست و ترش بەزاری گایەکە داکرد و وەجوولە کەوت بەڵام بەحاڵ خۆی بۆ ڕادەگیرا.

## خۆشییەکانی ئاوایی

من شکم لەوەدا نییە کە هەموو خەم و پەژارە و ناڕەحەتییەک، خۆشی و شادمانی بەدواوەیە، لە قەدیمەوە گوتوویانە «بەهار هەر دێت لە دوای زستان» ئەگەر وانەبێ کەس ناتوانێ لە ژێر باری قورسی کوێرەوەری ژیان بێتە دەر. من ڕۆژی خۆشی و شادیم زۆر لە بیرن کە بەڕووداوێکی چووک تێکچوون و جێگای خۆیان داوە بەخەم و پەژارە، هەروەها زۆر جاران هەڵکەوتووە کە ناڕەحەتییەکی گورچووبڕ بەڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بۆتە هۆی شادمانی.

ئەو شەوە کە مانگاکە نەخۆش کەوت بەهەزار بەدبەختی و ناڕەحەتی ڕۆژمان لێ بۆوە. لەسەر جێگا و بانەکەم حەجمینم نەبوو هەر جینگڵم دەدا، ئەوەندەم خەفەت خوارد و بیرم کردەوە پشووم سوار بوو، دەتگوت دەستیان لە ئەوکم ناوە و دەمخنکێنن. ناچار دەستم کرد بەهاموشۆکردن، دوو سێ جار چوومە حەوشە و گەڕامەوە وەتاغەکەم. هەرچەند من لەو بەڵایەدا بێ تاوان بووم، بەڵام بەسەر خۆم دەڕۆیشتم و خۆم دەدا بەر تانە و توانج و لۆمە. ژانەسەرەکەم بڕێک کەم ببۆوە، کتێبەکانم هێندێک سەروبن کرد و بڕێک هاتم و چووم، بەکورتی لەشم ئێشی نەما و هاتمەوە سەرحاڵ. ئێوارێ ڕاکشام و خەوتم. سەری شەو دایکم دیسانیش وەخەبەری هێنام. ئەوجار مزگێنی پێ بوو «کەرەکە زاوە و جاشکێکی مێی بووە» ماوەیەک بوو کە چاوەڕوان بووین بزێ؛ هەر ئەوڕۆ سبەی بوو، بەڵام لەبەر نەخۆشی مانگاکە هیچ کەس لە بیری نەمابوو، بەپێچەوانەی چاوەڕوانی خۆمان شەوێ زابوو. ئەوجار دایکم بەر لە من، باوکم و منداڵەکانی وەخەبەر هێنابوو.

هەموو لە تەویلە کۆ ببوونەوە، ئەمنیش هەستام چوومە لایان. کەرەکە لە حاڵێدا گوێی قوت کردبوون و جاشوولەکەی دەلستەوە، دایکم نەقڵێ بۆ دەکردن و ئاوای دەگێڕاوە:



«نیوە شەوێ بەزەڕە زەڕی گوێدرێژ وەخەبەر هاتم، فتیلەم هەڵکرد و چوومە تەویلە تەماشام کرد جاشکەکە لاقی هاتوون، گرتم و ڕام کێشا»

هەموو چاویان لە زاری دایکم بڕیبوو، لە خۆشیان زیتە زیتی چاویان لە دوورەوە دیار بوو. بەخۆشییەوە مانگاکەش بڕێک بووژابۆوە. بەپێچەوانەی شەوی ڕابردوو لە خۆشیان هەموو داوەتیان لە دڵیدا دەگەڕا.

باوکم گوتی: «ئەو جاشکە ئی بەهیجەیە» لەپاشان ڕووی لە دایکم کرد و گوتی:

«ئافرەت لە کۆڵ پووڵ خەرج کردن و کەر کڕین بووینەوە، ئەگەر خودا بکا ئەو جاشکە سلامەت بێ تا کەرەکە پیر دەبێ، ئەو کاتە خەمی چمان دەبێ، جێگای دایکی دەگرێتەوە و جاشکی دەبێ». دوای ئەوەی کەرەکە جاشکەکەی لستەوە گوێی جاشکەکەمان گرت و کێشامان. ئەوە لە کۆنەوە باوە بۆ ئەوەی گوێی قوت بن و ڕاست ڕاوەستێ. لە پاشان باوکم فوویەکی بەلووتی داکرد و لە بن گوێی گوتی:

– ئەگەر دەتەوێ گورگ نەتخوا ئاگات لە خۆت بێ و قەت لە دایکت بەجێ مەمێنە. بەشوێن ئەوەدا ڕووی لە دایکم کرد و گوتی: ئافرەت! ئەتۆش وەرە فوویەکی بەگوێی داکە با قەت لە بیری نەچێتەوە. دوای ئەوەی دایکم فووی بەگوێی جاشوولەکە داکرد منداڵەکان کردیانە هات و هاوار، پێیان چەقاند و گوتیان ئێمەش فووی بەگوێیدا دەکەین، پاش ئەوەی ئەوانیش لاسای ئەوانیان کردەوە، ئەمن لەو ماوەدا کە بێ دەنگ بووم و چاوم لێ دەکردن باوکم تووڕە بوو، چونکە چاوەڕوان بوو ئەمنیش چاو لە منداڵەکان کەم و وەک وان داوەتم لە دڵیدا بگەڕێ و بەدەوری جاشوولەکەدا بێم و بچم گوتی:

«ئەمن چاوم بەهەر کەسێکی بکەوێ دەزانم چی لە دڵ دایە. وەرە لە گەڵ ئێمە کەوە و هەر شتێکی ئێمە کردمان ئەتۆش وەدوامان کەوە، بۆ لە دوورەوە ڕاوەستاوی و چاومان لێ دەکەی؟» دوای ئەو قسانە ناچار منیش وەک ئەوان فووم بەلووتی جاشوولەکە داکرد و شتێکم گوت.

دوای ئەو ڕێ و ڕەسمە ویستمان دەوری کەر و جاشوولەکە چۆل کەین و بچینە دەر، هەرچی هەوڵمان دا منداڵەکان ڕازی نەبوون، ناچار من و باوکم هاتینەدەر و دایکم و منداڵەکان ئەو شەوە هەر لە تەویلە مانەوە.

بەیانی پێش ئەوەی لە خەو هەستم، منداڵەکان مزگێنیان دابوو بەخاڵم و جیرانەکان. "خاڵە عەلی شەوی ڕابردوو کەرەکەمان زا و جاشکێکی مێی بوو"، خاڵە عەلی لە وەڵامدا گوتبووی: "یاڕەببی زۆر شوکر هیوادارم هەمیشە خۆش خەبەر بن، لە بیرتان نەچێ ژەکەکەی بدۆشن".



## گوندێکی تر

لە نیوەی گەلاوێژدا بووین خەبەر هات و گوتیان گوندی «مەجارلی» تووشی نەخۆشییەکی پەرەسێن بووە و هەموو گرتوویانەتەوە. کاتێک ئەو هەواڵەم بیست دەگەڵ جەلالی دۆستم کەکاربەدەستی بێهداشت بوو بەرەو گوندی «مەجارلی» وەڕێ کەوتین. بەیارمەتی جەلال ماڵ بەماڵ گەڕاین و ژمارەی زیندوو و مردوومان وەدەست هێنا و نووسیمان. گوندەکە سێزدە ماڵ بوو، لە ماوەی چوار ساڵدا بیست و نۆ منداڵ لە دایک ببوون، لەو بیست و نۆ منداڵە سێزدەیان مردبوون کە دەبێتە چل و پێنج لە سەدا، بەڵام منداڵی ساغیان نییە و هەموو بەجێگا و بان کەوتوون. دەڵێی تاو و تۆیی کۆخەڕەشەی زستان بەری نەداون، هیچی ڕەنگیان بەڕوانەوە نەماوە.

هۆی ئەو هەموو نەخۆشییە دەپرسم: بۆ خۆشیان دەزانن. بەر لە هەموو شتێک بێ ئاوی. چۆڕە ئاوێکی کە هەیانە ئەویش خاوێن نییە. ئاو لە گوندی «نەبی لی» دێنن کە ڕێگای بیست دەقیقە لە ئاوایی ئێمەوە دوورە، ئاوایی نە چاڵاوی هەیە و نە کانی و سەرچاوە، تەنانەت دڵۆپێک ئاو وەگیر ناکەوێ کە لە بەری بڕوا. هۆی دووەمی:

– بۆ خۆت دەزانی ئاغاگیان! فەقیری و نەداری و دەستەنگی بەڵایەکی هەمەلایەنە و سەر و دڵگرە. منداڵێکی کە خواردەمەنی گەرم نەخوا دەتهەوێ لەوە چاکتر بێ؟ کوا بەقونجکە سێو و کاڵەکی ڕزیو زگ تێر دەبێ؟

کۆخەڕەشە حەشر دەکا و وڵاتی داگرتووە، پازدە منداڵ بەجێگاوبان کەوتوون.

بەهەزار ناڕەحەتی و ئەم لا و ئەولا یەکێک لەو منداڵانەیان بردبووە لای دوکتۆر، هەرچەند دەرزیان لێ دابوو بەڵام بەداخەوە شوێنی لەسەر دانەنابوو و مردبوو. بەشوێن ئەو ڕووداوە ناخۆش و دڵتەزێنەدا هیچ کەس بڕوای بەدوکتۆر و دەرمان نەماوە. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە چوونە لای دوکتۆر بۆ هەمووکەس دەست نادا و دەرمانیشیان بۆ ناکڕدرێ.

کاتێک لە خەڵکی ورد دەبمەوە و تەماشایان دەکەم، جگە لە ڕەنگی زەرد و ناهومێدی و ئاسۆی تاریک، چی تریان تێدا بەدی ناکەم...

دوو منداڵ وەژوور دەکەون، یەکیان شەلە و ئەوی تریان چاو ڕیپیۆقاوی و کوێرەمووشە.

ماڵ بەماڵ دەگەڕێین و قسەیان لەگەڵ دەکەین. بەڵام قسەی هەموویان ئەوەیە:

«حەکیم و داوودەرمانمان بۆ ناکڕێ ئەگەر بش بێ بێ سوودە».

هیچ کەس بەهیوای ئەوە نییە منداڵەکەی چاک بێتەوە، دەستی لێ شۆردووە و دەڵێ: «تازە نانی زیندووان ناخوا و ئیزرائیل چۆکی لەسەر سینگی داداوە، ئەوە تازە زیندوو نابێتەوە...»

چووین لە ماڵێکی دانیشتین. ئەو بەدبەخت و چارەڕەشانە سەریان لێ شێواوە و نازانن باسی کام دەردیان بکەن. لە سێزدە ماڵان شەش ماڵیان ماوە، حەوت ماڵیان لەبەر نەداری و بەڕێ نەچوون، بۆ شوانی و کرێکاری چوونە گوندەکانی دەوروبەر، لە تەواوی ئەو گوندانەدا تەنیا سێ کەس سەوادی خوێندن و نووسینیان هەیە، ئەویش لە سەربازی فێر بوون. دەپرسم کێ لە هەموویان دەوڵەمەندترە! دەڵێین: «نووری ئاڵتوون تاش» دوو گا و مانگایەک و نۆ سەر مەڕ و سێ مریشکی هەیە. نووری کە ئەوەی دەبیسێ دێتە پێش و دەڵێ:

«ئەفەندی» لە خۆڕا مەینووسە. ئەوساڵ هەموویان سەر دەبڕم، هیچ چارەیەکی دیکەم نییە، بەڕێ ناچم.

لە زەویوزار و بەرهەم و حاسڵ و داهاتیان دەپرسم. یەکێک دەڵێ:

براله مەحموود ئەفەندی زەوی چی؟ ئەگەر زەویمان هەبا شا بووین و کارمان لە جێگایەکی دیکە بوو، بەشەش برایان دوو وەرزە جێی دە تەغارمان زەوی بەدەستەوەیە. ئەوساڵ هەموومان داچاند و چل کیلەمان تۆو پێ وەرکرد، تەنیا پەنجا کیلەی گەنم بوو. هەر لە تۆ دەپرسم ئەوەندە گەنمە چی پێ دەکرێ و جوابی ئەو ماڵ و منداڵە چ بدەمەوە؟ چ بدەین بەو



هەمووە نان خۆری جێ گرە؟ خۆ بەناشکوری نەبێ پوولیش نییە پێی بکڕین.

مەحموود ئەفەندی پێت وانەبێ درۆ و شوێنەونکە دەکەم.

دوای ئەوەی شەرمیان شکا و بووین بەخۆمانە دەڵێین: کا، کا، ئەگەر کامان نەبێ یانی هیچ و دەبێ ئەو چەند سەرەمەڕ و ماڵاتەش بکوژینەوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە مەڕوماڵات تفاقی نەبێ و بۆخۆمان لەوان برسی تر، چارە چییە و دەتوانین چ بکەین؟

نووری ئاغا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:

– بۆ کابرای دێهاتی هیچ بەڵایەک لە نەبوونی تفاق گەورەتر نییە. مەحموود ئەفەندی تا ئێستا دوو سێ جارم ئەو گایانە بردۆتە بازاڕ بیانفرۆشم، پوولێکی وایان نەداوەمێیە. ئەو بێ ئینسافانە بەگای سێ سەد لیرەیی دەڵێن سی لیرە، بەڕاستی جێگای خۆیەتی ئەگەر بگرین. هەر لە ئێوە دەپرسم مەڕ و ماڵاتێک کە پوولی پێ نەدەن بەکەڵکی چ دێ؟ جگە لەوەی کە بیانکوژمەوە و دەرخواردی ماڵ و خێزانەکەمی بدەم هیچ چارەیەکی دیکەم نییە، دیارە ئەویش جگە لە ژەمێک و دووان چ دەردێک دەرمان ناکا و دەبێ لە پاشان دانیشین و خۆڵی بخۆین. چارەمان نییە و دەستمان وەهیچ کوێ ڕاناگا، بەڕاستی دەروونمان ئاورێکی گرتووە کە خۆمان دەسووتێنێ و ڕواڵەتمان خەڵکی دیکە.

لێیان دەپرسم: جگە لەو سێزدە کیلە گەنمە داهاتی دیکەتان هەیە؟

– داهاتی دیکە؟ بەخودای لە عەرز و ئاسمان هیچ شک نابەین. درۆ نەبێ حەوتووی پێشوو کاتێک لە بازاڕ دەگەڕاینەوە دوو سێ قڕانم دۆزییەوە. هیوا و پەنامان تەنیا خودایە و بەس، ئەو هیوا و هومێدە نەبێ ئەوساڵ لە برسان دەمرین، ئاخر سێزدە کیلە گەنمی بەزاری کێ دادەین؟ بۆ خۆشم نازانم ناچار ددان بەجەرگی خۆمان دادەگرین و چاوەڕوانی مەرگین، مەرگ نەبێ لەو بەدبەختی و چارەڕەشییە نەجاتمان نابێ. ئەگەر مردین خێرخوایەک هەر دەبێ تەرمەکەمان بشارێتەوە و قەل و داڵ نەمانخوا...

نووری ئاغا پرێسکەی دڵی کڵۆڵی دەکاتەوە و خەم و دەرد هەڵدەڕێژێ، لە حاڵێدا خەڵکەکەی دەوروبەری بەسەرلەقاندن ئۆباڵیان بۆ دەکێشا، لە حەیبەتان جەرگم دەتگوت ئاوری تێ بەربوو، مووی سەرم وەک نەشتەر ڕاست و قرژ ببوونەوە.

نووری ئاغا دڵی ئەوەندە پڕ و لەجۆش بوو ئەگەر دە ڕۆژیش گوێم بۆ ڕاگرتبا تەواو نەدەبوو. وەک برینی گەیشتوو زاری ئاوڵە کردبوو و کێم و هەوای لێ دەهاتە خوار. «ناتوانین هیچیش بدەین بەکوێخا»، بۆ بۆخۆمان زۆرمان هەیە بەشی ئەو بدەین؟ نە زگمان بۆ تێر دەبێ و نە جلوبەرگی خاووخێزانمان بۆ دەکڕدرێ. ئەوە کە باسی جلوبەرگم کرد پێت وا نەبێ بەرگی نوێ لەبەر دەکەین. بەرگی کۆنیش بکڕین دووسەد لیرەی دەوێ. بەرگ هیچ کە بۆمان نالوێ و دەست نادا، خودا بکا لە نانی ویشکی تێر بین بەسمانە،خودا خودامانە نانەڕەقەکە ببێ با بەرگ هەر نەبێ و ڕووت بین...

دەڵێم: چی دی؟

دەڵێ: ئەوانە بەس نین؟ دیسانیش درێژەی بدەم؟

دەستم ماندوو ببوو. گوتم با برێکیش دەگەڵ ئەو جیرانانە قسە بکەم. گوتیان: هەموو وەک یەک واین و هاودەرد. عوسمان نێوێک دەست دەکا بەقسان:

– بەخودا، بەپیر، بەپێغەمبەر و بەهەرچی باوەڕت هەیە تەواوی داهاتی من دە «کیلە» جۆ بوو بەجەحەندەم زەحمەتەکەمان بەخەسار چوو، تۆوەکەمان بەفیرۆ ڕۆیشت و لە نان و تۆو بووین. چاومان بەچڵێک گەنم نەکەوت، ئەگەر ئەو دە کیلە جۆیە نەبا سەگ و شوانمان دەهاتەوە، ئێستاش تێ ماوم کە ئەو دە کیلە جۆیە چ لێ بکەم؟ دەرخواردی ماڵ و منداڵی بدەم، بیکەمە ئالیکی مالاتەکەم یان ڕایگرم بۆ بنەتۆو؟

«دکۆ» سینگی دێنێتە پێش و قسەی عوسمان دەبڕێ:

– ئەرێ ئەتۆ شێت بووی، هیچ دەزانی دەڵێی چی؟ هەتا مندار



نەبوونەوە سەریان ببڕە و بیدە بەمنداڵەکان.

– زۆر باش ئەوە بەقسەی تۆم کرد و سەرم بڕین، چۆنی لێ بنێین و بەچی دروست کەین؟ دار لە کوێ بێنین؟

ڕقەکەیان نیشتبۆوە و لەسەرەخۆ قسەیان دەکرد. نووری ئاغا دەڵێ:

– ئەوە دوو ساڵە کەسمان نەمردووە، بەڵام دە ساڵ لەمەوبەر بەجارێک دە کەس لە بنەماڵەی ئێمە عومری درێژیان بۆ ئێوە بەجێ هێشت.

«مەمۆ» دەڵێ: کوڕم ئەو وەختی هەموو کەس هەروا بوو، دایکی خوالێخۆشبوومان دەیگێڕاوە دەیگوت لە قاتی و قڕی ساڵانی پێشوودا تەنیا کیلە جۆیەکمان وەدەست کەوت و دوو مانگی تەواومان پێ گوزەراند، ئەویش چ گوزەرانێک، خوێ نەبوو لە ئاردی کەین و هەروا دەمانخوارد. ئەو ساڵە تەنیا لە گوندەکەی ئێمە پەنجا نەفەر لە برسان مردن.

یەکێک بەم چەشنە ئاکامی قسەکانی ڕادەگەیەنێ.

–جگە لەوەی کە پیاو وەکێو کەوێ و دەست بکا بەرێگری و چەتەیی هیچ چارەیەکی دیکە نەماوە. ئەو وەختەش دەبێ بچی لە بۆسەوە تا چارەڕەشێک دەکەوێتە داو و ڕووتی دەکەی.

نۆبە دەگاتە «وەلی» و دەڵێ:

–«ئەفەندی» ئەو شتانەی کە وا بەپەلە دەیاننووسی هەر لەسەر قاقەز نەمێنێتەوە.

بنووسە بزانم سەرەنجام ئەو دەوڵەتە دڵی پێمان دەسووتێ یان نا؟ بەڕاستی پێت وایە پێمان ڕابگا؟

دەردی دڵ ئەوەندە زۆرە دوایی نایە... ئێوارەیە و هەڵدەستین.

– دەمانبوورن کە سەرمان ئێشاندن، دەبێ ئیزن بدەن بڕۆیین.

دەڵێین:

–ئیجازەی ئێمەش بەتۆیە، ئێمە زەحمەتمان دان و سەرمان ئێشاندن. بەسلامەت سەر چاوان، سەر خێران. بەرێگای خۆماندا دەگەڕێینەوە.

## بنەتۆو

وا دیار بوو کە نووسراوەکانی من لە بارەی بەرهەم و داهاتی دێ نشینەکان بەگوێی بەرپرسانی دەوڵەتی گەیشتبوو. دەتگوت ئەوانیش بەزەیان بەو خەڵکە کڵۆڵ و هەژارەدا هاتووە و ئەو وەزع و دیمەنە نالەبار و ناخۆشەیان بەگوێی بەرپرسانی گەورەتر ڕاگەیاندووە. دەوڵەت ڕایگەیاندووە کە بانگی کشتوکاڵ تۆو دەدا بەدێ نشینەکان.

ڕۆژی دووشەممە نۆبەی گوندی ئێمەیە. ڕۆژێک لەپێشدا لەسەر بانێکی بەرزی ئاوایی بانگەواز دەکەن و دەڵێن: چوار وێنەی خۆیان و هەموو سجیلەکان بێنن، نەکەن لە بیرتان بچێ. سەری شەوێ وەڕێ دەکەوین، بەڵکو بەیانی زوو بگەینە شار. هەر کەسیش قسەیەکی هەیە ئێوارێ بێتە ماڵی کوێخا...

ئێوارێ هەموو لە ماڵە کوێخا کۆبوونەوە، هەر کەس لەبەر خۆیەوە زۆر بەناڕێکوپێکی شتێکی دەڵێ:

«ئاخر برالە سەد و پەنجا کیلە گەنم چ دەردێکی ئەو خەڵکە دەرمان دەکا؟ هەریەکەی سێ کیلە یان برێک زیاتریان پێ دەبڕێ. ئەوەندە تۆوەی لە کوێ دەچێنین؟ بەخودای بابم هێندە شتێکی بەرچاو و بایەخدار نییە کە شەو و شەونخوونی لەسەر بکێشی.

مستەفا دەڵێ:

– کاروباری دەوڵەتی هەر وایە، دەڵێی چی؛ بۆ هەتا ئێستا نەتدەزانی وایە؟ پێت وابوو دەرکی حەمباران دەکاتەوە و هەمووی دەدا بەئێوە؟ ئەو هەموو فەلا و جووتیارە بەکێ دابین دەبن. دەبێ شوکری خودا بکەین کە ئەوەندەشمان دەدەنێ. ماڵیان ئاوەدان بێ ئەگەر ئەوەندەیان پێ نەدابایەن دەمانتوانی چ بێژین؟

زۆربەیان دەڵێن:

– وەریدەگرین و هەر لەوێ دەیفرۆشین، خەرجی دەکەین و دەگەڕێینەوە.



تاقمێکیش بیر لە خەرجی ڕێگا دەکەنەوە و دەڵێن:

– یان دەبێ برێک دانەوێڵە بفرۆشین یا کیلەیەک لەو تۆوەی کە بڕیارە بماندەنێ، جگە لەوەی هیچ چارەیەکمان نییە، خۆ بەگیرفانی بەتاڵیش سەفەر ناکرێ؟

کوێخا ڕوویان تێدەکا و دەڵێ:

– خەڵکینە لەوانەیە دوو سێ ڕۆژمان پێ بچێ، برێک خواردەمەنی لەگەڵ خۆتان هەڵگرن، قەباڵە و سجیل و وێنەتان لەبیر نەچێ... شەو زوو وەڕێ دەکەوین با بەیانی لەوێ بین...

دوای ئەو قسانە یەک و دوو بڵاوەیان کرد و ڕۆینەوە. تەنیا کوێخا و من و ئەندامانی لێژنەی گوند مانەوە. چاووش وەلی لە حاڵێکدا دەیگوت: «مەحموود ئەفەندی دەزانم خەریکی ئەو شتانە لە مێشکتدا بنووسی، ئازادی هەرچی دەنووسی». زاری دەکاتەوە و دەڵێ:

– مەحموود ئەفەندی بۆ خۆت دەزانی کامان زۆر کەمە، شەش سەرمان پاتاڵ هەیە، تەڕایی نەوتیشمان لە ماڵدا نییە. لە سەر ئەو وەزع و حاڵەوە دەبێ چ بکەین؟ بەڕاستی کاتێک نەهاتی بەسەر شانی ئینساندا هات لە هەموو لایەکەوە وەک باران ناڕەحەتی بەسەردا دەبارێ و کەند و کۆسپی دێتە سەر ڕێ. حەزم دەکرد بزانم ئەوانە ویستی خودان؟

ئەوڕۆ بەسەر پێیەکەوە چوومە تەویلە، کاتێک چاوم بەو منداڵە سەر و پێچکانە کەوت ژیانم لەبەرچاو کەوت و گوتم یاڕەببی کافر و موسڵمان ئەو دیمەنە نەبینێ.

وسێن بەگ دەڵێ:

– چاووش وەلی ئەگەر ئەو مەڕوماڵاتە زمانیان با و زانیبایان ئێمە ئەوەندە بەدبەخت و چارەڕەشین هیچ وەختێک نەدەهاتنە سەر دنیا.

بۆ ئەوەی منیش قسەیەکم کردبێ دەڵێم:

– ئەوە بۆ هێندە چرووک و بەرچاو تەنگن، خۆ هیچ کامتان لە سەد کیلە و کەمتر پاشەکەوت نییە.

چاووش وەلی دەڵێ:

– خۆ هیچ کەس نەزانێ ئێوە دەزانن کە ژیانمان وەک ژیانی سەگ وایە، ئەتۆ ئەو قسانە بۆ دەکەی. زۆربەی خەڵکی ئەو گوندە داهاتی یەک ساڵەیان لە دوو کیلە تێناپەڕێ.

دەوڵەمەندترین ئامپا و جووت بەندەی ئێمە (شابان بەگە)کە داهاتەکەی خۆی بکوژێ دەگاتە بیست کیلە.

ڕاستی دەکرد و دەیگوت:

– ئەگەر ئینسان خواردەمەنی ئەو خەڵکە لەبەرچاو بگرێ بۆی دەردەکەوێ کە لە هەوەڵی پایزەوە جگە لە نان و شووتی هیچی دیکەیان نەخواردووە.

چاووش وەلی دەڵێ:

جا بۆ ناڵێی نانی ویشک. خەڵک ئەوەندە دەسکورت و نەدارن پێیان خۆش نییە هیچ کەس ڕازی ژیانیان بزانێ. بەیان کردنی ژیانی ئەو خەڵکە لە توانای هیچ نووسەر و قەڵەمێکدا نییە. بەڵام ئەگەر کەسێکی تاقەت و حەوسەلەی هەبێ و ماوەیەک دەگەڵیان هەستێ و دانیشێ ئەو کاتە دەتوانێ بڵێ بۆ وێنە چاووش وەلی چۆن دەژی.

ئەو کەسانەی کە بۆ تۆو وەرگرتن چووبوونە شار دوای دووڕۆژ گەڕانەوە. تەنیا چوار کەس تۆویان لەگەڵ خۆیان هێنابۆوە. ئەوانی دیکە هەر لەوێ فرۆشتبوویان و لە دەرد و مەرگ و هەزار و یەک بەدبەختی و چارەڕەشی خۆیان خەرج کردبوو. جگە لەوەش دەڵێن:

–خودا سێبەری ئەو دەوڵەتەمان لەسەر کەم نەکاتەوە، یاخودا هەر ڕاوەستاو بێ، چا نییە ئەوەشمان دەداتێ. بەڵێ تۆومان نەهێناوە ماڵ، بەڵام زۆربەی گیروگرفتەکانی خۆمان پێ پینە کرد. بۆ دانەوەی قەرزەکەشی خودا گەورەیە.



## سەفەرێکی دەوری دنیا

مەودای گوندەکەی خۆمان هەتا ئەو گوندە کە دەرسی لێ دەڵێمەوە بەپێیان دە سەعاتە ڕێیە، یانی ڕۆژە ڕێیەک، ڕێگاش چ ڕێگا، هەتا چاو هەتەر دەکا دڕک و داڵە و بێ ئاوە و چاوت بەهیچ زیندەوەرێک ناکەوێ.

ساڵێ پێنچ شەش جار دەبێ ئەو ڕێگا دوورودرێژە بچم و بێمەوە، حەز دەکەم هەر بەپێیان بێم و بچم، چونکە هەم ئاسوودەترم و هەم کەمخەرج ترە.

مانگی ڕەزبەر کە بۆ نێونووسی منداڵەکان دەگەڕێمەوە ئاوایی، دوای ئەوەی کاروباری قوتابخانەم تەواو کرد ناگەڕێمەوە و باوکم لە پاشان شتومەکەکانم بۆ دێنێ.

بەڵام لەبەرئەوەی بڕێک لەو شتومەکانە پێوست بوون ناچار بووم گوێدرێژ لەگەڵ خۆم بەرم. بەیانی سەعاتی شەش وەڕێ کەوتم. سەد بریا هەر پیادە بایەم، کەر سمی دەچەقاند و ڕێگای دانەدەگرت، جاری واش بوو هەوسارەکەی لەسەر دادەماڵدرا و دەمگوت سەکەت دەبێ و دەتۆپێ، هێشتا بەتەواوی لە ئاوایی نەدیو نەببووین تەماشام کرد زۆر ماندووە و لیکاوی بەلالغاواندا دێتە خوار. «بڵێی نەخۆش بێ؟ خۆ ئێوارێ زۆر بەکەیف بوو...»

خۆزگە نە ئەو خورجێنەم هێنابا و نە ئەو کەرە. سەد بریا ئەو کەر سوارییەم نەویستبا. «شەیتان دەڵێ لەو دەشتە بەرەڵڵای کەم»، بەڵام لە ئاوایی دوور کەوتبوومەوە و دەترسام پێ نەزانێ بگەڕێتەوە ئاوایی. دوای ئەوەی زانیم هیچ چارەیەک نییە ملی ڕێم داگرت و وەڕێ کەوتم.

بەڵێ، بەشەلەشەل و بێ وازی کەری بێ چارە وەڕێ کەوت و منیش هەنگاوەکانم شل کردەوە و بەپێی وی دەڕۆیشتم.

سەعات دەوروبەری نۆ هەوا گەرم ببوو و داهێزرابووم. سەرم هەڵێنا و تەماشام کرد فڕۆکەیەک لەسەرووی بەرزاییەکانی کێوی «حەسەن» دیار بوو لە «ئادانا» وە دەچۆوە بۆ «ئانکارا» بەکورتی تەواوی ڕێگای منی بەدوو

دەقیقان پێوا و تێپەڕی، بەڵام من کەی دەگەمە جێ، خودا دەزانێ.

ئەگەر وچانمان نەدابا نە کەرەکە و نە بۆخۆم نەماندەتوانی بڕۆین، ڕۆژ لە نێوەڕاستی ئاسمان تێپەڕیبوو، بەڵام ئێمە هێشتا سێ یەکی ڕێگامان نەبڕیبوو... زۆر نارەحەت بووم. لە حەیفان گوێدرێژم وەبەر نەقیزە دا، بەڵام بێ سوود بوو، ناچار وەپێشی کەوتم و هەوسارەکەم بەدوای خۆمدا کێشا، جارناجاریش دەگەڕامەوە و دەنگم دەدا، بەڵام بەهیچ جۆر ڕێگای دانەدەگرت، لە حەیفان سەرم لێ ئەستوور ببوو و نەمدەزانی چی لەگەڵ بکەم؟

فڕۆکەکە هێندەی پێ نەچوو هات و بەسەر ئێمەدا تێپەڕی لەو ماوەدا کە چووبۆوە ئانکارا و گەڕابۆوە من و گوێدرێژەکە هەر دوو کیلۆمیتر ڕێگا ڕۆیشتبووین. وردە وردە ڕۆژ ئاوا بوو و شەو بەسەردا هات. کەر لە پێشەوە و من بەدوایدا دەڕۆیشتم. دەشت و بیابانێکی چۆڵ و کپە و گوێم دەزرینگێتەوە. جگە لە دەنگی ئەو مێشوولانەی کە لەسەر و چاوی کەرەکە دەهاڵان چاوم بەهیچ زیندەوەرێکی دیکە نەدەکەوت، سەرم هەڵدێنم شوکری خودا دەکەم و دەڵێم جا چا نییە مانگەشەوە.

بۆ لە خۆڕا سەرتان بێشینم، نە گوێدرێژی نەخۆشی بەستەزمانی بێ زمان تاقەت و هێزی لەبەردا ماوە نە بۆخۆم. ئەژنۆکانم لەخۆڕا دەنوشتانەوە و هەر بەلادا دەهاتم، زمانم بەمەلاشوومەوە نووسابوو، تفم لە زاردا وشک ببوو، ئەوەندە بێ حاڵ بووم نەمدەتوانی پاروەوە نانێک لە تێرەکە بێنمە دەر و بیخۆم. ئیشتیام بۆ هیچ نەدەچوو، دەتگوت گایەکیان لە نێو زگمدا کوشتۆتەوە.

کەڵەشێری بەیان خوێندی و لە ئاوایی نزیک بووینەوە، قوتابخانە لەسەر ڕێگایە و ئاوایی کەمێک لەولا. هەر کە گەیشتینە قوتابخانە گوێدرێژەکە کەوت. ئەمنیش خۆم بۆ ڕانەگیرا و لە پەنادیوار ڕاکشام، لەو ماوەدا وردە وردە هەوا ڕووناک بوو، ئەوەند ماندوو بووم چاوم هەڵنەدەهات و دەتگوت کوێر بووم.



دوای ئەوەی کەمێک حەسامەوە، هەستام بڕێکم جۆ لە تێرەکە هێنا دەر و لەبەردەمی گوێدرێژەکەم ڕۆ کرد. هەر بەتخێڵ بوونەوە بڕێکی لمبۆز تێوەردا و بووژاوە. هەڵمئەستاند و بەرەو تەویلەی جیرانەکەمان وەڕێ کەوتم. جیرانەکە لەبەر دەرد و مەرگی خۆی لە ئێمە بێ خەبەرە و دەڵێ:

– زۆر وەختێکی چاک گەیشتوویەوە مەحموود ئەفەندی! سەری شەوێ وەڕێ کەوتووی؟

یازدە ڕۆژی تەواو کەرم لە تەویلە کرد و بەدەوریدا هاتم و چووم. کاتێک باوکم هات گوێدرێژەکە بەرێتەوە، بێ خەبەر لە هەموو شتێک دوای سڵاو و چاک و خۆشی گوتی:

–چاکە کەرەکە بەکەیفە!

دوای ئەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕاوە پێکەنی و گوتی:

–من بەسواری ئەو گوێدرێژە بەبیست و چوار سەعاتان دەچمە ئانکارا. ئەتۆ نازانی کەر لێ خوڕین چۆنە. داخودا لە ڕێگادا بیرت لە چی کردۆتەوە، کەر لێ خوڕینیش زانستی دەوێ و دەبێ پێی ڕابگەی.

## هۆنراوە

نەکەن پێتان وابێ دەمەوێ خۆ بنوێنم و غەزەلی ئاشقانە و بەسۆزی «فزوولی»[*] و هۆنراوەی پڕ جۆش و خرۆشی «باقی» تان بۆ دەخوێنمەوە. نا، نا، ئەو خەیاڵەم لە سەردا نییە، حەز دەکەم هەڵبەستی دەرد و پەژارە و شی کردنەوەی چۆنیەتی ژیانی گوندێک بخەمە بەر چاوتان کە بەبڕوای من لە هەموو هۆنراوەیەکی ئاشقانە زیاتر جێگای خۆی دەکاتەوە و هەستی هەموو ئینسانێک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. گوندەکەی ئێمە لە سەر لێوی ڕووبارە، بەڵام ئاوەکەی بەفیڕۆ دەڕوا و کەس کەڵکی لێ وەرناگرێ. هاوینان کە ئاوی چۆم گەرم دەبێ، خەڵک لە سەرچاوەیەکی نزیک ئاوایی ئاو دێنن، ئاخروئۆخری مانگی خەرمانان نە چۆم ئاوی تێدا دەمێنێ و نە کانی. ئێستا یەکێکم دەوێ لە خۆ ڕاببینێ و قسە لە پاک و خاوێنی و نەخۆشی و میکرۆب بکا؟

تەنیا بەڵگەیەکی کە خەڵک هاوینان دڵیان بەئاوی چۆم خۆش نییە لەبەر گەرم بوونی ئاوەکەیە. ئەگینا کێ هەیە بڵێ ئەو ئاوە پیسە و پڕە لە خڵتە و خاڵ و ڕیخی گا و گامێش و جێ مۆڵگەی گاڕانی ئاواییە، لەبەر گەرمییەکەی نەبێ بەنێتی شفا دەیخۆنەوە و خۆش سڵ ناکەن.

(*) فزوولی و باقی دوو شاعیری نێو بەدەرەوەی تورکن – وەرگێڕ.



## خانوبەرەی دێهات

ئەوە کە باسی خانوبەرە دەکەم نەکەن پێتان وابێ وەک خانوبەرەی شارن و جێگای کەوشان، هۆدەی خەو و دانیشتن، چێشتخانە، حەمبار، ئاودەست و حەمام و... بێننە پێش چاوی خۆتان.

تەواوی خانوبەرەی ماڵە دێهاتییەک بریتییە لە چوار دیوارێکی کە هەم چێشتخانەیە و هەم وەتاغی خەوتن و دانیشتن و مێوانداری. دار و دیوارەکانی وا ڕەش بوون لەگەڵ قیل بۆت لێک نابنەوە، عەرزەکەی پڕە لە خاک و خۆڵ و میچەکەشی هەموو قورمە.

هەموو ماڵەکان وەک یەک دەچن و تەواوی بنەماڵەکان لە وەتاغێکدا دەخەون. لە دەوران دەوری دیوارەکان بزماریان داکوتاوە و گۆزە شکاو و کوولەکە سەراوی[١] و شتی بێکارەی لەم جۆرەیان پێوە هەڵواسیوە. کاتێک دەڵێم: دایە ئەو شتە کۆن و شکاوانە بەکەلک نایەن و دەبێ فڕێیان دەی، دەڵێ کوڕم ئەتۆش بەو چوار کلاسە سەوادەتەوە بوویە سەرباز و بەلا بۆ گیانی ئێمە، دەتەوێ بەو قسانە لەماڵمان کەی و پێمان فڕێ دەی. دەڵێی شێت بووی؟ ئەوە بۆ خۆمان لێ نەناس دەکەی؟

(١) لە دێهات کوولەکە سەراوی دەکۆڵن و دانەوێڵە و کەلوپەلی وردکەی تێ دەکەن.

# تەنوور

لە نێوەڕاستی ئەو تەنیا نێوماڵە کە هەیانە قوڵکەیەک هەڵکەندراوە، کەسێکی ناشارەزا بێ پێی وایە بۆ دار لێ چەقاندن هەڵکەندراوە. بەڵام ئەو قوڵکەیە تەنوورە. تەنووری بنەماڵەیەک بریتییە لەو قوڵکەیە. بەیانان دوای مەلابانگدان تەنوور هەڵدەکەن. لە یەکەم چاوپێکەوتنندا پیاو دەکەوێتە شکەوە و دەڵێ: «ئەو ئاورە چلۆن لەو قوڵکەیەدا دەکەنەوە. کونێکی وەک کونی مشک بەناوی گوڵبێنە سەرنجی پیاو ڕادەکێشێ. دەتوانین بڵێین ئاوری نێو تەنوورەکە بەهۆی ئەو کونە دەگەشێتەوە. دوای ئەوەی ئاوری نێو تەنوورەکە دامرکا، برێک پەڕۆکۆن بەناوی گوڵبێنە ئاخن لێک دەهاڵێنن و زارکی پێ دەگرن بۆ ئەوەی پۆلۆکان زیاتر خۆ ڕاگرن.

دەڵێم:

– دایە! خۆزگە سۆبەیەکمان دەکڕی و لە کۆڵ دوکەڵی تەنوور دەبووینەوە.

– سۆبە چییە؟!

دەست دەکەم بەقسان و دەڵێم: لوولەیەکی درێژی هەیە، درێژایی لە پانایی زیاترە، دەرکەیەکی لە پێشەوە هەیە، لە نێو ئەو دەرکەش دەرکێکی دیکەی چووکە، کە بۆ گەشانەوەی ئاورەکە کەڵک لەو دەرکە چووکە وەردەگرن و فلان و فیسار...

حاڵی دەبێ و دەڵێ: ئەو شتانە بۆ ئێمەمانان نابن! ئینسان تا نێوقەدی نەچێتە نێو تەنوور کوا گەرم دەبێتەوە؟

ئاوردووی تەنوور بریتییە لە پشکەڵ و کەمەرە و دەوە و تەپاڵە، دەستەچیلەکەشی ئاوماڵک و پووش و پەلاش و چیلکە و چاڵە. کاتێک تەنوور هەڵدەکەن لەبەر چڕەدوکەڵ کەس ناتوانێ دەقیقەیەک بەپێوە ڕاوەستێ و چاو چاو نابینێ، بەچاوپێکەوتنی ئەو دیوارە دوکەڵ و قورماویانە پیاو وێنە و قەڵافەتی قولی[1] دێتە بەر چاو.

(١) قول: ئینسانی ڕەش پێست.



جێگای خۆیەتی باسی خێر و بەرەکەتی کورسیش بکەین. بەڵام بەر لە هەموو شتێک با ئەوە بڵێم کە مەبەستم ئەو کورسییە نییە کە بۆ قسەکردنی پیاوی ماقووڵ دەڕازێتەوە. دوای ئەوەی فراوین خورا و دیزەی چێشتی شەویان دەتەنوور نا، نۆرەی خۆگەرم کردنەوە و کەڵک وەرگرتن لە تینی تەنوورە. بۆ ئەوەی تەنوورەکە درەنگتر سارد بێتەوە و تا شەو خۆ ڕاگرێ کورسی لەسەر داوێن و بەجاجم و لێفەکۆن دایدەپۆشن، کورسی لە زستاناندا زۆر بەقەدر و قیمەتە بەتایبەت بۆ منداڵان، لە سەرمان لە بنی نایەنە دەر، هەروەها کاتێک پیرێژنەکان چیرۆکی پەری و جندۆکە و شتی لەو چەشنەیان بۆ دەڵێن، جار لەگەڵ جار زیاتر جێگای خۆیان خۆش دەکەن. شەوێ لە هەر چوار دەوری کورسییەکە جێگا ڕادەخەن و لاقیان لە بن کورسی دەکێشن، لانی کەم هەشت کەس لە دەوری ئەو کورسییە دەخەون، ئەو بنەماڵانەی منداڵیان زۆرە، سێ و چوار پێکەوە دەخەون، بەڵێ شازدە لاق لە بن ئەو کورسییە چووکە دایە.

## دەلاقە و کولانە

وەتاغەکەی ئێمە دوو ڕۆچنەی هەیە، یەکیان کولاوکەیە کە لەسەر تەنوورەکەیە. دەلاقەیەکی دیکەی کە هەموو وەتاغێک هەیەتی دەلاقەیەکی دوو بست بلّیند و بستێک پانە، دیارە هیچ کام لەم ڕۆچنانە شووشەیان تێدا نییە، وەرزی زستان و هاوینیش ئاوەلّەن. هەروەها لە زستاندا کولاوکە بەپەڕۆکۆن دەگرن و بۆ ئەوەی بەیبا بەردە کولاوکەی لەسەر دادەنێن.

زستانانیش کە هەوا زۆر سارد دەبێ دەلاقەی دیوار بەتەختەیەک ئەویش بەو شەرتە وەگیریان کەوێ یان بەقوڕ سواغی دەدەن و دەیگرن، تەنیا کونێکی چووکی کە پشیلە بتوانێ پێیدا هاموشۆ بکا دەهێلّنەوە و بەس، بەو تاریفانەی کە کردمان چاک وابوو لە سەرەتاوە گوتبامان کولانە و دەلاقە نەک پەنجەرە.

کولانە بۆ دێ نشینەکان زۆر گرینگە، چونکە ئەگەر ئەو کولانە نەبێ لەوانەیە بەدوکەلّ بخنکێن.



## ڕووناکایی

لە شارە گەورەکاندا چرای نەوتی وەک شتی نایاب و مەکینەیەکی کۆن و لە مۆد کەوتوو دەناسن. بەلّام هێشتا ئەو وەسیلە کۆن و لە مۆدکەوتووەی دەستکەوتی شارستانییەت نەهاتۆتە زۆربەی دێهاتەکانی ئێمە.

ڕۆژی هەوەلّێ کە یەکێک لەو چرایانەم لە سووچێکی مالّێ بەچیلکەیەکی وەک بزمارەوە هەلّاوەسی، پێم وابوو فەتحێکی گەورەم کردووە و زۆر لە خۆم ڕازی بووم.

مندالّەکان کە چاویان بەو چرایە کەوت لەبەرئەوەی زۆریان پێ سەیر بوو و قەتیان نەدیبوو زاریان بۆ وێک نەدەکەوتەوە، پاش ئەوەی زۆریان تەماشای یەکتر کرد یەک بەخۆیان هەرایان کرد:

– دایە دایە وەرە کاکە شتێکی سەیری هێناوە، تەماشای کە ئاگری لەنێو داییسێ.

بۆخۆم کە لە مالّ نەبم هیچ کەس ناوێرێ بۆ لای بچێ، چونکە نازانن هەلّیکەن. یەک دوو جاریش پێم گوتوون.

– دایە، بابە بۆ هەلّیناکەن؟

لە وەلّامدا گوتوویانە:

– هەر وەختێکی هاوینێ بۆ خۆت گەڕایەوە هەلّیکە، خودای نەخواستە لە دەستمان بکەوێتە خوار دەبێتە هەزار لەت، بێجگە لەوەی کە شارەزا نین هەلّیکەین نەوتی لەکوێ بێنین؟ ئەگەر دلّت نەیەشێ و ڕاستت دەوێ ئەو دیارییە بەکەلّکی ئێمە نایە. دەمهەوێ باسی شتێکی دیکەتان بۆ بکەم؛ کیفی پوولّ. هەرچەند بڕێک لە تەویلەکان دەرگای بەجودایان هەیە، بەلّام دەرگای تەویلەی زۆربەی مالّەکان لە وەتاغی دانیشتن ڕا بۆی دەچن و پاتالّ بەسەر ڕایەخی نێو مالّێدا دەچنە سەر ئاخوڕەکەیان. کابرای دێهاتی ئەو دەمەی کەیفی سازە کە مەڕومالّاتەکەی سلّامەت و بێ وەی بێ، تەنانەت لەو کاتەدا بۆنی ڕیخ و پەینیش لە ولّاتی بگەڕێ گوێی لێ نییە.

کوڕی «فەتحی» بەکرێکاری چل و پێنج لیرەی پاشەکەوت کردبوو. پووڵەکەی لە جێگایەکی ئەمین لە نێو قەڵشتی دیواری تەویلە شاردبۆوە. دەڵێن بەڕە هەر لەلای تەنکییەوە دەدڕێ، مەسەلەیەکی کۆن و ڕاستە، لەبەر ئەوەی قەڵشتی دیوارەکەی سواغ نەدرابوو گوێلکێکی بەدفەڕ و قۆشمە بەبۆن کردن دەچێتە سەر پووڵەکە و پاشەکەوتی کرێکاری چارەڕەش برێک لە زاریدا دێنێ و دەبا و قووتی دەدا. کاتێک پێ دەزانن جگە لە ئەژنۆ دان چی دیکەیان بۆ ناکرێ. بەو ڕووداوە مەسەلەیەکی دیکەم وەبیر کەوتەوە. ماوەیەک لەمەوبەر لە کوڕێکم پرسی:

– کوڕم ئەوە چەند ڕۆژە بێ قەڵەم دێیەوە؛ بۆ ناکڕی؟

– ئاغا باوکم دەچێتە مووچە و دایکم نازانێ پووڵەکەی لە کوێ داناوە. شەوی ڕابردوو تەویلەمان سەنگ و سووژن دا هیچمان نەدۆزییەوە.



## ئیستامپ

ئێمە تاکو ئێستا لە دەوری گرینگی ئەو دوکەڵەی کە تەواو دار و دیواریماڵەکانی ڕەش هەڵگێڕاوە بێ خەبەر بووین و تازەمان پێ زانیوە کە دوکەڵ تا چ ڕادەیەک بەکەڵک و گرینگە.

ڕۆژێک نامەیەکی عەرز و حاڵم بۆ لاوێک نووسی، نامەکەی لێ وەرگرتم و بردی بۆ لای کوێخا بۆی مۆر کا. کاتێک نامەکەی هێناوە تەماشام کرد مۆری کوێخا هەموو قاقەزەکەی ڕەش کردووە. پاش ئەوەی برێکی لێ ورد بوومەوە بۆم دەرکەوت کەکوێخا قەتی «ئیستامپ» نەدیوە، بەڵام بەسەلیقەی خۆی بەجێگای ئیستامپ مۆرەکەی لە دوکەڵ داوە و بەقاقەزەکەیەوە ناوە. بەڵێ دوکەڵ سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووە بۆ «ئیستامپ».

## سەعاتی دێهات

ناسین و دیاری کردنی وەخت و کات و سات بۆ دێ نشینەکان شتێکی ڕۆژانە و بەرچاوە و زۆر شتی دیکەش بەسەلیقە و بۆچوونی خۆیان جێبەجێ دەکەن. بۆ وێنە ئەگەر بزنێک نەخۆش کەوێ تەماشای کلکی دەکەن، هەروەها بۆ زەوی وەگاهاتوو تەڕایی زەویەکە لەبەر چاو دەگرن. سەعاتی ئاوایی ئێمەش شتێکی ئاوا ساکار و سادە و بێ خەرجە... هەرچەند «خۆ جاکەلیش» سەعاتێکی گیرفانی کۆنێ هەیە بەڵام هیچ کەس حەوسەلەی ئەوەی نییە لێی بپرسێ و بڵێ سەعات چەندە. دەرگای مزگەوت کە ڕووی لە ڕۆژئاوایە نیشانەیەکی پێوەیە، کاتێک سێبەر گەیشتە سەر ئەو نیشانە بانگی نیوەڕۆیە دەدەن و نوێژ دەکەن، بۆ نوێژی ئێواریش تەپۆڵکەی قەراغ گوندیان کردۆتە نیشانە، نوێژی شیوانیش ئاشکرایە هەر وەختێک ڕۆژ ئاوا بوو بانگ دەدەن و نوێژی خەوتنان تا بەیانی ناچێ و دەڵێن هەتا درەنگتر بێ خێری زیاترە. بەڵام وەختی نوێژی بەیانی بەدەست «خۆجاکەلیش»ە، عەیارێکی بۆخۆی بۆ داناوە، ڕەنگە بڵێن کەوابوو زستانان کە هەور و هەڵایە و ڕۆژ بەدەرەوە نییە خەڵک چ دەکەن؟ مەسەلەیەکی زۆر گرینگ نییە، یەکەم ئەوە کە کابرای دێهاتی بەیانان زوو هەڵدەستێ، دووەم ئەوەیە کە لە مەسەلەی شەرعیدا حوکم، حوکمی عالم و زانایە. کاتێک و ساتێک کە «خۆجا» دیاری دەکا و بانگێگی کە دەیدا جێگای گیروگرفتێک ناهێڵێتەوە!!



## قاپ و کەوچک

چێشتی ئاوەکی لە دیزەیەکی سەر ئاوەڵەدا دەبەن بۆ مەزرا و هێندێک جاریش سەری بەپەڕۆیەک دەبەستن. بۆ تێکوشینیش لە قاپێکی مسی خواروخێچی قەت مزگەر نەدیو کەڵک وەردەگرن. بەکەوچکی داری چل پەنجا ساڵ کارکردوو و ڕەش هەڵگەڕاو و دەسک شکاو و قەڵشیو نانی دەخۆن. بۆ قاپ و کەوچک شۆردنیش زۆر خۆیان زەحمەت نادەن و بەلالوێچێک ئاوی سارد تێوەردان چاویان دەنووسێنن و هەڵیاندەپەسێرن.

ئەو ماڵەی کە منیش لێی بووم هەروا بوون، لە سەرەتاوە ئیحتیرامیان لێ گرتم و کەوچکی دیکەیان بۆ دانام، پێیان وابوو قەتم کەوچکی دار نەدیوە و نانی پێ ناخۆم، گوتم:

من چم لە ئێوە زیاترە؟ کەوچکەکەم بەقەڵسی فڕێ دا و دەستێکم کەوچکی تازەی دار کڕی. هەموو ماڵێک شتی تازەیان هەیە، بەڵام لەبەر دەستی دانانێن، پرسیم بۆ کەوچکە تازەکان لەسەر سفرە دانانێن؟ ژنی خاوەن ماڵەکە گوتی: بۆ ئەو کەوچکانە چییانە؟

ئەمن ئینسانێکم کە هەموو بێ سەلیقەیەک قەبووڵ دەکەم و زۆر بێ بێز و بۆم، بەڵام ڕۆژێک چاوم بە شتێک کەوت کە نەمتوانی لە سەر سفرەی دانیشم.

باوکم لە پیاڵەی خواردەمەنی خۆماندا گوێدرێژەکەی ئاو دا، ئەویش چ ئاودانێک ئەوەی پێمان بوو دەرخواردی ئەوی دا. ئەو ڕۆژە هەوا زۆر گەرم بوو هەموومان لە مووچە بێ ئاو و تینوو ماوینەوە. بەڵام من هەم تینووبووم هەم برسی.

کاتی گێرە و کێشە و خەلە و خەرمان و دروێنە هیچ کەس پێی ناکرێ و بۆی نالوێ دەست و چاوی بشوا. دەپرسم:

– بابە بۆ دەستان ناشۆن؟

– ئاو، دەستیان دەقەڵشێنێ و دروێنەیان بۆ ناکرێ. دوای ئەو قسەیە

لەبەر خۆمەوە بیر دەکەمەوە و دەڵێم جا کوا ئەو دەستانە بۆ شۆردن دەبن؟ خۆ جێگای ساغیان نییە. قامکەکانیان هەموو قەڵشیوە و لە دە جێگا برینداربووە و بەپەڕۆ بەستوویانە. ناچار هەروا نانی دەخۆن، ئەمن لە بابەت چڵک و چەپەرەوە شتێکی دەڵێم و ئێوەش شتێکی دەبیسن، چڵکی سەر دەستیان قامکێک ئەستوورە، دیارە دەستێکی کە بەمانگ ئاوی وێ نەکەوێ ئاکامەکەی لەوە چاکتر نابێ، دم و لێویان ئەوەندە ویشکە، باری گرتووە و لە دوورەوە سپی دەچێ، تاشینی سەر و ڕدێن باو نییە و کەس پێوەی ماندوو نییە، لاو و پیر ڕدێنیان هەیە. تووکی سەر و چاویان لەبەرئەوەی لە ئارەقەدا خووساوە و تەپ و تۆزی لێ نیشتووە و ویشک بۆتەوە وا لێکهاڵاوە هەر دەڵێی بەتایبەت هۆندوویاننەوە.

بەڵام جلوبەرگ... تەنانەت «بابە دەرۆێش»یش ناتوانێ تاریفی بکا. نازانم لە کوێ ڕا دەست پێ بکەم. ڕەشایی سەر قۆڵەکانیان؟ چڵک و چەپەر و چەورایی سەر شانیان؟ ژێر پاتۆڵێکی کە دەیان جار لە دەلینگیان دەرهێناوە و برینی دەستەکانیان پێ بەستووە؟ کامیان؟ نازانم؟

هێندێک جار لەبەر خۆمەوە بیر دەکەمەوە و دەڵێم قەی چ دەکا؟ جلوبەرگ ئی دنیای شارستانییەتە و بەسەریاندا سەپاوە، چش لەو شارستانییەتە باهەر نەبێ.

هەواکە گەرم بوو بەکەیفی ژنانە و کاریان هاسان دەبێ، بێجگە لەوەی خەوالوویی وەرزی زستان وردە، وردە، بەریان دەدا، بەگەرمایە زیندوو دەبنەوە و وەک مەڕ لە بن دیواران ڕیچکە دەبەستن و خۆ هەڵدەخەن هەرچەند ئاوەڕۆی ئاودەست بە بەردەمیاندا دەڕوا بەڵام خۆی لێ گێل دەکەن و گوێی نادەنێ.

لەوبەرەوبەری ئاوەڕۆیە ئەژنۆیان بۆ لای یەکتر ڕادەکێشن. دەست دەکەن بەدۆزینی یەکتر و بەدەم ئەسپێ کوشتنەوە دەڵێن: مەترسە بنەبڕیان ناکەین، بۆ زەو و زوو مێتوولکەکان دێڵینەوە. لە دوورەوە بۆگەنی سەریان دێت. سەر و پرچ و قژیان بەخوێنی ئەسپێ سوور هەڵگەڕاوە و دەڵێی خەنەیان



تێداوە، نینۆکەکانیان بەئەسپێ کوشتن وەک کەللە سەری چۆلەکەی کوتراوە...

دەست و لاقیان هەر دەڵێی بەردە لەبەر تاو ڕەش هەڵگەڕاوە، ئەوەندە لە بەر تاو دادەنیشن ئارەقەی ڕەش و شین دەردەکەن و چڵک بەسەر و چاویاندا دێتەخوار.

ڕۆژێک لەگەڵ کوێخا بەوێدا ڕۆیشتین، کاتێک چاویان بەئێمە کەوت، لە شەرمان دەست و پێیان کۆ کردەوە، هەریەکەی پەڕۆیەکیان بەسەریان دادا. دوای ئەوەی تێپەڕین گوتم:

– کوێخا ئەوانە چ دەکەن؟

– بەهارە و هەوا گەرم بووە و خەریکی ئەسپێ کوشتنن.

– جا بۆ لە ماڵێ ئەو کارە ناکەن؟

– ئاخر ژووری ساردە. لێرە هەم لەبەر تاو خۆیان هەڵدەخەن، هەم لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە، بێجگە لەوەش تینی ڕۆژی بەهار و لە پەنا دیوار دانیشتن تام و چێژێکی تایبەتی هەیە.

## مەسەلەی حەمام و خۆشۆردن

ئەو ماوەی کە لەو گوندە بووم لە تەویلەی ماڵە «چاووش غەنی» حەمامم دەکرد. لەوە زیاتر هیچ چارە نییە. چونکە بێ وەسیلە ناگەمە ناوەندی بەخش و دەبێ بەخۆشۆردن لە تەویلە ڕازی بم.

ئەو تەویلەی کە حەمامی تێدا دەکەم دە سەری ماڵات لێ بەستراوەتەوە، بۆ ئاو بەخۆداکردن بەردێکی پیسیان لە سووچێکی تەویلە داناوە و دەبێ لە سەری هەڵتڕووشکێی، بەڵام تا دەگەیە سەر ئەو بەردەش لاقت تا گوێزینگان بەڕیخەوە دەبێ، بۆ وەش نابێ پێڵاو لەپێ کەی، چونکە لێت دەڕیخێ دەگیرێ و لەوەندەش دەبی، کاتی ئاو بەخۆداکردن ئەو ماڵاتە وەک زمانزانان چاو لە پیاو دەبڕن.

مەسەلەی هەرەگرینگ ئەوەیە کە پیاو لیباسەکانی لێ دەبێتە بار و نازانێ چیان لێ بکا. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ڕێگا چارەیەکم دۆزییەوە، ئەویش ئەوەیە: سمایل کە لە پشت دەرگا ڕادەوەستێ، هەر جارەی کوتیک لە لیباسەکانم دادەکەنم و دەیدەم بەو، ئەویش لە سووچێکی کادینیان دادەنێ. لە پاشان قوڵەدارێکی لە عەرزی دەکوتم و ئارەقگیر و حەولەکەمی پێوە هەڵدەواسم، دوای ئەوەی ئاوم بەخۆم داکرد سمایل بانگ دەکەم.

سمایل برازای «چاووش غەنی»یە، لیباسەکانی یەک و دوو لێ وەردەگرم و بەهەزار زەحمەت خۆم لەبەر دەکەمەوە. ئەوەیە حەمام کردنی من و پێتان وا نەبێ پاک و خاوێن بوومەوە، تەنیا ئەو جێگایانەی کە دەستم گەیشتۆتێیە چڵکە خووساوەکانم بەنینۆک لێ کردۆتەوە و هیچی دیکە. بەگۆزەیەک ئاوی گەرم لەوە زیاتر چ دەکرێ؟ ماڵی سارد و سڕ و بێ سۆبە، بەسێ چوار سەعاتان گۆزەیەک ئاو لەسەر ئاورگ شیلە و گەرم دەکەم. ژووری تەویلەش ئەوەندە ساردە پیاو پەلە نەکا لەوانەیە هەموو گیانی ببێتە سەهۆڵ. جگە لەوەش دڵۆپە هەموو جارێ پیاو نیوەعومر دەکا. لەسەر خۆم ڕا بەزەییم بەو ماڵاتە بەستەزمانەدا دێ و دەڵێم چۆنە نامرن؟



بەڵێ من بەو حاڵە خۆم دەشۆم، ئەدی دەبێ ئەو خەڵکە هەژارە چ بکەن؟ ڕۆژێک دوای ئەوەی دەرسم گوتەوە، پرسیارم لە قوتابییەکان کرد. منداڵەکانی پۆلی یەکەم شەرمێ ناکەن و بێ پێچ و پەنا هەموو شتێک دەڵێن. لە پەنجا قوتابیان دەپرسم:

– ئەوانەی کە ماڵەکەیان ساردە و ئاوردوویان نییە دەستیان هەڵدێنن. کەس نییە دەستی بەرز نەکاتەوە.

دەپرسم:

ماڵە کام لە ئێوە حەمام و شۆرکەی ئاو لێ بەخۆداکردنی هەیە؟ تەنیا یەک نەبێ، کەس دەست هەڵناهێنێ. ئەویش کوڕی کابرایەکە کە نیوەی تەمەنی لەو گوندە بووە و تا ڕادەیەک وەزعی لە وانی دیکە چاکترە، شتێکی هەیە و دەستی دەگاتەوە زاری.

# ئاوەڕۆ

وەزعی ئاودەستەکانی ئاوایی زۆر خراپە و پیاو نازانێ بەو دیمەنە پێکەنێ یان بگری؟ لەبەرئەوەی ماڵەکان حەوشەیان نییە، ئاودەستەکانیان لە دەرەوەی ئاوایی دروست کردووە. تا ئێرە هیچ ئیرادێکی نییە و زۆریش کارێکی بەجێیە.

ئەو ئاودەستانە بریتین لە چوار دیوارێکی سەر دانەپۆشراو، هەروەها برێکیان عەرز کۆڵیوە و لەم بەرەوبەری بەردیان داناوە. دیوارەکانیشی ئەوەندە نەوین پیاو تێیدا ون نابێ و نیوەی لەشی بەدەرەوەیە. هەرچەند ئەو وەزعە زۆر ناخۆشە، بەڵام سەرگەرمییەکی زۆر چاکە بۆ لاوان. چونکە لەو سەر ئاودەستانە بەکەیفی خۆیان تەماشای ژن و کچان دەکەن.

کاتێک چوومە ئەو گوندە هەوڵم دەدا بەر لەوەی هەوا ڕووناک بێ بچمە ئاودەست، بەڵام ئێستا وەک خەڵکی دیکە ڕاهاتووم و بەڕۆژی ڕووناک و بەنێو خەڵکدا دەچمە ئاودەست. جا ئینسان بەچ شتێک عادەت ناکا؟

ئاودەستەکەی ئێمە ئی چوار ماڵان بوو کە بەمنەوە دەبووە پێنج. ڕۆژێک بەبێ ئەوە کە بزانم ژن لەسەر ئاودەستێیە سەری خۆم داخست و ڕۆیشتم. کاتێک سەرم هەڵێنا تەماشام کرد ئەوە خەڵک پێدەکەنن، بەڵام من لە دڵی خۆمدا دەگریام.



# پێڵاو

ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە گوندەکەی ئێمە پێڵاو لە پێ دەکەن زۆر بەزەحمەت دەگاتە پێنج لە سەد و ئەوانی دیکە هەموو پێخواسن. تەنانەت زستانانیش بەپێی پەتی و پێخواسی بەسەر بەفر و قوڕ و چڵپاودا دەچن بۆ ئاوهێنان. هیچ کچێک پێڵاو لە پێ ناکا، بەڵام دەسرە و دەسماڵی پڕ نەخش و نیگار و گوڵێنگەدار بەسەردا دەدەن. نازانم ئەو هەمووە خلخلە و پلپلە چۆن دەتوانن؟ ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە هاوینانیش بەپێی پەتی دەچنە جووت و مەزرا. لاقیان بە بەرد و داری هاوین و سەهۆڵی زستان هەموو قەڵش قەڵش بووە.

جەیحوون عاتف دەیهەوێ بزانێ لەبەر چی هەموو ژنێکی دێهاتی پشت و لاقی دێشێ؟ گوتم ڕەنگە هۆیەکەی هەر ئەو پێ پەتی بوون و پێخواسییە بێ.

## خەونی ڕاست

سەرەنجام لە نێو ئاواییدا کابرایەکی خێرخوا پەیدا بوو. ئەو کابرایە وەستا ئەمین نێوێک بوو. چەند ساڵێک بوو چۆڕە ئاوێک بەنێو ئاواییدا دەهات، وەستا ئەمین وردە وردە عەرزی هەڵکۆڵی و ئاوێکی چاکی لێ پەیدا بوو. وەستا ئەمین ئەو کارەی بەتەنیا کرد، لە حاڵێکدا خەڵک هەموو بێکار بوون و لەبەر تاو خۆیان هەڵخستبوو، کەس بەلایەوە نەچوو و یارمەتییان نەکرد. بەڵام هەر ئەو خەڵکە بێکارە، دوای ئەوەی بەرهەمی کارەکەی وەستا ئەمینیان چاوپێکەوت و خوڕەی ئاویان گوێ لێ بوو، هەر یەکەی دەفرێکیان بەدەستەوە گرت و لە دەوری ئاوەکە ئاڵقەیان بەست.

دوای ماوەیەکی کورت بوو بەچاو و ڕاو: شێخ نەجاتی نێوێک کە بۆ هەموو ئاوایەکانی دەوروبەر ئاشنا بوو، خەون دەبینێ و دەڵێ: «پەری» لەو کارەی وەستا ئەمین تووڕەن. هیچ دوور نییە کە بەڵایەکمان بۆ بێتە خوار. ئەو سەرچاوە بۆ خەڵکی ئاوایی شومی چاک نییە... یەکێک کە بڕێک تێدەگەیشت، ڕۆژێک دانیشت و خەونی شێخ نەجاتی بۆ خەڵک لێکداوە. گوێ بگرە ئەفەندی، بەڕاستی ئەگەر وا بێ بۆ ئاوی چاڵاوەکە ئیشک نابێ؟

هیچ شکم لەوەیدا نییە کە شێخ ئەو خەونەی لە خۆیەوە دروست کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی لێ بکێشێتەوە و بۆ خۆی بتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ. دنیا دنیای ماڵ وەسەر یەک نان و خۆ بەزل زانینە.



## پۆستخانە

لە سەرەتاوە بەتەواوی سەرم لێ شێوابوو و نەمدەزانی ڕوو لە کوێ کەم. نامە و ڕۆژنامە و هەرشتێکی دیکە کە لە هاویندا پۆستیان دەکرد لە پاییزدا دەگەیشتە دەستم، هەروەها شتێکی لە پاییزدا دەیاننارد، زستان یان بەهار پێم دەگەیی. ئێستا بەتەواوی بەو بارودۆخە ڕاهاتووم.

جا چ نامێنێ ئینسان پێی ڕانەیە؟ پیاو کە دوای سێ مانگ نامەی بۆ دێن لە خۆشیان دەڵێی خەنی بوو. لە پۆستخانە دۆڵابچەیەک هەیە و هەرشتێکی بێ لەنێو ئەوێی داوێن، ئەو شتانەی کە دەشیان نێرن بەحەوتوو و مانگ لەو دۆڵابچەیەدا دەمێننەوە...

بۆ ئەوەی نامەکانم زۆر وەدرەنگی نەکەون ئادرەسی کابرایەکم لە ناوەندی ئاوایی پێداون، بەڵام ئەو کتێب و گۆڤارانەی کە ڕەوانەیان دەکەن، ئەوجار لە لای کابرا دەمێنێتەوە و بۆم نانێرێ. زۆر جاران نامەکانم دەکەنەوە و دەیانخوێننەوە. کاتێک دەیدەن بەدەست ڕێبوار یان ئاشنایەک ئەوانیش جارێکی دیکە دەیانخوێننەوە. نامەکانم دەست بەدەست دەگێڕن و هەموویان دەکەنەوە. گۆڤارەکان زۆر کەم بەدەستم دەگەن. جاری وایە یەکێک بەشوێن نامەکاندا دەنێرم کەچی ئەویش بەناهومێدی دەگەڕێتەوە و هەموو خەتاکان دەخەمە سەر ئەستۆی ئەو، بەڵام کاتێک بۆ خۆم وەدوای دەکەوم هەمووشتێک ئاشکرا دەبێ.

جارێکی دوای مل کەچ کردن و پاڕانەوەیەکی زۆر گوتم: بابەگیان ئەوە کە کتێبەکان دەکەیەوە و دەیانخوێنییەوە قسەیەکم نییە، بەڵام تکا دەکەم مەیاندڕێنە و لە کەلێن و قوژبنان فڕێیان مەدە...

کابرا تووڕە دەبێ و دەڵێ:

– لەوە زیاتر لەسەری بڕۆی لەمەوبەر دوا تاقە نامەیەکیشت بەدەست ناگا.

سەرەتای مانگی بانەمەڕ لە ئەستامبوولەوە نامەیەکیان بۆ ناردبووم.

دوای سێ مانگ نامەکەم پێ گەیشت کە جوابەکەی بۆتە چی. کاتێک بەو مەسەلەم زانی، یەکسەر چوومە پۆستخانە. دوای هەڵسووڕانێکی زۆر بەمەلا و ئەولادا سەرەنجام لە تەختی بنی دۆلابچەکەدا نامەکەم دیتەوە. دەزانم ئەگەر بۆخۆم بەشوێنیدا نەچووبام هەروا بەهاسانی وەدەستم نەدەکەوت، دیارە ون نەدەبوو، بەڵام ڕەنگ بوو لە گوێزتنەوەی خانوبەرەی پۆستخانەدا یان خاوێن کردنەوەی دوای چەند ساڵ دیتراباوە.

بە تووڕەیی گوتم:

– ئەوە چ وەزعێکە، بۆ ئەوەندەی مەحتەل دەکەن؟

کاربەدەستی پۆستخانە لە من تووڕەتر بوو و گوتی:

– بۆ پێت وایە تەواوی کاربەدەستانی پۆستخانە بۆ تۆ کار دەکەن؟



## ناوەکان

لە تەواوی ئاواییدا دە کەست وەگیر ناکەوێ کە بەناوی خۆیان بانگیان کەن. هەموویان بەناوێکی نائاشنا و سەیر و بەسەردابڕاو دەناسرێن. ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوی سەرەکی خەڵک لە بیر بچێتەوە. تەنانەت ئی واش هەن ئەگەر ناوی خۆیان لێ بپرسی نازانن. لاوەکان، پیرەکان بەناوی بنەڕەتی خۆیان ناناسن، پیرەکانیش نێوی لاوەکان بەناوی باوکیان دەناسن و ناوی خۆیان نازانن. زۆربەی خەڵک ئەو ناوە بەسەردابڕاو و هەڵە و مەشهوورەی باپیرەکانیان بۆ نەوەکانیان دادەنێن.

هێندێک جار ناوی منداڵەکان لە باپیرەکان و دایەگەورەکان دەپرسم. دیارە ئەوانیش هێندە بەزەین نین و دەبێ زۆری بیر لێ بکەنەوە تا وەبیریان دێتەوە. کاتێک پێم دەڵێن کە کەڵکی هیچی نامێنێ و بۆ من جێگا ناگرێ، چونکە ناوێکی تێکەڵ و پێکەڵ و تێکشکاو و چکۆلەکراوە بەپیاو دەڵێن.

گیروگرفتی بنەڕەتی ئەو کارە لە کاتی ناونووسیدا زۆر زەق و بەرچاوە. ساڵی هەوەڵ بەتەواوی گێژ بووم. لە منداڵێکم دەپرسی ناوت چییە؟

– «ئەبوول»

لە بنەماڵەکەم دەپرسی، ئەوانیش هەر ئەوەیان دەگوت.

– ئاغا باپیرە گەورەمان ناوی لێ ناوە.

ئێستا من لە کوێ بزانم کە «ئەبوول» قاسم یان «ئەبوول» حەسەنە چکۆلە کراوەتەوە؟ دەکرێ «عەبدوول عەلی» و «عەبدوڵڵا»ش بێ، ناوی لەو بابەتەی وەک «چەقەڵ، فڕفڕە، خەندەلێو و ئەلووش...» زۆر بوو.

ڕۆژێکی چووبوومە ئاوایی «چیملی». لەگەڵ مامۆستای ئەو گوندە دۆست بووم. شەوی پێشوو باران باریبوو و قوڵکەکانی بەر دەرگای قوتابخانە پڕ ببوون لە ئاو. خەریکی پیاسەکردن بووم و دەهاتم و دەچووم، کاتێک سەرم هەڵێنا تەماشام کرد ئەوە منداڵێک چۆکی داداوە و ئەو ئاوە

قوڕاوەی باران دەخواتەوە. منداڵێکی دیکە بەغاردان خۆی دە قوتابخانە کوتا.

– دەچم بەمامۆستای دەڵێم. «کوڕڕۆک» ئاوی پیسی خواردەوە.

وا دەرکەوت کە مامۆستا خواردنەوەی ئەو جۆرە ئاوەی لێ قەدەغە کردبوون.

لە دۆستەکەم پرسی لە دەفتەری ئاماریش ناوی «کوڕڕۆک»ە؟ گوتی: لێرە خەبەرێک لە دەفتەری ئامار و ئەو خرت و پرتە نییە.



## کوێخا

«کوێخا بوون» یش لە ئاوایی هێندە سادە نییە و هەموکەس ناکەنە کوێخا. هەوەڵێن شەرت بۆ کوێخایەتی، دەوڵەمەندییە. دیارە شەرتی دیکەشی هەیە: خزم و کەس و کاری زۆر بێ. ئەو کاتە هەم ئەو فەقیرانەی کە بۆ نانی شەو موحتاجن تۆ هەڵدەبژێرن، هەم تایفە و کەس و کاری خۆت. کەس گوێ ناداتە ئەوەی کە تۆ کوێخایەتیت پێدەکرێ یان نا. مۆری کوێخایەتی بەدەست هەر کەسێکەوە بێ ئەو بەقەدر و قیمەتە و ڕێز و ئیحتیرامی لێ دەگیرێ.

لە زۆر جێگایان هەرچەند پیاوی کارزان و نیمچە خوێندەوار هەیە، کوێخایەکی نەخوێندەوار و ناشارەزا هەڵدەبژێرن.

هەرکەسێکی کە پێیان گوت کوێخا و ئەو نێوەی بەسەردا بڕا، بەر لە هەموو شتێک دەستێک بەدار و دیوارەکەیدا دێنێ و دەست دەکا بەئاغایەتی کردن و دانی بەڵێنی بەدرۆ، هەروەها بێگار لە خەڵک کێشان، بۆ وێنە «فلان کەس! سالێکی دیکە دەتکەمە قۆرغچی» بەم چەشنە درۆینەکەی دەخاتە ئەستۆی کابرا.

ئەگەر بێتو کەسێک ڕەخنە بگرێ و بڵێ «بۆ پیاوی شارەزا و خوێندەوار هەڵنابژێرن؟» دەڵێن چ بکەین؟ کاربەدەستی دەوڵەت دێن و دۆست و دوژمن ڕێگایان لە ئاوایی دەکەوێ و دەبێ کوێخا ماڵ و حاڵ و بەرێچوونێکی هەبێ کە بتوانی بەڕێیان کا. هەروەها پێویستە سمێڵیشیان چەور کا یان نا؟

ماوەیەک لەمەوبەر «توێن بی» مێژوونووسی ئینگلیسی کە سەری لە وڵاتی ئێمە دابوو، ڕایگەیاندبوو کە جیاوازی نێوان شار و دێهات یەکجار زۆرە، بەشوێن ئەو بیروڕایەدا پرسیارنامە گەلێک لە بارەی پەرەپێدانی گوندەکاندا ڕێکوپێک کرا و بۆ خەڵکیان ناردن. مامۆستایەکی قوتابخانە وەڵامی دابۆوە:

«بۆ پەرەپێدانی گوندەکان و پێ ڕاگەیشتنی هەلومەرجی ئاواییەکان دەبێ

کوێخاکان لە نێوان ئەو کەسانە هەڵبژێرێن کە شارەزا و خوێندەوارن.»

کاتێک ئەو پێشنیارەم بۆ کوێخاکەی خۆمان خوێندەوە گوتی: ڕاستی گوتووە، ئێمە چ دەزانین؟ کاتێک دەپرسن کوێخای؟ دەڵێم بەڵێ. بەڵام نازانم کتێبی قانوون بخوێنمەوە. ئەگەر کەسێکیش بۆم دەخوێنێتەوە وەک بزنی «ئەخفەش» سەرم دەلەقێنم.

بزنی ئەخفەش چیرۆک و بەسەرهاتەکەی بەم جۆرەیە. «دەڵێن لەبەرئەوەی ئەخفەش زۆر ناحەز بووە، لە دەورانی خوێندنیدا هیچ کەس خۆی لێ نەداوە و باسی لەگەڵ نەکردووە، ناچار دەبێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو تەنیاییەی بزنێک بکڕێ و دەرسەکەی خۆی بۆ دووپات بکاتەوە، ئەمە شێوەی کاری ئەخفەش بووە و بزنەکە سەری بۆ دەلەقاند. ئێستا بزنی ئەخفەش بۆتە پلار و تەشەر و لاتاو و تانووت و هەرکەسێکی تێنەگا و لە خۆڕا بەڵێ بلێ دەڵێن بزنی ئەخفەش و باڵ وەئەستۆم مامۆستا هەقە و ڕاست دەکا».

پەندێکمان هەیە و دەڵێن: «کاتێک سەر بەرز نەبێتەوە لاق بەرز نابێتەوە» بۆ چما کوێخا سەری ئاوایی نییە؟!



## نێو و نرکە لێک هەڵدان و پێکهەڵپڕژان

زۆربەی شەڕ و کێشە و پێکهەڵپڕژانەکانیان دەبێتە هۆی ناڕەحەتی و دەردەسەرێکی زۆر و هەرچی دەکەن وەک خۆیان لێ نایەتەوە. لەسەر شتی زۆر چووک و هیچ و پووچ لێیان دەبێتە نێوان ناخۆشی، لەسەر دمەقڕەیەکی ئاسایی چەقۆ لێک دەکێشن و دەمانچە لێک هەڵدەکێشن، هەر بەوەندش کۆتایی نایە و دەبێتە دوژمنایەتییەکی وا کە تا دوو سێ پشت نابڕێتەوە. نموونەیەک لەو شتانە کە لەسەری بەشەڕ دێن ئەوەیە:

فلانە ڕۆژ مامی تۆ وای بەخاڵی من گوتووە، ئەو چ هەقی هەیە وا دەڵێ! تۆڵەی لە تۆ دەکەمەوە و چاوت پێ سپی دەکەم. تەنانەت منداڵەکانیشیان کە چاکە و خراپە لێک ناکەنەوە لەسەر ئەو خو و خدە و بیروباوەڕە ناحەزە گەورە دەبن و دەبنە هۆی بەدیهێنانی کارەساتی ناحەز و دڵتەزێن و شەڕ و کێشە نابڕێتەوە.

ڕووداوێکی دیکە لەو ڕووداوانە ئەوەیە:

حەمە شێت ژنی بۆ مارە دەکەن، دۆست و منداڵ وەدوای دەکەون و داوای شیرنی لێ دەکەن و دەڵێن دەبێ مێوانی بدەی. زۆر هەوڵ دەدا کڵاو لەسەر منداڵەکان بنێ و بەجۆرێک لە کۆڵ خۆیان کاتەوە، بەڵام دەستی لە کۆڵ ناکەنەوە. دەڵێ پێتان قەرزدار بم و بەڵێنی دەدەم بتاندەمێ. نەخێر وێڵی ناکەن و شۆخی و سەرهاویشتنەسەر جار لەگەڵ جار زیاتر دەبێ. حەمەد کە ئەو وەدواکەوتن و شۆخیانەی زۆر پێ ناخۆش دەبێ شاڵاو دەبا بۆ چەقۆی سەرتاشێک و منداڵان ڕەپێ دەنێ، چەقۆیەک وەملی کوڕی مەلاحەسەن دەکەوێ و دەبێتە ڕۆژی حەشر، سەرەنجام بۆ دوایی پێهێنانی ئەو ڕووداوە باوکی حەمەشێت دوای بێنە و بەرەیەکی زۆر، پوولێک دەدا بەمەلاحەسەن و ڕەزایەتی لێ وەردەگرن. لایەنێک پووڵ دەدا و لایەنێکی دیکە دەچێ بۆ نەخۆشخانە و جێگا برینی چەقۆ وەک ملوانکە لەسەر ملی بەیادگار دەمێنێتەوە.

ڕووداوێکی دیکە: سەگی ماڵە «قەندەلی» لەگەڵ سەگی ئاغا ڕەجەب

بەشەڕ دێن. ئەوەندەی چاو لەسەریەک دابنێی وەک ڕۆژی حەشری لێ دێ و باب کوڕی خۆی ناناسێتەوە. باوەڕکە جنێوی وا پێکدەدەن قەتم نەبیستووە، هونەری شەڕ لەوەدایە کە لایەک بتوانێ جنێوی پیس تر و ناحەزتر بدا و بەسەر کابرادا بگوڕێنێ و بەنەڕاندن ڕەگی ملی هەستێ و دەنگی بنووسێ، بۆ ئەو جۆرە کارانە دێهاتییەکان کۆ دەبنەوە و وەک ئاوری بن کا شەڕەکە خۆش دەکەن. دوای جنێو و نێو نرکە لێکهەڵدان بەئاسنەواڵە و چەقۆ و تەنانەت دەمانچە لە گیانی یەک بەردەبن. ژن و منداڵیش لە لایەکی دیکەوە بەکتر بەردەباران دەکەن. ئەوانەی کە بەنێوی تەماشاچی و بەرێوانیکەر دەکەونە نێوانیان هەر جارەی لایەنی یەکێکیان دەگرن.

ئاغا ڕەجەب تەقە دەکا و کوندەلی چەقۆ دەکێشێ. دەبێتە شەڕێک کەس کەس ناناسێتەوە... ژمارەیەکی زۆر بریندار دەبن. دوای ئەوەی یەکتریان شەل و کوت کرد لێک دەبنەوە. بەڵام دەبێ دار و نەداری خۆیان بفرۆشن و بیدەن بە بەرتیل، بەر دەرگای مەحکەمە گرتن و هەڵسووڕان لەم دیو بۆ ئەو دیویش لەوێ ڕاوەستێ. سەرەنجام تووشی زەرەری گیانی و ماڵی دەبن و جێگای خۆیان ناگرنەوە... ئەدی مەسەلە چ بووە؟ کوندەلی کاتێک سەگەکانی لێک کردۆتەوە لە پێشدا لە سەگی ڕەجەبی داوە.

ڕۆژێک بۆ سەردان لە دۆستێکم چووینە گوندی «ئالای خان» دیاربوو دۆستەکەشم چاوەڕوانمان بوو، پێش هەموو شتێک چاومان بەدیمەنێکی دڵتەزێن کەوت و تەماشامان کرد لێدان و کوتانێکە مەپرسە: کوڕی کول حەسەن و دورمووش هەریەکی یەغدانێکیان بەدروست کردن دابوو. هەردووک یەغدان وەک یەک وابوون لە دووکانێکی تاریک و تنووک و تەپ و تۆزاویدا دانیشتبوون و دۆمینەیان دەکرد. لە پڕ لێک هەڵدەبەزنەوە، گەمە پێک دەکەن و نێو و نرکە بۆ یەکتر ساز دەکەن:

- یەغدانی من لە ئی تۆ گەورەترە.

- نەخێر وا نییە و ئی من پتر شت دەبا.

قسەکەیان لێ دەبێتە ڕاستی و دەڵێن ئەندازەیان دەگرین و ئی هەرکەسێکی جێدارتر بوو کیلۆیەک شیرنی بکڕێ. لەو بەینەدا یەکی دیکە



بەسەریاندا دێ و دەڵێ:

- لەسەر شتێکی هیچ و پووچ خوێنی خۆتان پیس مەکەن. ئەگەر کێشە لەسەر شیرنی کڕینە ئەمن دەیکڕم و دەست لەو شەڕە هەڵگرن...

بەڵام بۆ دەکرێ پاشەکشە بکەن؟ قسەی پیاوان یەکە و نابێ بەدوو. قسەی ئەو پیاوەش زۆر پیس وەڕەگی غیرەتیان کەوت.

- کوڕی چاک ئەگەر ئی من جێدارتر بێ خێزانم...

-زیناحم لەگەڵ دایکی خۆم کردبێ لە ڕێگای حەجێ، ئەگەر یەغدانی من چووکەتر بێ و نەیشکێنم.

ئەوەندە قەراغ لەو مەسەلە چووک و هیچ و پووچە دەکێشن تا سەرەنجام لێک ڕاست دەبنەوە و دەست دەبەن بۆ چەقۆ و دەمانچە.

ئەوانەی لە دەوروبەریانن دەبنە دوو دەستە و هەردەستەی لەسەر یەکیان دەکەنەوە و ئەوانیش ئامبازی یەکتر دەبن، ژمارەیەکیش سەیریان دەکەن و دەبنە تەماشاچی.

شەڕ گەرم دەبێ و دورمووش دەست دەبا بۆ دەمانچە و تەقە دەکا. کوڕی کول حەسەن و دوو سێ منداڵی دیکەی تەماشاچی بریندار دەبن... قوتابخانە تەعتیل دەبێ، منداڵ بەسەر وەردەبن و ئەوانیش دەبنە دوو دەستە و بەبەرد و دار تێک بەردەبن.

سەرەنجام: کوڕی کول حەسەن زۆر توند بریندار دەبێ و کەس پێی وانابێ نانی زیندووان دەخوا. بەڵێ بەبرینداری دەیرفێنن بۆ نەخۆشخانە و لێدەریش دەکەوێتە زیندانەوە. خۆزگە کار بەوەندە کۆتایی هاتبا. لایەنگرانی هەردووک لا دەست هەڵناگرن و لە هەرجێگایەک تووشی یەک بوون مەسەلەکە زیندوو دەکەنەوە و دەست دەکەن بەلاتاو پێکدادان.

کول حەسەن کە کوڕەکەی بریندار ببوو لێم پرسی:

- ئەو ڕووداوە چۆن بەدی هات؟

- ئاغا ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێ، یەغدان و مێغدان بەهانە بوو. بۆ دەربڕینی ڕق و قین هەزار بەهانە هەیە، دەکرێ بێژی نێر دەدۆشرێ!

هاوار لە دەست نەزانی و نەخوێندەواری، هاوار!

## سیغار

زۆربەی زۆری منالآنی گوند لە تەمەنی حەوت هەشت سالّیدا دەست دەکەن بەسیغار کێشان. ئەو منالآنەی کە سەرمایان دەبێ و نۆبەتێ دایاندەگرێ لەبەر بێ پوولّی تۆزکالّێ دەرمانیشیان بۆ ناکرِدرێ، بەلآم گیرفانی پینەکراویان هەمیشە پاکەتێکی سیغار تێدایە و بوونەتە قوربانی سیغارکێشان.

من لەمەرِ جگەرەکێشان زۆرم موتالآ کردووە، بەلآم لێرە بەو ئاکامە گەیشتووم کە جگەرەکێشان بۆ گوندییەکان لە نان و ئاو نامێنێتەوە. بەچەشنێک خوویان بەسیغار کێشان گرتووە لەگەلّ خوێن و رِەگیان تێکەلّ بووە و ناتوانن دەستی لێ هەلّگرن. تا ئەو جێگایەی لە دەستم هاتووە لە بارەی زەرەر و زیانی سیغارکێشاندا نووسراوەم بۆ خوێندوونەوە، بەتایبەت تێکۆشاوم لانی کەم ئەوانەی کە لە برسان هێزی قسەکردنیان نییە هانیان بدەم کە لەو سیغارکێشانە دەست هەلّگرن، دوای خۆماندووکردنێکی زۆر توانیم بەپێنج شەش کەس سیغار دانێم، ئەو چەند کەسە نزیک بەسالّێکە لێویان وە سیغار نەکەوتووە. سوپاسیان لەمن دەکرد کە: «ناکۆخێن و سینگمان وەک ئاوێنە خاوێن بۆتەوە» یەکێک لەوانە «قۆجا مستەفا بوو» ، قۆجا مستەفا گاوانی دەکا و پاروەنانێکی لە مالّدا نییە. گارِان دەباتە لەوەرِ و مالّێ نانێکی دەدەنێ. هەشت منالّیشی هەیە. کورِەکانیشی دوویان شوانیان دەکرد. کاکی گاوان دەسکەوتی ئەوانیشی دەکردە دوکەلّ و بەدەم بایدا دەدا.

هەر لە سەرەتای لاوەتییەوە رِۆژانە دوو پاکەتی سیغار دەکێشا، قامک و دەست و لێو و سمێلّی هەموو زەرد هەلّگەرِابوون، خەلّک دەیانگوت رِۆژگارێک پالّەوانی ئەو ناوچەیە بووە...

قەلآفەتی پان و پۆرِی لە دوورەوە هاواری دەکرد کە وایە. بەهەزار فێلّ و تەلّەکە و زۆرەملی لە کورِەکان دوانمان هێنا بۆ قوتابخانە. دوای تێپەرِینی



چەند مانگ لە خوێندن منالّەکان هەروا بێ قەلّەم و دەفتەرن، بابیان دەلّێ: «هەر ئەوەندە بێن و برِۆنەوە لێیان سەر و زیادە، چما دەیانهەوێ ببنە فەرماندار؟»

بۆ تەرخ کردنی سیغار زیاتر لە هەمووان لەگەلّ ئەو خەریک بووم. سەرەنجام ملی دا و قودەوە سیغاری پرِ لە توتنی بۆ فرِێ دام و سوێندی خوارد کە تازە لێوی وەسیغار ناکەوێ و منیش تووتنەکەم لە کوانۆکە کرد.

سینگی لە دەست کۆخە حەساوەتەوە. چوار پاکەت سیغاری زیادی کە لە مالّێ بوو هێنایە لای من و پێکەوە بردمانە دووکانێ و بەپوولّەکەی منالّەکانمان کردە خاوەن دەفتەر و قەلّەم.

قۆجا مستەفا دەلّێ: ئەو وەختی کە سیغارم دەکێشا بێ واز بووم و بێ برِست، بەلآم ئێستا کەیفم زۆر سازە و مستم وەک ئاسنی لێ هاتۆتەوە، بەمست کە لە دیواری دەدەم جێگا قامکەکانم لە دوورەوە دیارن.

هەمووجارێ کە تووشی یەک دەبین سوپاسم دەکا و دەلّێ: «رِەحمەت لە دایک و بابت!»

هەرچەند گیروگرفت زۆرە، بەلآم ئەنجامدانی ئەو کارە چووکانە وەک منالّێک خۆشحالّم دەکا و هانم دەدا کە لە داهاتوودا بتوانم کاری بەکەلّکتر و گرینگتر ئەنجام بدەم.

هەر وەختێک بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەو خەلّکە لە دەرزی و دەزوو و شەمچەرِا بگرە تا دەگاتە سەرەتایی ترین پێداویستییەکانی ژیان بێ بەشن و چاو لە دەست بەلآم بۆ سیغار کێشان دانامێنن ئاورم لە جەرگی بەردەبێ! خەلّک لەبەر دەرگای دووکانەکان لەسەر کۆلکەدار و یەغدانە شکاو و... دادەنیشن، بەلآم بەدەیان جەعبە مەشرِوب و پاکەتە سیغار لەسەریەک کەلّەکە کراون، خەلّک بەو پوولّە کە لە زاری خۆیانی دەگێرِنەوە بەخۆرِایی دەیدەن بە شتێکی کە وەک ژار وایە. ئەو پەندە لێرە رِاست لەو خەلّکە رِوودەدا کە دەلّێ: «خەلّکی دیکە بۆ پێشکەوتن هەنگاو دەنێن، بەلآم ئێمە بەپێچەوانە.»

## مافی کۆمەڵایەتی ژن

ئەو ترس و ڕێزەی ژنان سەبارەت بەمێردەکانیان بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو ترس و ئیحتیرامە یەکتر ناگرێتەوە کە چووکە بۆ گەورەی دادەنێ و زۆر لێک دوورن، پێوەندی نێوان ژن و مێرد بنچینەکەی لەسەر ترس داڕێژراوە. دروست بەپێچەوانەی ئەو مافەی کە لە دنیای پێشکەوتوودا بۆ ژن دیاری کراوە. ژنانی ئێمە لە هەموو مافێک بێ بەشن تەنیا لە سەرەتای ژن و مێردایەتیدا پیاو تۆزێک ڕێز بۆ ژنەکەی دادەنێ. بەکورتی دەتوانین بڵێین ژن کۆیلەی شوەکەیەتی، لە هیچ هەل و مەرجێکدا ژن نابێ لە قسەی مێردەکەی دەرچێ. پیاو لە حاڵێکدا لەسەر جێگاوبان دەتلێتەوە بەکەیفی خۆی دەستووران دەدا: «هۆی ئافرەت ئەوکارە بکە، فلانە شت بێنە، وا بکە، وابچێ،» ژن مافی ئەوەی نییە بیروڕای خۆی دەربڕێ و بڵێ فلان کار وابێ چاکە، یان فلان شت وا لێ بکەین. ژن دەبێ ڕێز بۆ مێردەکەی دابنێ و سەرتاپای گوێ بێ. لە بەرابەردا مێرد هەقی هەیە جنێوی بداتێ، لێی بدا و دەست و لاقی بشکێنێ، بەڵام ژن تەنانەت ئیجازەی نییە ڕەخنە بگرێ و هاوار بکا، ژن هەمیشە تێدەکۆشێ خۆ بپارێزی لەو شتانەی کە مێردەکەی لێی پاوان کردووە بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆرجاران مێرد لە خۆڕا بیانووی پێدەگرێ و وەبەر پەیاغ و شەق و زللەی دەدا. لە وەها کاتێکدا ژنی چارەڕەش سەری لێ دەشێوێ و نازانێ ڕوو لە کوێ کا.

پیاوی دێهاتی مانای شەریکی ژیان نازانێ. بەچوونە سەری تەمەنیش کە مەسەلەی ژن و مێردایەتی لە کورتی دا هەموو شتێک تەواو دەبێ.

ژنی دێهاتی نابێ دەمی بەدەرەوە بێ و ناچار بە لکی دەسماڵەکەی دەمی دەگرێ. تەنیا لە کاتی نان خواردندا دەتوانێ زاری وەدەرخا. ژن و پیاوی دێهاتی پێکەوە نانی ناخۆن. کەس نابێ گوێی لە دەنگی ژنێ بێ. ژن مافی ئەوەی نییە هەرکەسێک کە بیهەوێ قسەی لەگەڵ بکا. کەنیشکی لاو و نوێ بووک لەگەڵ گەورەتر لە خۆیان بەتایبەت لەگەڵ خزم و کەس و کارەکانیان تەنانەت بە سەرلەقاندنیش ئیجازەی قسەکردنیان نییە،



هەروەها ناتوانن تەماشاشیان کەن. لەسەر ئەو باوەڕە کە: «حیساب و پاداشی کارەکانی ئەو دنیایە لە دنیای دیکە دەدرێتەوە» ژنی دێهاتی زۆر بەختەوەرە.

«قەرەنیازی» تەماشا دەکا خێزانی لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە بەبێ ئەوەی شتێکی وەبەر زاری گرتبێ ڕاوەستاوە و تەماشای زەماوەند دەکا، کاتێک ئەوەی چاو پێدەکەوێ، بەغاردان هەڵدێتەوە بۆ ماڵێ و دەسکە پێمەڕەیەکی دەست دەداتێ، ژنە نەیدەزانی چ خەبەرە، بەڵام تا مێردەکەی گەڕاوە سەروچاوی خۆی داپۆشی. نیازی، وردە وردە لێی نزیک بۆوە و بەدەسکە پێمەڕان ژنی بێچارەی داگرت و تا توانی لێی دا، ئەویش چ لێدانێک، ژنی بێچارە لە دەست و پێ بوو. کاتێک چاوم بەو دیمەنە کەوت لە حەیبەتان بۆ چرووکم لە دەروون هەستا. بەمێردەکەی دەڵێم: «گوناح نییە؟ شەرم نییە؟»

دەڵێ: «چ گوناحێک، چ شەرمێک؟ بۆ من عەیبە یان بۆ وی؟ ژن دەبێ ڕادە و سنووری خۆی بناسێ.»

هێندێک جار ژن دێن بۆ قوتابخانە کە ئیجازە بۆ مناڵەکانیان وەرگرن یان ڕابگەیەنن نەخۆشە، بەڵام قسە ناکەن. هەموو مەبەستێکی خۆیان بەئیشارە و سەر لەقاندن دەردەبڕن. ئەگەر کەسێکی لە داب و ڕەسمی وان بێ خەبەر بێ پێی وایە ئەو بێ چارانە هەموویان لاڵن.

من ئەوەم بیستبوو کە لەزۆر جێگایان بۆ ڕدێن سپی ڕێز دادەنێن. بەڵام لێرە سپی و ڕەش وەک یەک وان و بۆ هەموو ڕدێنێک ڕێز دادەنێن. هەروەها هەموو ژنێک لەهەر تەمەنێکدا بێ بۆ هەموو پیاوێک تەنانەت کوڕێکی حەوت ساڵەش ڕێز دادەنێ. لە ڕێگاشدا ئەگەر دووسەد مەتر لەدوای ژنێکەوە بێ، ژنە ڕادەوەستێ تا پیاو دێ و وەپێش دەکەوێ. ژن دەبێ دوابەدوای پیاو بڕوا. تەنانەت ئەگەر کۆڵیشی پێ بێ. ئەگینا بگاتە هەرکەسێک وشەی «چەندە بێ شەرمە» کە هەموو لەبەریانە وەک مانگا بەکەڵ وەدووی دەکەوێ و لێی نابێتەوە. ژنی بێچارە لەبەرئەوەی بەو تەشەر

و لاتاوانە زۆر نارِەحەت دەبێ پێشی بڵێی: «خوشکم ئێمە پەلەمان نییە ئەتۆ وەرە برۆ لە ترسی زمانی خەڵک لە خۆ ڕانابینێ وەپێش کەوێ» پێم وانییە ئەو ئادەمیزادانەی کە لە هیندوستانیش پێیان دەڵێن پیس تا ئەو ڕادەیە لە پلەی مافی کۆمەڵایەتی بێ بەش بن؟

خاڵەوسێن خێزانی نەخۆش دەبێ و دەیباتە لای حەکیم. حەکیم لێی دەپرسی: چ بووە لەبەر کوێت نارِەحەتی؟ مــتــەق لە دار و بەرد بێ لە ژنە نایە. بۆ جاری دووەم و سێیەم لێی دەپرسێ. ژنە ئەوجار بەسەرلەقاندن وەڵامی دەداتەوە و مێردەکەی وەک دیلمانج نەخۆشییەکەی بەحەکیم دەڵێ.

دوای ئەوەی لە وەتاغی حەکیم دێنەدەر، خاڵە وسێن لەبەر خۆیەوە دەڵێ: «ئێستا کە دوای چل ساڵ ڕێمان لە شاری کەوتووە وا چاکە بچینە شیرنی خانە و خێزانم پڕ بەزگی خۆی بخوا» بۆ خۆی بەرەو دووکانی شیرنی خانە وەپێش دەکەوێ و خێزانی بەدوایدا. کاتێک ئاوڕ دەداتەوە، تەمەشا دەکا خێزانی بەسەروچاو داپۆشراوی ڕووی لە دیواری کردووە و وەک مێژۆکە دەلەرزێ.

خاڵە دەڵێ: «ئافرەت بۆ ڕاوەستاوی» ژنە بەترس و لەرزەوە ئیشارە دەکا و دەڵێ: ئاخر ئەو هەموو پیاوەت نەدیوە؟ ڕاوەستە با بێن بڕۆن جا دێم.



# مندالّەکان

وادیارە بەتەنیا ژیان و دووربوون لە کۆمەڵ ئادەمیزاد وەکو کێوی بار دێنێ. قوتابخانەکەمان لە دەرەوەی ئاوایی و سێ ماڵمان جیرانن. هەر ماڵەی چوار پێنج مندالّیان هەیە، ئەو مندالانە سەبارەت بەهاوتەمەنی خۆیان لە باری ژیان و بیرکردنەوە زۆر لە پاشن. زستانان ئەگەر پێویست نەبێ لە ماڵێ وەدەر ناکەون. دووساڵە بیر لە ژیانی وان دەکەمەوە، زۆری پێوە ماندووم. بەتایبەت کاتێک چاوم بەمندالّەکانیان دەکەوێ کە لەبن دیوار هەڵدەترووشکێن و دەست بەئاو دەگەیەنن. جگە لە کراسێکی تەنکیش هیچی دیکەیان لەبەردا نییە. پانتۆڵم لە پێدا نەدیون. ڕەنگە هەر لە پێیان نەکردبێ. ئەو ڕۆژانەی کە هەوا ساردەبێ هەر کە کارەکەیان تەواوبوو بەغاردان خۆ دەماڵێ داوێنەوە، بەڵام ئەگەر هەوا تاو و ساو بێ لە پەنا دیوار دادەنیشن و خۆیان لەبەر تاو هەڵدەخەن. گەورەکانیش وەک مندالّەکان لە پەنا دیوار هەڵدەترووشکێن و دەست بەئاو دەگەیەنن...

مندالّەکان بەتەواوی کێوین. زۆرم زەحمەت کێشا تا توانیم بیانهێنمە لای خۆم، بەڵام هەر زمانیان نەدەگەڕا هەر بەسەرلەقاندن و ئیشارەی چاو قسەیان دەکرد و سەرەنجام وردەوردە وشەگەلێک فێربوون. هەرئەوەندە کە بەئیشارە تێمگەیاندن شیرنیان دەدەمی بەغاردان دێنە لام. هەموو لەشیان پڕە لە گەند و گوو و پەین و پاڵ. دووسێ جاران نینۆکم بۆ کردن و دەست و لاقیانم بەسابوون شۆرد. ڕۆژێک باوکیان بەشێنەیی هاتە لام و گوتی: ئاغا تکایەکم لە تۆ هەیە ئەویش ئەوەیە: ئەو مندالانە مەکێشە ئێرە و فێری ئەو کارانەیان مەکە. بەرەڵڵایان کە با بڕۆن. بەشیرنی و میرنی ئێرەیان لەبەر چاوی شیرن مەکە. خراپ بار دێن و چاو و گوێیان دەکرێتەوە.ئەمنیش لەبارەی ئاودەستەکەیاندا قسەم کرد. گوتی: لەو ڕۆژەوە کە چاوم پشکووتووە هەر ئاوا بووە. دەزانم ئەتۆ ڕاست دەکەی و ئەگەر برێک لە ماڵێ دوور کەوینەوە زۆر چاک دەبێ. بەڵام حەوسەڵەی دەوێ. ماڵ و مندالّیش بەپای پەتی و بەو سەرمایە ناتوانن لەوەی زیاتر بڕۆن.

## ئەوانەی باریان کردووە، ئەوانەی ماونەوە

یەکێک لەو جیرانانە نۆ منداڵی هەیە. ئەوەیان بڕێک لەوانی دیکە چاکتر و خەڵکی ترە. جاروبار سەرم لێدەدا و پێکەوە جەفەنگ لێ دەدەین. پاش نوێژێک هاتە لام. سێ سەد و پەنجا لیرەی لە شەریکەی هەرەوەزی بەقەرز وەرگرتبوو. دووسەد و پەنجا لیرەی لە قەرزەکانی دابۆوە. هەرئەوەندەی بۆ درابۆوە دەنا زۆر لەوە زیاتر قەرزدار بوو. سەد لیرەشی بۆ قیستی گایەکانی لەسەر تاقە دانابوو. دەیگوت: «جارێ با ئەو سەد لیرەی بدەینێ بۆ ئەوی دیکەش خودا گەورەیە.»

گوتی نامەیەکم بۆ چێودار بۆ بنووسە، دەیهەویست هەر ئەوشەوە بچێتە شارۆچکە و لەوێڕا نامەکەی بۆ شاری «نوێ شار» بنێرێ، بەڵام لە خۆی ڕانەدی و پەشیمان بۆوە. زۆری پێ خۆش بوو بەنۆرەی خۆی خزمەتێکم پێ بکا. بەڵام نەیدەزانی چ بکا، سەرەنجام دەفری ئاوخواردنەوەکەی دەست دایە: «ئەوەی بەتاڵ دەکەم و ئاوی تازەت بۆ تێدەکەم».

هێندە پێ نەچوو منداڵەکەی دەفری ئاوەکەی هێناوە، بەڵام دەگریا. گوتی: «باوکم بانگت دەکا.»

زۆرم پێ سەیر بوو، تاکو ئێستا نەچووبوومە ماڵە هیچ کەس. دیارە کاریشم نەبووە بۆیە نەچووم. هەر کەسێکیش کارێکی بووبێ هەر لێرە بۆم جێ بەجێ کردووە. منداڵەکەی ژیر نەدەبۆوە. پرسیم: چ قەوماوە، ئادەی بزانم بۆ دەگری؟ لەبەر گریان وڵامی بۆ نەدراوە. بەپەلە خۆم گەیاندە ماڵەکەیان. بەڵام چاوم بەچ کەوت؟

پیاوی چارەڕەش و بێ ئەنوا لە پەناکوچکاور لەسەر بەڕەیەکی شڕ بەدانیشتنەوە چاوی بەمۆلەق وەستابوو. لەبەرئەوەی بەلادا نەیە خێزانی چووبووە بن پیلییەوە، بەڵام قسەی بۆ نەدەکرا وەک مێژۆکە دەلەرزی و بارانی فرمێسک بەچاویدا دەهاتە خوار. منداڵەکانیشی دەتگوت بەبزمار لە عەرز داکوتراون و متەقیان نەدەکرد. ماتەمێکی سەیر ئەو ماڵەی داگرتبوو. نەزمی دەستیم گرت. گەرمایی لە لەشیدا نەمابوو، لە ماوەی



پێنج دەقیقەدا لە حەوت ساڵان ڕاست بۆوە.

کەوڵیان هەر لە گۆڕێ بوو. هەر ئەو وەختە کە لەلای من هەستابوو و ڕۆیشتبۆوە، پاروێکی نان و پیواز لە سەر سفرەی دانابوو بیخوا. خێزانی دەڵێ: «براله! نازانم دوو پارووی خوارد یان نا، هەر ئەوەندەم دیت چاوی سپی بوون و بێ هۆش بوو. چ دەکرێ بەشی ویش هەر ئەوەندەبوو...

هەر ئەو منداڵەی کە هاتبوو لە دوای من، وەک جاڕچی چاک هەموو ئاوایی تێگەیاندبوو. جیرانەکان کۆ ببوونەوە و باسی ژیانی سەراسەر پڕ لە مەینەتیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە، پێیان هەڵدەگوت و دەگریان. دەتگوت کانی ژنانە و کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە. بەڵام خێزانی لە حاڵێکدا بەچەپۆکان بەخۆی دادەدا و دەگریا دەیگوت:

– ئەو کۆشە منداڵە سەروپێچکەت بۆ کێ بەجێ هێشت و ڕۆیشتی...؟

ئەو شەوە هەتا بەیانی. گریان و کەس نەخەوت. بەیانی تەرمەکەمان بردە قەبران و تەسلیم بەخاکمان کرد. بەدبەختییەکە هەموو بۆ ئەوانەیە کە لە پاشی بەجێ ماون. پازدە نانخۆری جێ گر. پووڵی چێوداریش لە لایەکی دیکە. ئەو سەد لیرەشیان لە قەرزی دیکە دابۆوە. سێ سەد لیرەی شەریکەی هەرەوەزی و چوارسەد لیرە سوود. ئەوانە وردە حیسابێک بوون کە لە پاشی بەجێ مابوو.

گەورەی بنەماڵەکان بۆ دانەوەی قەرز و قۆڵە هەر ئەوڕۆسبەی دەکەن، لە ئاکامدا بەکۆچی دوایی خۆیان میرات گرەکان تووشی ڕۆژی ڕەش دەبن و لەبن قەرز و قۆڵە نایەنە دەر. لەگەڵ یەکێک لە جیرانەکان باسی ئەو مەسەلەمان دەکرد. بڕێک مات بوو و گوتی:

– «لێی گەڕێ بابم، کارت پێی نەبێ. هەتا نەمرن هیچیان لێ نایە...»

ئەو قسەیە وەک تیر کاری لە جەرگم کرد.

تەمەنی زۆربەی ئەو کچانەی کە مێردی دەکەن لە پازدە ساڵ کەمترە. کچی چارەڕەش لە حاڵێکدا پێویستی بەبووکەشووشە هەیە و ئەوی نەیزانێ مەسەلەی ژن و مێردایەتییە بەشووی دەدەن دوو ساڵ تێوەرناسووڕێ، پیر

دەبێ و ڕەنگی بەڕوانەوە نامێنێ. زەماوەندەکەیان بەتەواوی لەبیر ناچێتەوە، بەجێگاوبان دەکەون. ئەوجۆرە بووکانە دوو ساڵ دەوام ناهێنن و دەمرن. لە پاشان تاوانەکەی دەخەنە ئەستۆی خۆیان و دەڵێن «کچە هەر لە هەوەڵەوە نەخۆش بووە، دوای ئەوەی چۆتە ماڵە مێردی نەخۆشییەکەی پەرەی ساندووە.»

ژن هێنان بۆ کوڕان خەرج زۆر هەڵدەگرێ و کاری هەموو کەس نییە. هەر دەڵێی سەودای پاتاڵ دەکەن. دەبێ دراوێکی زۆر بدەن بەبنەماڵەی کچەکە. لە هەزار لیرەوە دەست پێ دەکەن، چەند لیرە ئەملاو ئەولا، جاری وایە دەبێتە چەنە لێدان و بە شتێک دەیبڕنەوە. ئەو کەسانەی کە شیربایان پێ نادرێ پێیان دەڵێن «گەندەپیاو!» ئەو ماڵانەی کە کوڕەکانیان لەسەر مرادن بۆ ئەوەی نێوی «گەندەپیاویان» بەسەردانەبڕێ هەتا ملان وەبن قەرز و قۆڵە دەکەون و هەرچی ماڵە بابی بووک بیانهەوێ ناڵێن نا. ئەوانەی کە پووڵیان نییە دەبێ دەست بشۆن لە ژن هێنان بۆ کوڕەکانیان و تا ئاخری عومریان بێ ژن بن.

بنەماڵەیەک دەناسم بەنێوی "چناران" چوار برا بوون لە ماڵێدا، بابیان مردبوو و دوو پەڵەی زەوی لە پاش بەجێ مابوو. بەڵام ئێستا سەپانی و ڕەنجبەری خەڵکی دەکەن برا گەورەکە ژن و منداڵی هەیە. برا چووکەکان یەکیان تەمەنی سی و دووساڵە و ئەوی تریان بیست و هەشت ساڵە، هەردووکیان بێ ژن و ڕەبەنن، بۆشیان نایە چونکە تەنانەت پەنادێکیان پاشەکەوت نییە. برا گەورەکەش سێ کوڕی هەیە کە ئەوانیش لە سەر مرادن. نۆزدە ساڵە، بیست و سێ ساڵە و بیست و شەش ساڵەن. ئەو شەش پیاوە دوای ئەوەی ماڵ نەما سەری پێداکەن، نەیانتوانی هاوسەرێک بۆ خۆیان پەیدا کەن. ڕەنگە تا هەن نەشتوانن. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوانەی کە ژنیان بۆ نایە دەکەونە سەر زمانان و چی چاکیان پێ ناڵێن...

با بەس بێ باسی ئەو جۆرە پیاوانە و بچینە سەر پێ و شوێنی ئەوانەی کە بەهەزار نارەحەتی و ئەڵڵا و وەڵڵا و خۆ بەئاو و ئاور دادەدەن و شیربایییان بۆ نادرێ. ئەو جۆرە دایک و باوکانە لە حاڵێکدا کوڕەکانیان



بۆنی شیری خاویان لە زاری دێ و نازانن ژن هێنان بەری چ گیایەکە دەیانخەنە داوەوە. بەڕاستی کوڕە نازانێ ژن و مێردایەتی یانی چی، هەر بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ لاواز و سیس دەبێ. کاتێک لە مانای ژن هێنان حاڵی دەبێ، دەگەڵ کچێک یان ژنێکی کە دڵی پێوەیەتی پەیمانی ژن و مێردایەتی دەبەستێ و هەوێ بەسەر ژنەکەی پێشووی دێنێ. لە پاشان ژنی هەوەڵی بەهیوای خودا بەرەڵڵا دەکا و یان ئەگەر نەبێتە کۆسپێک لەسەر ڕێگای ڕایدەگرێ. لە دێهاتدا شتێک بەنێوی مارەکردنی ڕەسمی و دەفتەرخانە ناناسن. ڕێوڕەسمی مارەکردن بەشێوەی ئاسایی و لە لایەن مەلای دێوە بەڕێوەدەچێ.

بەڵام با ئەوەش بڵێین ئەوانەی کە دەیکەنە دوو ژن ئەو کەسانەن کە دەستیان دەگاتەوە زاریان و برە پووڵێکیان هەیە بەڵام بەشی زۆریان جگە لە تێرکردنی زگیان هیچی دیکە نازانن و دەڵێن: «چ دەکرێ بەشی ئێمەش هەر ئەوەبووە».

فەقیرەکان خودای نەخواستە ئەگەر ژنەکەیان شتێکی لێ بێ ماڵوێران دەبن، بەخەون نەبێ ژنیان بۆ نایەتەوە و دەبێ بەبێوەمێردی دانیشن. بەڵام ئەگەر مێردی ژنێک بمرێ و ژنە تا ڕادەیەک جحێل بێ و لەبەر دڵان، باوکی ژنەی کە تا ملان وەبن قەرزان کەوتووە بەو ڕووداوە خۆشحاڵ دەبێ، کچە بێوەژنەکەی دێنێتەوە لای خۆی و هەوڵ دەدا خێرا مێردێکی دیکەی بۆ پەیداکا.

ئەو بێ سەرەوبەرەییە لە مەسەلەی ژن و مێردایەتیدا نەک تەنیا دەبێتە هۆی کەم بوونی منداڵ، بەڵکو مردنی بەتێکڕایی و قڕان پەرە پێدەدا و ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

ژمارەی ئەو پیاوانەی کە خاوەن ژنن، لەگەڵ پیاوی بێ ژن و ڕەبەن لە ئاوایی دمیرچی بەرابەرن. زۆربەی بێوەمێردەکان بریتین لەو پیاوانەی کە دە ساڵ یان بیست ساڵە ژنەکانیان مردووە. جگە لەوانەش ژمارەی ئەو کچ و ژنانەی کە لەبەر شیربایی زۆر بەمێرد نەدراون و ماونەوە کەم نین.

## زەو و زوو – مەرگ و مردن

لە سەرژمێری چوار ساڵەی ئاوایی خۆمان – دمیرچی – و گوندی – نورگوز – کە لەوێ مامۆستای قوتابخانەم بەپرسیار لەم و لەو و ماڵ بەماڵ گەڕان لە جەدوەلێکدا نێوی سەرپەرشتی بنەماڵەکانم نووسیوە.

لە گوندی دمیرچی لە ماوەی چوار ساڵدا لە سێ سەد و پەنجا بنەماڵە ٢٢٦ منداڵ لە دایک بووە، کە هەشتا و یەک منداڵ مردوون. لەو ماوەدا ٥٣ منداڵی ساڵەکانی پێشووش مردوون، بەم چەشنە دەتوانین بڵێین کە لە ٢٢٦ منداڵ سەد و سی و چواریان مردوون و نەوەد و دوو کەس بەدانیشتوانی ئاوایی زیاد بووە.

زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لەدایک بوون ساڵیان تێوەرنەسووڕاوە و مردوون. ژمارەیەک لەبەر دایکیان چوون و ژمارەیەکیش بەنەخۆشی زۆر چووک مردوون.

لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا سەدا سی و شەشیان لێ مردووە هەروەکو بەرچاو دەکەوێ نیسبەتەکان زۆر لێک دوورن.

گوندەکانی ئێمە منداڵیان زۆرە، لەو جێگایانەی کە نەخۆشی هەمەلایەنە لە گۆڕێدا نییە (ئاوایی ئێمە یەکێکە لەو جێیانە) تەنانەت لە هەلومەرجی زۆر دژواری ژیانیشدا زۆربوونی نفووس لە ئارادایە. بەڵام ئەو زۆربوونی نفووسە دەتوانێ لەوەش زۆرتر بێ کەوابوو بۆ بەرگری لە مەرگی منداڵان دەبێ ڕێگا چارەیەک بدۆزرێتەوە.

لە باری بەخێوکردنی منداڵ و ئاگا لێ بوونی هیچ هەر نازانن. ئەگەر بشزانن چیان لە دەست نایە، چونکە لەوپەڕی نەداری و هەژاری و دەسکورتی دان، کابرای دێهاتی بەهیچ جۆر لە دەستی نایە ئەو جۆرەی پێویستە ئاگای لە منداڵەکەی بێ و پێی ڕابگا. ئەگەر منداڵێک لە چەنگ مەرگ دەرباز و ڕزگار بێ و بەساوایی نەمرێ، هێشتا جێگای متمانە نییە و نەبوونی شیر و خواردەمەنی پێویست کز و لاوازی دەکا. لە زستاندا بەهۆی نەبوونی گەرمای پێویست یان چرەدووکەڵی لە ڕادەبەدەر و ناخۆش



لەوانەیە لە نێو ماڵدا بخنکێ. لە هاوینیشدا دایک لە دەستی نایە بەمنداڵەکەی ڕابگا، چونکە ئەویش وەک هەموو ئەندامانی بنەماڵە لە سەرەتای بەهارڕا تا پایز تەواو دەبێ لە بەیانی ڕا تا شەوێ لە هیچ کارێک وەک جووت و جۆماڵ و بژار و دەسکەنە و جەنجەڕ ڕاناوەستێ و خەریکی ئیش و کار دەبێ. لەو ماوەدا دایک یان منداڵەکەی لە سەوەتەیەک دەنێ و لە کۆڵی دەبەستێ، یان لە سووچێکی مووچە و مەزرا لەبەر تاو و با بەتەمای خوا بەجێی دێڵێ، زۆرجاران منداڵی بێچارە لە برسان ئەوەندە دەگری ماندوو دەبێ و خەوی لێ دەکەوێ... دایک هەرچەند دڵی هەر لەلای منداڵەکەیەتی، بەڵام لەبەر پرکاری تەنیا جارێک ئەویش بەسەر پێوە دەتوانێ سەر لە منداڵەکەی بدا و شیری بداتێ. ئەویش ئەگەر مەمکی شیری تێدابێ. زۆربەی دایکەکان لەبەرئەوەی بۆخۆیان خواردەمەنییەکی وا ناخۆن بەری دڵیان بگرێ تەڕاییان لە مەمکیدا نییە، نان و پیواز، یان نان و هاروێ چییە کە شیرەکەی چ بێ؟

بەم چەشنە هۆی بنەڕەتی مەرگ نەداری و دەستەنگییە. دایک و بابێک کە تەنانەت دوو گەزیان هومایل بۆ کفنی خۆیان نییە، شیری خاوێن و خەست لە کوێ بێنن لە جیاتی شیری دایک بیدەن بەمنداڵ. نەوەد لە سەدی ئەو منداڵانەی کە لە هاویندا دەمرن بەزگەشۆرە دەچن. هاوار بۆ ئەو ڕۆژەی کە منداڵێک زگەشۆرە بگرێ، تازە نانی زیندووان ناخوا و هیچ کەس بەتەمای نییە. ئەو منداڵەی کە لەبەر مەمکان نامرێ و گەورە دەبێ، سەرەتای ناڕەحەتییەتی و بەبرسییەتی و ڕووت و قووتی گەورە دەبێ و تا ئەو جێگایەی کە لە دەستی دێ لەگەڵ کەند و کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی ژیان بەربەرەکانی دەکا.

## یاداشتەکانی من

قـەدیمی گـوتوویانە: «سـەرێکی کـە نایەشێ پرێسکەی لێ نابەستن!» بۆ خـۆشم نازانم بۆ ئەوە لەپڕ بەمـێـشکمـدا هات کـە کـاتژمـێـرێکی بۆ قوتابخانەکەمان بکڕم. تێماوم نازانم لە لای کێ بیدرکێنم؟ هەڵبەزینەوەی ئەو کـەسـانەی کە بۆیان نەدەکـرا تەنانەت دابین کـردنی تەختـە ڕەشـەی قـوتابخـانە و مـێـزی کـلاسی منداڵان هەست پێ بکەن لە بەرابەر کـڕینی شتێکی وا زینەتیدا بۆ من ببـوو بەمەسەلە و نەمدەزانی بەکوێ دەگا؟ لە لێژنەی قوتابخانە گـوتیان: ئەوە ئیدی خـەڵک ئازاردانێکی بەئاشکرایە! کاتژمێر دەبێ چ شتێک بێ؟ ئەو گوندە لە زەمانی حەزرەتی نووحەوە هەر بەسـەعـاتی خـودایی کـات و سـاتی خـۆی دیاری کـردووە. چمـا ئەوە چ عەیبێکی هەیە؟

کـوێخـا دەچێـتـە شـارۆچکە و لەلای بازڕەس گلەیی دەکـا: مـاوەیەکـە لە سەری داوە کە بۆ قـوتابخانە کـاتژمێـر بکڕێ. نازانم کـاتژمێری بۆ چییە، شیری لێ دەگرێ؟!... تکای لێ کردبوو: دەسەرت گەڕێم ئاغا گیـان، ئێوە نامـەیەکی بۆ بنووسن بەڵکو ئەو فکرە خـراپەی لەسـەر بچـێـتـە دەر. من بەڵێنی دەدەم هەمـوو ڕۆژێ بەر لەوەی ڕۆژ هەڵێ کـێـشکچی وەخـەبەری بێنێ. ئەو لەسەر ئەوەی نییە بزانێ کەی ڕۆژ دەبێتەوە؟ ئەوە بەئەستۆی من ئیدی خەرجی زیادی بۆ؟

لە قـسـەکـانی ئاغـای بازڕەس وا دەرکـەوت کـە «بەسەرهاتی کـاتژمـێـری ئاوایی» لە نێو یاداشتـەکـانی من لە گـۆواری «وارلیق» دا خـوێندبۆوە کـە دەیگوت: «لە بەسەرهاتی سەعـات و دیاری کردنی کات و سات لە ئاوایی ئێوە خەبەرم هەیە...» لە پاشان بڕێک لە یاداشتەکان بۆ کوێخا دەگێڕێتەوە. دوای ئەوەی کـوێخا ئەو قسـانەی لە بازڕەس گوێ لـێ دەبێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی و دەست دەکا بەقسەکردن بۆ خەڵک و دژی من هانیان دەدا:

– مامۆستای قوتابخانە مەسەلەی سەعاتی «مەلاکلش»ی گەیاندۆتە نێو ڕۆژنامەکانەوە.



– چما چی نووسیوە؟

– نووسـیـویەتی، نە شـووشـەی هەیە، نە قـورمـیش نە زەنگی هەیە و نە دەقـیـقە ژمێر! لە ڕووی سێبەری تەپۆڵکەوە کاتی نوێژیان بۆ دیاری دەکا! هیچ شک لەوەدا نیـیـە کـە ئاغـا تووڕە دەکـەن... ئەو بەسـەرهاتە زاربەزار دەگـەڕێ. «ئەو مـامـۆسـتـایە نیـشـانە و ناسـینی کـات و سـات لە کـوێ دەزانێ؟»

خـەڵک ئەوەیان دەگـوت و قـاقـا پێـدەکـەنین... خـەڵک لە یاداشـتـەکـانی دیکەشم خـەبەردار بوون، مـەسـەلەی «سـوێند خـواردن لە مـاڵـی کـوێخـا» خوێندرایەوە. چاووش عەلی خۆی بەپێکەنین خەنی کرد و دەیگوت:

– «ڕاستە، بۆ وانە بوو؟»

پاشـان دەچێـتـەوە مـاڵێ و بەخـێـزانی دەڵێ: «لەمـەوبەدوا چاوی خـۆت خوردکەوە و پێت وانەبێ پیاوێکی کەمم. لە نێو ڕۆژنامانداباسم دەکەن و نێوم هەیە، دەبێ بزانی لەگەڵ کێ بەرەوڕووی و ژنی کێی؟»

ئەو یاداشتـەیان لە نێو ئاوایی «چیلمیش» کە لەگەڵ ئەم گوندەی ئێمە ڕقـەبەری بوو خـوێندبۆوە. ئەو یاداشـتـە پەردەی لەسـەر سـوێندخـواردنی بەنهـێنی دانیـشـتـوانی ئاوایی ئێـمـە هەڵگرت کـە بەتەمـای پیـلان دژی (چیـملی)یەکـان خـواردبوویان. ئەوانە قـاقـەزێکیـان نووسـیـبـو و دەست بەدەست دەیانگێڕا کە: «لەمەوبەدوا ئەگەر ڕووداوێکی ئەوتۆ دووپات بۆوە دیارە تاوانبار کێیە؟»

دانیشـتـوانی گوندەکەی ئێـمـەش وەخۆ کەوتبـوون. ئەمنیان بـانگ کـرد: «ئەو بەدناوییـە تـاوانی تۆیە. ڕازی ئاواییت بڵاوکـردۆتەوە. ئێـسـتـا چ بکەین؟ تەمـاشـام کـرد کـارەکـە زۆر پیس بووە و خـەریکە دەگـاتە جـێی باریک، بەدووورودرێژی قـسـەم بۆ کـردن: «وادەکـەم و وابچێ...!» بەڵام بەڕاستی بابم هاتە بەرچاوم هەتا بڕێکم هێنانەوە سەرخۆ.

بەدبەختی هەر یەک و دوو نییـە: دۆسـتـان چووبوونە لای حاجی ئەحـمەد مێش و ئەویشیان لێ ڕاست کردبوومەوە:

– کەرەشەلەی تۆشی نووسیوە. نووسیویەتی کە ئێوەش بەکەرێکی شەل و بەستەزمان جووتی دەکەن.

بەو قسانە مميش گڕ دەگرێ، یەخەی باوکم دەگرێ و دەڵێ:

– بەو کوڕەت بڵێ سنوور و پێ و شوێنی خۆی بناسێ و لەسەر پەت و سینگی خۆی دانیشێ. هیچ دەزانێ خەڵک لە بارەی ئەودا دەڵێن چی؟ پیاو دەبێ ئاگای لە زمانی خۆی بێ و بزانێ دەڵێ چی؟ بەوی چی کەری من شەلە و جووتی پێدەکەم؟ هیچ هەقی نییە باسی من بکا، زۆرم قەڵس کا کەرەکەم لە جووتی دەکەم. ئەگەر چوومە ماڵە وی و داوای لەتە نانێکم لێ کرد نەمداتی.

ئەو قسانە باوکمی بەتەواوی تووڕە کردبوو.

– ئەتۆ کەی دەبیە حیسان. نەخێر نابی. منداڵی خەڵکی خزم و تایفەی خۆیان لەلای خەڵکی سەربەرز دەکەن، بەڵام تۆ دەچی دژی خەڵکەکەی خۆت قسە دەکەی و ئابڕوویان دەبەی.

مميش دەچێتە هەر جێگایەک باسی تۆ دەکا: چاوی خۆی خوردکاتەوە لەگەڵ منی پێ ناکرێ. بەمن دەڵێن کوڕی حاجی ئەحمەد. بەخوڵای نێفەکی دەبڕم... بۆ ئەوەی مميش ئارام کەمەوە، لەبەرم دانەواند و بڕێکی بەقوربان و سەدەقە بووم.

ئێستا جێگایەتی باسی «بادی موستاک» بکەین. ئەوساڵ هەر لەسەر خەرمان ئاردی تەواو بوو. زەوادی خودای لە ماڵدا نییە. دووتایان پاشەکەوت هەبوو. هەشت سەری خێزان لە ماڵدا بوو. دوو تەلیس ئارد بە دمی کێ دادەدەی؟

سەرەنجام لەبەر ناچاری «ئایشێ»ی کچی بەسەد لیرە دەفرۆشێ، بەڵام شەرتیان بۆ دادەنێت و دەڵێ دەبێ هەتا چوار ساڵی دیکە نەیگوێزنەوە. ڕەنگە بەو پووڵە بگەنە بەهار. ئەو یاداشتەشیان بۆ گێڕابۆوە، ئەویش بەباوکمی گوتبوو:

–براله! تازە من لەلای خەڵکی سەرم هەڵنایە. کوڕەکەت نووسیویەتی و



بەهەموو کەسی ڕاگەیاندووە کە من نانم نییە. ئەو کارانە سەرەنجامێکی خۆشی نییە. ئەوانەی ئەو جۆرە شتانە دەخوێننەوە دەڵێن چی؟ کوڕەکەت هەرچی بەسەر زاریدا هات نایگێڕێتەوە، نازانم بۆ بەبێ ئەوەی دەراو تاقی کاتەوە لە ئاو دەدا؟

لە دواییدا گوتبووی: بەخودای دوێنێ کە ئەوەم بیست لە حەیبەتان دەتگوت مێشکم تەقی. دەمویست بێمە بەر دەرگاکەتان و بەمەحموود ئەفەندی بڵێم: ئاخر تولە سەگ، حەرامزادەی بیژوو، ئاردی من تەواو بووە بەتۆ چی؟ ئەگەر هاتمە بەر دەرگاکەت دەرم کە! دیسانیش لەبەر جیرانەتی شەیتانم بەلەعنەت کرد و ددانم بەجەرگم داگرت.

تەماشام کرد چاک نییە، باب و باپیری ئێمە گوتوویانە ئادەمیزاد دەبێ دڵی جیران ڕابگرێ! «سەی لەبەر ساحەبی دەپارێزن!» بەخودا لەبەر تۆ نەبا «سمایلاغا» خۆم دەمزانی چم بەسەر ئەو سەگ باوکە دەهێنا!

باوکم تووڕە و پەرۆش لێم وەژوور کەوت:

– یاڕەببی کوڕم خێر و خۆشی لە خۆت نەبینی هیچی دیکەت پێ نالێم. خودایە زۆر شوکر بۆ بەشت! لە قەدیمەوە گوتوویانە ئەگەر منداڵت شێت بێ، دنیاشت بێ، هیچە. ئەگەر دانا و ئاقڵیش بێ، ماڵی دنیات ناوێ. هیچ بەڵایەک لە منداڵی خراپ، خراپتر نییە. خودایە زۆر شوکر بە بەشی تۆ!

لائیلاهە ئیللەڵڵا چون پێوەبووم. چوومە لای «موستاک» بڕێک پاڕامەوە و داوای لێ بوردنم کرد بەقسەکانی من تۆزێک هاتەوە سەرخۆ:

– کوڕم ئەمن تۆم زۆر خۆش دەوێ.قەت لە بیرم ناچێتەوە کە جارێک لەوپەڕی دەستەنگیدا دوو پاکەتت تووتن دامێیە. لەبەر خاتری خۆت دەڵێم بڕێک ئاقڵ بە! ئادەمیزاد دەبێ ڕازدار بێ. پیاو نابێ دەهۆڵ و زوڕنا بەدەستەوە بگرێ و بەدبەختی و چارەڕەشی خەڵکی ڕابگەیەنێ و ئابڕووی کەس و کاری خۆی لە لای خزم و بێگانە بکاتە پووشی بەر با...

باسی کامیان بکەم؟ ئەگەر لە بارەی هەر کام لەو مەسەلانەی لە یاداشتەکانمدا باسم کردوون، جارێکیان کوشتبام تا ئێستا سەد جار

مردبووم. له شارۆچکەدا یەکێک ڕووداوی ئەسپێیەکانی بۆ کوێخا خوێندبۆوە و گوڤارەکەی دابووە دەستی و کوێخا لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە بۆ ئاوایی و له چایخانە دەیدەن بەخوێندەوارێک. پاش ئەوەی بەتەواوی گوێ دەدەنە نووسراوەکە لە حەیفان هەموو یەک پارچە دەبنە ئاور و هەریەکەی قسەیەکی دەکەن:

– بەخودا پێم وایە ئەو کوڕە شێت بووە و سەری لێ شێواوە.

– کوڕە شێتیش کاری واناکا؟

مەلامحەمەد گوتبووی: هات و جلوبەرگی من ئەسپێ و ڕشکی تێدابوو، بەو چی؟ وسێن ئاغاش گوتبووی: ئەو ئەسپێی پزووی دەرپێی منی لە کوێ دیوە؟ لە پاشان گوتبووی: ئێمە بۆ خۆمان هەزارویەک بەدبەختی و چارەڕەشیمان هەیە، ئەویش سەرباری لەسەر دادەنێ و دەچێ لەلای ئەم و ئەو ئابڕوومان دەبا....

«چاووش غەنی»یان ناردبووە لای من و گوتبوویان پێی بڵێ: چاوەکەم، خۆشەویستەکەم، خودات لێ ڕازی بێ، ئێمە لە ئەخلاق و ڕەفتاری تۆ ڕازین. لاوێکی بێ فڕ و فێڵ و داوێن پاکی و لەسەر کانی تەماشای نامووسی خەڵک ناکەی. لە قوتابخانەیەکی کاول و ڕەق و تەقدا وەک پیاوچاکان دەژی و دنیات زۆر مەبەست نییە. بەخودای جگە لە تۆ هەرکەسێکی دیکە با سەعاتێکی هەڵنەدەکرد و شێت دەبوو... بەقسەمان بکە و وەرە دەست لەو کردەوە ناحەزەش هەڵگرە...»

لە نێو ماڵێشدا یەک لە یەک چارەڕەشتر بووین. ڕۆژ نەبوو کە لەگەڵ دایک و باوکم دمەقاڵێ و شەڕمان نەبێ. لە سەرەتاوە بەتەمابووم لە بەرابەر تووڕەبوونی ئەواندا هیچ نەڵێم و خۆ ڕابگرم، بەڵام لەسەرەخۆیی و بێدەنگی منیان بەشتێکی دیکە مانا دەکردەوە:

«بە ئێمە پێدەکەنی و گەپمان پێ دەدەی...» دوو سێ کەسی تر کە ئەوانیش لە ئاوایی مامۆستای قوتابخانە بوون وەک ئاوری بن کا ئاورەکەیان خۆشتر دەکرد و دایک و باوکمیان هان دەدا. یەکیان هاتبووە



لای دایکم و گوتبووی: «دایە عەتیفە، مەحموود هیچ نەماوە نەینووسێ، تەنانەت باسی تەنوور و کوچکاور و بەرەماڵی تۆشی کردووە، لە سیرەوە بگرە تا پیواز هیچی بەجێ نەهیشتووە هەمووی نووسیوە...»

ئەوجار دایکم هەدای نەدەدا: ئەوەش هەر لە چارەڕەشی خۆم دەزانم. خودا عەولادی داوە بەخەڵک لەبەری بحەسێتەوە، بەڵام من لەبەر سکاڵای خەڵک وەئامان هاتووم. خۆزگە لە باتی تۆ بەردێکی ڕەشم بوایە. سەد بریا لەبەرم چووبای. هەم ئابڕووی خەڵکت برد، هەم خۆت لەبەر چاوی خەڵک سووک کرد.

پیاو نازانێ دەردی دڵی خۆی لە لای کێ بڵێ؟ ئەگەر مەسەلەکەش هەر وا بەسووک و سادە بگری و بەپێکەنین وەپشت گوێی بدەی تووڕە دەبن. نازانن کە ئەوە ئەوان نین کە دەبێ لەبەر دەسکورتی و چارەڕەشی شەرم بیانگرێ... ئای خودایە لەو بەڵایە...

تووڕەیی خەڵک دوایی نایە. یەکێک دەپرسێ:

– قوتابخانەی چی؟

–ئەویشی نووسیوە. نووسیویە کە دەوڵەت پێی ڕاناگا.

میچەکەیان بەقامیش و پووش و پەڵاش داپۆشیوە. پارەمان نییە تەواوی کەین، هیچ نەماوە نەینووسی.

هاوکارەکانیش دوای ئەوەی نووسراوەکانی منیان لە گۆڤارا خوێندبۆوە بەتۆپ و تەشەر و لاتاو پاش ملە بەکەیفی خۆیان قسەیان بۆ هەڵبەستم: «زیادە لە هەموو شتێک فکری خۆی بەئەسپێ و گەنە و گەند و گۆوە ماندوو کردووە» ئەوانیش لایان سەیر بوو. ڕۆژێک یەکێک لەوان هاتە لام و بەشێوەیەکی دڵسۆزانەوە گوتی:

– مەحموود ئەفەندی ئەوانە چن دەیاننووسی؟ مانگا پووڵی خواردووە بەجەحەندەم با بیخوا. بەخودای براله کاتێک ئەو شتانەی تۆ دەخوێنینەوە، ئێمە لە جیاتی تۆ لەبەر خەجاڵەتی سەرمان هەڵنایە...

چیرۆکی ئەو مانگایەی کە پووڵەکەی خواردبوو، لە هەموو جێگایەک

دەنگی دابۆوە و بۆ پێکەنین دەیانگێڕاوە.

بەسەرهاتی ئەو ژنە دەڵێم کە لە تەویلە مانگاکەی پووڵەکەی لە کەلێنی دیوار هێنابووە دەر و خواردبووی، لە بیرتان ماوە؟

ڕۆژێک ژنە بەقەڵسی بەر دەرگای پێ گرتم و هەرچی بەسەر زاریدا هات پێی گوتم: «ماڵ ئی خۆمە، گا ئی خۆمە و پووڵی خۆمی خواردووە، بەخەڵکی چی، ئەتۆ بۆ زگت دێشێ؟ تۆ چی...

کاتێک تەماشای کرد قیژە و هەرا بێ فایدەیە، دەستی کرد بەپاڕانەوە و لالانەوە: «دەسەرت گەڕێم مەحموود ئەفەندی. بلێی لەبەرئەوەی گایەکە پووڵەکەی خواردووە بمگرن و زیندانیم کەن؟ جیرانەکان دەڵێن پێیت وانەبێ تاوانێکی چووکە. وەرە تۆ ئەو خودایەی دەیپەرستی ڕاستیەکەی بلێ هیچم لێ ناکەن؟ ئەگەر پێم بلێی هێلکەیەکت بۆ دێنم. کچەکەمت دەدەمێ. خۆ لە تۆی چاکتر نادەم؟

بلێم چی؟ چۆنیان حاڵی کەم؟ تەنیا چاووش غەنی دەیزانی من دەڵێم چی و چم لە دڵ دایە. خودا هەڵناگرێ زۆری یارمەتی دەکردم و لە هەر جێگایەک بۆی هەڵکەوتبا دادەنیشت و بەخەڵکی دەگوت ئەو نووسراوانە بەقازانجن ولایەنگری لە ئێوە دەکا. جگە لەوە لەخۆشی منیشی دەداوە:

– گوێ مەدە قسەی خەڵکی! هەتا دەتوانی بنووسە، کەس نەزانێ ئەمن دەزانم کە ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشان و زەحمەتەی تۆ لەبەر خاتری ئێمەیە.



## پرۆپووچ – شیلەی تریاک

چەند شیعرێک لەسەر قاقەزێک چاپ کراوە لە بازاڕی دایان ناوە و بە دە «قرۆش» دەیفرۆشن. هەمووجارێ کە دەچوومە شارۆچکە دەمدیت کە پیاوێکی دەموچاو باریک و کزەڵۆ کە بن هەنگڵی پڕە لەو قاقەزانە و بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکا:

«لە مەرگ نزیک بوویەوە هێندەت لێ دوور نییە...

ئەو ڕۆژەی کە لەشت دەنێنە ژێر گڵ...

دڵت بەدنیا خۆش مەکە چونکە وەفای بۆ کەس نییە...»

دەنگی لەبەرئەوەی بەسۆز و دڵگرە سرنجی هەموو ڕێبوارێک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و هەریەکەی دانەیەکی لێ دەکڕن. ئەو شیعرانە لە هەموو جێگایەک هەن. بۆ وێنە لە مێوانخانە، کاروان سەرا، دووکان و دیواری ماڵەکان...

هەموو ڕۆژێ پیاوەکە بەو دەنگە نەرم و خەفەتبارەی خۆی بەکووچە و بازاڕدا دێ و دەچێ و هاوار دەکا. خەڵک بەو دەنگە ڕاهاتوون و ئەو شیعرانە لە هەموو ماڵێک هەیە. لە ماڵێ کە دادەنیشن یەکێک بەسەروگوێ شکاوی دەیخوێنێتەوە و ئەوانی دیکە سەر دادەخەن و گوێ ڕادەگرن و پێی نەشە دەبن و دەڵێن: «بیخوێنەوە، دەنگ هەڵێنە، دیسانیش بیخوێنەوە.» ئەگەر سەد جاریشیان گوێ لێ بێ هەر تێر نابن.

جارێک بەدەنگ خوێندمەوە بەهەوای کابرای گۆرین، هەموو تاریفیان کردم و دوعایان بۆ کردم.

بۆ خۆیان ناتوانن بیخوێننەوە. دەڵێن: ئەو شیعر و دوعایانە لە ماڵە هەر کەسێکدا بن بەرەکەتی تێدەکەوێ. لە گوندی خۆمان "دمیرچی" چوومە وەتاغی کوێخا تەماشام کرد خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، بەڵام لەبەر چەقەچەق و گوڕە و هەڵڵا کەس ئاگای لە کەس نییە و لەوانەیە میچەکەیان بەسەردا بڕووخێ. هەر کامەی سکاڵایەکیان هەبوو. لەدەست

کێ؟ کەس نەیدەزانی. کاتێک وەژوورکەوتم کوێخا نەڕاندی: بێدەنگ بن. مەحموود ئەفەندی جارێکمان ئەو شیعرانە بۆ بخوێنەوە با هاووڵاتییەکان گوێیان لێ بێ. هەرا و هوریا و هات و هاوار وەک ئاو بەئاور داکرێ، دامرکا. منیش بەدەنگ خوێندمەوە. هەموو بێدەنگ بوون و ڕق و قەڵسی کەم بوونەوە و شەڕ و کێشە لە بیر چوونەوە. ڕەخنەکان خرانە پشت گوێ. ئەو شیعرانەی کە باسی پچڕانەوە لە ژیان دەکەن وەک شتێکی نەشەبزوێن هەمووی هێنانەوە سەر حاڵ.

کوێخا گوتی:

– تا کەی دەست هەڵناگرن. شەڕ بەسە. لەگەڵ یەک تەبا و برا بن و بەشەڕ مەیەن. گوێ بدەنێ بزانین چ نووسراوە: "هەموو دەچینە بن بستە خاکێک"

هەموویان دەستیان کرد بەپاڕانەوە:

– یارەببی ڕەحمەت لە بابت، ئێمەت ئاسوودە کرد. لە بەیانییەوە یەک پشوو لەسەر شتی هیچ و پووچ و ماڵی دنیا شەڕ و کێشە و دم بەدمەمان بوو.

دوای پاڕانەوەیەکی زۆر بەرەزامەندی هەر یەکەی ڕوویان لەلایەکی کرد و ڕۆیشتن.

کوێخا ڕووی لە من کرد و گوتی: "ئەو شیعرانە لە چەک و چۆڵ و ژاندرمە بەهێزترن؟!"



## نەخۆشی من، کرمی کتێب

وەرزی پشوودانە. بەڕۆژ لەبەر کارکردن فریای موتاڵا و نووسین ناکەوم. تازە ئەگەر هەلیش بێ بۆ دەکرێ لەبەر گرمەگرم و زەنازەنا کتێبێک بخوێنیەوە یان شتێک بنووسی؟ دیوێکی شڕ و شپرزە و پڕ لە منداڵ! هەم جێگای خواردنە و هەم جێگای دانیشتن. دوو سێ جار بەتەما بووم دەستێک بەماڵەکەماندا بێنم و بڕێکی ڕێکوپێک کەم. هەمووجارێ لەگەڵ دایکم لێمان دەبووە شەڕ! بێ دەنگەم لێ دەکرد و ڕیسەکەم لێ دەبۆوە خوری.

ئەگەر پیاو چاو لە زەنازەنا و شپرزەیەکەش بپۆشێ، ناتوانێ موتاڵا بکا، یان شتێک بنووسێ، هات و هاوار بەجێگای خۆی. دەرگاکە کۆسپێکی گەورەیە. ئەگەر پێوەی دەدەی دیو دەبێتە تاریکە سەلات و چاو چاو نابینێ. ئەگەر پێوەشی نادەی مریشک و جووچکە لەوانەیە چاوت بکۆڵن و لەوێی دانێن، ڕێگاچارەیەکیش نییە. جا لەبەر ئەو گیروگرفتانە چاکترین کات بۆ موتاڵا و نووسین هەر شەوە.

هاوینان کە شەوەکانی زۆر فێنکە هەموو لەسەر بان دەخەون و من تەنیا لە ژوورێ دەمێنمەوە، کاتێک بیر لە بێدەنگی شەو دەکەمەوە دەحەسێمەوە. لە پاشان دەست دەکەم بەنووسین و موتاڵاکردن. لە نێو جێگاشدا هەر خەریک دەبم، بەدانیشتنەوە یان لەسەر پشت شت دەخوێنمەوە، نووسین بۆ من مەسەلەیەکی زۆر گرینگە. جاری وایە هەست دەکەم یەکێک بەسیخورمە لە گورچووم دەکوتێ. هەزار و یەک مەسەلە هەیە بۆ نووسین، زۆر جاران هەست دەکەم کە دار و دیوار و پاتاڵ و مریشک و جووچکە هاوار دەکەن: «ئێمەش لەبیر مەکە و بماننووسە. قسە لە ئێمە بکە و ئێمەش وەقسە بێنە». دەبێ ئەو گوندە دوورەشار و نەناسراوە لە ئاناتۆلی بەزمانی قەڵەم بناسێنم.

کتێبەکان، قاقەز و شتی لەم بابەتە لە چەمەدانەکەم دێنمە دەر. وەک بەچکەمەلێکی غەریب و پەڕەوازە کە لە سووچێکی هێلانە دەکا، لە

لایەکی دایاندەنێم. ڕۆژی دوایی تەماشا دەکەم وەک تۆوی نێو زەوی پرش و بڵاو بوونەوە. منداڵەکان هەر قاقەزێکی وەبەر دەستیان کەوێ حەوای دەدەن و کایەی پێ دەکەن ناچارم هەموو جارێ دوای تەواوبوونی کارەکەم لە چەمەدانەکەیان باوێمەوە و بە شتێک بیبەستم.

بەڕۆژ وەک مریشکی وەهێلکەهاتوو کە بەگارەگار خۆ لە سووچێک داوێ، منیش ئارا و قارام لێ هەڵدەگیرێ. هەزار و یەک مەبەست و سووژە بۆ نووسین لە مێشکمدا ڕیز بوون. بەڵام لەبەر بێ جێ و ڕێیی دەستم وەهیچ کوێ ڕا ناگا و چاوەڕوانی شەوم. دیارە نووسینیش بەبێ کەلوپەلی پێویست ناکرێ. تەواوی نێوماڵ سەر و بن کەی شتێک وەک سەندەڵی و مێز وەگیر ناکەوێ. جارێکیان دوو بەردی گەورەم هێناوە ماڵ، تەختەدارێکم پێ ڕایەڵ کردن و نێوم لێنا مێز. لەوە چاکترم بۆچی بوو؟ بەڵام دوای دوو ڕۆژان باوکم ئەوەشی پێ ڕەوا نەدیم و بەردەکانی فڕێ دا: "ئەو هەتیوە شێت بووە بۆ خۆشی نازانێ چ دەکا."

دوو چەمەندانی شکاوم هەبوو. لەسەر یەکم دانان و دەستم کرد بەنووسین. سەرینێکیشم لە بن خۆم دانا. چەند ڕۆژیشم بەم چەشنە تێپەڕ کرد. بەڵام لەو ڕێگایەشەوە بەئاکام نەگەیشتم و چم بۆ نەکرا. ناچار پەنام برد بۆ بەرەکۆنی دڕاو و لە سەری دانیشتم، کتێبێکم لەسەر ڕانم دادەنا و لەسەرم دەنووسی. بەوەش ڕازی بووم بەڵام...

شەوێک باوکم لە کولانەوە تەماشا دەکا و دەبینێ نیوەشەوە، چرا دایسێ و من بەخەبەرم. قەڵس دەبێ و دەست دەکا بەپرتە و بۆڵە: "جندۆکە ناهێڵن بخەوێ." بۆ سبەینی دەچێتە لای نوشتەنووس، نوشتەم بۆ بنووسێ. بەڵام نوشتەنووس هیچی بۆ نەنووسیبوو. لەبەرچی نەینووسیبوو نازانم. ڕەنگە دەلیلەکەی هەر ئەوە بووبێ کە من خوێندەوارم و نایهەوێ سوڕی ئاشکرا بێ. باوکم بەتووڕەیی گوتبووی: «بۆ هەموو کەس دەنووسێ، بەڵام هەر کە گەیشتە ئێمە دەستی دەلەرزێ، نازانم بۆ پێی وایە دراوی ئێمە قەڵبە و ناچێ؟» کاتێک ئەوەم بیست خۆم بۆ ڕانەگیرا و گڕم گرت و زۆر تووڕە بووم.



# کەشف و کەراماتی شێخ

ئاوایی "بۆیالی" جیرانە گوندی ئێمەیە و پیاوێکی لێیە بەناوی شێخ مراد. لە ماوەیەکی کورتدا هەموو وڵات دەنگی داوە و باس باسی شێخ مراد بوو: "شێخی ئێمە لەگەڵ جندۆکە و پەریان قسە دەکا و شت گەلێکی دیکە لەو کەراماتانە." ڕووداوەکەم پرسی، مەسەلەکە بەم جۆرە بووە؛ پیاوێک بەمیوانی دەچێتە ماڵە شێخ مراد، دوای ئەوەی داری لە سۆبەکەی داوێ، ڕوو لە کابرای مێوان دەکا و دەڵێ: "سۆفی شەمچەکەم دەیە سۆبەکەی هەڵکەم" شانسی خۆی ئەویش شەمچەی پێ دەبێ، دەست دەبا بۆ گیرفان و شەمچەکە دەدا بەشێخ. هەموو مەسەلەکە ئەوەندە بووە. ئەوانەی کە لەوێ بوون بەسەرسوڕمانەوە لە شێخ مراد دەپرسن: "بەچی ڕا زانیت کە ئەو مێوانە شەمچەی پێیە؟"

شێخ لە وەڵامدا دەڵێ: "خۆ لەخۆڕا نییە کە ئەو هەمووە دوعایە دەخوێنم و لەبەر خودا دەپاڕێمەوە"

بەنێو گوندەکەی ئێمەدا چەمێک تێدەپەڕێ بێ ئەوەی کەڵکی لێ وەرگیرێ، ئەو فەلا و جووتێرانەی کە لە نزیک چەم خەریکی ئیش و کارن ڕەمەزانان کە توونیایەتی هێرشیان بۆ دێنێ، ڕۆژێ دوو سێ جار لە حەیبەتان هەروا بەجلوبەرگەوە خۆ لە ئاو هەڵدەکێشن، جلوبەرگەکانیان بەتەواوی ویشک نابێتەوە و دووبارە شاڵاو دەبەن بۆ ئاو. ژن و پیاو حەجمینیان لێ هەڵدەگیرێ و وەئامان دێن، چارەیەکیان نییە، هاوین و کار بڕست لە ئادەمیزاد دەبڕن و توونیایەتیان زۆر پێوە. دوو سێ جار دایکم لە نێو چۆمدا دڵی لە خۆ ببۆوە و بەبێ هۆشی لە نێو ئاویان هێنابووە دەر.

جاری وایە لە گەرمان بەجەڕە و گۆزان ئاوی وەسەر خۆیان دەگێڕن، بەم جۆرە بڕێک خۆ فێنک دەکەنەوە و بۆ ماوەیەکی کورت چاو لەسەر یەک دادەنێن و دەحەسێنەوە. دوای ئەوەی بەربانگیان کردەوە و بووژانەوە دەست دەکەن بەدرۆ هەڵبەستن و مەتەڵۆکە و لاتاو پێدادان بەڕۆژوو خۆران: "ئەوانەی کە بەڕۆژوو دەبن و لە توونیان و گەرمان وەکو چزیلکیان لێ دێ

ڕۆژی قیامەت دەچنە بەهەشت. لەوێ لە بەرابەر کارە چاکەکانی خۆیاندا لەوپەڕی خۆشیدا دەژین و تەماشای سووتانی ئەو کەسانە دەکەن کە لە دنیا عیبادەتی خودایان نەکردووە."

سێ ڕۆژان بێ پسانەوە بایەکی توند هات. تاقمێک پێیان خۆش بوو و ژمارەیەکی زۆریش پێی ناڕەحەت بوون.

"حەسۆ" کوڕی ئەحمەدە شێت سەتڵوجەمی گرت. دوای هاموشۆیەکی زۆر بۆ شارۆچکە و شار چاک بۆوە و خودا دایەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژووانەکان بەفێنک بوونی هەوا زۆر خۆشحاڵ بوون و کەیفیان ساز بوو.

هەر وەختێک گێژەڵووکە باقە گەنمان وەحەوا دەخا بێ ئیختیار سرنجی ئادەمیزاد بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. کاتێک من تەماشای گێژەڵووکە دەکەم باوکم دەست دەکا بەلاتاو پێدادان: "هەتا زۆرتری تەماشاکەی زیاتر خۆی شێت دەکا. بەرد لە ئاسمانەوە بباریێ خەتاتە و هۆی پرش و بڵاوکردنی ئەو باقانە تۆی. ئەگەر تۆش وەک ئێمە سەرت بەردەیەوە و تەماشای نەکەی، وای لێ نایە "ناچار سەرم بەر دەدەمەوە و چاو لە گێژەڵووکە ناکەم. کەچی گێژەڵووکە باقەکان زیاتر بڵاو دەکاتەوە.

بەڵام هەوا هەمیشە وانییە، جاری وایە سریوەی با نایە و ئادەمیزاد لە گەرمان پشووی نایەتە دەر. لە "ئاق بایر" دروێنەی چێودانمان دەکرد. پیاو لە گەرمان جەرگی دەبووە کەباب. جار نا جارێک کزەبایەک دەهات، بەڵام بێ فایدە بوو باوکم ئارەزووی هەوای فێنکی ڕۆژی پێشوو دەکا:

–ئەورۆ هەوا چەندە گەرمە؟

جێگای ئەورۆمان لەبەر تەپۆڵکە با نایگرێ. بەڵام دوێنێ جێگامان بڵیند بوو.

دەڵێم: بابە سەر تەپۆڵکەکان ئێستاش هەر فێنکە. ئێرە لە قووڵدایە بۆیە گەرمە.

دەڵێ: کوڕم لێمان گەڕێ ئەو قسانە مەکە. دەست لە کاری خودا مەدە. ئێرە قووڵە، هۆوەی گەرمە، ئەولاترساردە. بۆ چما خوای ئێرە و ئەوێ هەر یەک نییە؟



## کوانوو

کاتێک قسە لە کوانوو دەکرێ لاتان وانەبێ بەکارەبا و گاز دەگرن. ئەوەی باسی نەکرێ ئەو جۆرە شتانەیە.

هەروەها لە کەلێن و قوژبنی ناوچەی ئێمە شوێن گەلێک هەن کە پێیان دەڵێن "نەزرگە؛" لەو نەزرگانە، بەنێوی دەرمان کردن بەکەیفی تۆ خەڵک دەڕووتێننەوە. دەوروبەر پڕیەتی لەو نەزرگانە، هەر کەسێک کە ڕەنگی زەرد بوو یان سەری ئێشا بەغاردان دەیبەنە ئەو شوێنانە... ڕۆژ نییە ژمارەیەک خۆ نەگەیننە ئەو جۆرە جێگایانە. بەڵام بەبێ پووڵ کەس بەمراد ناگا. پووڵەکەش دەبێ زۆر بێ ئەگینا چی پێ جێبەجێ نابێ. لانی کەم هەر کەسەی دەبێ لیرەیەک بدا. ئەو سەر شەخسەی کە کەڵە شاخی لێ دەگرن لە ئاوایی "قزڵقیە" دایە. لەگەڵ گوندەکەی ئێمە هێندە لێک دوور نین. هەموو ڕۆژێ ژمارەیەک لە گوندەکەی ئێمە و دەوروبەر بۆ زیارەت دەچنە ئەو گوندە. ئاوایی "بووا"ش شەخسێکی لێیە بەنێوی "گلین جیک". مشتەری ویش کەم نین. هەر دەردێکت هەبێ دەتوانی خۆت بگەیەنیە سەر ئەو شەخسانە. ئەو نەزرگە و شەخسانەش وەک نەخۆشخانەکان دەبنە چەندین بەش.

بەڵام چوون بۆ سەر چاک و شەخسان بەپێی بەرنامەیە و هەر وا سەرسەری و لەخۆڕا ناتوانی بچیە سەر هەرشەخسێکی کە ئێشتیات لێ بێ. دێن بڕێک ئاو لە دەفرێک دەکەن و دەرزییەکی لە نێو داوێن. نووکی دەرزییەکە ڕووی لە هەر شەخس و گوندێک بێ دەچنە ئەو گوندە.

خەڵک پێیان وایە ئەگەر نووکی دەرزییەکە ژەنگ بێنێ نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر دایکم گوتی: کرمت هەیە، هەردووک لاقی لێ دەکەوشێک کردم و گوتی دەبێ بتبەم دەستت بەزگدا بێنن و دایماڵن. زۆرم شێر و ڕێوی بۆ هێناوە، بەڵام نەمتوانی ڕازی کەم. ناچار چووم زگیان بۆ داماڵیم و سەرقەڵەمانەشمان دا.

کەرامەت نوندانی ئەو کارە ئەو دەستە دیاری دەکا کە دایدەماڵێ. یەکێک کە دەمرێ خێرا جێگای پڕدەبێتەوە، هەر بۆیە ئەو شەخسانە بنەبڕ نابن. نەخۆشیش هیچ کاتێک تەواوبوونی نییە و ژیان لەسەر ئەو پێ و شوێنە درێژەی دەبێ.



## نەخۆشی شێخ و دەروێشی

لە وڵاتی ئێمە نەخۆشییەکی دیکەش هەیە. نەخۆشی "دەروێشایەتی." ئەو دەروێش و شێخانە ئەگەر لێیان بکۆڵییەوە بۆ خۆشیان نازانن وەدوای کام "تەریقەت" دەکەون.

لە هاوینی ١٩٤٧ چوومە یازدە گوندان و سەرم لێدان، جگە لەو یازدە گوندە چۆنیەتی ژیانی بیست ئاوایی دیکەشم لەبەر چاو بوو و دەمزانی لە چ حاڵدان، ئاوایی "هی چیپ" شێخ و دەروێشی لەوانی دیکە کەمتر بوو. بەپەنجا ئاوایی دەگەنە سەد و پەنجا ماڵ. منداڵەکان پێیان خۆشە ببنە دەروێش. لە ئاوایی ئێمە بەپەیڕەوانی تەریقەت دەڵێن شێخ، بستێک ڕدێن دادەنێن و بەڕواڵەت خۆیان وا پیشان دەدەن کە دەستیان لە دنیا هەڵگرتووە و ڕوویان لە خودا کردووە. ڕۆژ هەتا ئێواری و شەو و ڕۆژ کاریان بۆتە دەفە لێدان و دوعا خوێندنی بەدرۆ.

گەورەی ئەو شێخانە محەمەد ئەفەندییە، بۆ خۆی دانیشتووی ئاوایی "چکیچ لەرە" پیاوێکی زۆر ماقووڵە، ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشە ببنە مرید دەبێ لە بیری دیاری و پێشکەشدا بن و بەدەستی بەتاڵ نەچنە خزمەت شێخ. مریدەکانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە شێخ ڕۆژانی هەینی لە کابە نوێژ دەکا.

خەڵک لە هەموو لایەکەوە، دەستە دەستە دێن بۆ زیارەتی محەمەد ئەفەندی. هیچ کەس بەدەستی خاڵی لە ڕووی هەڵنایە زیارەتی بکا، خەڵک پێیان وایە زیارەت کردنی شێخان ئەرک و وەزیفەیە، بەڵام کەم وا هەیە کە شێخ سەر لە مریدەکانی خۆی بدا.

زستان بوو و بەیانی لە چایخانەی ئاوایی دانیشتبووم، ژمارەیەک لە مریدەکانی محەمەد ئەفەندی لەوێ قوت بوونەوە. میوانەکانی ئێمە ئەوەندەیان باران بەسەردا باریبوو دەتگوت مشکن لە ئاویان هەڵکێشاون. لەسەر ئەو حاڵەش ڕا هەر قلی و بلیان بوو و دەیانگوت: "خودا بۆ

تاقیکاری ئەو بارانەی بەسەر ئێمەدا باراندووە و ویستوویە بزانێ خۆڕاگری و ئیمانی ئێمە تا چ ڕادەیەکە." سێزدە کەس بوون. هەموو پەیڕەوی تەریقەت و بەلێکدانەوەی ئێمە هەموویان "شێخ." ئەوی چکۆلەیان نۆزدە ساڵە بوو.

لە ئاوایی "ئاپارات" و "یاشیل ئاوا" ڕا هاتبوون، کە تا ئاوایی ئێمە بەپێیان پێنج سەعات بوو.

ئەو شەوە چاردە کەس لە دیوێکیدا خەوتین. منیش لێم قەوما! هەر دەبا واشم لێ بێ. شەش دەستمان جێگاوبان ڕاخست. بۆ خۆشم لەبەر دەرکە لەسەر سندوقە کۆنێک خەوتم. پشوویەکیان دا و ڕاست بوونەوە. یەکیان دوو دەوری دەست دایە. لێکی دەدان و زرینگەیان لێ بەرز دەبۆوە – نازانم بەو دەوریانە دەڵێن چی – یەکی تریان دەستی دا کەڕەنا و یەکێکی تریان دەستی کرد بەخوێندنەوەی:

لە تەک عیسا لە ئاسمانان

لە تەک مووسا لە کێوی توور

لە تەک موحەمەد پێغەمبەری ئاخر زەمان

ستایشی تۆ دەکەم، ئەی مەزنی من

ئەوساڵ بەهۆی درێژبوونەوەی زستان و سەرما و سۆڵ و کەم بوونی بەرهەم، دەتوانین بڵێین بوونە ئەندامێک لە ماڵە شێخ. بەڵێ! بەڕاستی بەفر و سەرما و سۆڵ و سەخڵەت بێ حیکمەت نییە. دەڵێی ئادەمیزاد تەنیا لە کاتی بەڵا و ناڕەحەتیدا خودای وەبیر دەکەوێتەوە.

وردە وردە مرید زۆر بوون، محەمەد ئەفەندی لەبەرئەوەی بەتەنیایی نەیدەتوانی ئەو هەمووە مێگەلە مەڕە بدۆشێ، ناچار بۆ یارمەتی شوانی دیکەی گرت و بۆ هەر ناوچە نوێنەرێکی ڕەوانە کرد و بۆ تاقمێکیش ئیجازەی خەلیفایەتی نووسی. لە ئاوایی ئێمەدا پشک بەناوی حاجی حەسەن خواجە مەشهوور بە"شێخ چاووش" وەدەرکەوت. حاجی ئەفەندی



لەگەڵ شێخ مورتەزا دانیشتووی ئاوایی "بوویالی" پێوەندی هەیە، ئەویش لەگەڵ محەمەد ئەفەندی لە پێوەندیدایە.

بە مانایەکی دیکە محەمەد ئەفەندی، شێخ مورتەزای کردۆتە پێ سپێراوی ناوچە، ئەویش بۆ گوندێک یان چەند گوند نوێنەرێکی دەنارد.

حاجی ئەفەندی بەرلەوەی تاو بکەوێ و پێش هەموو کەس خۆ دەگەیەنێتە خانەقا، بۆ ئەوەی سرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و بیانکاتە مرید. کاری سەیر و گۆڵمەزی سەرسوڕهێنەر دەگێڕێ! دوای ئەوەی یەکێکی دیتەوە و فریوی دا، فێری دەکا کە لەلای مەلا مورتەزا چۆن هەستێ و دانیشێ و بڵێ چی. پاش ئەوەی کابرای لە گرێژنە برد، دەبێ وەک مریدێکی بێچارە بەهەزار بەدبەختی دیاری ئامادە بکا و ئیجازەی بدەن بەخزمەت شێخ بگا. دوای ئەوەی بەخزمەت شێخ گەیشت نێونووسی دەکەن و نێوەکەی لە سەرەتاوە بەشێخی گەورە و لەپاشان بەخەڵکی ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەر ڕادەگەیەنن. پاش پەسندکردن و وەرگرتن دەگەڕێتەوە و هەوەڵێن کارێکی کە دەیکا ڕدێن دانانە و حاڵەتی دەروێشی بەخۆیەوە دەگرێ و دوو سێ ڕۆژان بەئاواییەکانی دەوروبەردا دەگەڕێ. سەرەنجام دەبێ لەگەڵ مریدەکانی دیکە ببێتە ئاشنا. هەروەها دەبێ دەسحێبێکی نەوەد و نۆ دەنکیشی بەدەستەوە بێ. ئەوە ئاخرین کارە و دەروێشێکی بەتەواو مانایە.

حاجی ئەفەندی جگە لە چەند کەسێک خەڵکێکی زۆری کردە مرید، بۆ وێنە لەگەڵ چاووش غەنی و براکەی هیچی بۆ نەکرا.

چاووش غەنی باش دەزانێ لەگەڵ ئەو شێخانە چلۆن بجووڵێتەوە و بۆ ئەوەی ڕقی لێ هەڵنەگرن و ڕێز و حورمەتی خۆی ڕابگرێ دەڵێ: بە"یاهوو یاهوو ئاو و پڵاوە، بەهای هایی و هوو چا خۆشە و قاوە!" براینە بەو چەشنە دوعا و پاڕانەوانە هیچ کارێک جێبەجێ نابێ. بەر لە هەموو شتێک دەبێ دڵ و دەروون و نێت چاک بێ. گەڕان بەدێیاندا و مەولا مەولا گوتن هیچ دەردێکی دەرمان ناکا، ڕاگەیشتن بەکاروباری مووچە و

مەزراکەتان سەد بەرابەر لەوەی چاکترە. "دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە" خودا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە بەدەست و مستی خۆیان دەژین و خەڵک ناڕووتێننەوە.

ئەو قسانە شوێن لەسەر مریدان دانانێن و وەک بایەک بەپەناگوێیاندا دێ و دەڕوا، جگە لەوە گاڵتەش بەقسەکانی دەکەن.

لە مریدەکان دەپرسم: "حاجی ئەفەندی چیتان پێ دەڵێ؟" دەڵێی لە زاری یەک تفیون هەموویان دەڵێن:"هەر کەسێکی بەقسەی شێخ بکا و وەدوای وی بکەوێ قەڵەمی بەخشین بەسەر هەموو گوناحێکی ڕابردوو و داهاتووی دەکێشرێ و جێگای بەهەشتە." ئەوەندەی خودا حەز دەکا پیس و پۆخڵیون، بەڵام لە بەرابەردا سەد هێندە فێڵاوی و دەغەڵ و درۆزنن و بەلای ڕاستییەوە ناچن. هەر دەڵێی پیس و پۆخڵیوی بەشێکە لە مرید بوون. جا منداڵێکی یازدە ساڵە کە بەوپێ و شوێنە بچێتە پێشێ دەبێ چۆن لە کڵ بێتە دەر؟ شێخی گەورە دەڵێ: "دوای ئەوەی بوویە مرید هەر کارێکی بیکەی بۆ خۆت حەڵاڵە و دەگەی بەمراد!" ئەگەر وا بێ بەمراد گەیشتن زۆر هاسانە!

ڕۆژێک حاجی ئەفەندیم لە داو خست و پێم گوت: پیاوی خوداناس دەبێ ڕاست و دروست بێ و بێ فەروفێڵ، "بەڵام کاری ئێوە هەمووی بەپێچەوانەیە" گوتی: مەحموود ئەفەندی دەست لەم قسانە هەڵگرە، هێندە کفر مەکە. وردە وردە خەریکی کافر دەبی ها!"

ڕۆژێکی دیکە لە چایخانەی ئاوایی تووشی یەک هاتین، ڕووی لە خەڵک کرد و گوتی: "ئەو ئاغایە باوەڕی بەشێخی گەورە نییە."

ئەوانەی کە ڕێگای تەریقەت هەڵدەبژێرن، ئیدی دەست لە ڕەش و سپی نادەن، ژمارەکی زۆر لە خۆیان کۆ دەکەنەوە، دەفە هەڵدەگرن و هەر ڕۆژەی بەسەر گوندێک دادەدەن، دوای ئەوەی سێ چوار ڕۆژ زگی خەڵکیان شێلا و چیان بەدەستەوە نەهێشتن، ژمارەیەکی دیکەشیان دەروێش ڕەگەڵ دەکەوێ و دەچن بۆ گوندێکی دیکە... دوای ئەوەی چەند گوندێک گەڕان و سەد،



سەد و پەنجا کەسێک کۆبوونەوە، بۆ زیارەتی شێخ دەچنە گوندی "چکیچ لی." نیگەرانی ئەوەی مەبن کە ئەو هەمووە خەڵکە لە کوێ دەمێنێتەوە و چ دەخۆن. نابێ لە موعجیزە و کەرامەتی شێخ بێ خەبەر بی. ئەگەر پێویست بێ هەروا بەبرسیایەتی و بەهیوای خودا لە پەنا دیوار دەخەون.

لەو گەڕان و هاموشۆیەدا محەمەد ئەفەندی دیارییەکی زۆری بۆ کۆدەبێتەوە. چاوت بەهەر کەسێکی دەکەوێ هەمبانەیەکی بەکۆڵەوەیە و دەڵێی بەسەرباز دەچن بۆ "یەمەن." ئەوەی لەسەر ڕێگای خۆیان بەسواڵ و سەدەقە و دەست بڕی وەگیریان دەکەوێ بەناوی دیاری دەیدەن بەشێخی گەورە. خەڵکیش هەرچی دەیاندەنێ دەڵێن: "ئەو خێر و سەدەقانە بەفیڕۆ ناڕۆن، شێخ پیاوێکی چاکە و دوعای قەبووڵ دەبێ ئەگەر ڕوو لە ئاسمان بکا و بپاڕێتەوە خێر و بەرەکەت دەبارێ."

بەڵام ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆوە، ئەو کابرایە ئەگەر هێندە پیاوی چاکە و لە خودا نزیکە ئەدی بۆ خۆی و مریدەکانی لە فەقیری و چارەڕەشی ڕزگا ناکا؟

ساڵی پێشوو محەمەد ئەفەندی بۆ خەڵک ڕووتاندنەوە ژمارەیەکی بۆ گوندەکان وەڕێ خست. دەچوونە هەر گوندێک بەشێعر خوێندنەوە و حایوحوو لە ماڵە کوێخا وەژوور دەکەوتن، دوای تۆ خۆش و من خۆش و دەست ماچ کردن لە سەرووی هەموو خەڵکەکە دادەنیشتن و قاقەزی شێخیان دێنا دەر و پێشانیان دەدان. کوێخا لەگەڵ خەڵک قسە دەکا. لە پاشان خەڵکەکە یا بۆ خۆیان شتیان بۆ دێنن یان چەند کەسێک لە خۆیان تێرێکی گەورە داوێنە سەر کەرێک و لەگەڵ شێخەکان کۆڵان بەکۆڵان دەخولێنەوە و خەڵکیش ئەوەندەی لە دەستیان بێ دەیاندەنێ، هەرچەند ئەو شتەی کە دەیاندەنێ زۆری پێ موحتاجن و زیاتر لەهەرکەسێکی دیکە پێویستان پێی هەیە. "هەتا ماڵ بیبەوێ لە مزگەوتی حەرامە." زۆرجاران هەریەک شتیان دەدەنێ. ئەو خەڵکە ڕووت و ڕەجاڵ و چارەڕەشە هەر کە نێوی محەمەد ئەفەندیان گوێ لێ دەبوو ئەگەر دەستیان وەهیچ کوێ ڕانەگا

پارووی زاری خۆیان و ڕسقی منداڵەکانیانی دەدەنێ.

سەفەری پێشوو ئەو دەروێشانە بۆ زیاتر ڕووتاندنەوەی خەڵک کەڵەکێکی دیکەیان گێڕا و گوتبوویان: "شێخ هەزار لیرە قەرزدارە" لە ماوەی سێ ڕۆژدا زیاتر لە هەزار لیرە کۆکراوە. بەخودای ئەگەر خەڵک یەکگرتوو بن و بیانهەوێ کێو لە بن دێنن. سەد بریا ئەو هەمووە هەرەوەز و پیاوەتییەی خەڵک بۆ پێشکەوتی ژیانی ئاوایی کەڵکی لێ وەرگیرابا. بەڵام بەداخەوە تەنیا بۆ گیرفان پڕکردنی ژمارەیەک مفتەخۆری فێڵەباز کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

ئەگەر یەکێک بپرسێ: "ئەدی شێخ کە ئەوەندە پیاوی چاکە و دوعای قەبووڵ دەبێ بۆ بۆخۆی ناپارێتەوە و لە ژێر باری قەرز و قۆڵە بێتە دەر؟ لە وەڵامدا دەڵێن: "ئەوە لە خودا ناترسی کفریان دەکەی؟ ئەگەر تۆبەی نەکەی دەبییە بەرد و ڕەش هەڵدەگەڕێی. بۆ نازانی کە شێخ ئاگای لە هەموو شتێک هەیە؟" هەرکەسێکی و لە هەرجێگایەکی ئەو قسانە بکا لە ڕێوە خەبەرەکەی دەدەن بەشێخ.

جارێک دوو سێ کەس لە مریدەکان ساز دەبن و دەچنە لای شێخ، هەریەکەی بوخچەیەکیان بەکۆڵەوەیە، بڕێک دەڕۆن و ماندوو دەبن، وچانێک دەدەن و دەست دەکەن بەقسان. دوو کەسیان کە کوولەکەیان پێ دەبێ دەڵێن: "ئێستاکە وەرزی کوولەکەیە و وڵات پڕە لە کوولەکە، جوان نییە کوولەکە بەرین." لەسەر ئەو باوەڕە کوولەکەکان بەجێ دێڵن و دەچنە لای شێخ. هەر کە شێخ چاوی پێیان دەکەوێ، بەر لە هەموو شتێک لێیان دەپرسێ: "ئەدی کوا کوولەکە؟ بۆ کوولەکەکانتان فڕێدا؟" دیارە ئەو خەبەرەیان بەر لەوەی بگەنە جێ بەشێخی ڕاگەیاندبوو. ئەوانیش دوای ئەوەی گەڕانەوە، ناڕەحەت بوون و سەریان سوڕمابوو، لە حیبەتان هیچیان پێ نەدەخورا، دەیانگوت " دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ. شێخ ئاگای لە هەموو شتێکە."

خەڵک بەڕاستی پێیان وابوو هەموو دار و دیوار گوێیان هەیە و جەنابی



شێخ هەموو شتێک لە هەموو جێگایەک دەبیسێ و دەبینێ. دیو پڕبوو لە شێخ و مرید و یەکی دیکەی دیکەی نەدەبرد. بەچاووش غەنیم گوت: "سەبارەت بەو کوولەکانە بڕوات چۆنە؟"

– جابڵێم چی؟ پێت وایە دەبێ دانیشم و زۆڕزۆڕ بگریم؟ خۆ بەو کارە ڕیشەی نەزانی ئیشک نابێ! ئاور لە گیانی ئەو کەسانە بەر بێ کە بەم جۆرە سەریان لە خەڵکی شێواندووە و دەیانڕووتێننەوە. من هەرچەند لە پاڵ خۆمدا تووڕەبم و خۆم بکوژم، ئەوانە گوێیان لێ نییە و خۆ سڵ ناکەن. ئەوە چ دەور و زەمانەیەکە تووشی بووین! دەڵێم ئەگەر تۆ بەڕاستی پاکی و لە خودا نزیکی، موعجیزە بکە و بەباڵان هەڵفڕە بۆ ئاسمان و ئێمەش ئاسوودە کە.

## تفاق

جگه لەو شتانەی کە بۆ شێخی دێنن – بەبێ ئەوەی بۆ خۆی بیهەوێ – ئەگەر پێویستی بە شتێکی دیکەش هەبێ، هەواڵ دەدا بەنوێنەری ناوچە – کوێخا، یان گوێ لە مستێکی دیکەی خۆی – کوێخاش شێخەکانی ئاوایی لە جێگایەکی چاک – بۆ وێنە لە ماڵە خۆی – کۆ دەکاتەوە و لەپاشان بۆ کۆکردنەوەی داخوازی شێخ چەند کەسێک بۆ گوندەکانی دەوروبەر دەنێرێ. دەتوانی بڵێی شێخی گەورە هەموو شتێکی هەیە: چەند جووت گا، چەند سەر مانگا، مەڕ...

زۆرن ئەو کەسانەی کە کاروباری کشتوکاڵ و مووچە و مەزرای شێخ بەخۆڕایی و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی قڕانێکیان هەبێ ئەنجام دەدەن. هەر بەئیشارەیەکی شێخ بەسەدان کەس جووتبەندە دەست لەسەر سینگ دادەنێن و ئامادەبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن.

ساڵێکی تفاقی ماڵی شێخ تەواو دەبێ. خەلیفەکانی دەوروبەر کە بۆ زیارەت دەچنە خزمەتی لەو مەسەلە ئاگادار دەبن.

"بۆ ئێمە مردووین، جا چلۆن تفاقی ماڵی شێخ تەواو بووە و ئێمە نەمانزانیوە" ئەوەی دەڵێن و بەپەلە هەریەکەی ڕوو لە لایەک دەکەن.

ئەو پرسیارە دێتە گۆڕ: "بۆ چما ئەوانە لە خۆیان زیاتریان هەبوو؟" بێ گومان هیچ ماڵێک لە خۆی زیادی نییە، خەڵکی ئاوایی شەش مانگی تەواو، لە ترسی لێ بڕانی تفاق ئاه و ناڵەیان دەگاتە ئاسمان. پاتاڵ یەک پارچە ئێسک و پێستن. بەڵام بێ گومان پاتاڵی شێخ وەک دابەستە لە گۆشتا سوور بوون و زۆر بەدەماخن.



## مانگی بانەمەڕ

ماوەی دوو ڕۆژە باران لێی نەکردۆتەوە. حەوشەی قوتابخانەکەمان پڕ بووە لە ئاو و دەڵێی گۆماوە. بەلارەملی لە سووچێکی ئەو ئەستێرە هەڵترووشکاوم. تەواوی کەلوپەلی نێو ماڵەکەم تەڕ بووە و خووساوە. ئەمن ئەوە لە حاڵی خۆم بێزارم و لە داروبەرد تووڕەم، ئالەم حاڵەتەدا یەکێک لەو خەلیفانە لێم وەژوور دەکەوێ:

– ئەگەر هەتە کیلۆیەکم قەند بەقەرز بدەیە. لە تۆ زیاتر کەسی دیکەم پێ شک نەهات. دەچین بۆ زیارەتی حەزرەتی شێخ. کەس چی چاکمان پێ ناڵێ بەدەستی بەتاڵەوە بچین. پرسیم:

– جا بۆ بەو بارانە؟ چما بێ کاری؟

گوتی:

– هاواڵەکانم لە دەرێ چاوەڕوانن.

بەڵێ ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت. منیش دوابەدوای هاتمە دەر، ئەوەی من چاوم پێی کەوت یاخوا دوژمنیش نەیبینێ. تەماشام کرد هەژدە کەریان ڕیز کردووە و هەر هەژدەیان بار کردوون و وەپێش خۆیان داون. پرسیم:

– ئەوانە چن؟

– تفاقە دەیبەین بۆ ماڵی شێخ. تفاقی نەماوە، کادینەکانی خۆمان گەسک لێداوە، ئێستا دەمانهەوێ بۆی بەرین.

– ئێوە دەتانگوت: "تفاقمان نەماوە" ئەدی سبەینێ بۆ خۆتان چ دەکەن؟

– ئەوەی گرینگ بێ پاتاڵی ماڵە شێخە. بۆ ئێمە هەرچی بێتە پێش پێی خۆشحاڵین. "زۆر فوو لە دۆ ناکەین." خودا گەورەیە، هێندەی نەماوە بۆ هاوین...

وەڕێ کەوتن و ڕۆیشتن. ڕۆژی دوایی دەستەیەکی دیکە و ڕۆژی دواتر ژمارەیەکی تر. لە گوندەکانی دیکەش ڕا هەموو ڕۆژێ ژمارەیەک کەریان بار دەکرد و بارەگای شێخی گەورە بگرە و هاتم.

بەم چەشنە لە تەواوی گوندەکانی ئەو ناوچەیە بۆ دەرمانیش تفاق نەماوە. هەرچی بوویان کێشایانەوە ماڵی شێخ.

دوای چەند ڕۆژی دیکە دیسانیش ژمارەیەک کەریان بار کردن و بەرەو قیبلەی ئاوات ملی ڕێگایان داگرت.

گوتم: بابم بەسە! ئەو کایەی کە تا ئێستا بۆ ماڵە شێخیان بردووە پاتاڵی سێ ئاوایی پێ بەڕێ دەچێ. بەزەییتان بەخۆتان دابێ و بڕێکیش بۆ پاتاڵەکانی خۆتان بێڵنەوە. وەڵام دەدەنەوە:

– بەمە چی خەڵک شتیان بردووە، پاداشی ئەوان بۆ ئێمە نانووسن.

– چۆنتان پێ خۆشە وا بکەن. بەڵام ئەوەندەی بزانن دەبێ لە سبەینێ ڕا بۆ تفاقی پاتاڵی خۆتان زار لەبەر خەڵکی خوارکەنەوە. لە حاڵێکدا حەمبارەکانی ماڵە شێخ پڕن لە تفاق، ئێوە دەبێ دەست لەسەر دەست دانێن چاوەڕوانی چارەنووسی پاتاڵەکانتان بن.

دەڵێن: " دنیا بەنووری نێوچاوانی شێخ ڕووناکە. خودا ئەو هەموو نیعمەتەی لەبەر خاتری شێخ داوە بەئێمە، بۆ خۆمان چمان هەیە؟ ماڵی خۆیەتی دەیدەینەوە..."



## چلەکێشی

بۆ شێخایەتی ڕێگایەکی دیکەش هەیە: چلەکێشی و گۆشەگیری وەک مورتازەکانی هیندی.

بەڵام بۆ چلەکێشی دەبێ شێخی گەورە ئیجازە بدا. زستانی ئەوساڵ تەنیا دووکەسیان بۆ ئەو مەبەستە ئیجازە دا کە یەکیان پێش نوێژی گوندی "گودەلەر" و ئەوی تریان "ئامارات" بوو.

ماوەی ئەو چلەکێشییە چل ڕۆژە. لە دیوێکی بچووکدا دادەنیشن، شتومەکێکی کۆن لە خۆیانەوە دەپێچن و قسە لەگەڵ کەس ناکەن، لەسەر بەڕەیەک دادەنیشن و تا چل ڕۆژان بەدەسحێبات و ستایشی خودا خۆ دەخافڵێنن. بەو کارە دەڵێن "چلەکێشان."

هەموو ڕۆژێ بەیانی لە دەفرێکی چووکەدا دۆکڵیوێکی بێ خوێی بەنیسکیان لە کونێک ڕا بۆ ڕۆدێڵن، نابێ ئەوەی وەریدەگرێ یان ئەوکەسەی دەیداتێ چاویان بەیەکتر بکەوێ. ئاوی دەسنوێژیش هەر لەو کونەوە وەردەگرن. لەو ماوەدا تەنیا ڕۆژانی هەینی دەچنە مزگەوت، ئەویش بەسەروچاوی داپۆشراو. هیچ کەس نابێ چاوی بەسەروچاویان بکەوێ.

کاتێک نوێژیان دابەست دوو سێ کەس لە نێو خۆیانی دەگرن و دەیبەنە مزگەوت. ئەو دوو سێ کەسە و جەنابی چلەکێش لە پشت سەری یەکتر نوێژ دادەبەستن و هەر کە سڵاوی نوێژ دراوە – بەرلەوەی خەڵک ڕوو بکەنە دواوە – لە مزگەوت دێنە دەر. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵک بۆی دەپاڕێنەوە کە چلەکێشییەکەی بەسەرکەوتوویی دوایی پێ بێنێ.

ئەوساڵیش هەموو لایەک چاوەڕوانی ئاخرین ڕۆژی چلە بوون و ڕۆژژمێریان دەکرد. سەرەنجام ئەو ڕۆژە هاتە دی. ئاوایی "گودەلەر" زۆر لە ئێمە نزیکە. بەشوێن بیستنی تەواوبوونی چلە هەر بابایەی کەرێکی پەیداکرد و بەرەو "گودەلەر" وەڕێ کەوت.

"خەتیب ئەفەندیان" لە چلە هێنادەر. بەسەروچاو داپۆشراوی پێشانی

خەڵکیان دەدا! نزیکەی دووسەد کەسی وەشوێن کەوتبوو. خەڵک پێیان وابوو "هەرکەسێکی لەو حاڵەتەدا چاوی بەچلەکێش بکەوێ دەچێتە بەهەشت" پێشوازی کەران لە خۆشی چوونە بەهەشت چاویان هەر زیتەزیتی دەهات. خەڵک هەموو پێکەوە هەرایان دەکرد:

– "بەقوربانت بم پێش نوێژ بێڵە چاومان بەسەروچاوی مبارەکت بکەوێ. هیچ بەختەوەرییەک لەوە گەورەتر نییە کە دەستت ماچ کەین و بمرین"



## خەلیفەی لاو

ئاخری زستان بوو. لە وەتاغی چاووش غەنی دانیشتبووین. بارانێک دەباری هیچ کەس سەرەدەری دەرنەدەکرد. لە عومری خۆم شتی وام نەدیبوو. بایەکی توندی دەهات دەتگوت زمانزانە بەفری بەدەموچاوی رێبواردا دەدا. خەڵک هەموو ئاە و ناڵەیان بەرز ببۆوە و زۆر نارەحەت بوون، بەڵام سەد هاوار بەقڕانێکی بوو. لە حاڵێکدا خەڵک نارەحەتن و هیچ دەراوێکی ڕوون شک نابەن، دەرگا دەکرێتەوە، لاوێکی پاک و خاوێن وەژوور دەکەوێ. هیچ وەک خەڵکی ئاسایی نەدەچوو. چەمەدانێکی چووکەی بەدەستەوە بوو، یەخەی باڵتۆکەی هەڵدابۆوە، دەسرۆکەیەکیشی وەبەر دمی هەڵدابوو و گوێیەکانی داپۆشیبوو، دەست و سەر و چاوی لە سەرمان سوور هەڵگەڕابوون.

هێشتا نازانم ئەو مێوانە کێیە و چ کارەیە. بەسەرسوڕمانەوە چاوی لێ دەکەم. هەرچەند تەماشای سەر و سیمای دەکەم. بۆ خۆم لەو تەماشاکردنە شەرم دەکەم. دیارە من خۆم لەگەڵ خەڵکی ئاوایی ڕێک خستبوو و وەک وان وابووم. هەرچەند بەتەمەن لاو بووم بەڵام تێکشکابووم و سەر و چاوم پڕ بوو لە گنج، چەند ڕۆژێکە ڕدێنم نەتاشیوە. پانتوڵەکەشم هەموو پینە کردووە، پینەکانیش هەر بۆ خۆم لێم داون. باڵتۆیەکی کە بەقەرز بەبیست و هەشت لیرە کڕیومە پینە و پەڕۆی کۆتەکەم بۆ دەشارێتەوە، هەرچەند ئەویش جێگای ساغی بن هەنگڵێتی. هیچ کەس دەنگی لێوەنایە و مات بوون. هەموویان چاویان لەو مێوانە تازە بڕیوە. لە سەرمان دەستی هیچ ناگرن. کاتێک ئەوەیان دیت دوو لاو هەستان و یارمەتیان کرد. کڵاوەکەیان بۆ خاوێن کردەوە و بەفرەکەیان لێ تەکاند. باڵتۆکەیان لەبەر داکەند و بۆیان ڕاوەشاند، بەن کالەکەیان بۆ شل کردەوە و دانیشت. دیسانیش نازانم کێیە و چ کارەیە.

غەنی هەڵدەستێتە سەر چۆکان و بێدەنگییەکە دەشکێنێ: "بەخێرهاتی ئەفەندی، کێی، خەڵکی کوێی و لە کوێوە هاتووی، دەچی بۆ کوێ؟"

میوان لە حالێکا ماندوو و بێ واز بوو بەدەنگێکی ئارام و دانەدانە دەڵێ: "بچووکی ئێوە خەڵکی "قیرشار"م. لە قوتابخانەی قەیسەریە دەرسم خوێندووە، تەواو بووم و دەچمەوە شارەکەی خۆمان. بیستوومە "قوونیە" عالمێکی زانای لێیە. بەتەمام بچمە لای و شتی لێ فێربم. بەو سەرمایە لە قەیسەریە ڕا ڕۆیشتم بۆ قوونیە. بەڵام بەداخەوە بەسەر هەواری خالّی دا کەوتم و عومری درێژی دابوو بەئێوە. لەوێ پووڵم بڕا. لەگەڵ باوکیشم نێوانێکی وامان نییە. ماوەی - سێ ساڵە نە قاقەزی بۆ نووسیوم و نە خەرجی بۆ ناردووم - چوومە خزمەت ئیمام جومعە و شەرحی حالّی خۆم پێ گوت - ئەویش زانایەکی پایەبەرزە. منی برد بۆ مزگەوت. قورئانم خوێند. زۆریان پێخۆش بوو و لە هەموو لایەکەوە ئافەرین ئافەرینم گوێ لێدەبوو - بەشوێن ئەو قسانەدا ئەوانەی لە وەتاغی چاووش غەنی بوون دیاربوو بەچاوێکی دیکە تەماشای دەکەن و ڕێزی بۆ دادەنێن - لە پاشان هەشتا لیرەیان بۆ کۆکردمەوە و دایانمێ، شێست لیرەم دا بەو باڵتە. بیست لیرەشم ماوە بۆ خەرجی ڕێگا. گوتیان خۆ بەو پووڵە ناگەیە هیچ کوێ؟ لێرەوە بچووە "ئاق سەرا" لەوێ دێ بەدێ ڕێگات پێشان دەدەن. پێیان گوتم بەخزمەت محەمەد ئەفەندی بگەم، دۆزیمەوە و ڕۆژێکی لێ میوان بووم. پێش نوێژی مزگەوتی ئەعزەمیش پیاوێکی چاک بوو. پەنجا شێست لیرەشیان لەوێ بۆ کۆکردمەوە. دوێنێ محەمەد ئەفەندی دوو کەسی دەگەڵ خستم و گوتی هەتا چیملی لەگەڵی بچن. ئەوڕۆش ئەوە لە خزمەت ئێوەم. ئاغا زۆری سڵاو دەگەیاندن و نامەیەکی بۆ ناردوون - نامەیەک لە گیرفانی دێنێتە دەر - ئاوایی چیملی موعەلیمێکی سەگبابی هەبوو. نەیدەهێشت خەڵک یارمەتیم بکەن، لەسەر ئەو کارە تووشی کێشە بوو و شێخەکان لە وەتاغی وەدەریان نا. لەو نەفامە بێ دینانە خێر بەدوورە ئیشاڵڵاکە ئاوایی ئێوە موعەلیمی نییە؟

ئەمن دروست لە پەنا ئەو دانیشتبووم. هەموو تەماشای منیان دەکرد. نەمتوانی چ بکەم یا چ بڵێم؟ جگەلەوەی ددان بەجەرگی خۆم دابگرم هیچ



چارەیەکی دیکەم نەبوو. هەستم دەکرد کە دەورەم بەکێوی ڕەش و سەرکەش تەنراوە و ڕێگای دەرەتانم نییە.

نەزانی گەمارۆی دابووم. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئادەمیزاد باڵیشی هەبێ ناتوانێ هەڵفڕێ. پیاو لەوانەیە بەقاپەئاوێکیش بخنکێ.

لەو جۆرە جێگایانەدا، قسەکردن بەپێی عەقڵ و عیلم و لایەنگری لە هەق زۆر سەختە، هەروەک وشتر بەکونی دەرزێوەکردن وایە، یا دەبێ سەر داخەی و حیز و سلامەت دانیشی. بەڵام گوێ ڕاگرتن بۆ قسەی ناهەق و سووکایەتی پێ کردنیش تا کوێ؟ ئادەمیزاد لە هەلومەرجێکی وادا مەرگی خۆی بەئاوات دەخوازێ و حەز دەکا حەرز وەک ئەژدیها زار بکاتەوە و قووتی بدا.

مێشکم دەزرینگێتەوە. دەنگێک لە دەروونمدا هەڕەشە دەکا: "لە بەرابەر ئەو سووکایەتیەدا نابێ دەست لەسەر دەست دابنێی، تۆ چرای عیلم و زانستت بەدەستەوە گرتووە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو گوندە بێنیە سەر ڕێگای ڕاست و ڕوونیان کەیەوە. ئەوە ئەرکی تۆیە زمانێکی کە دژی موعەلیمەکان و مەیدانی ئازادی و زانست زمان درێژی دەکا کورتی کەیەوە و بیبڕی"

بەڵێ ئەوە ئەرکی من بوو، بەڵام لە بەرابەر ئەو هەمووە هێزەدا بەتەنیا چ کارێکم لە دەست دەهات؟ هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە لەگەڵ ئەو هێزەکوێر و نەخوێندەوارە بە چ شێوەیەک بەربەرەکانی بکەم؟ بە چ زمانێک؟ بیرم بڕی نەدەکرد و بەهیچ کوێ نەدەگەیی. لە حەیبەتان سەرم لەبەر خۆم نابوو و لێوی خۆم دەگەست... بەڵام لاوی تازە دابەزیو هەژدەر هەژدەر قسەی دەکرد.

"شەوی ڕابردوو لە چیملی بڕێکم هایوهوو کرد. بەیانیش دوعام کرد و پاڕامەوە. خەڵکی وێ هەموو مریدن، لێرەش بێ خەبەرم." هەموو وەڵامیان داوە: "ئێرەش هەروایە."

نازانم ئەو لاوە مووی » شەیتانی پێ بوو؛ ئەدی تووکی لێ کردن، ئێستاش نەمزانی چ سوڕێک بوو. ئەوانەی کە لە بەیانییەوە لە سەرمان

هەڵدەلەرزین ئێستا واگەرم داهاتبوون و بەدڵپڕی قسەیان دەکرد بۆ خۆشیان نەیاندەزانی دەڵێن چی. مێوان درێژە بەقسەکانی دەدا، "خەڵکی چیملی لە کۆڵم نەدەبوونەوە، زۆر بەزەحمەت ڕازیم کردن. هەرتک لاقیان لە کەوشێکی کردبوو و دەیانگوت دەبێ هەتا بەهارێ بەجێمان نەهێڵی. دەیانگوت ئەگەر نەڕۆی لە گوندەکانی دەوروبەریش یارمەتیت بۆ کۆ دەکەینەوە. بەڵام گوتم ڕازی بەو زەحمەتەی ئێوە نیم. برە گەنمێکی کە کۆیان کردبۆوە فرۆشتیان و پووڵەکەیان لە گیرفانم هاویشت. با ئەوەش بڵێم کە من زیاتر لە هەموو جێگایەک بەئاوایی ئێوە هیوادار بووم. تاریفی ئێرەم بیستبوو، محەمەد ئەفەندی زۆری تاریفی ئێرە دەکرد. با بزانین چلۆن دەبێ..."

سرت و خورد دەستی پێکرد... و لە پاشان گوتیان: "شتێک نییە گیانە، زۆر هاسانە." بڕێک تێکرامان و تاقولۆق هەستان دەستیان ماچ کرد دەتگوت بەمن دەڵێن: "مەحموود ئەفەندی هەستە و لە پێش چاومان ون بە، ئێرە تازە جێی تۆ نییە." لە بەرابەردا بەکابرای مێوانیان دەگوت: "هیچ پێویست نییە بچیە جێگایەکی دیکە. ناهێڵین بڕۆی، دەبێ هەر لێرە بی. بەشی تۆ بۆ خۆمان کۆ دەکەینەوە و بۆت دێنین..."

کابرا کە ئەوەی دەبیسێ وەک تەرازوو قوونی بەحەرزی دادەدا؟: "دەبی سبەینێ بڕۆم. ئەگەر دەتانهەوێ یارمەتی بکەن ساوەساوی ناوێ. هەروەها ئەوانەی کە بۆ بەڵەدی ڕەگەڵم دەکەون هەر لە ئێستاوە دیاریان بکەن." گوتیان:

– "بیر لەوە مەکەوە. بەکۆڵیش بێ دەتبەین..."

بە تووڕەیی شت گەلێکم لە لاوەکە پرسی: ئەویش وەک تووڕە بێ وابوو. لە حەیفان بەپێکەنینێکی بێ ئیشتیا ڕەخنەم لە خۆ بەخەڵک بەخێوکردن و سەرباری و بێکاریەکەی گرت و سەبارەت بەتەوهین کردنەکەی بەمۆستایانی قوتابخانەکە خزمەتکاری بەڕاستی کۆمەڵن – بیانووم پێ گرت و هەرچی بەسەرزارم داهات نەمگێڕاوە.بەڵام تەماشام کرد خەڵکەکە لانی ئەو دەگرن:



– بابم بەرێگای خۆتدا بڕۆ. لەو قسانە گەڕێ! کوا ئەو قسانە بۆ تۆ هاتوون، ڕێت ناکەوێ ئاویشی بەدەستیدا بکەی.

بەوقسانە و بەتایبەت لەوەی کە بەچاوێکی سووک تەماشایان دەکردم بەجارێکی تێکچووم و زۆر نارەحەت بووم. هەستم کرد کە لەوێ زیادیم و کەس گووم بەکڵاوی ناپێوێ. لە چاوی هەموویان ئەوەم بۆ دەردەکەوت کە دەیانگوت: "هەستە بڕۆ، دەگەڵ تۆمانە، یاڵڵا دەی بڕۆ..."

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ هەستان کە بڕۆن بۆ مزگەوت. هەموو پێکەوە وەدەرکەوتین. شێخ جەلال بەغاردان هات و دەستی مێوانەکەی گرت: "تکا دەکەم بەجێمان مەهێڵە، لەسەر هیچ شتێک مەحتەلت ناکەین و پەکت ناخەین، هەروەها منداڵەکانیش بەتۆ دەسپێرین. موعەلیم کوێی پێخۆشە بابڕوا و لەپێش چاومان ون بێ. مانەوەت لێرە بەشانازییەکی گەورە دەزانین بۆ ئاوایی خۆمان و ئەوەندەمان بەسە."

هەواڵی ئەو لاوەیان ماڵ بەماڵ بەهەموو خەڵکی ئاوایی ڕاگەیاند. ئەوەشیان دەگوت کە: "موعەلیم لاتاوی پێ دادوە" هەموویان لەبەر دەرگای ماڵە چاووش کۆبوونەوە. ژمارەیەک دەستیان ماچ کرد و تاقمێک سەروچاوی، لەو ماوەدا منداڵەکانیشیان سەبارەت بەمن دڵسارد دەکردەوە و تاریفی لاوەکەیان بۆ دەکردن. ئەو منداڵانەی کە تا ئەوڕۆ لە هەر جێگایەک تووشم بان سڵاویان لێ دەکردم و ڕێزیان بۆ دادەنام، ئێستا کە دەمبینن زارم لێ خوار دەکەنەوە و پشتم تێدەکەن. لە بەرابەدا لەسەر ماچ کردنی دەستی ئەو شێخە نۆبەبڕی لێکدەکەن.

بەو زستانە ساردە جەرگ و هەناوم ئاوری گرت و دەروونم سووتا: "بەداخەوە حەسرەتی تێگەیشتوویی کوشتمی" بەتەنیا دانیشتم و زۆرڕزۆڕ گریام. لە ژیانمدا ئەوەندەم نارەحەتی و بێ خەوی نەکێشاوە.

کاتێک دەچوومە قوتابخانە تەماشام دەکرد خەڵک بەشوێن خەنیمەکەی منەوەن و گوێم لێ بوو یەکێک گوتی: "موعەلیم بەری چ گیایەکە، بابم دەست لەو سەوقاتانە هەڵگرن. لێیان گەڕێ بابچن تۆبەی بکەن و خۆ لە

کاروباری بارهێنانی خەڵک نەگەیەنن. لە هەوەڵەوە گوتمان غەریبە کەچی خۆی لێ کردووینە کەیخودا و سواری سەرمان بووە. لە ترسی وی مێوان نەیدەوێرا ڕوومان تێکا. شەیتان دەڵێ تێروپڕی بکوتی و وەدەری نێی."

بڕیار بوو ئەو شەوە لە وەتاغی چاووش غەنی بخەوم. چونکە سەرمام ببوو وماڵەکەی خۆشم لەگەڵ دەرێ فەرقێکی وای نەبوو. ئەوەی وڵاتی پێ گەرم داهاتبا شکم نەدەبرد. سۆبەکەم لە جیاتی گەرمایی بدا بای تێدەکرد و وەک قام بێژی چاک گۆرانی دەگوت. بەڵام دڵم نەدەپشکووت. هەستم دەکرد کە غەریبم. تەنیا شتێکی کە سۆکنیاییم پێی دەهات تەنیایی بوو، بەوە بڕێک فێنکاییم لە دڵی دەگەڕا و برینی جەرگم سارێژ دەبۆوە. چاووش غەنیش کە دەیزانی چ خەبەرە ڕەگەڵیان کەوت دەیگوت: "چت لە دەست دێ خۆ بۆت حاڵی نابن. نەزانی دەردێکی گەورەیە. واچاکە بچینەوە ماڵ!" ڕێگای لای منداڵەکانم لێ گیرابوو و، نەمدەتوانی بچمە لای وان، جگە لەوەی کە بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە چارەیەکی دیکەم نەبوو، چراکەشم تەڕایی نەوتی تێدا نەبوو، پەنادێکیشم لە گیرفاندا نەبوو، کەوڵەکەشم دوو سێ ورکەی ڕەقوتەقی تێدابوو. بەڵام هەنگوینیشم بەزاری تاڵ بوو تا دەگا بەنانەڕەقەی بێ پێخۆر.

وەتاغ لە دەرێ ساردتر بوو. دڵم ئەوەندە پڕ بوو پێم وابوو ئەگەر دوو سێ ساڵ لە سەریەک فرمێسکم هەڵوەراندبا و ژیر نەبووبامەوە هێشتا کوڵ و کۆم دانەدەمرکا. ناچار لێفەشڕەم بەسەر خۆم دادا و تا توانیم گریام.

غەم و دەرد لە هەر چوارلاوە هروژمیان بۆ هێناوم و چارەنووسی لێڵ و ڕەش وەک مۆتە سواری شانم بووە و بڕستی لێ بڕیوم. لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە و دەمگوت: "ڕۆژ ڕۆژی کابرایە، کەسی لێ دیار نییە و لە پشت سەری منەوە بەکەیفی خۆی ئەوەی بەدڵیدابێ نایگێڕێتەوە. دەزانم ئێستا دەستی لەبەر ماچ کردن وەبەر ناکەوێ و شەڕی لەسەر دەکەن. ئەو خۆشحاڵە و خەڵک ڕازی. بەڵام من لە چ حاڵێ دام."

دیارە هەموو کەس وەک یەک ناژین، شارە گەورەکان وەک مێشێکیان



لێ مێوان بێ وایە و ڕوو لە هەر جێگایەک دەکەی بەزمە و شادی. لە ڕادیۆوە مۆسیقا بڵاو دەبێتەوە. قاوەخانە و مێوانخانەکان پڕن لە مشتەری. زگەکان تێر و تەسەلن، کەس بێ کەیف نییە و دەڵێی سەعاتی قورمیش کراون. دروشم دەدەن: "کۆمەڵ... نیشتمان"... ڕەنگە هەر لەو کاتەدا یەکێکیش لە بارەی گوندەکاندا قسە بکا. بەڵام لێرە منی موعەلیم لەگەڵ نەزانی و لایەنگری بێ جێ و بێ بەڵگە پێوەبووم.

هەتا ڕۆژم لێ بۆوە سەد خەونی هاڵۆزم دیت، بەتەواوی لە بیرەخەو ڕانەدەچووم و ڕادەچەنیم و وەخەبەر دەهاتم. لە سەرمان ئێسکەکانیشم ژانی دەکرد.

دەوروبەری نیوەڕۆ کوڕی چاووش غەنی دوو سێ نانی تازە و تەپاڵەیەکی بۆ هێنام. تا ماوم ئەو چاکەی چاووش غەنیم لە بیر ناچێتەوە. کوڕکەی گوتی:

– "هەتا بەیانی دوعایان خوێند و زیکریان کرد ئاغا! بەیانی گەنمیان کۆ کردەوە و تا دەرەوەی ئاوایی بەڕێز و حورمەت بەڕێمان کرد."

## قوتابخانەی ئێمە

ئێرە نزیکەی حەوسەد کەسی نفووس هەیە، بەڵام ئەوساڵیان قوتابخانە بۆ داناوە. ڕدێن سپییەکانی شۆڕای ئاوایی چوار دیوارێکی کە بۆ قوتابخانە دروستیان کردبوو هەرەوەزیان لێکرد و میچەکەیان بەحەسیر و قامیش و پووش و پەلاش و چیلکە و چاڵ داپۆشی. ئەویش بەدزی دەوڵەت و ئیدارە، چونکە ئەگەر زانیبایان نەیاندەهێشت. قسەی خۆمان بێ. بەو کارە هەم قوتابخانە کەوتەوە گەڕ و هەم مزگەوت لە کۆڵ تڕ و فسی منداڵان بۆوە، چونکە تا ئەو کاتە لە سووچێکی مزگەوت دەرسمان دەگوتەوە.

چەند ساڵێک بوو بناغەی قوتابخانەیان هێنابووە دەر و دیوارەکانیان دانابوو. ئەگەر ئەوساڵیش هەروا مابایەوە بێ شک با و باران و شڵێوە دیوارەکانی دەتلیساندەوە، هەر وەکو چوار دیوارێکی دیکە چەند ساڵ لەمەوبەر ئەو بەڵایەی بەسەر هات، ئەوەندەیان ئەوڕۆ و سبەی پێکرد و دایاننەپۆشی تا سەرەنجام بەسەر یەک داتەپی و بەردەکانیان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد. بۆ خۆشیان حاشا لەو مەسەلە ناکەن، دەڵێن: "ئاغا ئەگەر ئەوساڵ ئەتۆ نەهاتبای، ئەو چوار دیوارەشمان دەڕووخاند. بەردەکانیشی مشتەریان کەم نەبوو..."

هەر وەک لە پێشدا باسم کرد بەر لەوەی قوتابخانەکە داپۆشن لە سووچێکی مزگەوت دەرسمان دەگوتەوە، کە ئەوەش بۆ خۆی مەسەلەیەکی گەورە بوو و بێ دەردی سەری نەبوو. قسەی خۆمان بێ، نزیک بوو ئاژاوەیەکی گەورە بقەومێ. بەڵام کردەوە و ئەخلاق و ڕەفتاری من لە هانام هات و خەڵک گوتیان: "سەر و زمان خۆش و ڕەفتاری چاکە. خەڵک خۆشیان دەوێ. چاوحیز نییە و بەچاوی حیزەوە ناڕوانێتە نامووسی خەڵک" ئەو شتانە فریام کەوتن.

دوای دوو مانگ دەرس گوتنەوە لە سووچێکی مزگەوت، گوێزتمانەوە ئەو بەشە لە قوتابخانە کە میچەکەی داپۆشرابوو. پێتان وانەبێ کە هەموو شتێکی قوتابخانە و کلاس ئامادەبوو، قوتابخانەیەکی ڕووت و ڕەق و تەق



نە "کورسی" لە گۆڕێدا بوو، نە تەختەڕەشە... لەسەر کەوڵەمەڕ دادەنیشین. هەر کە قوتابخانە دەستیان بەکار دەکردەوە، گیروگرفتی سەرەکی و بنەڕەتی دەهاتە پێش. دەبا دایک و باوکەکانمان ڕازی کردبا کە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، ئەگەر ملیان نەدابا ناچار بووین بەپێی مادەی ٤٢٧٤ ڕەفتاریان لەگەڵ بکەین. بەڵام تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ ئینسان دەبێ بەزمانی خۆش بیانگرێ و نەهێڵێ کار بگاتە ناخۆشی و جێگای باریک. بەهەر جۆرێک با پێکەوە دەسازاین، بەڵام دیاربوو بەدڵ منداڵەکانیان نەدەنارده قوتابخانە.

– "ئاغا تۆش وەک ئێمە دێهاتی. دەزانین لێمان لە فێڵ نی و قسەکانت لە دڵان خۆش دێ، ئەگینا منداڵ دەرس خوێندنی ناوێ. ئەو دەرسانە چ دەردێک دەرمان دەکەن و بەکەڵکی چ دێت؟ ڕسق و ڕۆزیش بەدەست خودایە و لە قەدیمەوە گوتوویانە: سەری بێ ڕۆزی لە ژێر گڵ دایە "باوکی هەر کارێکی بکا ئەویش وەداوی ئەو دەکەوێ. جووت و گا دەستی ماچ دەکا...! ئەوەندە خوێندن و نووسینەش کە لە سەربازی فێری دەبێ لێی سەر و زیادە. لەوەش زیاتر حەرامە.

بەڵام لە لایەکی دیکە تێیان هەڵێنابۆوە و پێیان ناخۆش بوو کە لە کاتی خزمەتی سەربازیدا بێ سەواد بن. سەرەڕای ئەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە سەربازیدا وشەگەلێکی وەک "چەپ،" "ڕاست،" "یەک، دوو، سێ، چوار" فێردەبوون لە پازدە کەس زیاتر تێنەدەپەڕین. بەڵام من بەپشت گەرمی و باوەڕ بەکارەکەم توانیم منداڵەکانی پۆلی هەوەڵی سەرەتایی فێری ڕۆژنامە خوێندنەوە بکەم. دەرمانی ئەو نەخوێندەوارییەش هەر بەدەستی ئەو دێهاتیە هەژار و ئەو خەڵکە دەردەدارە دەوا دەکرێ و دەبێ بۆ خۆیان لە بیری خۆیاندا بن. ئەمن ئیمانم بەوە هەیە و دەبێ واش بێ.

## مەکتەب

ژمارەیەک وتار و چیرۆک و شانۆگەل سەبارەت بەقوتابخانەکانی قەدیمی دەنووسن کە وابوون و واچوون. بۆ پێتان وایە ئێستا وانییە؟

ڕۆژی دووشەممە بوو. دەوروبەری سەعاتی دەی بەیانی. هێشتا دە منداڵ نەهاتبوونەوە.

ئەوانەی کە هاتبوونەوە دەیانگوت: "ئاغا منداڵەکان بۆ دەرسی بەیانی چوونە مەکتەبی چاووش عیسا، ئێمە زووتر هاتین. ئەوانیش لە هەر جێگایەک بن وردە وردە خۆ دەگەیەننەوە."

دەتگوت لە حەیفان لێک بوومەوە. زۆری پێوە ماندووبووم بەڕاستی پیاو خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. دەمگوت ئەوە بەری چ گیایەکە و لە کوێوە هاتووە؟

دوو سێ ڕۆژ بوو گوێ بیست ببووم کە یەکێک هاتۆتە جێگای نەجاتی مەکتەبداری پێشوو. وەک دەڵێن مەلا محەمەدیشماڵەکەی خۆی پێداوە، بەڵام بۆ قوتابخانە داوایان لێکردبوو نەیدابوونێیە.

سەرەنجام منداڵەکانمان کۆکردەوە، بەڵام قوتابخانەیان وا لە بەرچاو نەخستبوون خۆشەوە بێ، زۆربەیان دڕدۆنگ کردبوون. دیارە منیش بێدەنگ دانەنیشتم و ئەوەی لە دەستم هات و دەمزانی پێم گوتن. ئێستا کەوتووینە سەربار و پێ بەپێ زیادبوونی منداڵەکان لە قوتابخانە کارەکان ڕێکوپێکتر دەچنە پێشێ، ژمارەیەکیش بەیانان پێش ئەوەی بێنە قوتابخانە دەچنە مەکتەب و دەرسیان بۆ دیاری ئەکەن. پێموایە بەرهەڵستێک نەبێ؟

لە منداڵەکانم پرسی لە مەکتەب چتان فێر دەکەن، هەر یەکەی شتێک دەڵێن، بۆ وێنە ژمارەیەک دەڵێن: "ئەلحەمد" تاقمێک "لائیلاهە ئیللەڵڵا" ژمارەیەکیش "سڵەوات" فێر بوون و لەبەریان کردووە. تا ئێرە ئەوانە هیچی خراپ نین.

دوای حەوتوویەک پێیان دەڵێ لە بیری جێگایەکدا بن بۆ منداڵەکانتان.



ئەگەر من ئەوەم گوتبا هیچ کەس گوێی نەدەدامێیە، بەڵام بەرلەوەی چاووش عیسا پلە و پایەکی دیکەی هەبوو، خێرا کوێخا و ئاغاکان کۆبوونەوەیەک پێک دێنن و لەسەر ماڵە وسێن ئاغا ساغ دەبنەوە، پاتاڵەکانیان هێنابووە دەر. چاکییەکەی لەوەدابوو داپۆشرابوو، ئەوانیش هەر ئەوەیان دەویست. تەویلە بێ یان جێگایەکی تر فەرقی نییە. چاووش عیسا ئەوە لەوێ خەریکی دەرس گوتنەوەیە. بەیانان منداڵەکان کە زۆربەیان کچن، هەریەکەی کەوڵێک بەدەستەوە، بۆ دەرس دەڕۆنە لای چاووش.

ڕۆژێک کاتی پشوودان لەگەڵ دووکەس لە منداڵەکان چووین چاومان بەدەرس گوتنەوەی چاووش عیسا بکەوێ. کاتێک گەیشتینە بەر دەرگا، زاق و زووق بەرز بۆوە. هەموویان پێکەوە دەیانخوێندەوە. پاڵم بەدەرگاکەوە دا. ئاغا هەر کە چاوی بەئێمە کەوت لەبەرمان هەستا و بەدەست جێگاکەی خۆی پێشان داین، حەفتا، هەشتا منداڵ دەبوون. هەموو لەسەر کەوڵ دانیشتبوون. هەراهەرایان دەکرد و پاڵیان پێکەوە دەنا. کچەکان دوو یان هەریەکەی منداڵێکیان بەباوەشەوە بوو، بەدەم دەرس خوێندنەوە منداڵەکەیان هەڵدەپەڕاند. زۆرم پێ سەیر بوو. کچەکانیان دەنێرنە ئێرە بەڵام نایاننێرنە قوتابخانە. ئەوساڵ تەنیا چوار کچ نێونووسیان کرد، ئەوانیش نەهاتن.

نەمویست بێ دڵی بکەم، دانیشتین. بەڵام چ دانیشتنێک، جێگامان نەدەبۆوە. تەونی جاڵجاڵووکە تا نێوقەدی پیاو شۆڕ ببۆوە. لە منداڵەکانی دەویست ئەوەی فێری کردوون بۆی بخوێننەوە. خوێندیانەوە، بەڵام هێندێک جێگایان بەغەڵەت خوێندەوە - بۆ خۆی وشە بەوشە دەیخوێندەوە، منداڵەکانیش هەموو پێکەوە دووپاتیان دەکردەوە.

نزیکەی چارەگە سەعاتێک دانیشتین. بەڵام ئەو ماوەمان بەساڵێک لێ گوزەرا، چونکە سەرەڕای ئەوەی نێو تەویلەکە زۆر پیس بوو، دیوارەکانیشی وەک مێروو زیندەواری جۆراوجۆری پێ هەڵدەگەڕا. ئەگەر لە من بپرسن

دەڵێم ڕۆژێک مانەوە لە جێگایەکی وا تەنگ و تاریک و پیسدا بەرابەرە لەگەڵ ساڵێک زیندانی بوون.

ڕۆژانی پێنج شەممەی هەموو حەوتوویەک بەنێوی حەوتوانە شت گەلێک وەک تووتن، جغارە، بڕوێش، لۆبیا، گەنم و... بۆ ئاغا دێنن. هەروەها لباد و پاڵەپشتیشی بەنۆبە بۆ دەبەن. ئەگەر یەکێکیش تەمێ بکرێ بێجگە لەوەی ئەو کارەی بەئەستۆیە دەبێ نەهاری ئەو ڕۆژەی ئاغاش دروست کا. ئەوانە هەموو منداڵەکان پێیان گوتم.



## خێوەتی ناو قوتابخانە

ئاخری مانگی بانەمەڕ – پێنج ڕۆژ بێ نێوبڕ و پسانەوە – باران باری و لێی نەکردەوە. پلووسک وەک ئاوپاشی چاک ئاوی فڕێ دەدا. بەئاوی باران دوو سێ حەوزی چووک پێکهاتبوو. لایەکی دیواریش تێک تەپی و ڕووخا. منداڵەکانم ئیزن دا بچنەوە ماڵ. ئەگەر بتوانم کەلوپەلی قوتابخانە و بۆخۆم نەجات بدەم کارێکی زۆرم کردووە. نێو ئاوایی هەموو وەک یەک وایە و دەڵێی گۆماوە.

کەلوپەل و شتومەکی ئادەمیزادێکی وەک من دەبێ چ بێ؟ هەموو شتەکانم هێنا بەر پەنجەرە، باوەڕکە نیوەی ماڵەکەم لە نێو ئاو هێنادەر. لەبەرئەوەی حەرزی وەتاغەکە گڵ بوو بەهاموشۆیە بستێک لە قووڵەوە چووە. هەرچەند نێوماڵەکەم زۆر ناحەز بووە، بەڵام جێگام بۆ دڵۆپەی میچی کردەوە. لە پاشان بڕێکم گڵی ویشک هێنا و لە سوچێکی بڵاوم کردەوە. جێگا و بانەکەم کۆکردەوە و لە پەنا دیوار هەڵم پەساردن. تەختەکەم لەبەر پەنجەرە دانا، ڕووتەختەکەم کرد بەخێوەت و لە بنی هەڵترووشکام. لە ترسی دڵۆپە وەک گلۆڵە خۆم خڕ کردبۆوە و لەسەر چۆک دانیشتبووم کەچی بەو حاڵەش ئەمانی نەدام. لەوە زیاتریش ڕێگا چارەیەکم نەبوو. لە حاڵێکا لە بن خێوەتەکەدا ئەژنۆکانم لە باوەش گرتبوو و لە سەرمان هەڵدەلەرزیم، وردە وردە حەوزەکەی نێو وەتاغاکە پڕ بوو لە ئاو و ڕووی کردە خێوەتەکەی من، بۆ ئەوەی خێوەتەکەم وەبن ئاو نەکەوێ بەقاپان ئاوم فڕێ دەدا. لەبەر گیروگرفتی ژیان کەس ئاگای لە کەس نییە، منیش لە خەڵک جیا نیم و یەکێکم لە وان. تەماشای ئەو دڵۆپانە دەکەم کە لە میچی دەکەونە نێو حەوزەکە و پڕیشکەیان وەدار و دیوار دەکەوێ. ئەژنۆکانم ماندوو دەبن. بەڵام چارەم نییە و لەبەر دڵۆپەی ڕایاندەکێشم.

شوکری خودا تەواو ناکەم کە لە کاتی خۆیا ئاقڵێتیم کرد و چرایەکی ئاڵکۆڵیم بەدوو سێ قرۆش کڕی. پێنج شەوم بەم چەشنە گوزەراند. ئەگەر ئەو چرایە نەبا خۆم پێ گەرم دانەدەهات و سۆبەشم بۆ هەڵنەدەکرا. لە

لوولەی سۆبەش کە لە پەنجەرەڕا بردبوومە دەر، ئاو دەهاتە خوار. لەسەر ئەو چرایە قابلەمە وەکول نەدەهات. بەم هۆیە لە ژێر ئەو خێوەتە جگە لە هێلکە کولاندن چارەیەکی دیکەم نەبوو. دوو سێ هێلکەم دەکولاند و ملم لێ دەنا.

لە بن خێوەتەکە سەرم لەبەرخۆم دەنا و بیرم دەکردەوە، جاری واش بوو دەخەوتم. ناهومێدی و ناڕەحەتی و ناکامی ئەوەندە بچووک نین کە پیاو بتوانێ دەریانبڕێ، هەر کاتێکی لەو کاولەدا – کە نێوم لێ ناوە قوتابخانە و لە ئاواییش دوورە – بیر لە خۆم دەکەمەوە، پێم سەیرە کە تا ئێرەم هێناوە بەلام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. دەست لە شیعری بەناوبانگی "ئورهان وەلی" وەردەدەم و دەیکەمە ئاوێنەی بالانوێنی ژینی خۆم:

ئەستێرێک لە هۆدەکەما
خێوەتم لە پەنا ئەستێرە
"باران بەسەر خێوەتما ئەبارێ و من قارەمانێکی ڕۆمان"
سەربازێ لە بەرەی قوتابخانەی سەرەتایی
لە کاتێکا ددان لە چیرەوە دەبەم
"تێدەکۆشم هەتا وێنەی بیرەوەریەکانم زیندوو کەمەوە"
ماوەی دوو ساڵە شەڕی من هەڵگیرساوە و
کێ دەزانێ؟ لە کوێ و چلۆن؟
یاخۆ کێ دەزانێ بەسەرهاتی من کەی دوایی دێ؟

پێم وایە تەنیا من ئەو بارانەم بەسادەیی گرت و کەمتر لە هەموو کەس تووشی زەرەر و زیان بووم. خەڵکی ئاوایی زۆربەیان هەلاتوون بۆ کێو و تاقمێکیش پەنایان بۆ نێو هۆڵەکان بردووە. باران زۆربەی دیوارەکانی تلیساندۆتەوە و بەسەر یەکدا تەپیون. ماڵێک و دوو تەویلە بەتەواوی بوونەوە گڵ و شوێنەواریان نەماوە. کاتێک لە خێوەتەکەم هاتمە دەر هەوەڵێن شتێکی کە سەرنجی ڕاکێشام، ماڵە وسێن ئاغا بوو. تەماشام کرد تێک تەپیوە و هیچی نەماوە. چاووش عیسا لەو ماڵەدا دەرسی بەمنداڵان دەگوتەوە.



## قوتابخانەی نموونە

بۆمان نەکرا میچی کلاسەکە داپۆشین. بەم هۆیە تەمامان گرت دەفتەری قوتابخانەکە بکەین بەکلاس، منداڵەکان ئەوەندە لەسەر حەرزی تەڕ دادەنیشتن نەخۆش کەوتن. ئەی ڕۆژانی تاو و ساو، ئەی هەوای دڵگر! بەزەیەکت بەئێمەدا بێ چاوەڕوانی تۆین...

دیسانیش هاتووینەوە ژوور. دەم و لووتی منداڵەکان هەروەک دەریا خیزی لێوارەکانی هەڵدەڵووشی، ڕوو لە منداڵەکان دەکەم و دەڵێم: سەرەنجام ئەو تۆز و خۆڵە کاری خۆی دەکا و باوکمان دێنێتە بەر چاومان.

دەڵێن: "ئاغا! خۆ لە سەرمای دەرێ هەر چاکترە!" واباشە ئەو زبڵ و زاڵ و کوتە کاغەزانەی دەکەونە حەرز گەسکیان نەدەی. با وەبەر پێ کەون، ئەوە لە تۆز و خۆڵ چاکترە، سەرەڕای ئەوەش تۆز و خۆڵ کاری خۆی دەکا و هیچ شتێک نییە کە بستێکی خۆڵ لەسەر نەکەوتبێ. هەرچەند خاوێنی کەیەوە پێوەی دیار نییە، چونکە دوای دوو سێ دەقیقە وەک خۆی لێ دێتەوە.

ئەگەر هەموو ڕۆژێش بچیە حەمام بێ فایدەیە، چونکە هەر کە پێت لە ژوورێ نا تۆزاوی دەبی و دەڵێی کەوتوویە بەر گێژەڵووکە.

بیر لە زستانی داهاتوو دەکەمەوە. خودا بکا وەک ساڵی پێشوو تاڵ نەبێ و ناچار نەبین لە دەرێ لەسەر حەرز دانیشین.

پێموایە هیچ چارەیەک نییە جگە لەوە کە لە بیری سۆبەیەکدا بین. هەرچەند دەزانم قامکێکی تۆزی ئاوردوو و کشپەڵ لەسەر دەکەوێ.

ماوەیەک بیرم کردەوە. ئاکامی سۆبەکەم دێنا بەر چاوم. کونەلووتم دەهاتە بەرچاو کە وەک لوولە کوورەی کارخانە ڕەش دەبن. سەرەڕای ئەوە لە نێوان سەرما و دوکەڵدا دووەمیم هەڵبژارد. هەرچەند خاوێن کردنەوەی گەرو و کونەلووتیش شتێک نەبوو بەهاسانی بکرێ.

ئێستا لێم حاڵی بووە کە ئەو گۆشت و ئێسکە بە پێچەوانەی بڕوا و بۆچوونی خۆم کە بیرم لێ دەکردەوە کەم دەوام نەبوو!

## چێشتخانه

له بن یەکێک لەو میچانه، له سووچێکی دوو بەردم له پەنایەک داناوه و ئاورگێکم پێکەوه ناوه. ئێستا حەساومەوه و چێشتی لەسەر لێدەنێم. بەڵام بەچ زەحمەت و دەردەسەرێک؟ هەتا دەیخۆم دەمخوا. لەوانەیه پیاو بەدوکەڵەکەی چاوی کوێر بێ. بەو حاڵەشەوه هێشتا شت لێنانەکەم له قاپ و کەوچک شۆردن بێ کوێرەوەریتره. بەڕاستی ئەوکاره ئادەمیزاد له ژیان بێ زار دەکا.

له گۆڤارێکدا خوێندمەوه: له داهاتوویەکی نزیکدا زۆربەی کارەکان بە" ئینیرژی ئەتۆمی "جێبەجێ دەبێ و چێشت و خواردەمەنی له ماوەی دوو دەقیقەدا حازر و ئاماده لەسەر سفره دادەندرێ. بلێیی نەمرین و چاومان بەو ڕۆژه بکەوێ؟ بەخوای شتێکی خۆشه پیاو پاڵ داتەوه و نان و چێشتی بێننه بەر دەستی، بەه، بەه!

ئەو گۆڤاره هی کام وڵاته؟ خۆزگەم بەخۆیان! بەڵام ئێمه لێره کارێکمان به"ئەتۆم و مەتۆم نییه" ئەگەر دەسکەوتەکانی هەزار ساڵ شارستانییەتی خۆمان بتوانین له وڵاتی خۆمان پەره پێ بدەین لێمان سەر و زیاده.



## سوور و سات

بەنووسینی نامەیەک بۆ وەزارەتی بارهێنان و لێکۆڵینەوه... هەروەها قسەکردن بۆ کوێخا، سەرنجی هەموو لایەکم بۆ لای قوتابخانه ڕاکێشا. هێندەی نەخایاند دەستوور هات کە دەبێ هەرچی زووتر شۆڕای ئاوایی پێک بێ و پیتاکی تایبەتی ئاوایی کۆ بکرێتەوه. بەڵێ دەبێ بەم چەشنه سوور و سات وەربگیرێ و بۆ قوتابخانه شووشه، سۆبه، مێزی کلاس و... بکڕین. کوێخاش بەو کاره ڕازییه و دەست له بیانووگرتن هەڵدەگرێ.

خەڵکمان دەعوەت کرد، هیچ کەس نەهات. جاڕمان کێشا، ماڵ بەماڵ له دوومان ناردن، ئەوەنده بەملا و ئەولادا هەڵسووڕان لاقیان بلۆقی کرد. ژمارەیەک بۆی دەرچووبوون، تاقمێک خۆیان هێنابووه حاڵی جاوی، ژمارەیەکیش ڕەپ و ڕاست گوتبوویان "نیمانه."

هەرچەند شەش سەد و پەنجا لیره بۆ قوتابخانەی ئاوایی دیاری کراوه. بەڵام شەست لیرەش کۆ نەبۆوه. کاتێک وامزانی گوتم ڕۆژی ساوەساو و دانیشتن نییه. لەگەڵ سەرۆکی شۆڕای ئاوایی وەماڵان کەوتین. بەڵام تەماشام کرد ئەگەر تەواوی سامانی خەڵک کۆکەینەوه و نرخی لەسەر دانێین بەشی ئەوەندەی ناکا که قەرزی سوور و ساتەکانیان بدەنەوه. ماوەی چەند ساڵێکه هیچ کەس شایەکی نەداوه.

که گەیشتینه ماڵی هەوەڵ، دەرگایان لەسەر پێوەداین. ژمارەیەکیش لەبەرئەوەی لەوپەڕی هەژاریدا دەژیان له ڕوومان هەڵنەهات داوای یارمەتیان لێ بکەین. زۆربەشیان له نێو ماڵێدا خۆیان شاردەوه. چەند کەسێکیش که پێیان ناخۆش بوو دەرباز بن و خۆ بشارنەوه، هاتنه لامان و مۆڵەتیان خواست. ئەو ڕۆژه تەنیا بەرگەی چوار لیرەمان نووسی. خۆ نەشدەکرا لەو ماڵانه که خاوەنەکانیان بۆی دەرچووبوون و خۆیان حەشار دابوو دەست بدەینه شتێک. چونکه بەناشکوری نەبێ شتێکی وایان نەبوو بەکەڵک بێ. شەڕه کەڵت له ماڵەکانا کردبا زەرەری قڕانێکت لێ نەدەدان.

سەرەڕای ئەوەی کە شۆڕای ئاوایی بەتوندی کەوتبووە ژێر پرسیارەوە، نەیتوانی وەک هەمیشە گەشە بەمەسەلەکە بدا ناچار یارمەتی لە ژاندرمە وەرگرت. ژاندرمە هات، هەر شتێکی لە نێو ماڵەکاندا وەگیری دەکەوت، دەستی بەسەردا دەگرت. شت گەلێکی وەک مەنجەڵ و لێفە و بەڕە... ئەو شتانەیان لە ماڵە کێشکچی کۆ کردەوە. کەوابوو ئێستا دەبێ بۆ کورسی و کورسیلەی کلاس لە قابلەمەی مسی یا لێفە و دۆشەگ کەڵک وەرگرین!



## رۆژنامە

من لێرە ئەوەی هەمبێ رۆژنامەیە و لە هەموو شتێکم زیاتر هەیە، کاتیک جێگیر بووم هەمووم لە سووچێکی لەسەر یەک دانا، بەڵام ئێستا لاپەڕێکیش – تەنانەت بۆ دەرمان – وەگیر ناکەوێ. زۆر بەزەحمەت چەند لاپەڕەیەکم بۆ خۆم گێڕاوەتەوە و بەسەر شتومەکەکانمدا داوە بۆ ئەوەی خۆڵاوی نەبن. ئەو نووسراوە بەکەڵکانەی کە جوێم کردبوونەوە ئەوانیشم لە دەست بۆوە. بێجگە لە رۆژنامە، گۆڤارەکانیشیان بردن. با ئەوە بڵێم کە دانیشتوانی ئاوایی زیاتر مشتەری رۆژنامەن هەتا گۆڤار، چونکە لاپەڕەکانی گەورەترە. لە رۆژنامەی "وارلیق"یش لاپەڕەیەک چییە بۆم نەماوەتەوە. دەزانم دەپرسن و دەڵێن ئەوە خەڵک بۆچی و لە کەیەوە وا ئۆگری رۆژنامە خوێندنەوە بوون؟ بۆ دەیانهەوێ ببنە پسپۆڕی سەردەمی خۆیان؟! نەخێر وا نییە هێندەی قووڵ مەخوێننەوە، وەڵامەکەی زۆر سادەیە و ئەوەیە: زستانان پەنجەرەی پێ دەگرن. یەک بەدوای یەکا وەڕێ دەکەون و دێنە لام: مامۆستاگیان دوو لاپەڕەمان رۆژنامە بدەیە، منداڵەکان لەوانەیە لە سەرمان رەق هەڵێن."

دەڵێم: "ئەدی جاران چتان دەکرد؟" لە وەڵامدا دەڵێن: "جاران بەرێتکەی ئارد و پەڕۆکۆن دەمانگرت. فلان کەسێک بەکاغەز گرتوویە، بەکاغەزیش خاوێنتر و جوانترە" نازانم کێ گوتوویەتی کە دێهاتی شتی جوانی بێ جوان نییە؟ دیارە لەو کارەشدا چاووش غەنی رچەی شکاند.

ناوبراو دوو پەنجەرەی گەورەی وەتاغەکەی رۆژنامە لێ دابوو، ئەوە چەند رۆژێکە هەر کەسێکی دێ بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەش دەست هەڵناگرن و دەڵێن: "ئاغا بەقوربانت بم چاوێک لە دەوروبەرت بگێڕە بەڵکو شتێکت دەست کەوت!" بەڵام دەزانم هیچ لە گۆڕێدا نییە و دەڵێم: "ئەوە ناکرێ شووشەی تێخەن؟ "بە سەرسوڕمانەوە دەڵێن: "هەموو شتێکمان تەواوە شووشە نەبێ، خۆ هیچ کەس نەزانێ ئەتۆ چاک دەزانی کە منداڵەکانمان لەبەر نەداری بێ دەفتەر و قەڵەم دەنێرینەوە قوتابخانە."

## ئیشتیا، یان گیرۆدەبوون؟

دەزانم دەپرسن:چۆن و لە چی ڕا تووش و گیرۆدەی ڕۆژنامە کڕین و خوێندنەوە بووی؟" پێم وایە باس کردنی جێی خۆیەتی: دوای تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی و تەنانەت تا پۆلی دووەمی ناوەندیش جگە لە کتێبی دەرسی، شتێکی دیکەم بەناوی ڕۆژنامە، چیرۆک و گۆڤار... بەدڵیشدا نەهاتبوو، ناوچەیەکی چووک و دەس وەهیچ کوێ ڕانەگەیشتووی وەک ئاوایی چەند وشەیەکمان لەبەرکردبوو ئەویش بەبێ ئەوەی مانای بزانین. بۆ وێنە شتێکمان بەنێوی "ماڵەکانی بە خشت دروستکراو" خوێندبوو، بەڵام بۆمان نەدەچۆوە سەر یەک، لە ئاوایی ئێمە بەو تەپاڵانە دەڵێن خشت کە بۆ ئاوردووی زستان کۆی دەکەنەوە. زۆر لە مێژ بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ ئەو ماڵانەی بەخشت دروست دەکرێن چلۆن بێ و بەو تەپاڵانە چۆن خانوو دروست دەکەن؟ نازانم چ ئاڵوگۆڕێکم بەسەردا هات و لە پۆلی سێیەمی ناوەندی کوت و پڕ ئۆگری ڕۆژنامە خوێندنەوە و گۆڤار بووم. پاش ماوەیەک لەبەر ڕۆژنامە خوێندنەوە نەمدەتوانی بەچاکی بەدەرس و مەشقەکانم ڕابگەم. موتالاکردنی هەر لاپەڕەیەکی کتێب یان ڕۆژنامە بۆ من دنیایەکی دیکە بوو. دنیایەکی سەیر و نائاشنا، دروست وەک چیرۆکەکانی جندۆکە و پەری. ئاڵوگۆڕێکی سەیرم بەسەردا هاتبوو. ئەو دنیا تەنگ و تاریکەی من بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون باڵی گرتبوو. لە خوێندنەوەی شت تێر نەدەبووم و جار لەگەڵ جار لێی سەرخۆشتر دەبووم. مێشکم ئۆگری بیرکردنەوە ببوو، فێرە بیرکردنەوە ببووم.

نێو و نیشانی دوو سێ گۆڤارم وەدەست هێنا و بووم بەمشتەری یەکجارەکی. هەتا مانگ تەواو دەبوو ئارا و قارام لێ هەڵدەگیرا. وردە وردە، چاوەڕوانی پۆستخانەم لێ بوو بەنەخۆشی. هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستی پۆستخانە شەڕم بوو، هەر نامە و پڕێسکەیەکی پۆستی کە دەهات لە ڕێوە دەیانبردنە وەتاغی سەرۆکی پۆستخانە. گۆڤار و نامەکان چەند ڕۆژێک لەوێ دەکەوتنەوە سەر یەک، جاری وا بوو ئی دوو سێ



ڕۆژیان لەسەر یەک کەڵەکە دەکرد و پاشان بەمامۆستایانی قوتابخانەکاندا دەیانناردن بۆ خاوەنەکانیان.

لەو ماوەدا پەریشانی و بێ تاقەتی وەک خۆرە دەمی دە دەروونم دەنا و تەنگی پێ هەڵدەچنیم. باسی چاوەڕوانی و دڵەکوتەی ئەو ماوەیە لە وزەی قەڵەمدا نییە. ئەوەندە بەپەلە بووم دەتگوت لە سەر ئاورانم، دوو سێ جاریش گۆڤارەکانم بەنیوە خوایشت و نیوە زۆر لە دەست کابرای کێشک هێنا دەر...

کاتێک چاوم بەو "بەستانە"ی پۆستی دەکەوت کە بەشریت پێچراونەوە و لەبەر پەنجەرە داندراون لە حەیبەتان سەرم لێ دەشێوا. جاری وابوو شەیتان تینی دەدام کە خۆم بەپەنجەرە دادەم و "بەستەکان" بڕفێنم.

یەک دوو جاریش چوومە لای سەرۆکی ئیدارە شکایەتم کرد. بەڵام هەمووجارێ لە وەڵامدا دەیگوت: "کوڕی چاک ئەتۆ چ جۆرە ئادەمیزادێکی، ئاخر ئەو ڕۆژنامانە چ دەردێکی تۆ دەرمان دەکەن؟ بڕۆ خەریکی دەرس و مەشقەکەت بە لەوەی چاکترە..."

وردە وردە وای لێهات کە هاواڵەکانم گەمەیان پێ دەکردم. لە ساڵی ئاخردا "بەخشنامەیەیان" کرد کە جگە لە خوێندنی کتێبی دەرسی خوێندنەوەی هەر چەشنە کتێبێکی دیکە قەدەغەیە! بەڵام ئەو دەستوورە ئێمەی نەدەگرتەوە، جگە لەوەش شتێکی وای نەمابوو کە لەو پاوان و بەرتەسکیانە نەجاتم بێ، هەزار و یەک نەخشە و ئاواتم هەبوو. لە دنیای خەون و خەیاڵا جێگای خزمەتی خۆم دێنا بەرچاو کە هەموو ڕۆژێ کابرای پۆستچی دێ و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانم بۆ دێنێ. حەزم دەکرد باڵم پێوەبا و خۆم گەیاندبا دنیای خۆشی و داهاتووی ڕوون و جوان. نەمدەتوانی لەسەر پێ ڕاوەستم. بەڵام کوا ئەو ئاواتە دێتە دێ؟ ڕاستیان گوتووە کە: دنیای ڕازاوەی خەیاڵ شتێکە و ڕاستەقینەی تاڵ شتێکی دیکەیە.

من لە جێیەک خزمەت دەکەم کە ڕێگای شەمەندەفەری نییە. وا چاکە کە

بلێیم هیچ ڕێگایەکی نییە. لەگەڵ ناوەندی شارۆچکەش مەودای زۆرە. لە وەها هەلومەرجێکدا چارە ئەوەیە دانیشین و چاوەڕوان بین. خۆم بۆ چەند ڕۆژنامە و گۆڤارم نووسیوە. ئەگەر بە سێ چوار مانگان ژمارەیەکم پێ بگا لە خۆشیان کڵاو هەڵداوێم و نایگرمەوە. هەموو ڕۆژێ دەبێ لە یەکێکی بگەڕێم و بزانم کێ دەچێ بۆ شارۆچکە و نامەی بۆ بنووسم و نێونیشانی بدەمێ و لەبەری بپاڕێمەوە ئەمانەتەکانی پۆستی و ڕۆژنامەکانم بۆ بێنێتەوە، بەڵام زۆر جاران کابرا لەبەر نابەڵەدی و کاروباری خۆی یان لە بیری دەچێتەوە یان نێونیشانەکەی لێ ون دەبێ. لەو نێوەدا تەنیا گۆڤاری (وارلیق)ە هەرچەندە زۆر درەنگ بەدەستم دەگا بەڵام بەرێکوپێکی بۆم دەنێرن. بەجێگای ئەوەی سەری مانگێ بگاتە دەستم لە پازدە و شازدەی مانگێ دەمدەنی. ئێستاش لێم حاڵی نەبووە بۆ وا درەنگی دەنێرن، جاری وابوو دەمگوت خەتای بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکەیە، هێندێک جاریش دەمگوت لە پۆستخانە خۆی پێوە ماندوو ناکەن، جاری واشە بیر لەو کەسانە دەکەمەوە کە ئاسوودەن و لە خەتەردا نین، لە خۆم دەپرسم ئایا ئەو شتانە بەڕاستی هۆی دەردی سەر نین؟ زانین مایە و هۆی نارەحەتی و شارەزایی و هەست پێکردن بەدەرد و مەرگی کۆمەڵ دەردهێنەرە.

هەرچەند ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەهەزار چەرمەسەری و نارەحەتی دەگەنە دەستم پێم وایە ئەو چاوەڕوانییە نیشانەی زیندووبوونە و سەرەتایەکە بۆ ژیان هەرچەند نەشمتوانی دڵخۆشی و حەرەکە و جووڵانەوەیەک بەدی بێنم.

ئەوەی کە دڵمان دەیهەوێ قەتی پێ ناگەین. خۆ بەناشکوری نەبێ شتێکمان بەجەرگەوە نییە. حەزم دەکرد گرامافۆنێکم هەبا و جاروبارە سەفحەیەکم لەسەر دانابا و لەو ژیانەی کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا نییە نەجاتیم بووبا. بەڵام کاتێک دەست نادا دەتوانی چ بکەی؟

یەکێک لە دۆستەکانم کە دەیزانی لە چ حاڵێ دام و چۆن دەژیم پێشنیاری پێ کردم و گوتی ڕادیۆیەکی چووک بکڕە و گوێی پێوە بنێ. ئەوە



لە گرامافۆن هەرزانتر تەواو دەبێ، بۆخۆم هیچ کارێکم لە دەست نەدەهات ناچار مەسەلەکەم بۆ یەکێک لە ئاشناکانم لە ئانکارا نووسی. لە وەڵامدا نووسی ڕادیۆیەکی کە بەکەڵک بێ ٤٢ لیرە هەڵدەگرێ. لە سەرەتاوە زۆر خۆشحاڵ بووم. پێم وابوو ئەوەم بۆ دەکڕێ. بەڵام دوای حەوت مانگیش ٤٢ لیرەم بۆ پاشەکەوت نەبوو. بەکورتی لە خێروبێری ئەو ڕادیۆیەش بوومەوە.

ئێستا لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەرکاتێک بەری دەستم مووی لێ ڕوا دەبمە خاوەنی ڕادیۆ. سەرەڕای ئەوەش جارناجارێک خەیاڵ هەڵمدەگرێ و دەڵێم خۆزگە ڕادیۆیەکم دەبوو. ئادەمیزاد زیندەوەرێکی سەیر و خەیاڵاوییە.

هەتا بچمە ناوەندی شارۆچکە، پوولێکی بەقەرز لە بەقاڵ وەردەگرم و دوای دوو سێ مانگان دەیدەمەوە. هەرچەند من ئۆگر بە شت گەلێکی وەک شەراب و سیغار نیم و خەرجێکی ئەوتۆم نییە، هێشتا ناتوانم و ناکرێ تووشی پووڵ لێبڕان نەبم. ناچار کاتێک لە شارۆچکە دەگەڕێمەوە بەبڕێک ڕۆژنامە و دوو سێ دەنک نوقڵ و بڕێک خرتە و پرتەی دیکە چاوی منداڵەکان دەنووسێنم.

ئەوەندەی لە بیرمە قەت شتێکم بەنێوی پووڵی پاشەکەوت نەبووە. ئەوەی وەگیرم کەوتووە نەچۆتە گیرفانمەوە، بەهەوادا چووە. جارێکی دە لیرەم بەقەرز لە یەکێک لە دۆستەکانم وەرگرت - دۆستەکەم وێنەگر بوو - دوای مانگێک نامەیەکی نووسی کە: بۆ شت کڕین دەچمە ئەستامبوڵ، ئەگەر لە دەستت دێ دە لیرەکەم بۆ بنێرەوە "دەستێکم کەوتە ئەملا و یەک ئەولا، خودایە ڕوو لە کوێ کەم؟ هیچ چارەیەک نەبوو دەبا بۆم ناردباوە. بەهەزار پاڕانەوە و خۆ لەم ماڵ و ئەو ماڵ هاویشتن دە لیرەم وەرگرت و بۆ دۆستەکەم بەرێ کرد. بەڵام بەڕاستی لە خەجاڵەتییان مردم.

## ڕادیۆ و قوتابخانە

چاووش عیسا ئەوساڵ بەسەد و پەنجا کیلەگەنم بۆتە مامۆستای ئاوایی "بویالی". دوێنێ هاتبووە سەردانم. باسی ڕادیۆ هاتە گۆڕ، سەیر ئەوەبوو کە عیسا نەیدەزانی ڕادیۆ چییە بەهیچ جۆر باوەڕی نەدەکرد کە شتێکی ئەوتۆ هەبێ.

"خودایە تۆبە، ئەفەندی ئەوە لە ئاقڵ بەدوورە، تۆ دەڵێی لە میسر بانگ دەدەن و تۆ لێرە گوێت لێ دەبێ؟زۆر سەیرە بڵێی جادوو نەبێ؟ هەرچی شێر و ڕێوی بۆ دێنمەوە و دەڵێم وابوو وا چوو نایبیسێ و دەڵێی لۆکەی لە گوێی ئاخنیوە. دەڵێ: "دەبێ نێو ئەو قودوولەکە یەکێکی تێدابێ ئەگینا شتی وا هەر نابێ و ئەوە کڵاو لەسەر خەڵکی نانە."

بەڕاستی هێشتا ئی وا زۆرن کە وا بیر دەکەنەوە. دانیشتوانی ئاوایی لە بەیانی ڕا هەتا شەوێ بەشوێن مزگەوت و شوێنێکی دیکەی ئاینیدا دەگەڕێن، ئەوەندەی خودا حەز دەکا بەڕواڵەت خۆیان چاک پێشان دەدەن بەڵام هەتا بڵێی لە باری ڕێ و شوێنی ئینسانی و خوو و خدە و ئاکارەوە لەپاشن. کاریان بەوە نییە کە دین دەڵێ موسڵمان لەگەڵ یەک بران، موسڵمان دەبێ درۆ نەکا، پاک و خاوێن بێ، ئەوەی دەیکا و دەیڵێ بەڕاستی بێ، لە سەودا و مامەڵەدا ئەمین بێ، سەبارەت بەخەڵکی دیکە دڵ ئاوا و فیداکار بێ... کاریان تەنیا دوعا و پاڕانەوەیە، خەبەرێک لە کردەوە نییە. کاتێک دەڵێی بابی من کاکی خۆم "پاک و خاوێنی نیشانەی ئیمانە" دەسنوێژ بۆ پاک و خاوێنییە. ئەوە چ دەسنوێژێکە سەر و چاوت چڵک و چەپەری لێ دەبارێ... خێرا دروشمی: فڵان کەسیش کافرە و بێ دین"ە، بەنێوچاوانتەوە دەنووسێ و وەک قیلی کەوای سپی لێی نابێتەوە.

قوتابییەکانی قوتابخانە هەر لە منداڵییەوە هاموشۆی مزگەوتێ دەکەن، بەڵام کاتێک باسی دین دێتە گۆڕ عەرەبن و هیچ نازانن.

ڕدێن سپییەکان دێن و دەڵێن: "خەڵک کاریان بەکارنامە و دەرس نییە، هەر ئەوەندە کە فێری خوێندنەوە و نووسین بن، لێیان سەر و زیادە. نیوەڕۆ و ئێواران ئیجازەیان بدە نوێژەکانیان بکەن. دەڵێم: خۆ ئەو منداڵە چکۆلانە نوێژیان لەسەر نییە و نازانن نوێژ چییە" دەڵێن: "خۆ خودا دەزانێ، ئەوانە دڵیان وەک ئاوێنە وایە هەرشتێک بڵێین و هەرچی بیانهەوێ بێ دڵیان ناکا. قیامەت پێی دەوێ. ئەو دەرسانەی ئێوە بۆ ئەو دنیایە بەکەڵک دێ. هەمووی لە بارەی ئەسپ و کەر دایە... دەرسەکانی ئەو دەور و زەمانە هەموو بێ فایدەیە، بایی قڕانێکی سوود نییە.

## هەواڵەکان

دەتوانین بڵێین لەگەڵ دەست پێکردنی پایز، زستان تەشریفی دێنێ و تا مانگی خاکەلێوە جێگای خۆی خۆش دەکا، لەو ماوەدا زۆرکەم واهەیە کەسێک هەبێ و بچێتە شارۆچکە، تاق و لۆقیش کە دەچن لەبەر خۆشی خۆیان نییە، وا دەبێ کاری دادگایان دەبێ! ئەگەر سەفەرێکی وایان بۆ بێتە پێش چەند ڕۆژ لە پێشدا وەڕێ دەکەون، دوو سێ ڕۆژ بەڕێوە دەبن و هەر شەوەی لە گوندێک دەمێننەوە، پاش ئەوەی گەڕانەوە دەوریان دەگرین و باس و خەبەریان لێ دەپرسین، بەڵام ڕێبوارەکانی ئێمە تەنیا ڕووداوێک و بەسەرهاتێک دەگێڕنەوە: "زستان جگە لە زستان هیچ باسوخواسێک نییە!"

هەرکە زانیان یەکێک بەتەمای شارۆچکەیە، خەڵک دەچنە لای و هەریەکەی پێشنیاری شتێکی دەکەن بۆیان بێنێ، منیش وەک هەمیشە دەڵێم ڕۆژنامەت لەبیر نەچێ، بەڵام زۆر جاران بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە و دەڵێ: دووکانەکان گاڵە درابوون، لەبەر بەفر و سەرما چاومان بەهیچ کوێ نەکەوت" دوو سێ جاریش نامەم دانێ بۆم پۆست کەن. بەڵام بەقەدکراوی بۆیان هێناومەوە: "سندوقمان نەدۆزیەوە نەمانزانی لە کوێیە.

پیاو نابێ سپڵە بێ، جارێک یەکێک ڕاسپاردەکەمی ئەنجام دا: وشەی "جمهوریت"م لەسەر کوتە قاقەزێک نووسیبوو و دامە دەستی. کاتێک ڕۆژنامەکەی هێنا، تەماشام کرد ئی مانگ و نیوێک لەمەوبەرە. ڕۆژنامەفرۆش ڕۆژنامەیەکی کۆنی لە مل پەستاوتبوو. سەرەڕای ئەوەش بۆ من وەک نانی تازە وابوو، زۆر بەڕوویەکی خۆش لە دەستم وەرگرت.

ژمارەیەکی دیکەش کە نێونیشانی گوندەکەی ئێمەی لەسەر نووسرابوو، دوای ماوەیەک مانەوە لە دووکانی بەقاڵی و تۆز لە سەرکەوتن بەو کابرایەدا ناردبوویانەوە. کاتێک لێکم کردەوە تەماشام کرد قاقەزی چەند سەربازی تێدایە بۆ بنەماڵەکانیان. ئەو بەستەزمانانە لە قاقەزەکانیاندا جلوبەرگی گەرمی زستانێ و گۆرەوی و دەستەوانە و ئەو جۆرە شتانەیان



ویستبوو. قاقەزەکانیان لە سەرەتای پایزدا نووسیبوو، بەڵام ئێستا ئاخر و ئۆخری زستانە... بەتەواوی ڕۆژنامەکە بەدەستەوە ناگرم خەڵکی ئاوایی دەگەنە سەرم و دەڵێن: "هەواڵ و ڕووداوەکان، ڕووداوەکان بخوێنەوە، زۆریان پێ خۆشە هەرچی زووتر بزانن چی ڕووی داوە و دەڵێن: دە بیخوێنەوە، بابم بیخوێنەوە بزانین چ نووسراوە "پێیان وایە لە بارەی وەزعی خۆمان و گوندەکەماندا شتێک نووسراوە دەڵێم: "خاترجەم بن شتێکی وای تێدا نییە کە بەکەڵک بێ و پێوەندی بەئێوە هەبێ" بەڵام بەکێ دەڵێی! هەرچی نووسرابێ دەبێ بۆیان بخوێنمەوە لەبەرئەوەی هەمیشە بۆم خوێندوونەوە و بێ دڵیم نەکردوون و زۆر بەچاکی گوێم بۆ دەگرن و پێی ڕاهاتوون. دەڵێن: "بابم ئەتۆش لەو قسەی زیاتر هیچی دیکە نازانی، بەڵام بەوحاڵەش ڕۆژنامەکە سەروبن دەکەم و ڕووداوگەلێکی زۆریان بۆ دەخوێنمەوە:

"یانەی گشتی سەرژمێری دەستی کردووە بەسەرژمێری سەگەبەرەڵڵا..."

– هاوار بۆ سەگەکانی ئێمە. چ بکەین لەوانەیە ئەوانیش بتۆپێنن.

– مەحموود ئاغا خۆ ئەوە هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو. چاکە چی دیکە نووسراوە؟ تەماشای کە بزانە کێشەیەک، هەڵڵایەکی تێدا نییە. دە توخوا بزانە ڕووسەکان دیسانیش خۆیان شێت نەکردووە؟...

درێژە بەخوێندنەوە دەدەم:

"ڕووسەکان بۆ ئەوەی لە ئەمریکایەکان وەدوور نەکەون بەرەیەکیان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی کردۆتەوە..."

– ئاغا بەهەموو ڕەنگێک خۆ دەنوێنێ کوا دەست هەڵدەگرێ؟

– لە پاشان؟

"لە کێوی قاز پێنج کەس لە سەرمان ڕەق هەڵاتوون"

– ئەوێش لێرەی خراپتر لێ هاتووە...

لە پاشان دەست پێدەکەن. هەرکەسە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەوێ ساڵێ چ بەفرێک باریبوو... ئەوێ ساڵێ لە فلانە دێیە چەند کەس لە سەرمان مردن و...

بەه، بەه! ئەوجار نۆرەی لاپەڕەی تایبەتی دێهاتە، هەواڵەکانی ئاوایی. لاپەڕەی هەوەڵ بەدوو سێ ڕاگەیەندراو و چەند هەواڵی ژن خواستن پڕ کراوەتەوە. بۆیان دەخوێنمەوە و قاقا پێدەکەنن. گوندچییەکە هەواڵەکەی چ بێ؟ شتێکی ئەوتۆ لەگۆڕا نییە، یەکێک ژنی مارەکردووە، یەک دەسگیرانی دیاری کردووە... شتێکی سەرنج ڕاکێشی تێدا نییە."

کابرای دێهاتی زانا نییە، بەڵام هەتا خودا حەز دەکا پاکە، زۆربەی ئەو شتانەی کە دەیبینێ لە ڕووناکبیران و خوێندەوارانی ڕواڵەتی چاکتر لێی حاڵی دەبن و لێکدانەوەیان باشترە. گرینگ ئەوەیە کە بڵاوکراوەی بەکەڵک بگاتە دەستی دێ نشینەکان. بارهێنان و فێرکردنی دێ نشینەکان مەسەلەیەکی گرینگ و بنەڕەتییە، بەڵام کێ و کەی ئاوڕی وێدەدەن؟ نازانم.

گەیشتوومە وتارەکانی ڕامیاری وڵات و هەواڵی گرینگ: "سەرەک وەزیر شەمسەدین گون ئاتای...[1]" پێم سەیرە ئەدی حەسەن سەقا[2] چی بەسەر هاتووە؟ کەی گۆڕاوە، ڕەنگە هەموو دەست و پێوەندەکەی گۆڕابن؟..." بەدەنگێکی بەرز دەڵێم: "حەسەن سەقا پلەی سەرەک وەزیری وەلا ناوە." یەکێکیان دەڵێ: "دەی، دەی ئەوی نرخی قەندی بردە سەر؟ ئەدی ئەوەی دیکە چ کارەیە؟ لە پاشان زانیم کە" کابینەی" حەسەن سەقا لە سەرەتای زستاندا گۆڕاوە.

(١) شەمسەدین گون ئاتای مامۆستای زانکۆی ئانکارا ساڵی ١٩٤٩ ببووە سەرەک وەزیری تورکیا.

(٢) حەسەن سەقا لە ساڵی ١٩٤٧دا بوو بەسەرۆک وەزیر و لە ساڵی ١٩٤٩دا دەستی لە کار کێشاوە.



## پشوودان و وچانی قوتابخانەکان

لە مانگی جۆزەرداندا کە قوتابخانە گاڵە دەدرێ، بۆ ماوەیەک ئاوایی بەجێ دێڵم. مانگی پووشپەڕ بۆ ئەوەی دەستێک بەدار و دیواری قوتابخانەکەدا بێنم سەرێک لە ئاوایی دەدەمەوە. لەو ماوەدا منداڵەکان دێن سەرم لێ دەدەن و چاوم پێیان دەکەوێ. هاوین وەرزی بژار و گێرە و کێشەیە و بەشی زۆری لە سەر جێخون و کێو دەخەون. بەڵام هەر کەسێکی هەواڵی منی دەبیست گارانی بەیەکێکی دیکە دەسپارد و خۆی دەگەیاندە لای من، چەند کەسێکیان کە بۆیان نەکرابوو بەسڵاو ناردن گلەیان لەسەر خۆیان لابردبوو، منیش سڵاوم بۆ دەناردنەوە و زۆرم لێ دەپرسین.

ئەوەی لەو سەردانەدا سەرنجی منی ڕادەکێشا جلوبەرگی منداڵەکان بوو، پێم سەیر بوو، دەمگوت ئەدی بۆ جلوبەرگی مووچە و مەزرایان لەبەردا نییە. لە پاشان بۆم دەرکەوت کە لە پێشدا دەچنەوە ماڵێ، جلوبەرگەکانیان دەگۆڕن جا دێنە لای من. بەڵام من بەدڵ حەزم دەکرد هەروا چڵکن و شپرێو و ئاڵۆز چاوم پێیان بکەوێ، چونکە جلوبەرگ لە لای من هێندە گرینگ نییە. لە وەرزی هاویندا لە هەموو بابەتێکەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ و دەگۆڕێن. بۆ وێنە چڵم و لێکیان تێکەڵ دەبێ. سەروچاویان لەبەر تاوێ دەسووتێ و تویخێکی لێ دەبێتەوە، لێویان ویشک و شەقار دەبێ. هەرچەند بەم سەر و وەزعەشەوە شەرمیان دەکرد، بەڵام هەر دەهاتنە لام. ئەو پاکی و خۆشەویستییەیان بۆ من دنیایەکی دێنا. زۆریان پێ دەڵێم: "هەمووتان دەبێ کار بکەن، کارکردن مایەی سەربەرزییە و شەرمی پێ ناوێ، منیش کار دەکەم" بەڵام هەست دەکەم کە تەریق دەبنەوە.

قوتابخانەی ئێمە کە پێنج ساڵ لەمەوبەر دروست کراوە، هەر وەک ئەو خانووبەرانە دەچێ کە منداڵ کاتی کایەکردن بەقوڕ و گڵ دروستی دەکەن. هەر لە سەرەتاوە کە چاوم پێی کەوت تێگەییم کە تەنیا مەبەستیان چاو نووساندن بووە ئەگینا بەو بەردە خڕانە کوا خانوو دروست دەبێ؟ لەبەرئەوەی دیوارەکانی بەموورە و گڵ داندراوە بەفر و باران بەتەواوی

شۆردوویەتەوە و ڕۆچوون، لەوانەیە تێکقرمێن، سەرەنجام نەمانتوانی دەرگا و پەنجـەرەکـان هەڵاوەسین. هەرچەند دیوی دەرێیـان تەنانەت سـواغـیش نەکرابوو، لەبەر ناچاری ژوورەکەمان تەنکە سواغێک کرد و تێوەی چووین.

دیوارەکان جێگای متمانە نین و لەوانەیە بەپاڵ پێوەدانیش بەسەر پیاودا بڕووخێن. بەهەزار ترس و لەرز و نیگەرانی ئەو زستانەمان گەیاندە بەهار. بەڵام سەرەنجام بەکوێ دەگا ؟ نازانم.

هەواڵم پێ گەیشت کە دایکم نەخۆشە. خۆم پێ ڕانەگیرا و ڕۆژی پێنج شەممە و هەینی چوومەوە گوندەکەی خۆمان. کاتێک گەڕامەوە تەماشام کرد دیوی دەرێی دیوارەکە هەموو هاتۆتە خوار. باران باریبوو، خووسابوو و گڵمەت و کەرسەکەکانیشی تلیساندبۆوە. بەردەکانیش تەڕ ببوون و شەیان کێشابوو. پێنج ساڵی تەواو بەفر و باران بەسەریدا باری، شتێکی سروشتییە کە خراپ بێ و تێکقرمێ. ئەو بەشەش کە ماوەتەوە باوەڕ ناکەم لەبەر بارانی ئەوساڵ خۆ ڕابگرێ. دەڵێن مەلا نەسرەدین ڕۆژێک کەواکەی دەشوا و لەبەر تاو هەڵیدەخا. بایەکی بەقەوەت دێ و کەوای لەگەڵ خۆی دەبا. مـەلا کـە ئەوەی دەبینێ دەست دەکـا بەدوعـا و پاڕانەوە و دەڵێ: "خودایە شوکری تۆ تەواو ناکەم." خێزانی دەپرسێ: "ئەوە شوکرانە بژێری بۆ چییە ؟"

مـەلا لە وەڵامـدا دەڵێ: جـا چوون شـوکـری ناوێ؟ هیچ بیـرت لەوەی کردۆتەوە ئەگەر بۆ خۆم لە نێو ئەو کەوایەدا بام چم لێ دەهات؟

ئێستاش ئەو مەسەلە لە ئێمەی ڕوداوە. بیر لەوە دەکەمەوە و دەڵێم چانەبوو کاتی ڕووخانی دیوارەکە بۆ خۆم و منداڵەکان لە نێو دیوەکەدا نەبووین. لەسەر قازانجێ ماوینەوە. خودایەگیان زۆر شوکر.

ئێستا سەرم لێ شێواوە و بۆ خۆشم نازانم چ بکەم؟ ئەگەر دەڵێم وەرن چاکی کەنەوە، بەقسەم ناکەن و دەڵێن بناغەکەی خراپە. دەڵێم با لە نووکەوە دروستی کەین، ئەوەش هەر بۆ گوتن نابێ. بەڕاستی چاک پێوەبووم. تووڕە بم؟ بگریم؟ قاقا پێدەکەنم "لەبەرئەوەی پێدەکەنم کە بۆ گریانیش درەنگە!"



## خواردەمەنی

ڕواڵەتی کز و لێقەوماوانەی منداڵەکان کە لە دوورەوە سەرنج ڕادەکێشێ، بەئاشکرا ئەوەی لێ بەدی دەکرێ کە لەبەر هەژاری و نەبوونی خواردەمەنی هێزی قسەکردنیان نییە. لووتیان بگری گیانیان دەردەچێ... منداڵ دەبێ خەپەتۆڵە و قەڵەو بێ، کولمە و ڕوومەتی وەک سێوی لاسوور وابێ، هێندە تورت و ناسک بێ دەستی پێدابێنی خوێن فیچقە بکا... بەڵام ئەو چارەڕەشانە لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵیدا لە لێقەوماو لێقەوماوترن و جگە لە ئێسک و پێست هیچیان پێوە نییە. پیاو کە چاوی پێیان دەکەوێ لە حەیبەتان دڵی دەبێتە کەباب. جا بەناشکوری نەبێ چ دەخۆن کە لەوەی چاکتر بن؟ لە پۆلی دووەم کە سی و یەک کەسی قوتابی هەبوو لە سێ وەرزی پاییز و زستان و نیوەڕاستی بەهاردا سەرژمێرێکم لە منداڵەکان کرد. جاری هەوەڵێ، دوای ئەوەی دەرسم گوتەوە لە هەموویانم پرسی: چتان خواردووە؟ بیست و یەک کەس هیچیان نەخواردبوو، دەیەکەی دیکەشیان تەنیا نانی ویشکیان خواردبوو. یازدەی مانگی ڕەزبەر پاش نوێژێ لێم پرسین، هەر سی و یەکیان نان و شووتی کاڵ و نەگەیشتوویان خواردبوو. جاری سێیەم، پێنج شەممە، بیستی مانگی بەفرانبار لە پۆلی یەک و دوو کە بیست و یەک و سی و یەک نەفەرن دەپرسم. سەرەنجامەکەی بەمجۆرە بوو: چوار کەس دۆکلێو، شەش کەس ساوار، چاردە کەس تەنیا نانی ویشکی، چوار کەس برینجی سارد، پێنج کەس دۆشاو، حەوت کەس نانەڕەقە. لە پاشان دەست دەکەن بەگریان و دەڵێن: "ئاغا دەتویست چ بخۆین؟ بەهار هات. ماست نەما، ئاردیش هەروا. ئەوانەی کە نە ئارد شک دەبەن و نە ماست" جاجیق" دەخۆن.

لە مانگی بانەمەڕا لە پۆلی دووەم، دوازدە کەس بە زگی برسییەوە هاتبوونەوە، یازدەیان نانی ئیشکیان خواردبوو، حەوت کەسیان" جاجیق"، یەکێکیش نەهاتبۆوە. بۆ پاش نیوەڕۆیە هەر سی کەسیان "جاجیق" یان خواردبوو.

بەبیستنی وشەی "جاجیق" نەکەن هەڵبەزنەوە و پێتان وابێ خواردەمەنییەکی بەتامی وەک ماست و خەیار و... ئەوانەیە. بەهیچ جۆر لەو شتانە خەبەرێک نییە. جاجیق بریتییە لە خواردەمەنییەکی ئاوەکی تێکەڵاو لە گیای جۆراوجۆری کێوی. بەهاران ژن و کچ بەدەشت و کێوان وەردەبن و جاجیق کۆ دەکەنەوە. خوێی پێوە دەکەن و دەیکەنە پێخور، جاری واشە بەکوڵاوی دەیخۆن.



## پاک و خاوێنی

ساڵی پێشوو ئەسپێ بەسەروچاوی منداڵاندا هەڵدەگەڕا. بەهەزار بەدبەختی و نارەحەتی ساڵمان بردە سەر. دەمگوت جارێ لە کوێمە و هەوەڵی کارە. پێم وابوو ئەوساڵ منداڵەکان پاک و خاوێنتر دێنەوە و لەکۆڵ ئەو هەمووە ئەسپێیە دەبینەوە. بەڵام پێشبینییەکەم بەهەڵە دەرچوو، بۆ پێ ڕاگەیشتنی پاک و خاوێنی منداڵەکان پێویست بەتەماشاکردنی یەخەی کراسەکانیان نییە. هیچیان لە هیچیان چاکتر نین و وەک یەک پیس و پۆخڵن. چارە چییە؟ بەناچاری لە کۆڵ ئەو بەرنامە دەبمەوە، بەڵام بۆ مناڵەکان دەست هەڵدەگرن؟ وەخت و کات و سات نازانن لەسەر کلاس یان حەوشە تەماشا دەکەی ئەوە یەکێک دەستی بەرز کردۆتەوە: "ئیجازە ئاغا، تەپڵی سەری فلانەکەس یەکێکی پێوەیە، پشتەستۆی فیسارەکەسی تەماشاکە دوو پێکەوە دەڕۆن...

ڕۆژێک تاو و ساو بوو و لە دەرێ دەرسم دەگوتەوە، کاتێک لام کردەوە هەژدەکەس قامکی هەڵێنابوو. هەموویان ئەسپێی سەر کراس و پشت ئەستۆی دۆستەکانیان پێشان دەدا. منداڵەکان هەستی هاوکارییان زۆر کەم بوو، چاوپۆشیان لە عەیب و عاری یەکتر نەدەکرد و لێکتریان لە هەڵڵا دەدا.

ئەو منداڵانەی کە ئەسپێیان پێ هەڵدەگەڕێ دەیاننێرمەوە ماڵێ، چاو لە بەرگی منداڵەکانی دیکە ناکەم. بەرواڵەت خاوێنن.

ناردنەوەشیان هیچ دەردێک دەوا ناکا، چونکە هەر بەو بەرگانەوە دەگەڕێنەوە. دایکیان، یان خوشکیان ڕووتیان دەکەنەوە، بەرگەکانیان بۆ ڕادەوەشێنن و دەبەریان دەکەنەوە دیارە جگە لەوەش هیچی دیکەیان لە دەست نایە.

لە هەرکامێکیان دەپرسم: "وەرە بزانم چت کردووە؟" دەڵێ: "ئاغا تەماشایان کرد." کاتێک یەخەی دەکاتەوە و چاوم بەئەسپێی کوژراو و زیندوو دەکەوێ لە حەیبەتان خۆم وێک دێنم و دڵم لە خێڵەوە دێ. دوو

سێ کەسیشیان جلوبەرگی خۆیان گۆڕیوە و ئی برا یان یەکی دیکەیان لەبەرکردووە، لە دوورەوە دیارە جلوبەرگی خۆیان نییە، هەرچەندە بەڕواڵەت برێک پاک و خاوێنترە، بەڵام وەک ئی خۆیان ئەسپێی پێ هەڵدەگەڕێ.

مەکینەیەکی ژارپاشیم هەیە. دوو سێ جار تاق، تاق منداڵەکانم بانگ کرد، گوتم خۆ ڕووت کەنەوە، چەند شووشەیەکم د.د.ت لێدان. بەڵام هەر دەڵێی دەرمانیشت لێ نەداون. لە لایەک دەکوژران، بەڵام لە لایەکی دیکەوە وەک شارەمێروو ڕێچکەیان دەبەست. ئێستا ئیدی هەمووکەس دەزانێ کە من پۆمپی ژارپاشیم هەیە، پەیتاپەیتا دێن و داوام لێدەکەن. لە سەرەتاوە پۆمپەکەم دەدانی، بەڵام زۆر زوو دەیانهێناوە. دەمزانی کە نەیانزانیوە کاری پێ بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە تۆز، یان سەمیان نەبوو، لە ڕووشیان هەڵنەدەهات کە داوای دەرمانم لێ بکەن. زۆر درەنگم ئەوە زانی. لە پاشان هەرکەسێکی دەهات لێم دەپرسی دەرمانی مۆریانەت هەیە؟ ئەگەر نەیبا دەرمانیشم دەدایە. جاری وایە ئارەزوو دەکەم و دەڵێم ئەگەر چەند سەدلیرەیەکم لە دەستدا با ماڵبێرم نەدەکرد و هەریەکەی پۆمپێک و شووشەیەکەم سەم بۆ دەکڕین و دەمدانێیە.



## ئارەزوویەکی فرە شیرین؟!

ڕۆژێک هاوسێیەکەم هاتبووە لام. لە گەرمەی قسەکردندا سەرم هەڵێنا کە تەماشام کرد ئەسپێ دوو دوو بە بەرۆکی هەڵدەگەڕان. دوای ئەوەی ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت هەموو لەشم وەخورو کەوت. دەتگوت دووپشکم پێ هەڵدەگەڕێ. خێرا بەرگەکانم داکەند. ئەمنیش بێ بەش نەبووم. چەندیش گەورەن دەڵێی بێچوە کوللەن.

## چەشنێک نەخۆشی

ئەوانەی کە کاروبارێکیان هەیە و کوسپێکیان لەسەر ڕێگا نییە، ژیانیان زۆر خۆش تێدەپەڕێ. ڕۆژگاریشیان پڕە لە خۆشی و ئارەزوو، سەر و بنی قسەکانیان هەمووی باسی خۆش گوزەرانییە.

بەڵام ئی وەک ئێمەمانان ئەگەر بتوانین دەرد و مەینەتەکانمان چارەسەر بکەین لێمان سەروزیادە، بەناشکوری نەبێ عیشق و خۆش گوزەرانی دەڵێی لە ئێمە تۆراوە، بەخەون نەبێ چاومان پێی ناکەوێ.

ئەو ڕۆژانە دڵم بەوەی خۆشە کە هەوا خۆش دەبێ و لەبەر تاوێ خۆم هەڵدەخەم و چاو دەبڕمە دنیای ئاوات و بیرەوەریەکانم، بەڵام بەداخەوە هەواش یارمەتیمان ناکا. ئەوساڵ کە قوتابخانەکەمان کردەوە لەبەر بێ جێ و ڕێیی لەسەر ئەوە ساغ بوومەوە کە لە حەوشە دەرس بەمنداڵەکان بڵێم. بەڵام ئاسمانیش ئەو ئاواتەی پێ ڕەوا نەدیم، ناچار مانگ و نیوێک لە نێو هۆڵێ و لە پەنا مەڕەکان دانیشتین. بە بەردێک دوو نیشانەم دەپێکا و دەرسم بەهەردووکیان دەگوت. لە نیوەی پایزدا، زستان ڕووی دزێوی خۆی پێشان دا و بەفر و با و بۆران دنیای ڕوونی پێ تاڵ کردین.

لەبەر ناچاری و لەبەر خاتری منداڵەکان لە وەتاغێکی تەنگەبەر و تەسک و تاریکی کە بۆ مامۆستا دروست کرابوو درێژەمان بەدەرس گوتنەوەکە دا و نەمانهێشت قوتابخانەکە دابخرێ.

ئەویش بەچ حاڵێک!؟ نە کورسیلە هەبوو نە مێز. وەتاغیش چ وەتاغ؟ عەرزەکەشی سواغ نەکرابوو... لانی کەم منداڵەکان ڕایەخێکیان بۆ خۆیان نەدەهێنا. هەرچی پێم گوتن بێ فایدە بوو. جێگای گلەییش نەبوو چونکە نەیانبوو، لە کوێیان هێنابا؟ ئەوانەی کە هەشیانبوو، لەبەر نەداری، بابیان فرۆشتبووی.

دوو سێ جاران کەسوکاری قوتابییەکانم بانگ کرد. بەڵام بۆیان نەکرا کورسی بکڕن، چونکە هیچ پووڵێک کۆ نەبۆوە. چیان لێدەکەی؟ نیانە... پەنجەرەکانیش شووشەیان تێدا نییە... منداڵەکان لە سەرمان هەڵدەلەرزن و



شەقەشەقی ددانیان ڕۆژەڕێیەک دەڕوا، دەستیان هەر بەزاریانەوەیە و بەهوولێکردن گەرمی دادێنن. جا وەرە بەو حاڵە لەسەر زەوی ڕەق و ڕووت و بێ ڕایەخ دانیشە، بەڕاستی زۆر دژوارە و هەر بەزار خۆشە. بەو حاڵەش ڕایدەبوێرین، بەڵام کاتێک بەفر دەبارێ و گێژەڵووکە لە ژوورێی دەکا بەجارێک شپرزە دەبین و مەرگی خۆمان بەئاوات دەخوازین، ئێستا ئێوە بڵێن لە وەها هەلومەرجێکدا من لەگەڵ ئەو منداڵانە دەتوانم چ بکەم؟ بیانکوژم؟ لێیان گەڕێم هەر وا بن؟ نا باشترین ڕێگا ئەوەیە ئیجازەیان بدەم و قوتابخانە گاڵە دەم. سەری خۆم دادەخەم و یەکسەر دەچمە قاوەخانە. بەشی زۆری خەڵک لەوێن.

دەڵێم: ئای هاوار، ڕوو لە کوێ کەم لە چەنگ ئەوهەمووە گیروگرفتە؟

دەڵێن: کارێکی زۆر چاکت کرد قوتابخانەت داخست.

دەڵێم: ئەوە ئەوڕۆ گاڵەم دا، ئەدی سبەینێ چی؟ کوا دەتوانم درێژە بەو وەزعە بدەم، وەرن با ڕێگاچارەیەک بدۆزینەوە.

دەڵێن: بۆ خۆت چت پێ چاکە وا بکە، وەک پارەکە ڕێگاچارەیەکی بۆ بکەوە و بەڕێوەی بەرە...

هەموو شتێک دەخەنە ئەستۆی من:

– نیمانە... خۆ نامانکوژی، باوەڕکە نیمانە ئەگەر لە خۆت نەگۆڕی دەزانی نیمانە، ڕووی نەبوونی ڕەش بێ دەنا هێندەش ناپیاو نین.

منداڵی بەستەزمان و پاپەتی بەو سەرمایە لە خۆ ڕانابینن بێن. نیوەیان پتر سەرمایان بووە. ژمارەیەکیش کزەڵۆکە و لارەمل دێنەوە، بەڕێیان دەکەمەوە ماڵێ. لە دوو کلاسان چەند قوتابییەک ماونەوە. وام سەر لێ شێواوە ئاگام لە خۆشم بڕاوە. دەم و لێوم بەنۆبەتێ هەموو بۆتە تێمیسک. بەئاواتم کە بەتیغ ڕدێنم بتاشم. لەو لایانە خەبەرێک لە سەرتاش و ئەو جۆرە شتانە نییە. مەیدان مەیدانی پاڵەوانارییە. دوو مانگی تەواوە ڕدێنم نەتاشیوە. سەروچاوم لە موودا ون بووە، وام لێهاتووە بۆخۆشم خۆم ناناسمەوە. جارێکی دەخۆم نووسام و بەهەزار چەرمەسەری و ناڕەحەتی ڕدێنم تاشی. بەڵام هەر بەو جارە بۆ حەوت پشتم تەنبێ بووم. سێ

مانگیش زیاتره سەرم نەتاشیوه. تووکی سەر و چاوم وا لێکهاڵاون دەڵێی بەئانقەست هۆندووتەوه. له حاڵی خۆم بێزارم و لەگەڵ ترِی بزن بەشەڕ دێم. بیر له خۆم دەکەمەوه و بۆ خۆم له خۆم تووڕه دەبم. بەمنداڵەکانم گوت: له حەیفی ئێوه ڕیشم داناوه. دەزانم ئێوه چاکتر گوێ دەدەنه ئەو کەسانەی که بەدرۆ ڕدێنیان داناوه. بەپرسیارکردن لەم و لەو، کەوتمه شوێن مەکینەیەکی سەرتاشین. سەرەنجام له ماڵه یەکێک له منداڵەکان تووشی هاتم. لەو گوندەدا هەر ئەو یەکه هەبوو. شتێکم له ملمەوه پێچا و لەبەر دەستی کوڕه دانیشتم، لەبەرئەوەی کوڕەکه شارەزا نەبوو، گوتم ئەگەر هەروایه پاک پاک بۆم بتاشه باهەردووکمان ئاسووده بین. هەر چۆنێک بوو ددانم بەجەرگی خۆم داگرت و پاک پاک سەری بۆ تاشیم و بۆ خۆشم بەتیغی ڕدێنم تاشی.

هەوا زۆر سارده و تف هەڵاوێی دەبیبەستێ، ئێستا حاڵی بووم که ئەوەی من کردوومه شێتیش نایکا. بەڵام وا چاکه پیاو وەدوای چوان نەکەوێ. چەند ڕۆژێک له ترسی سەرما سەر و چاوم داپۆشی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی لێی دەترسام تووشی هاتم. بەچاکی سەرما لێی دام و بەجێگاوبان بۆی کەوتم... تەنیای تەنیا، بێ کەسوکار و بێ پەرستار. وەشوێن دەرمان کەوتن بێ فایدەیه. هەر که بەفر عەرزی گرت، هاموشۆ لەگەڵ شارۆچکه دەبڕێ و هاتوچۆ نامێنێ. بەهەزار زەحمەت و ئەملاو ئەولا شووشەیەکم شەربەت له یارمەتیدەری دوکتۆری ناوچه وەرگرت.

له سەری نووسرابوو "میتۆل" بۆنی پێوه دەکەم وادیاره دەرمانی هەڵامەته. ئێوارێش چادانێک دێم دەکەم و هەڵیدەقوڕێنم. برێک کشپەڵ و تەپاڵەش له سۆبەکه داوێم و سەرەنجام سەرم دەپێچمەوه و هەرچی وەبەر دەستم بێ بەسەر خۆمی دادەکێشم و دەخەوم، بۆ ئەوەی ئارەقه بکەم و برێک سووک بم. بەڵام بەداخەوه گەرم دانایەم تا ئارەقه بکەم. کوا بەو سۆبه کۆنه و لەنێو وەتاغێکی ڕووت و قووت و بێ فەرش و دەرگا و پەنجەره ئارەقه دەکەم؟ شەو ئەوەنده سارد بوو گۆزەکەم قەڵشیبوو. مەسەلەیەک نییه، کاتێک ڕێگاوبان بۆوه ڕادەسپێرم له شارۆچکه گۆزەیەکی دیکەم بۆ بێنن.



## پەندی پێشینیان

زستانێ ئەو ڕۆژانەی که دەرسمان نییه و جاری وایه ڕۆژانی وچان و هەینی، دەچمه چایخانه و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامه بۆ خەڵک دەخوێنمەوه. زۆریان خوو بەو کاره گرتووه، هەتا ساکارتریش بێ پێیان خۆشتره. بەتایبەت لەو نووسراوانه پێشوازی دەکەن که له بارەی ژیان و بەڕێچوونی ئاوایی نشینەکاندا نووسراوه.

له سەرەتاوه نووسراوەکانی دانیشسەرام بۆ خوێندنەوه. بەبیستنی چیرۆکەکان دەگەشانەوه و دڵیان دەکراوه، ئەوەندەیان پێ خۆش بوو ئەگەر جوابم دابانەوه نەمدەتوانی بەکاروباری خۆشم ڕابگەم. له کاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا ئەوەنده بەدڵ گوێ ڕادەگرن پیاو ماندوو نابێ. هەرچەند له خوێندنەوەی شت بەدەنگی بەرز ماندوو دەبم، بەڵام لەبەرئەوەی بەدڵ و بەگیان گوێم بۆ ڕادەگرن و جار لەگەڵ جار پێیان خۆشتره ماندوویەتی خۆم لەبیر دەچێتەوه.

لەو نووسراوانەی که ساڵی پێشوو بۆم خوێندبوونەوه چیرۆکێک بوو بەنێوی "دەورانی منالی،" ئەوەندەیان ئەو چیرۆکه پێ خۆش بوو زیاتر له ده جارم بۆ خوێندنەوه کەچی لێی تێر نەدەبوون. ئەو ساڵیش یەکێک له چیرۆکەکانی که بۆم خوێندنەوه چیرۆکێکی ڕێکوپێکی "لافۆنتێ" بوو. زۆریان پێ خۆش بوو ئەگەر بڵێم هێندێک له چیرۆکەکانم پەنجا جار خوێندۆتەوه زیادم نەگوتووه. شێوەی بەیانی وەرگێڕ، بەڕێزکردنی وشەکانی نەخوێندەوارانەی ئێمه زۆر زەق و بەرچاو و سەرنج ڕاکێش بوو. خەڵکەکه مەبەستی چیرۆکەکانیان لەگەڵ ژیانی خۆیان هەڵدەسەنگاند و هەر کام له قارەمانەکانیشیان بەیەکێک له خەڵکی ئاوایی دەشوبهاند و دەیانگوت:

– ڕێوییەکه هەر دەڵێی جاوید بەگه. قەلەڕەشەکه لەگەڵ عیرفان سیراج موو لێ نادا.

چیرۆکی "زانی کێو" یشیان ئەوەنده پێ خۆش بوو له خۆشیان دەتگوت

خوا خەنی کردوون. جاری هەوەڵ کە خوێندمەوە کوڕی "حەسەنە قیلە" گوتی:

– "مەحموود ئەفەندی چیرۆکی ئەو کێوە چیرۆکی ئێمەیە."

گوتم: چ پێوەندێکی بەئێمەوە هەیە؟

گوتی: بۆی ناوێ، کێو تەکان دەخوا، دەنگێکی ترسێنەری لێوەدێ، خۆ وێک دێنێ، خەڵک چاوەڕوانن کە کێوە بەو گەورەییەی کە هەیەتی دوای ئەو هەمووە دەنگ و هەرایە هیچ نەبێ شارێک دەزێ، بەڵام کێو چی لێ دێ و چ دەزێ؟ مشکێک. بۆ پێت وایە وەزعی ئێمە وانییە؟ تۆ ئەو هەموو شتەت بۆ خوێندینەوە کە وا دەبێ و فلان و فیسار، دەوڵەت وا دەکا و چی و چی... ئێمەش گوێمان شل کرد و چاوەڕوان دانیشتین، بەڵام ئاخرێکەی بوو بەچی؟ گوتیان قوتابخانەتان بۆ دروست دەکەین بەڵام دوای چاوەڕوانێکی زۆر چاومان بەهیچ کەس نەکەوت. ناچار بۆ خۆمان وەخۆکەوتین و بەهەزار زەحمەت و ئەملاو ئەولا چواردیوارێکمان دروست کرد و دامانپۆشی، لەبەرئەوەی پێی ڕانەگەیین ئەویش تێک ڕووخا. ئێمە زۆر چاک دەزانین کە تۆ دڵت بەقەد کێوێکە و چەندت ناڕەحەتی لەسەر شانە. تەنیا تۆی کە لەبیری ئێمەدای و ئاگات لە دەردی ئێمەیە. چما کەس هەیە ئەوە بزانێ؟ ئەگەر ڕاستت دەوێ لە سەرەتاوە نەمانەزانی قوتابخانە یانی چی، دەتوانین بڵێین نەماندەفامی و زۆریشمان پێ ناخۆش بوو. تۆ هاتی و تێت گەیاندین، چاو و گوێت کردینەوە. ئێستا دەزانین کە مەبەستی تۆ چ بوو، بەڵام چمان لە دەست دێ؟ خۆ ئێمە ناتوانین قوتابخانە دروست کەین. دەوڵەت بێ و دروستی کا ئێمەش دەستی ماچ دەکەین، بەقوربان و سەدەقەشی دەبین. ئەتۆ کارت بەکاری ئەو کەسانە نەبێ کە دەڵێن قوتابخانە بەکەڵکی هیچ نایە. ئەوانە لە عیلم و زانست دەترسن و پێیان خۆش نییە خەڵک چاو و گوێیان بکرێتەوە. هەرچی دەیکەن و دەیڵێن بەدوژمنایەتییە. ئەگەر لە خۆیان نەگۆڕن دەزانن کە هەر بەدبەختییەکی بەسەر ئێمە دێ لەبەر نەخوێندەواری و نەزانییە. ئێمە



ئەوانە بەچاکی دەزانین بەڵام کوا قوتابخانە؟ کەی دێن و دروستی دەکەن. هەم تۆ پشووت لێ بڕا، هەم ئەو منداڵە چارەڕەشانە. باوەڕ بکە لەسەر خۆمانڕا دڵمان بەتۆ دەسووتێ. ئەو بەڵێنیانە خۆ ئی ئەوساڵ و پارەکە نییە. ئەوە بیست ساڵە بەڵێنیمان پێ دەدەن و ئەوڕۆ و سبەمان پێدەکەن. هیچ نەبێ ئەو کێوە مشکێکی بوو بەڵام ئێمە هیچ شتێکمان چاو پێ نەکەوت...حەرامزادە دەتگوت ددانی مارە، چەند بەڕێکوپێکی قسەی دەکرد. زیاتر لە نیوسەعات یەک پشوو قسەی کرد منیش سەرتاپا بووم بەگوێ.

## گۆل و گۆماو؟!

گۆلێکی کە ئاوی نەچێتە نێوێ، وردە وردە ئاوەکەی بۆگەنیو و ئیشک دەبێ. ئێمە شەش هاوولاتی بووین کە پێکەوە بووینە مامۆستای قوتابخانە و ئێستا لە دێهاتین و خەریکی دەرس گوتنەوەین. دوای ئەوەی تاقیکردنەوەی ئاخری ساڵمان بەڕێوەبرد پشوودانەکەی دەبەینەوە گوندەکەی خۆمان و ماوەیەک پێکەوە دەبین. وەزعی ئێمەش وەک ئەو گۆلاوە وایە. ئەوساڵیش هەر لە ڕۆژی هەوەڵی پشوودااندا لە دەوری یەک کۆبووینەوە و بەسەرهاتی خۆمان بۆ یەکتر دەگێڕاوە. جاری واش بوو شت گەلێکم بۆ دەخوێندنەوە، لەبەر بێکاری لەپڕ ئەو خەیاڵە بەزەینمدا هات و تەمام گرت کە ڕۆژنامەیەکی جەفەنگ و گاڵتە و گەپ و ڕەخنە بڵاوکەمەوە. ڕۆژێک لە بەری بەیانی ڕا تا شەوێ خەریک بووم و چەند نوسخەیەکم نووسی. لاسای ئەو ڕۆژنامانەم کردەوە کە مشتەری خۆیان هەیە و بۆیان دەنێرن، منیش بۆ دۆستەکانی خۆم نارد. ڕەنگە بپرسن نرخی ڕۆژنامەکە چەند بوو؟ هیچ، ڕۆژێک برسییەتی، بەخۆڕایی دەمدا بەمشتەری خۆم. لە ڕاستیا ئامانجی من سەرگەرمی و وەخت گوزەرانی بوو. سەردێڕی وتارەکەم بەم جۆرە بوو: "مزگێنی: لایحەی تازە لە پێوندەی لەگەڵ مامۆستاکانا." دوای منیش یەکێک لە دۆستەکانم ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بەنێوی "بێ هوودە" و لەودا لایەنگری لە "PUS"[1] کردبوو. ئەوەی ڕاست بێ ئەو هەوڵ و تەقەلایانە کارێکی بنەڕەتی نەبوو، هەر ئەوەندەبوو لە بێکاری چاکتر بوو، هەروەها مەبەست ئەوەبوو کە ئێمە لەو تەمبەڵی و بێ تەفاوەتییە بێنێتە دەر. بەڵام تەنانەت هاوەدەنگ بوون لەگەڵ "کولبی"[2]یش هاسان نەبوو کە فەقیری و هەژاری لە لایەک، هەروەها تەنیایی و بێ ئەنوابی لە لایەکی دیکەوە کەس ناتوانێ خۆی لەبەر ڕاگرێ و ئادەمیزاد لە پێ دەخا و بەچۆکیدا دێنێ.

لە هاویندا دەچوومە کێو و مەزرا و یارمەتی باوکم دەدا. لەو ماوەدا

(١) نیشانەی ڕێکخراوەیەکی مامۆستایانە لە تورکیا.

(٢) جاهید کولبی شاعیرێکی تورکە.



ڕەمەزانیش تەشریفی هێنا و لە دەرگای دا. گەرما و ئیش و ڕۆژۆوانی! سەرەڕای ئەو هەمووە کەند و کۆسپە کتێبم لەگەڵ خۆم دەبرد. هەر کە هەلم وەدەست دەکەوت چەند لاپەڕەیەکم دەخوێندەوە. دۆستەکانم زۆریان خۆ لە شتی وا نەدەدا و لە بن سێبەری دارە بی دادەنیشتن و دەستیان دەکرد بەگاڵتە و جەفەنگ و بەتەختە و دۆمینە، خۆیان دەخافلاند.منیش ئەو کایانەم پێ خۆش نەبوو، بەڕاستی نەشمدەزانی. ئەگەر حەوسەلەی خوێندنەوەم نەبا بەڕەڵڵا بەڕەڵڵا دەسووڕامەوە. خوێندنەوەی دوو سێ کتێب لەو پشوودانەدا دەیتوانی چ شوێنێک لەسەر من دابنێ؟ وەکو قەترەیەک وایە لە بەرابەر دەریادا. وردە وردە وام لێهاتبوو مێشکم هیچی وەرنەدەگرت. تووشی ناڕەحەتییەکی ناخۆش ببووم.

## هەڵوێست

ئەوەی کە گوتوویانە "هەر زاڵمەی زەواڵێکی هەیە" بەڵێ وایە، بەڵام دەردی لە دەرد گەورەتریش زۆرە. ئادەمیزاد چاوی بەهەرجێگایەک و هەرکەسێک دەکەوێ دەردێکی دیکەشی لێ دەبێتە سەربار، بەچەشنێکی ئەوتۆ کە جاری وایە دەردی خۆی لەبیر دەچێتەوە. گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە و دەرد و بەڵاکانی خەڵک و دۆست و ناسیاوەکان ئەوەندە زۆرە کە مەودا نادەن پیاو بیر لە گیروگرفتی خۆی بکاتەوە.

دیارە ئێمە ئەوەمان لەبەر چاو بوو کە دەرس گوتنەوە لە ئاوائی پڕە لە تەنگ و چەڵەمە و کاری حەزرەتی فیلە، بەڵام شت گەلێکمان چاو پێکەوت کە هیچ کاتێک بیرمان لێ نەکردبۆوە. یەک دوو نموونە دەخەینە بەرچاو و تۆ بۆ خۆت لەو بەسەرهاتە کورتە چیرۆکێکی دوورودرێژ بخوێنەوە: من و موتەللیب لە دوو گوند دەرسمان دەگوت. گوندەکانمان زەویان لێک دەگەڕاوە. لەگەڵ موتەللیب لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە ببووین، لە چوونی قوتابخانە ڕا بگرە تا دەگاتە دانیشسەرا و بوون بەمامۆستای قوتابخانەی ئاوایی. هەر یەکەی چووینە گوندێک. تکایە گوێ شل کەن بزانن چیان بەسەر موتەللیبی بێ چارە هێنا. هەر لەو ڕۆژەوە کە پێی لە ئاوایی نا، چی چاکی بۆ نەهات و دیاربوو کە لەگەڵ شێخەکان زۆر لێک دوورن و دانوویان پێکەوە ناکوڵێ. هەوەڵێن عەیب و تاوانی گەورەی موتەللیب ئەوەبوو کە بەسەری ڕووت و بێ کڵاو دەگەڕا و شێخەکانیش ئەوەیان پێ کارێکی زۆر ناحەز بوو. بەڵام تاوانی موتەللیبی چارەڕەش هەر ئەوەندە نەبوو. نەیدەوێرا لە پێستی خۆی بجووڵێتەوە لێیان دەکردە هەرا و تاوانێکیان بۆ هەڵدەبەست. "دەڵێن بەرە هەر لەلای تەنکێوە دەدڕێ" بەڵێ بۆ بەدبەختی لە هەیوانی ماڵەکەی ڕا کانی ژنان دیاربوو. جا چ لەوەی چاکتر! پەرە کایەکیان لێ کردە کێوێک، بوختانیان بۆ هەڵبەست و گوتیان: "چاو لە ژن و منداڵی خەڵک دەکا، زۆر چاوحیزە و لە نامووسی هیچ کەس خۆ ناپارێزێ..."



وەرزی زستان بوو، هەوا سارد و بەتەنیا لە وەتاغی قوتابخانەکەی خۆی دانیشتبوو، لە حاڵێکا بێ خەبەر بوو لە هەموو شتێکی، دوو کەسی بەڕەڵڵا و خوێڕی لێی وەژوور کەوتن و زۆریان سووکایەتی بەسەر هێنا. بەهەر جۆرێک بوو خۆی لە دەستی ڕزگار کردن. بەڵام هیچ کەس نەیدەزانی بۆ لێی دەدەن. جارێکیش کە بۆ خۆی لە ماڵێ نەبوو بەسەر ماڵەکەیان دادابوو. دەرگا و پەنجەرە و شووشەکانیان هەموو شکاندبوو و هەر کەلوپەلێکی هەیبوو لەگەڵ خۆیان بردبوویان. پەروەندەی شکایەتی پێشووی هێشتا هەر وا بەناتەواوی مابۆوە. لە سەر ڕێگای ناوەندی شارۆچکە، سەرێکیشم لەوێ دا و ئەحواڵم پرسی.تەماشام کرد بەو زستانە لە ژوورێکی سارد و سڕدا دانیشتووە، شووشەکانیان هەموو شکاندبوو، پەردە و جاجم و جێگا و بانەکەشیان بەتاڵان بردبوو. شکایەتێکی دوورودرێژی نووسیبوو، گوتی لەگەڵ خۆت ئەوەم بۆ بەرە و بیدە بەکاربەدەستانی ناوەندی شارۆچکە. پێش هەموو شتێک نامەکەی ئەوم گەیاند و بردمە لای سەرۆک. دوای ئەوەی خوێندییەوە زەردەیەکی تاڵی کەوتە سەر لێو و گوتی: "لەبەر دەستیان مرم! کارێکی زۆر چاکیان کردووە. کەسێکی تەماح لە نامووسی خەڵکی بکا ئاخرییەکەی هەر وا دەبێ."

کاتێک گەڕامەوە مەسەلەکەم بۆ موتەللیب گێڕاوە و گوتم ئەتۆ لە خۆڕا دڵت بەکاربەدەستانی میری خۆش دەکەی، لە خۆڕا چاوەنواڕی موعجیزەی...!؟

کاتێک ئەوەم گوت دەستی کرد بەگریان. زگم پێی سووتا دڵخۆشیم داوە، لەوە زیاتر چی دیکەم لە دەست دەهات؟ لە حاڵێکدا بەکوڵ دەگریا دەیگوت: "چ بکەم؟ ڕوو لە کوێ کەم؟ دەردی خۆم بەکێ بڵێم؟"

ئەو بەسەرهاتە لە نێوەڕاستی زستاندا بوو. هەر ئەوەندەی چاو لەسەریەک دابنێی بەهار تەشریفی هێنا و بەشوێن ئەودا قوتابخانەکانیش گاڵە دران. بەڵام ئێمە بۆمان ناکرێ تەواوی ماوەی پشوودانەکە، قوتابخانە

جێ بێڵین. لە ڕاستیدا تەنیا دوومانگ ئازادین. بەڵێ ئەو دۆستەی من ئەوەندە دەسکورت و فەقیر و نەدار بوو بەوتەی پێشینیان "ئاسمانی پێخەف و عەرزی ڕایەخ بوو." تەنانەت دەفرێکی نەبوو چێشتی تێدا لێ بنێ. زۆری هەستی تەنیایی دەکرد لە قوتابخانەدا و هیچی لە دەست نەدەهات. بەڵام بەسەرهاتەکە هەر بەئەوەندە ڕووداوە کۆتایی پێ نەهات. درێژەی چیرۆکەکەی لەمە سەرنج ڕاکێش ترە.

پیرێژنێک لە ئاواییدا بوو. تەمەنی پەنجا ساڵ دەبوو بۆ خۆی تەنیا دەژیا. قسەی لەسەربوو و چاکیان باس نەدەکرد. سەرەتای بانەمەڕ کردیانە چاو و ڕاو و گوتیان موتەللیب وەدوای ئەو ژنە دەکەوێ و خۆشی گەیاندۆتێیە. لەبەرئەوەی هیچی لە خۆیدا شک نەدەبرد بەبێ تەقیە هاموشۆی دەکرد. ڕۆژێک لە کۆڵاندا ژمارەیەک دەوریان دا، بە بەرد و مست و پێلاقە دایانگرت و سەر و چاویان هیچ نەهێشت. بەکورتی خوری شۆریان کرد و هەموو لەشی شین و ڕەش هەڵگەڕا. سەرو نەیەشێنم دەتگوت سیپاڵە. هەر بەوەندە لە کۆڵی نابنەوە. پاش ئەو هەموو لێدانە زۆر ناجوامێرانە بەڕاکێش ڕاکێش دەیبەن بۆ ماڵی کوێخا. لەوێ بەدەست بەستراوی و بە سێ چوارێکی بەخۆوە دەینێرن بۆ پاسگا.

پیاوانی ڕێگای تەریقەت لە بەڕێوەبردنی پیلانەکە زۆر خۆشحاڵ و ڕازی بوون، دوای ئەوەی نەخشەکەیان سەری گرت لە دەوری یەک کۆبوونەوە و دەستیان کرد بەدوعا و پاڕانەوە و بەداڕشتنی پیلانێکی ناجوامێرانە بەئاواتی خۆیان گەیشتن. ڕۆژێک دوای گێڕانی پیلانەکە ژنەتیوەکە بەسواری داشقە دەبەن بۆ شارۆچکە و بەزۆری و بەمەیلی خۆیان شاهیدی پێ دەدەن. ژنە کاتێک چاوی بەموتەللیبی خاین و دزی ناموس دەکەوێ چەپۆکێکی بەسەریدا دەدا و دەڵێ: "بەزۆری خۆی دەماڵێ هاویشتووم..."

موتەللیبی بێچارە بەدوکتۆر و ئەملاو ئەولا و دادگا و تازەکردنەوەی جلوبەرگ بێجگە لە پووڵی خۆی دووسەد لیرەش قەرز دەکا. جگە لەوەش بەناهومێدی و شەرمەزارییەوە لە مەحکەمە بۆ ئەو مەحکەمە بەشوێن



پەروەندەکەیدا هەڵدەسووڕێ. هەرچەند مەسەلەکە ڕوون بۆوە و ژنە گوتی: بەهەڕەشە و گوڕەشە و زۆرەملی ئەو شاهیدییە نابەهەقەیان بەمن دا و گوتیان ئەگەر بەقسەمان نەکەی لە ئاوایی وەدەرت دەنێین! منیش لە ترسان شاهیدی نابەهەقم بۆ دان، بەڵام ئەوڕۆ دنیایە و سبەی قیامەت، ئەوەی پێیان کردم هەر ڕاشنەبردووە، من بەش بەحاڵی خۆم هیچ شکایەتێکم لە ئاغا موعەلیم نییە..." بەڵام تازە هیچ سوودێکی نەبوو و وەک "کەپەنکی دوای باران وابوو" ژنە شکایەتی خۆی وەرگرتەوە و پێی لە تاوانی خۆی نا، بەڵام هیچ کەس نەبوو هەنگاوێک بۆ هەقی خوراوی ئەو لاوە بێ تاوانە هەڵێنێتەوە. بەو حاڵەش هێشتا تاقمێک تاوانباری دەکەن و دەڵێن: "هەقی خۆی بوو با وای لێ بێ."

دەبێ چ کەسێک دڵی شکاو و ورەی ڕووخاوی موتەللیبی زوڵم لێ چوو دەرمان بکا؟ لەگەڵ خەڵکێکی ناحاڵی کە وەک بووکی کایەی دەست منداڵان لەبەر دەستی چەند کەس نەیاردا هەڵدەسووڕێن چ بکا؟ تۆڵەیان لێ بکاتەوە؟ دوژمنایەتیان بکا؟... لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە لە ڕووی نەزانییەوە بەچاوی خاین و چاوحیز تەماشای دەکەن دەبێ چ بکا؟ هیچ شک لەوەدا نییە بێتو ئەو هەواڵەش بگاتە شار دەڵێن: "دیوتە ئەو موعەلیمانە چ دەستەگوڵ گەلێک بەئاودا دەدەن.لەو تاقمە خێر ناوەشێتەوە و هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێ."

## رووداوێکی تر

ئاخری بەهار بوو "چاووش یۆنس" لە گوندی "گوستۆک" ڕا یەکێکی ناردە لام کە خێرا خۆت بگەیەنە ئێرە. وا کاکی موعەلیم کەوتۆتە دەردەسەرەوە.

چاووش یۆنس خاوەن ماڵی کەنعان بوو کە لە گوندەکەی وان دەرسی دەگوتەوە. کەنعان پوورزای من بوو. کاتێک دانیشسەرامان تەواوکرد ئەویان دا بەگوندی "گوستۆک" لە ماڵە چاووش وەتاغێک بەکرێ دەگرێ.

بێ و نەبێ بەڵایەکی بەسەر هاتووە! نازانم دەبێ چ بێ؟ حەوتوویەک لەمەوبەر قوتابخانە تەعتیل ببوو، خۆ دەرسێک نییە و کلاسێک لە گۆڕێدا نییە...

خۆم بۆ ڕانەگیرا. هەستام وەڕێ کەوتم. کاتێک گەیشتمە نێو دێ و گوێم هەڵخست هەواڵ گەلێکی دوور لە ڕاستەقینەم دەبیست: "بە دوو کەسان مامۆستای بێ چارەیان گرتووە، لە ئاویان هاویشتووە و خوری شۆر کوتاویانە و پشتیان لە زگی نەرمتر کردووە. دەیانویست بیخنکێنن."

– لەبەرچی بۆ ئەو فەقیرە چ کارێکی کردبوو؟

جێگای ساغیان نەهێشتبوو. ئەوەندەیان لێدابوو ئاخ و ئۆخیان لێ بڕیبوو. کاتێک دەبینێ لەبەرابەر ئەو کردەوە ناحەزەدا هیچی بۆ ناکرێ هەروا بەسەر و گوێلاکی شکاو و خوێناوی و دڵ بریندار دەچێ بۆ شارۆچکە.

– ڕووداوەکە چ بووە؟

–تەماحی لە – حەلیمە – کردووە. حەلیمە برازای یەکێک لەو دوو کەسەیە کە لە کەنعانیان داوە. ئەوەی لێ دەکەنە بیانوو و لێی دەخەفتێن. بەکورتی لێی دەچنە ژوور و باقی ڕووداوەکان.

خەڵک لە دەورەم کۆ بوونەوە و بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەیانگوت:

چاووش یۆنس دەیگوت: "لەپڕ دەنگێکم گوێ لێبوو، کە هەستم ڕاگرت تەماشام کرد یەکێک هاوار دەکا: هاوسێ هاوسێ! نەپڕژام دەرگا بکەمەوە و ئاغا موعەلیم وەژوور کەوت. یارەببی هیچ کەس چاوی بەو ڕۆژە ڕەشە



نەکەوێ. ئیدی ئەو هەر خودا دابوویەوە ئەگینا بەتەمای کوشتن دایگژابوونێیە و لێیان دابوو. بەهاوسێ، هاوسێ پەنای بۆ من هێنا و گوتی "کوشتیانم." بردبوویانە سەرکانی، لە ئاویان هەڵکێشابوو لە پاشان تا توانیبوویان لێیان دابوو. هەر بەوەندەش لە کۆڵی نەببوونەوە و بەقۆنداغە تفەنگیش لە سەریان دابوو. فەقیری چارەڕەش دەگریا و دەیگوت: "تازە من لێرە نامێنمەوە. ئەگەر هەیە چەند لیرەیەکم بەقەرز بدەیە، بەخوای هەتا شارۆچکە گیر نابم و دەچم شکایەت دەکەم." شانسی خۆی دوێنێ شەش کیلۆم پیواز فرۆشتبوو، دوو لیرە و نیوم هەبوو ئەویشم دایە. لێی وەرگرتم و ڕۆیشت. لەبەر ئەوە وەڵامم دایەی کە بزانم دەڵێی چی؟...

بەڕاستی دەمتوانی بڵێم چی و چم لەدەست دەهات؟ بیرم لەوە دەکردەوە کە وەدوای کەوم و بچمە شارۆچکە، تەماشام کرد یەکێک لە شارۆچکە گەڕاوە و گوتی مامۆستاش ئەوە دێتەوە. چاوەڕوان بووم بگەڕێتەوە.

کەنعان پەیدا بۆوە. سەریان پێچابۆوە. تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە بوون. هەموو لەشی خوێناوی بوو.

– ئەوە بۆ وات لێ هاتووە پوورزا؟

– هەر مەپرسە خاڵۆزا. گوتم با بچمە لای دۆستان و ڕووداوەکەیان پێ بڵێم. کاتێک چاویان بەمن کەوت پێکەنین و گوتیان بڕۆ پاسگای ژاندارمەری شکایەت بکە.

– لە پاشان؟

– لە پاشان دەتویست چ شتێک ڕووبدا؟ بۆکەسێکی پووڵ و پارتی نەبێ کەس گوێ بۆ قسەی ڕادەگرێ؟ هەموو تاوانەکانیان خستە ئەستۆی من...

سەرەنجام! یەکی دووسێ شەپەلاغەیان لەو دووکەسە دا و بەرەڵلایان کردن. بەخەیاڵی خۆیان چاکەیان لەگەڵ کەنعان کرد و بردیانە گوندێکی دیکە.

دیارە ئەوجاریش لێدەرەکان سەرکەوتن و لە بارەی لێدراوی بێچارەدا بەم جۆرە حوکم درا: "چاوی کوێر بێ، حەتمەن شتێک بووە، دەنا بۆ نالێن فلانە کەسێکی دیکە وای کردووە؟!"

لەو ڕووداوەدا ئەوە دەردەکەوێ کە لێدراو جگە لە جنێو پێدان تاوانباریش دەکرێ. لێکدانەوەی عەدالەت ئەوەیە. کە وابوو دەبێ تێ بکۆشی لێت نەدەن، چونکە سەرەڕای ئەوەی وێت دەکەوێ، دەکەویە بەر شک و گومان و تۆمەتیش.



## کۆبوونەوە

ساڵێ دووجار کۆبوونەوەیەک لە ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان پێکدێ. یەک لە سەرەتای دەستپێکردنی قوتابخانە و ئەوی تر لە ئاخر و ئۆخری تەواوبوونی قوتابخانەدا. من پێم وابوو لەو کۆبوونەوانەدا مەسەلە گەلێکی گرینگ سەبارەت بەکاروباری یەک ساڵەی قوتابخانە دێتە گۆڕ و ڕێنوێنی پێویست دەدرێ بەمامۆستاکان. هەروەها دەمگوت لەو کۆبوونەوانەدا کەم و کوڕییەکان ڕادەگەیەندرێن و ڕێ چارەی گیروگرفتەکان دەدۆزنەوە. بەڵام ئەوەی باسی لێنەکرابا گیروگرفت بوو. ئەوەش نموونەیەک لەو کۆبوونەوانە:

هەموو دانیشتبووین و چاوەڕوانی ئاغای "بازرەس" بووین کە بێت و قسە بکا. دوای ماوەیەکی زۆر جەنابی بازرەس تەشریفیان هێنا و دەستی کرد بەقسە کردن: "ژمارەیەک لە ئاغایان دەیانهەوێ بێنە شارۆچکە، هەروەها تاقمێک بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری خۆیان قوتابخانە بەجێ دێڵن. بەتوندی ڕادەگەیەنم کە لەمەوبەدوا ئەو کارانە دووپات نەبێتەوە."

ئەوانەی ڕاگەیاند و لە پشت تریبوونە کە هاتە خوار. من وای تێگەییم کە بەبڕوای وان ئەگەر کەسێک ویستێکی هەبێ و نامەیەک بنووسێ دەبێ بەکۆتردا بینێرێ! دیارە ئەوەش دەزانن کە لەو جۆرە کۆبوونەوە گرینگانە دەبێ ئەو قسانەی دەگوترێن و دەکرێن بنووسرێ. میرزا هەوەڵ بەندی قسەکانی دەخوێنێتەوە: "لەبارەی هاموشۆکردنی بێ ئیجازە بۆ ناوەندی شارۆچکە ڕێنوێنی پێوست کرا."

من ئیجازەم وەرگرت کە قسە بکەم. کەم و کوڕییەکانی قوتابخانەی خۆمانم شی کردەوە و بیروڕای ئاغای بازرەسم پرسی.

ئاغای بازرەس بەقەڵسی گوتیان: "ئەو قسە بێ کەڵکانە چن کردووتە بنێشتە خۆشکە و هەر دەڵێی قوتابخانەی من ئێلە و بێلە و چی و چی. سەرینی خاترجەمی وەبن سەرت دە نە لە پووڵی تەرخان کراو بۆ وەزارەتخانەدا و نە لە پووڵی تەرخان کراو بۆ ناوچەدا تەنانەت

قرۆشێکیش بۆ ئاوایی ئێوە لەبەرچاو نەگیراوە. ئەگەر قوتابخانەت نییە منداڵەکان لە پەنا دیوارێک دابنێ، ئەگەر ئەوەشت نەکرد هێلکەی خۆت بخۆ و لەسەر لاتەنیشتێک بۆی ڕاکشێ.

بەندی دووەم خوێندرایەوە: "لەبارەی خانووبەرەی ناتەواوی قوتابخانەکاندا بەدرێژی وتووێژ کرا و تەمای پێویست گیرا!"



## چیرۆکێک، دوایین وتە

ڕۆژگاری ئێمە ڕۆژگارێکی سەیرە. کاروبارەکان لە ڕۆژگاری ئێمەدا زۆر سەرنج ڕاکێش و سەیرن. خەڵکی پاک و خاوێن لە حەمامن، بەڵام ئەوانەی هەموو لەشیان چڵک و چەپەرە بەخەون نەبێ حەمام نابینن. تاقمێک لەوپەڕی شادی و خۆشی ڕابواردن دان و ژمارەیەکیش بەپێچەوانە لەوپەڕی دەسکورتی و نەداری دان و هیچ دەراوێکی ڕوون شک نابەن و دنیا بۆ ئەوان وەک زیندان وایە. شوانگەل خۆیان لە کەپەنکەوە دەپێچن و سامانداری و دەسڕۆیوەکان لەسەر سفرەی خۆشگوزەرانی و کامەرانی خەریکی کەیف و نەهەنگی خۆیانن.

برسییەتی و هەژاری قەڵافەتی شووش و باریکی تاقمێکی زۆری کۆم کردۆتەوە و برستی لێ بریون. ژمارەیەک کامەران و بەختەوەرن و تاقمێک لە بن باری نەداری و چارەڕەشیدا دەناڵێنن و دەرەتانیان نییە. چەنەوەری باسی سەرە و قسەکردن لە دەرد و مەینەت و ڕۆژەڕەشی قەدەغەیە! حوکم ئەوەیە: "زمانەکان قفڵ دراون و مافی دەربڕینی ئاوات و ئارەزوویان نییە! هەر دەنگت لێوەبێ ماڵەکەت بەسەردا دەڕووخێنن."

گەردوونی چەوێڵ و ڕۆژگاری چەپگەڕ گوێ نادەنە هاواری دەردەداران و لە حاندی ناڵەی پشوو لە گەروو خنکاوەکاندا کڕ و ماتن، دڵڕەق و بێ ڕوحم هەروەک زۆربەی زۆری ئەو دەفتەر و لاپەڕە ڕەشانەی کە نووسراون، بەڵام کوا گوێی بیستن؟! تێر ئاگای لە برسی نییە، فەقیر لە ژێر باری خەم وەک قەفی گۆچان چەماوەتەوە. تاقمێک خەریکی بەزم و شادی و پێکەنین و تاقمێکیش تووشی ڕۆڕۆ و شین و شەپۆڕ و چەمەرن. یەکێک مریشکی برژاوی لە سەر خوانە و یەکی تر تەنانەت شێلمی کوڵیو و نەکوڵیویش شک نابا. یەکێک گوارەی یاقووت و ئەڵماسی لە گوێ دایە، ئەوی تر تۆقی خەمی لە ئەستۆیە، چارەڕەش و بێ ئەنواکان دەست دەکەن بەگریان و شیوەن و گەردوون پێدەکەنێ.

بەسەرهاتێکە، گوتنی لە دڵان خۆشە و بیستنی خۆشتر، وەرە و گوێ بدە ئەو چیرۆکە پڕمانایە. چ بووە، چ کراوە. ئەگەر پێت خۆش بوو بۆ

چارەسەرکردنی تێکۆشە، یان پێکەنە و خەڵک وەپێکەنین خە، یان مەینەت و ناڕەحەتییەکان لە سینگتندا کۆ کەوە و مەیدرکێنە و خۆت بەدەردانەوە بکوژە. بۆ ئەو پەندەت نەبیستووە کە لە سەر خوانی ڕۆژگار " گوڵ و دڕک و خەم و شادی پێکەوەن." دەڵێن قسە قسە دێنێ، هێنانەوەی پەندێکی تر بۆ ئەو پەندە زۆر بەجێیە، پەندێکی کە ڕوویەکی ناحەزە و ڕووەکەی تری جوان، ڕوویەکی خۆشی و شادییە و ئەوی تر دەرد و خەم، ئەو پەندە ئەوەیە:

یەکێ هەبوو، یەکێ نەبوو. ڕۆژگارێک بوو، گوندێک بوو، ئەو گوندە مامۆستایەکی قوتابخانەی لێ بوو. لە وەرزی پایزدا لە دمی خۆی گێڕاوە و بڕێکی پاشەکەوت کرد. بەوەندووکە پاشەکەوتە قەرزەکانی نیوە کرد و بەنیوەکەی دیکەی بڕێکی کەلوپەل و شتی نێو ماڵێ وەک تورەکەیەک بروێش و تەلیسێک ئارد کڕی، هەمبانەیەکی پڕ کرد و بەکۆڵێک هیوا و ئاواتەوە بەرەو ئاوایی وەڕێ کەوت.

بە تەنیا لەگەڵ ڕۆژگار دەست بەیەخە بوو، بەحاڵەتێکی نەمر نەژی بەربەرەکانی ڕۆژگاری دەکرد. نە دڵخۆشێکی هەبوو، نە دڵدارێک، نە پوور، نە هاوسەر، ئەوەی فێری ببوو تاقی کردەوە و دەکاری هێنا، هەروەها ئەوەی لە هێز و توانایدا بوو بەدڵێکی پاک ئەنجامی دا، بەڵام هەزار و یەک ئاواتی لە دڵیدا و تەنانەت یەکێکیان نەهاتە دی.

بەترس و لەرز و دەس پێوەگرتنێکی زۆر بەچەند ڕۆژان جارێک لاوێچێکی بروێشی بێ ڕۆن وەسەر ئاور دەنا، بەڵام لەبەر بێ ڕۆنی لە گەرووی نەدەچووە خوار. چێشتی بێ تام و خوێ بۆ خۆی چییە هەتا خواردنەکەی چ بێ؟ بوون و نەبوونەکەی وەک یەک وابوو. دڵیشی وەک ماڵەکەی سارد و سڕ بوو. جگە لە بروێش و کەمێک ئارد، دەستێکیشی پێخەف هەبوو. شەوانە لەبەر هەناسەساردی خەوی لە چاوی نەدەکەوت و بەڕۆژیش لە ئاوری ناکامیدا دەسووتا. شەو کە سەری لەسەر سەرینی سارد و سڕ دادەنا فرمێسکی هەناسەساردی بەسەر ڕوومەتیدا دەهاتنە خوار و لەبەر دڵپڕی لێوەکانی بۆ نەدەکەوتنەوە سەریەک و دەتگوت لەبەر خۆیەوە



گۆرانی دەڵێ: "ئاخ تەنیایی، هاوار لە تەنیایی."

کاتێک لە کتێبەکەیدا ئەم دروشمە لە گوێیدا دەزرینگێتەوە کە: "ئەوە تۆی کە دەبێ ئاوایی ئاوەدان بکەیەوە "هاوار دەکا" منێکی وا بێ دەسەڵات، منێکی وا دەست بەستراوی دڵشکاو، کوا دەتوانم ئەو کاولاشە ئاوەدان بکەمەوە؟ لە سەرەتاوە تۆ هێز و توانا و دڵخۆشیم پێ ببەخشە تا منیش لە بیری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەمدا بم، دیارە جگە لەوەش بیر لە هیچ ناکەمەوە و هیچ ئاواتێکی دیکەم لە دڵدا نییە، بەڵام ئەی کتێبی خۆشەویستی من، ئەی مامۆستای بەڕێز و عەزیز، دەستێک بەتەنیا تەقەی نایە و هیچ کارێکی بۆ ڕاناپەڕێ." ئەو کە بەزمان ئەوەی دەگوت، بەڵام نووری هیوای لە دڵی خۆیا نەکوژاندبۆوە. بەڵێ ئەو پێی لە شیوی عیشق نابوو، دڵدار کوا بەتەواوی ورە بەردەدا و ناهومێد دەبێ؟ لەسەر ئەو بڕوایە موتاڵای دەکرد و فێردەبوو، لە پاشان خەڵکی تێدەگەیاند، وەک شەم دەسووتا و بەزمی خەڵکی ڕۆشن دەکرد. بەم شێوەیە برینەکانی دەرمان دەکرد و ناڕەحەتییەکانی دادەمرکا.

قارەمانی ئێمە هەر کە تەنیایی و بروێشی بێ ڕۆن وەتەنگیان دێنا پەنای بۆ سەرچاوەی ڕوونی کتێب دەبرد. ئەو بۆ خۆی ئەویندار و گیرۆدەی کتێب بوو، بەڵام ئاشقێکی زۆر زەرد و کز و مات و مەلوول بوو. هەرچەند بەتەمەن هەژدە ساڵ بوو، بەڵام تەمەنی زیاتر لە سی ساڵی دەنواند، بەرگەکەی کۆن و باڵتەکەی دڕابوو، بەکورتی جگە لە ئێسک و پێست چی پێوە نەمابوو، لاقەکانی وەک قامیش باریک بوون. ڕدێنێکی زۆر هاڵۆز، مووی سەریشی دەتگوت جندۆکە هۆندوویانەتەوە، پیاو سامی لێ دەکرد. سەرەڕای هەموو ئەو ناکامییانە کە زەبری لە دەروونی پەرێشان و ئاڵۆزی دەدا، بازڕەسیش لە لایەکی دیکەڕا لە دەرگای ماڵی دەدا. ئەو بازڕەسە، بازڕەسی فەرهەنگ بوو. خۆزگە بۆ ئەو دەردەی کە دەرمانەکەی تۆ بی! پرێسکەی دڵی کردەوە و هەزار و یەک دەردی بۆ دوکتۆر هەڵڕشت، بەڵام بەداخەوە ئەو دەردی دڵ کردنە جێی نەگرت هیچ، گاڵتەشی پێکرد. ئاغای بازڕەس چ پەکی بەوە کەوتووە کە ئەو لاوە چی هەیە و چی نییە. ئەو کاری

دەوێ. دەبێ واش بێ، بەڵام قانوونێکیان گوتووە و گەورە و چکۆلەیەک، ئاغای بازڕەس بەبێ ئەوەی حاڵ و ئەحواڵی مێوانداره‌کە بپرسێ بەپرسیاران دایدەگرێ:" کوا هەرەوەزی؟ کوا شۆڕای ڕێکوپێکی و تەکوز؟ دەفتەری شۆڕا لە کوێیە..."

ئاغای بازڕەس لە چوارچێوەیەکی ویشکی ئیداریدا قسەی دەکرد. کاری بەوە نەبوو موعەلیم چی هەیە و چی نییە. قانوون هیچی نەدابوو بەموعەلیمی بێ چارە، بەڵام هەزار و یەک شتی لێ دەویست. لە ئاکامدا ئەوەی ئەو ئەویندارە بەئیمانەوە دەیگوت بێ جێ بوو، بەڵام ئەوەی بازڕەس دەیگوت ڕەوا و بەجێ و هەق بوو.

ئاغای بازڕەس ڕاپۆرتی خۆی نووسیبوو و ڕۆیشتبوو، بەڵام مامۆستای چارەڕەش لەگەڵ بارێک داخ و حەسرەت و شەرمەزاری بەرەوڕوو بوو: "چش لە مریشک و پلاو، شیر و چاییش هیچ، ئیستیکانێک قاوەش نەبوو مێوانەکەی پێ بەڕێ کەم " ئاشقی خەمناک، خەمبار و مات و مەلوول، درێژە بەڕێی خۆی دەدا، ڕێگای عیشق.

بەڵێ تاقمێکی زۆر پشتاوپشت بەئاواتی دڵی خۆیان ژیاون و بەشی زۆرتریشی بەنامرادی سەریان ناوەتەوە. ئێمەش دەبێ دەستە و دوعا لە خوا بپاڕێینەوە: کە ئاسمانی پیری پشت کووڕ و دنیای کۆن زیاتر لەوە تاڵاو بەگەرووماندا نەکا. بەزەیی بەفرمێسکی چاوی ئێمەدا بێ، مەلحەمێک لە سەر برینی قارەمانی چیرۆکی ئێمە یانی ئەو مامۆستایە دابنێ.

ئامین ئەی خوای هەردوو جیهان



# پێرست


پێشەکی ........ 5
وەرزی زستان ........ 9
تەپاڵەی خۆشەویست ........ 17
شەمچە ........ 19
خواردن و خواردەمەنی ........ 20
سەودا و مامەڵە ........ 23
گیروگرفتی زەویوزار ........ 26
چاڵ ........ 28
ئاش ........ 31
نان ........ 33
گوێدرێژ لەجیاتی گاجووت ........ 36
خێروبێری تەراکتۆریشمان نەویست ........ 38
ئاژەڵداری ........ 42
مووچە و مەزرا ........ 46
خەلە و خەرمان ........ 48
باوک ........ 52
دایک ........ 54
بەڵام من ........ 56
"کەزبان"ە شێت ........ 58
دانەوێڵە ........ 59
بەڵام ڕووداوی ئەو شەوە ........ 61
شەریکەی هەرەوەزی ........ 63
گەورەترین بەڵا ........ 66
خۆشییەکانی ئاوایی ........ 71
گوندێکی تر ........ 74
بنە تۆ ........ 79
سەفەرێکی دەوری دنیا ........ 82
هۆنراوە ........ 85
خانووبەرەی دێهات ........ 86

تەنوور ..... 87
دەلاقە و كولانە ..... 89
ڕووناكایی ..... 90
ئیستامپ ..... 92
سەعاتی دێهات ..... 93
قاپ و كەوچك ..... 94
مەسەلەی حەمام و خۆ شۆردن ..... 97
ئاوەڕۆ ..... 99
پێلاو ..... 100
خەونی ڕاست ..... 101
پۆستخانە ..... 102
ناوەكان ..... 104
كوێخا ..... 106
نێو و نركە لێك هەڵدان و پێك هەڵپڕژان ..... 108
سیغار ..... 111
مافی كۆمەڵایەتی ژن ..... 113
منداڵەكان ..... 116
ئەوانەی باریان كردووە، ئەوانەی ماونەوە ..... 117
زەو و زوو – مەرگ و مردن ..... 121
یاداشتەكانی من ..... 123
پروپووچ – شیلەی تریاك ..... 130
نەخۆشی من، كرمی كتێب ..... 132
كەشف و كەراماتی شێخ ..... 134
كوانوو ..... 136
نەخۆشی شێخ و دەروێشی ..... 138
تفاق ..... 145
مانگی بانەمەڕ ..... 146
چلەكێشی ..... 148
خەلیفەی لاو ..... 150
قوتابخانەی ئێمە ..... 157
مەكتەب ..... 159




خێوەتی ناو قوتابخانە ..... 162
قوتابخانەی نموونە ..... 164
چێشتخانە ..... 165
سوور و سات ..... 166
ڕۆژنامە ..... 168
ئیشتیا ، یان گیرۆدەبوون ..... 169
ڕادیۆ و قوتابخانە ..... 173
هەواڵەكان ..... 175
پشوودان و وچانی قوتابخانەكان ..... 178
خواردەمەنی ..... 180
پاك و خاوێنی ..... 182
ئارەزوویەكی فرە شیرین ..... 184
چەشنێك نەخۆشی ..... 185
پەندی پێشینیان ..... 188
گۆل و گۆماو ..... 191
هەڵوێست ..... 193
ڕووداوێكی تر ..... 197
كۆبوونەوە ..... 200
چیرۆكێك، دوایین وتە ..... 202